
# دیوان و یادداشته‌کانی چروستانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

# دیوان و یادداشتەکانی چروستانی

ئامادەکردنی

**نوخشە ئەحمەد چروستانی**

پێداچوونەوەی شیعرەکان

**عوسمان محەممەد هەورامی**

**ئەحمەد محەممەد چروستانی**

**سلێمانی**

**٢٠١٢**

**دیوان و یادداشتەکانی چروستانی**


- ئامادەکردن: نوخشە ئەحمەد چروستانی
- بابەت: دیوان و یادداشتەکانی چروستانی
- پیتچنی: نوخشە ئەحمەد چروستانی
- هەڵەچنی: چۆمان عادل
- نەخشەسازیی بەرگ: جەبار سابیر
- نەخشەسازیی ناوەوە: چۆمان عادل
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
- قەبارەی کتێب: **٢٣× ٣٣**
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٩٣٣)
- تیراژ : ( **٧٥٠** ) دانە
- چاپ: چاپخانەی کارۆ
- نرخ: (٤٥٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (**٢٧٢٩**)ی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی رۆشـنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**

# سوپاسنامە...

- سوپاسی ئەرک و ماندووبوونی هەر یەک لە بەڕێزان مامۆستا (عوسمان محەممەد هەورامی) و باوکی خۆشەویستم (ئەحمەد محەممەد چروستانی) دەکەم، کە پێداچوونەوەی شیعرەکانیان گرتە ئەستۆ.

- سوپاس و پێزانینی بێسنوورم بۆ بەڕێزان (دیاکۆ هاشمی) و (کامەران ئەحمەد چروستانی)ی برام، کە لە سەرەتا تا کۆتاییی کارەکەم هاوکار و یاریدەدەم بوون و ئەرکی زۆریان لەگەڵدا کێشاوم.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| کورتە پێشەکییەک بۆ چاپی دووەم | ١٣ |
| لە پێشەکیی چاپی دووەمی یادداشتەکانی مامۆستا مەلا محەممەدی چروستانیدا | ١٦ |
| یادداشتەکانی منالّی و بەشێکی سەردەمی فەقێیەتیی چروستانی | ١٩ |
| پێشەکی | ٢٠ |
| فەرهەنگۆک | ٢٤ |
| شیعرەکانی چروستانی | ١٠٩ |
| پێشەکیی چاپی یەکەم | ١١١ |
| باوکم و شیعر و بەهار | ١١٣ |
| دوو وشە بۆ سەرەتای شیعری مامۆستا (چروستانی) | ١٢٢ |
| چروستانیی شاعیر | ١٢٦ |
| سکاڵای دایکی وەتەنی کورد لە دەس نەتەوەی (مەراق) | ١٤٤ |
| کوردی پێشوو چۆن بووە، کوردی ئێستا چۆنە | ١٤٦ |
| وێنەی دایکی وەتەن | ١٥١ |
| سکاڵای دایکی وەتەن | ١٥٢ |
| دڵدانەوەی من بۆ دایکی وەتەن | ١٥٤ |
| وتاری دایکی وەتەن | ١٥٧ |
| گوتەی من بۆ دایکی وەتەن | ١٦٠ |





| | |
| --- | --- |
| تووڕەبوونی دایکی وەتەن لە نەتەوەی | ١٦١ |
| میثالی دایکی وەتەن | ١٦٢ |
| گوێ شلکە بۆ دایکی وەتەن | ١٦٣ |
| تکای من لە دایکی وەتەن بۆ ئاشتی | ١٦٦ |
| دیسان تووڕەبوونی دایکی وەتەن | ١٦٨ |
| قەومی خۆخۆر | ١٧٣ |
| هەلم بۆ هەڵکەوت لە خزمەتیا سکاڵای خۆم بکەم | ١٧٥ |
| زاڵبوونی دایکی وەتەن بەسەرما و گیرۆدەبوونم بە قسەی خۆم | ١٧٦ |
| دایکی وەتەن چووەوە سەر باسی گوتەی خۆی | ١٧٧ |
| دایکی وەتەن بە ڕەچە و سوودی وڵاتەکەی ئەڵێت: | ١٨٠ |
| دایکی وەتەن هاوار ئەکات، کە چایی نەتەوەکەی فەوتان | ١٨٤ |
| دایکی وەتەن سوپاسی ڕەوشتی کۆمەڵی تیرەی هەجیج ئەکات | ١٩٠ |
| بێدەنگبوونی دایکی وەتەن و بیرکردنەوە و قسەی من لەگەڵیا | ١٩٣ |
| ڕۆشتنی دایکی وەتەن لەپاش وتارێکی کورت و پڕ مەعنا | ١٩٥ |
| ئامۆژگاریی من بۆ نەتەوە و برانەوەی هەڵبەست | ١٩٦ |
| (چینی یەکەم) عەجەب جەمعییەتێکە ئەم بەهار و جەژنی قوربانە | ١٩٩ |
| (چینی دووەم) تعالی اللە لە خوای خالقی گۆڕانی ئەزمانە | ٢٠٣ |
| (چینی سێیەم) زەکی حیرەت زەدەی ئەسراری وەحش و پۆلی تەیرانە | ٢٠٦ |

| | |
|---|---|
| (چینی چوارەم) گژوگیا و گوڵووکی چیمەن و ئەم دەشت و باخانە | ٢٠٨ |
| لادان لە باسی بەهار و بناوان بۆ چینی پێنجەم | ٢١٠ |
| (چینی پێنجەم) وەکوو باخێ، کە دڕکوداڵ و میوە و سەر و ڕێحانە | ٢١١ |
| (چینی شەشەم) پاڕانەوە | ٢١٤ |
| دەلیلی دەوامی ئیمان | ٢١٦ |
| (چینی حەوتەم) لە مەحشەردا شەفاعەتکردنی طاها، ڕجامانە | ٢٢٠ |
| صەلەوات | ٢٢٢ |
| (مطلع معاد) گەڕانەوە بۆ سەرەتا | ٢٢٩ |
| چروستانی لە سەرەتای گرانی و پەرێشانیی هەژاراندا وتوویەتی: | ٢٣١ |
| نموونەیەك لە باسی کەچڕەفتاریی شەڕ و گرانی لەگەڵ هەژاران | ٢٣٥ |
| (غەزەلی یەکەم) من کە دڵ ماتەمنشین و بولبولیش هاوار و شین | ٢٣٨ |
| (غەزەلی دووەم) ئەی بوون و نەبوونی نەفەست، مان و نەمانم | ٢٤١ |
| (غەزەلی پەشیمانی) بە پیری عەجایەب گڕوگاڵ ئەکەم | ٢٤٤ |
| دەنگی بێڕەنگی بەهاری ١٩٤٨ی ز | ٢٤٧ |
| بەهارنامەی ساڵی ١٩٣١ی ز | ٢٥١ |
| بەهارنامەی ساڵی ١٩٣٢ی ز | ٢٥٥ |
| نەورۆزنامەی ساڵی ١٩٣٤ی ز | ٢٥٨ |
| ئەی مەلا بوونی تۆ وەک تانەلەچاوابوونە | ٢٦٢ |
| ڕۆژی "نابغە" هەڵکەوتوو | ٢٦٧ |





| | |
|---|---|
| یاری لەگەڵ حاجی ئەحمەدی ئەحە ڕەشی مەلا برایم | ٢٦٩ |
| سوپاس و گەورەیی بۆ خالقی گەردوونی گەردانە | ٢٧٤ |
| دیسان بەهۆی ڕاپەڕین و پڕکێشی عێراقەوە بۆ ڕزگاری | ٢٧٨ |
| ئەی پیر و لاوان، ئاواتەخوازان | ٢٨١ |
| کتێبی (أي شدة)، هی شێخی نۆدێ | ٢٩٣ |
| بە یادی یادگاری سەروەری پڕ نەظم و تەرتیبێ | ٢٩٧ |

## کورتە پێشەکییەک بۆ چاپی دووەم

چەند ساڵێکە، خولیای لەچاپدانەوەی دیوان و یادداشتەکانی باپیرەمم (مەلا موحەممەدی چروستانی) لە مێشکدا بوو. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم بیرۆکەیە، نەبوونی هەردوو پەرتووکەکە (دیوان و یادداشتەکان)ە لە کتێبخانەی کوردیدا، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانم هەردوو کتێبەکە لە یەک بەرگدا کۆ بکەمەوە بۆ ئاسانکاریی خوێنەر. هەرچەندە تەمەنی شیعری باپیرم هێندە درێژ نەبووە و هەروەها ئەرکی قورسی ژیانی یارمەتیدەر نەبووە، بۆ ئەوەی تواناکانی خۆی زیاتر بخاتە ڕوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شوێنپەنجەی قوتابخانەی شیعرەکانی نالی لە شیعرەکانیدا ڕوون و ئاشکرایە و خوێنەر، مامۆستایەتی و بەهرەمەندیی شاعیری لە میانی شیعرەکانیدا بۆ دەردەکەوێت، جگە لە ئاستێکی بەرز لە توانای زمانەوانیدا، کە لەو وشە کوردییە پەتییانەدا هەستی پێدەکەین، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون. ئەوەی کە زیاتر لەبەر چاوە و ئاشکرایە، بریتییە لە قووڵبوونەوەی شاعیر لە شیعری نیشتمانی و ئاینییدا، کە زۆربەی زۆری شیعرەکانی گرتوونەتە خۆ. تەنیا لە دوو شیعریدا، لایەنی هەست و خۆشەویستی بەدی دەکرێت، کە لەپاشدا لەوانیش پەشیمانبووەتەوە و لە



شیعرێکی دیکەدا ئاماژەی بەو پەشیمانبوونەوەیە کردووە. بەرفراوانیی شیعری نیشتمانی و ئایینی لە شیعرەکانیدا، سەرقاڵبوونی بە کێشە نەتەوایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کاتەوە و هەروەها دەرئەنجامی قووڵبوونەوەی ڕۆحی ئاینیی بووە.

وەک کەسییەتی مەلا محەممەدی چروستانی، کەسێکی خۆشپەیوەندیی بووە و لەگەڵ هەمووانـدا زۆر خۆشدوو بووە، بەبێ جیاوازیکردن لە ڕەگەز و ئایین و بیروباوەڕدا. ئەمەش وای کردووە، کە لەو سەردەمەدا چەندین لاو بۆ پرسیاری هەمەجۆرە ڕوویان تێکردووە، کە لەوانەیە لای هەموو مامۆستایەکی ئایینی هەڵوێستی ئەویان دەست نەکەوتبێت. جگە لەوە توانا و شارەزاییی شاعیر لە شیعرەکانی نالیدا، وای کردووە، لە هەر کات و شوێنێکدا مەلا موحەممەدی چروستانی دەرکەوتبێت، سەوداسەرانی جیهانی شیعری نالی دەورەیان داوە.

ئەوەی شایەنی باسە، ئەمەی پێشکەشی ئێوەی ئازیز دەکرێت، سەرجەم ئەو شیعرانەن، کە لەپاش خۆی جێی هێشتوون و هیچ دەسنووسێکی دیکەمان نەدیوە. هەرچی پاش خۆی بۆمان جێ ماوە، ئێمە بێئەوەی گوڵبژێری شیعرەکانمان کردبێت، بە چاپمان گەیاندووە.

بێگومان، چاپی یەکەمی (دیوانی چروستانی)، کە بە ئەرک و ماندووبوونی مامۆستایان "عەبدولڕەحیم چروستانی و ساڵح چروستانی" هەروەها (یادداشتەکانی چروستانی)، بە ئەرک و کۆششی مامۆستا "موحەممەدی مەلا کەریمی

مودەڕیس" لە ساڵی (١٩٨٥)دا پاش هەوڵدان و سەرقاڵییەکی زۆر، لە چاپ دران، دوو دیاری زۆر بەنرخ بوون، کە پێشکەشی خوێنەر و کتێبخانەی کوردییان کردن.

**نوخشە ئەحمەد محەممەد چروستانی**
٢٠١٢/٤/١



## لە پێشەکیی چاپی دووەمی یادداشتەکانی مامۆستا مەلا محەممەدی چروستانیدا

زۆر شادمانم بەوە، کە نوخشە خانی کوڕەزای خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا محەممەدی چروستانی دەیەوێ لەگەڵ دیوانە شیعرەکەی باپیریدا یادداشتەکانیشی، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر من بۆ خۆم بە چاپم گەیاند، بۆ جاری دووەم، لە چاپ بداتەوە و بیانکاتە یەک بەرگ، چونکە ئەو بابەتە زانستییانە، کە لە یادداشتەکاندا نووسراونەتەوە لە بارەی سەردەمی فەقێیەتیی مامۆستا وەک نموونەیەکی نووسینی کوردی، بێگرێوگۆڵن، نەخوازەلا بۆ ئەم سەردەمەمان، کە لەپاش ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی (١٩٩١) و دەستپێکردنی بەلێشاودەرچوونی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بە کوردی، نووسینی کوردی چ لە بارەی زمان و چ لە بارەی شێوەنووسین (ڕێنووس)ەوە کەوتووەتە پاشاگەردانییەکی یەکجار بێسەروبەرەوە، کە ئەگەر بەرپرسانی کولتووری کوردی نەکەونە بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆی، سەرەنجام دەبێ بە گرفتێکی ئەوتۆ و لێدەربازبوونی ئاسان نەبێ.

ئەوەی من مەبەستمە لەم چەند دێڕەی پێشەکیی چاپی دەووەمی ئەم یادداشتانەدا داوای بکەم، ئەوەیە، ئەو کەسانەی دێڕەکانی ئەم یادداشتانە کۆمپیووتەر دەکەن،

بەتەواوی دەربەستی ڕاگرتنی ئەو شێوەنووسینە بن، کە من کاتی خۆی کتێبەکەم پێ نووسیوەتەوە، هەروەها ئاگادارییەکی وردی هەڵەی چاپیشی تێدا بکەن، چونکە من ئەگەر لە بارەی تەندروستییەوە لە بارودۆخی ئێستامدا نەبوومایە، کە ئەمڕۆ (١٥) مانگی ڕەبەقە لەناو جێگەدا کەوتووم و ناتوانم هەستمەوە دوو هەنگاو ڕێ بکەم، داوام لە نوخشە خان دەکرد، پرۆڤەکانی کتێبەکەم بداتێ، خۆم هەڵەچنیی بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێستا بە تەواوی پابەندی ئەو شێوە نووسینە نیم کە کاتی خۆی کتێبەکەم پێ نووسیوەتەوە و هەندێ دەسکاریی تازەترم تێدا کردووە، کە ئێستا لەو باوەڕەدام کە پێویست بوو لە زووەوە ئەو تازەگەرییە لە شێوەنووسینی خۆمدا بکەم.

ئارەزوومەندم پاشان ئەم کتێبەم بەم جۆرە بێتەوە بەردەست، کە لێرەدا داوام کردووە و لام وانییە ئەمە بەش بە حاڵی کۆمپیووتەریست و هەڵەچنەکان ئەرکێکی گران بێت.

سەرکەوتنی هەموو لایەک و بڵاوبوونەوەی زووبەزووی دیوانەکە و یادداشتەکانیشی بە ئاوات دەخوازم.

لەسەر جێگای بیماریمەوە
محەممەدی مەلا کەریمی مودەڕیس
٢٠١٠/٧/٢

## یادداشتەکانی مناڵی و بەشێکی سەردەمی فەقێیەتیی مامۆستا (مەلا محەممەدی چروستانی)

### ساغکردنەوە و پێشکەشکردنی
### محەممەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس



# پێشەکی

ئەمەی پێشکەشتانی ئەکەم یادداشتەکانی ساڵانی سەرەتای ژیانی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا محەممەدی چروستانییە، کە یەکێک بوو لە مەلاکانی سلێمانی و لە (١٩٦٣)دا کۆچی دوایی کردووە. مامۆستا ئەم یادداشتانەی لە ساڵانی (١٩٥٥-١٩٥٦)دا لە نەخۆشخانەی توێسە[١] لە بەغدا نووسیوە[٢].

داخەکەم مامۆستای چروستانی یادداشتەکانی هەموو ژیانی خۆی نەخستۆتە سەر کاغەز. تەنانەت ئەوەندەشی لێ نەنووسیونەتەوە هەموو ئەو ماوەیە بگرێتەوە، کە خوێندنی تیا تەواو ئەکا و ئەبێ بە مەلا. لە دەوروبەری گەیشتنە قۆناغی خوێندنی (عەبدوڵڵا یەزدی)دا[٣] ئەبڕێتەوە، کە تێکڕا نیوەی خوێندنی فەقێیانەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی بۆ ئەم ئەندازەیەی ژیانی نووسیوە، بە چەشنێ چڕوپڕ و دەوڵەمەندە. ئەگەر هەر بەو

١. ناوە ڕەسمییەکەی (مستشفی الامیر عبدالالە للامراض الصدریة) بوو.
٢. مامۆستا خۆی لەم یادداشتانەدا باسی ئەوەی کردووە.
٣. عەبدوڵڵا یەزدی: پەراوێزەکانی مەلا عەبدوڵڵای یەزدییە، بە کتێبی (تهذیب المنطق)ی مەلا سەعدی تەفتازانییەوە لە زانستی لۆجیک (منطق)دا دووهەمین کتێبی لۆجیکە، کە فەقێی جاران ئەیانخوێند.

پێ و دانە بڕۆشتایە تا سەردەمی نووسینی، کتێبێکی گەورە و شایانی لە هونەری یادداشتنووسی کوردیدا لێ دەرئەچوو، لە مەیدانی خۆیدا شانبەشانی یادداشتەکەی (ڕەفیق حیلمی) بووەستێ.

لە ژیانی لەوەپاشی مامۆستادا گەلێ ڕووداوی وا هەیە، ئەگەر بینووسیایە سوودێکی زۆرمان لێیانەوە دەسگیر دەبوو، وەکوو ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ سمایل خانی سمکۆ، کە کاتێ ڕووی داوە، ئەم لە پشدەر مەلا بووە و ئەویش هاتووە بۆ ئەو ناوە، یا وەکوو بەر بۆمبای ئینگلیز کەوتنی ماڵی لە ڕانیە و سووتانی کتێبخانەکەی و قوتابخانەدانانی لە سلێمانی لە ساڵی (١٩٣٢) وە تا ساڵی (١٩٣٦)[٤] و باسی ئەو شتانەی لەو دێهاتانەی شارستانی سلێمانی دیونی، کە بە نارەزایی خۆی حوکوومەت ناردبووی ڕێوشوێنی خۆپاراستن لە نەخۆشی پێشانی دانیشتوانیان بدات[٥].

بەلای منەوە ئەم یادداشتانەی مامۆستا نرخێکی زۆری بۆ گەلێ سەری ژیانی کولتووریمان هەیە. تابلۆیەکی چڕی ژیانی فەقێیەتی و ژیانی کۆمەڵایەتیی لادێکان و جۆری بیرکردنەوەی خەڵکی ئەو سەردەمەیە. بەشێکی بایەخداریشی لە مێژوو پێوەیە. من پێ بزانم تا ئێستا کەسی تر شتێکی لە بارەی ڕشانەوەکەی (١٩٠٤)ەوە لە

---

٤. بڕوانەرە سەرەتای دیوانی چروستانی، کە مەلا یەحیای کوڕی نووسیویە (ئامادە کراوە بۆ چاپ).

٥. دەسنووسێکی چروستانی خۆی بە پەراوێزی پارچە شیعرێکییەوە.



کوردستانی خوارەوودا بە کوردی نەنووسیوە، کە مامۆستا ئەڵێ: "ئەڵێن لە سولەیمانییە حەوت هەزار و حەوتسەد و کوسووری پێ مردووە."[٦] چەردەیەکی ژیانی ئابووریی پڕ لە کوێرەوەریی خەڵکی ئەو ڕۆژانەش ڕوون ئەکاتەوە. لە بارەی هونەریشەوە نموونەیەکی ڕەوانی پەخشانی کوردییە، کەسێک نووسیویە، جگە لە بڵاوکردنەوەی چەند پارچە شیعرێک لە گەلاوێژدا پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە کولتوری نوێوە لێ نەزانراوە، کەچی لەگەڵ ئەوەش "بە هەڵسەنگاندنی من" لەگەڵ هەندێ کەموکورتیی گرامەریشدا لە زۆر لەوانەی ئەمڕۆ، کە پەخشانی کوردی ئەنووسن جوانتر و باشتر و ڕەوانتری نووسیوە.

چەند هەفتەیەک لەمەوپێش برای بەڕێزم کاک مەلا یەحیای چروستانی دیوانی شیعرەکانی مامۆستا مەلا محەممەدی باوکی بۆ هێنام، کە بە مەبەستی لەچاپدان نووسیویانەتەوە و ئامادەیان کردووە، بۆ ئەوەی بەراوردی بکەم لەگەڵ دەسنووسەکەی شاعیر خۆی. تا ئەگەر هەڵەیەکم لە نووسینەوەی وشەیەکدا دی، ڕاستی بکەمەوە. ئەم یادداشتانەش لە دەفتەرێکدا نووسراونەتەوە لەناو دەسنووسەکانی دیوانەکەدا بوو، کە لە خوێندنەوەی بوومەوە بڕیارم دا لەبەر ئەو ڕووە باشانەی باسم کردن، بینووسمەوە و ئامادەی بکەم بۆ چاپ. لەم بارەوە لەگەڵ

---

٦. تێکستی ناو دوو کەوانۆلکەکان دەقی نووسراوێکی مامۆستا خۆیەتی لەم یادداشتانەدا.

کاک مەلا یەحیا قسەم کرد و ڕێککەوتین و ئەوەتا ئێستا پێشکەشتانی ئەکەم و ئومێدم وایە بێکەڵک نەبێ بۆتان و کاتێکی خۆشیش بە خوێندنەوەیەوە بەسەر بەرن.

ئەوەی بە پێویستی بزانم لێرەدا بیڵێم ئەوەیە، کە من ئەم یادداشتانەم لە شێوەنووسینی مەلایانەی کۆنەوە هێناوەتە سەر شێوەنووسینی نوێ. ئەگەر ڕێکەوتی شوێنێکم کردبێ و بە هەڵەیەکی زەقم زانیبێ، ڕاستەکەیم لە تێکستەکەدا نووسیوە و لە پەراوێزدا تێکستە هەڵەکەم دەستنیشان کردووە. لە هەندێ شوێنیشدا کە هەڵەکەم بە زل نەزانیوە، وەک خۆی نووسیومە و لە پەراوێزدا دەستنیشانم کردووە کە ئەبوو چۆن بووایە. دوور نییە هەندێ وردەهەڵەی تریشی تێدا بێ و لە یادم چووبێ دەسنیشانیان بکەم. هەندێ وردە پەراوێزیشم لە شوێنی پێویستدا نووسیوە.

**محەممەدی مەلا کەریم**
**٣١- ٣- ١٩٨٤**



## سەرەتای یادداشت

هەرچەن تەئریخی ویلادەتم لە نووسراوی باوکما نەدیوە و لەبەر بێسەلیقەیی خۆم لێم نەپرسیوە. "ئاخ داخی بەجەرگم زۆر شت لە دڵما مەراقە کە لە وەختی خۆی لە خزمەتیا نەمپرسیوە، ئێستە هەروا بە گرێوگۆڵی لە دڵما ماوەتەوە." ئەمما بە تەحقیقاتێ کە خۆم کردوومە، لە دێی ئابڵاخ کە (مسقط رأس) جێی تەوەللودمە لەو کەسانەی کە عەسکەریی زەمانی سەڵتەنەتی عەبدولحەمیدیان کردووە و ساڵی تەوەللودم کراون بە عەسکەر و خوێندەواری بەڕەبتوزەبت بوون، بۆم مەعلووم بووە لە تەئریخی ڕۆمییەوە کە ساڵی تەوەللودم (١٣١٢)[٧] هەزار و سێسەد و دوانزەی هیجری بووە. ئیستە کە (١٣٧٥)[٨] هەزار و سێسەد و حەفتاوپێنجی هیجرییە. وا دڵم پڕبووە لە کوڵ و چاوم پڕ بووە لە فرمێسکی حەسرەت و ئەسەف بۆ گەلێ شت ئەخۆم، کە لە وەختی خۆیا بێسەلیقەیی بوو بە سەبەب بۆ ئیهمالکردن و نەپرسینەوەی لەو باوکە عالمە عابیدە زاهیدە، کە زوو سێبەری لەسەرم هەڵگیرا و تێرم لە بەری فەیز و بەرەکەتی نەخوارد.

---

٧. ڕێکەوتی ساڵانی (١٨٩٤- ١٨٩٥)ی میلادی ئەکات.
٨. ڕێکەوتی (١٩٥٥- ١٩٥٦) ئەکات.

## خوێندن

لەبیرم نایەت کەی دەستم بە خوێندن کردووە. ئەمەندەم بەبیرە زۆر منداڵ بووم لە ئابڵاخ، فەقێیەکی باوکم لە سوورەتی (ألم تر کیف فعل ربک بأصحاب الفیل) دەرسی پێ ئەگوتم: فەقێکە لێی دام، دەستم کرد بە گریان، بە کوڵی گریانەوە چووم بۆ ماڵی باوەگەورەم (باوکی دایکم _ حاجی مەلا محەممەد)[9]، پوورە فاتمەم (خوشکی دایکم) - ڕەحمەتی خودای لێ بێت- بەدەم گریانمەوە هات، فرمێسکەکانی لە چاوم سڕی، لاوانمیەوە - خوا بیبەخشێت- وتی: ئیتر خۆم دەرست پێ ئەڵێم، مەچۆرە لای فەقێیان. باوە گەورەم حاجی مەلا محەممەدی زەندانی لە دێی زەندانی لای کانیکەوە مەلا بووە، حەزرەتی کاک ئەحمەد (رحمه الله) هێناویەتی بۆ دێی ئابڵاخ بە مەلایەتی، زۆری خۆش ئەویستم. حەتتا منداڵ بووم، جارێک ئەچوو بۆ لای زەوییەکانی کارێزی لاوە لای زەرگەتە، دوای کەوتم بە گریانەوە، هەرچەن هاواری کرد: کوڕە بچۆرەوە، بگەڕێرەوە. هەر دوای کەوتم. بە فێڵ بۆم ئەهات، بەشکم بترسم، هەڕام ئەکرد، کە ئەڕۆی، دوای ئەکەوتمەوە. ئاخری کە زانی ناگەڕێمەوە، وتی: وەرە، وەرە

٩. لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (حاج). هەمان وشە لە چەند شوێنێکی تردا بە هەمان شیوە دووبارە بووەتەوە.



قوڕمساغ. کردمییە قەڵاندۆشکان تا کارێزی لاوە، بە مەزەننە بیست دەقیقە ئەبێت. یا ڕەببی بیبەخشی.

لە ساڵی (١٣١٨)[10] هەزار و سێسەد و هەژدە، کە ساڵی وەفاتی شێخ عومەری بیارە و تەوەللودی مەلا عەبدوڵڵای برامە، خوا بیهێڵێت. وام بەبیرە بە واسیتەی شەڕ و هەرای بەینی نەقشی و قادری لە سولەیمانی، ڕابواردنی باوکم لە ئابڵاخ زۆر تاڵ و ناخۆش بوو. فەقەت بە مەعلوومی شێخ عومەری بیارە، ساڵێ پێش وەفاتی پێی فەرمووبوو، لە ئابڵاخ بارکە. دزی شێخانی داراغا شەوێک دیواری خانووەکەیان بڕین، هاوین بوو، لە حەوشە ئەنووستین، بیستمان کە بۆ کوشتنی باوکم ناردوویانن[11]، کە ئەچنە حوجرەکە و کتێبخانەکە ئەبینن، ئەترسن و ئەڵێن: ئێمە چۆن ساحێبی ئەم کتێب و قورئانانە بکوژین؟ تاڵانیان کردین، هەرچی[12] نوێن وە پێخەف و قاپوقاچاخ و خورج و بوخچە و ئەوی کەڵکی پێوەبێت، حەتتا لیباس و کەوشی باوکم، کە شەو داینابوو، هەموویان گرد کردبووەوە[13] و ساف لە ساف تاڵانیان کردین. دزەکان چوار بوون. وام بەبیرە ئاخری مەعلووم بوو، کە کێن و لە کوێن. هەرچەن خەڵق بە

١٠. ڕێکەوتی (١٩٠٠- ١٩٠١) ئەکات.

١١. ئەبوو (بۆ کوشتنی باوکمیان ناردوون) بووایە.

١٢. لە دەسنووسەکەی چروستانی خۆیدا هەمان وشە لە چەند شوێنی تریشدا هەر بەم جۆرە دووبارە بووەتەوە.

١٣. لە دەسنووسەکەدا: کرد کردبووەوە و.

باوکمیان وت، کە بە پەی سەرییەوە بچێت، گوێی نەدایێ. ئاخری لە ئابڵاخ باری کرد، چوو بۆ هەڵەبجە.

باوکم لە دێی ئابڵاخ تەنها مودەڕیس بوو. باپیرم ئیمام و خەتیب بوو. ئابڵاخی ئیعتیقادیان بە باوکم زۆر بوو، زۆریان لەلا گەورە و بەحورمەت بوو، خزمەتیان زۆر ئەکرد وە لە قسەی دەرنەئەچوون. کە باپیرم وەفاتی کرد، ئابڵاخی بە ئیمامەتی خاڵم مەلا حەسەن - ڕەحمەتی خوای لێ بێت- ڕازی و قانیع نەبوون. باوکم لە مزگەوت بە حزووری هەموو پیاوەکان کە کاربەدەست بوون و ماقووڵ، کڵاوی خۆی کردە سەر خاڵم و مێزەری خۆی بەسەرییەوە بەست و لە وەختی نوێژا خۆی قامەتی بۆ کرد و پێشی خست و ئیقتیدای پێ کرد. ئیتر ئابڵاخی هیچ ئیعتیرازیان نەما و بە ئیمامەتیی خاڵم قەناعەتیان کرد.

مەلا حسەینی ئابڵاخی - خوا لێی خۆش بێت- گێڕایەوە، وتی: عەزیزی گوڵخەندان -خوا لێی خۆش بێت- کوڕی عەبدولڕەحمانە. عەبدولڕەحمانی باوکی لە عەرەفەی جەژنی قوربانا لە بەینی ئابڵاخ و سولەیمانییا، حەمە ڕەش تفەنگێکی پێوە ئەنێت، ئەیکوژێت بە زوڵم. عەزیز لە سکی دایکیا ئەبێت. من و عەزیز یا لە یەک هەفتە یا لە یەک مانگدا لەدایک بووین، وەک لە دایکم بیستووە - ڕەحمەتی خوای لێ بێت- عەزیز زۆر نەخۆش و هیلاک بوو، بە ئومێدی



نەماین، چونکە تاقانەی پاش باوکی بوو[١٤]، زۆرمان پەرۆش بوو. ژنان شینوشەپۆڕیان لەسەر کرد.

- خوا عەفووی کات- کاکم مەحموودی حەمە صالح وتی: حسەین، بگەرە مامۆستا مەلا عەبدولڕەحیم، بزانە نایهێنیت. چ وەختە؟ نیوەشەو، ئەنگوستەچاو، قوڕوچڵپاو و باران ئەبارێت. کەی کەم، ئیستە کەم. وتم: کاکە، مامۆستا زەحمەتە بەم شەوە تاریکە قوڕوچڵپاوە بگاتە ئێرە. وتی: دەخیلە بچۆ. من چیم کرد؟ کەرێکم هێنا، کورتانم لێ کرد، لبادێکی پاکم دووقەد کرد، دام بەسەریا، لەسەر لبادەکەیشەوە بەرماڵێکی بە نوێژم پیا دا. کەرەکەم دایە پێش خۆم. لە دەرگای ماڵی مامۆستام دا، خۆی بەخەبەر بوو، هاتە دەرەوە و وتی: ئەوە کێیە؟ حاڵەکەم تێگەیاند. وتی: ئەنجا مەلا حسەین من چۆن ئەگەمە ماڵی ئێوە بەم باران و قوڕوچڵپاوە؟ وتم: قوربان، کەرم هێناوە، پیس نابیت، لباد و بەرماڵم بەسەرا داوە. دەرگای کردەوە، هاتە دەرەوە، قەدەرێ مات بوو، لەپاشا[١٥] وتی: مەلا حسەین ئەم کەرە هی کێیە؟ درۆم پێ نەکرا و وتم: قوربان هی ماڵی ئەوڕەحمانە. وتی: بابە من چۆن سواری کەری ماڵی هەتیو ئەبم؟ هەرچەن هاوارم کرد، فائیدەی نەبوو. چاکی کرد بەلادا، خۆی هەڵ کرد. کەوشەکانی بەدەستەوە گرت، وتی: پێشم بکەوە. خولاسە گەیشتینە حەوشەی ئێمە. لەپێشەوە

١٤. لە دەسنووسەکەدا: بووم.
١٥ . لە دەسنووسەکەدا: لەپاش.

زوو خـــەبـــەرم دا، کـــە ژنـــان لاچـــن، مامۆســـتا هـــات. دوورکەوتنەوە. سوێندی بە قورئان خوارد، لەگەڵ مامۆستا گەیشتە ژوورەوە، لە ڕاست سەری کوڕە دانیشت، فەورەن بێ ئەمە دوعای بەسەرا بخوێنێ، کوڕە چاوی هەڵهێنا و بە بەرەکەتی پێوقوومی[16] ئەوەوە، خوای تەعالا شیفای دا، کە هیچ بە ئومێدی نەبووین. من سەرگوزەشتەی مەلا حسەینم زۆر بەکورتی نووسی، بۆ ئەمە کە درۆی تێدا نەبێ.

حاجی ئەمینی حاجی قادر - خوا بیبەخشێت- ئەگەرچی ئاخری ژیانی بەباشی نەڕۆی[17] و لە داخی کوڕگەلی[18] بێحەیا و بێئیتاعەی خۆی، خۆی کوشت، ئەمما خوا ئینشەڵڵا ئەیبەخشێت و بە کردەوەیەکی باش نەجاتی ئەدات چونکە خزمەتی بوو، ڕووخۆش بوو.

**کە شیرک و کوفرت لەگەڵدا نەهات**
**ئاسانە لای خوا، ڕزگاری و خەڵات**

**عەزابی موئمین، لە خوا زیاد ناکات**
**گوناهبەخشینی ڕەحمەتە، ئەیکات**

١٦. لە دەسنووسەکەدا: پێوپووزی، لە ڕاستیدا پێوقووم بەکار دێت.
١٧. لە دەسنووسەکەدا: بڕگەی (نە) دوو جار نووسراوە.
١٨. لە دەسنووسەکەدا: گوڕگەلی.



حاجی ئەمین گێڕایەوە: زەوییەکمان کێڵابوو بۆ شکارتەی[19] گەنمەبەهارە بۆ مامۆستا. زەوییەکە لەبەر ئاوبارەدا بوو، لە بەینی سنووری ئابڵاخ و کانیگۆمە و نیزاعی لەسەربوو. کوێخا ساڵحی کانیگۆمە مەنعی داچاندنی زەوی ئەکرد و خۆی جووتی نارده سەر و دایانچاند بە بەهارە. ئێمەیش گردبووینەوە، کە بچین مەنعی بکەین، مامۆستا نەیهێشت، هەرچەن ئیسرارمان کرد. وتی: خۆتان ماندوو مەکەن، ئەم حەقە خوا ئەیسێنێت. ئێمەیش لەبەر دڵی ئەو وازمان هێنا. سوێندی خوارد، وتی: بەهارەی کوێخا ساڵح ڕوا، هاتە دەرەوە، وەک تەرزی شووتی و کاڵەک بڵاوبووەوە بە ئەرزا، لە ئەرز ڕاست نەبوەوە، لاسکی نەکرد، گوڵی لێ پەیدا نەبوو. چەن جار سوێندی خوارد، وتی: ئێمە سەرمان سووڕ مابوو، زانیمان ئەمە سڕڕێکی خواییە، کە غەدری کوێخا ساڵحی لە مامۆستا قوبووڵ نەکرد.

لە باوکم بیستووە، فەرمووی: حاجی عارەبی ئابڵاخی چونکە نیسبەتی بە شێخانی سولەیمانییەوە بوو، حەزی لە من نەدەکرد و چەن جار جنێوی بەو فەقێیانە ئەدا، کە ئەچوون بۆ ڕاتبە و زۆر جار بۆیان ئەگێڕامەوە، کە غەیبەت و باسی منی بە خراپە ئەکرد. گوێم نەئەدایێ و فەقێیان

١٩. شکارتە: بە واتای پەڵە دانەوێڵەیەکی بچووک دێت، کە کەسێک بۆ خۆی، یا بۆ کەسێکی تری داچاندبێت (ن چ).*
* جگە لە پەراوێزەکانی چاپی یەکەم، چەند پەراوێزێکی ترم بۆ زیاد کردووە و هێمای (ن چ)م بۆ داناوە، (نوخشە چروستانی).

شکاتیان لێ ئەکرد لای من، ئەموت: گوێ مەدەنێ. جارێک پیاوێکی ئابڵاخی لەسەر شکارتەکەم ئەبێت، کە ئابڵاخی لەبەر ئاوبارەدا لە خوار سەرچنارەوە بۆیان داچاندبووم. حاجی عارەب - خوا عەفووی کات- بە سواریی لە سەرچنارەوە دێت، لە پیاوەکە ئەپرسێت: کورە ئەوە چی ئەکەیت؟ ئەڵێ: ئەم شکارتەیەی مامۆستا مەلا عەبدولڕەحیم ئاو ئەدەم. بێڵەکەی لە دەست ئەسێنێت، چەند بێڵێکی لێ ئەدات. ئەڵێ: ئەمە لەبەر مەلا لێت ئەدەم. بە سواریی بەناو شکارتەکەدا[٢٠] ئەڕوات. پیاوەکە کە دێتەوە ئابڵاخ، بە نەوعێک بۆ باوکمی ئەگێڕێتەوە، فەرمووی: کاری کرد لە دڵم، زۆر ئێشی پێ گەیشت، نەک لەبەر شکارتەکە، لەبەر پیاوەکە. هەڵسام بە عەزم و قەسدی ئەوە، کە لە حەق تەعالا بپاڕێمەوە و دوعای قەهری خودای لێ بکەم. هەر بەو نیازە چووم بۆ کانیی پیاوان، دەسنوێژم شۆشت و دوو ڕکعەت نوێژی (صلاة الحاجة)م[٢١] کرد، کە سەلامم دایەوە، هەر بەو فکرە دەستم بۆ دوعا هەڵبڕی، فەورەن هات بە دڵما با دوعای ئیسلاحی بکەم. وتم: یاڕەببی، ئەم پیاوە ئوممەتی پێغەمبەرە (صلی اللە علیە وسلم)، بوغزی ئەم پیاوە دەرحەق بە من، کە لە عولەما و وەرەسەی ڕەسولوڵلام (صلی اللە علیە وسلم) بۆ دینی

٢٠. لە دەسنووسەکەدا: شکارتەکە.

٢١. صلاة الحاجة: نوێژێکە بە مەبەستی پاڕانەوە لە خوا بۆ جێبەجێکردنی نیازێک ئەکرێ.



زەرەرە، یا ڕەببی ئەم بوغز و عەداوەتەی تەبدیل بکەیت بە ئیخلاس و مەحەببەت. فەرمووی: وەڵڵا گەیشتمە ماڵەوە، وا بزانم کە فەرمووی زۆری پێ نەچوو، حاجی عارەب پەیدا بوو، هاتە ماڵەوە، دەستی ماچ کردم، پاڕایەوە. ئیقراری کرد بە قوسووری خۆی، وتی: عەفووم بکە، تۆبە بێت ئیتر ناماقووڵی دەرحەق بە خۆت و فەقێت نەکەم. لەوەودوا ئەبێ بە موخلیس و موحیببی باوکم، حەتتا بوو بە نەقشی و تەمەسوکی بە حاجی شێخ ئەمینی خاڵ کرد. باوکم فەرمووی: کە حاجی عارەب بەو حاڵە پاڕایەوە و پەشیمان بووەوە، پێم وت: عارەب، خوا بەقوربانی حەزرەتی ڕەسوولەڵڵات کات، بەخوا بە نیازی دوعای قەهری[٢٢] بووم، کە لە خوا داوا بکەم، ئاخری لەبەر خاتری پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم)، کە ئوممەتی ئەویت، گۆڕیم بە دوعای ئیسلاح و مەحەببەت.

لە ساڵی (١٣٤٢)[٢٣] هەزار و سێسەد و چل و دوو، کە لە سەردەشتەوە چووم بۆ بیارە و هاتمەوە خاڵم - خوا عەفووی کات- لە ئابڵاخ گلی دامەوە. ئەو سەفەرە چل و دوو ڕۆژم پێ چوو. لە ئابڵاخ بووم، حاجی عارەب - خوا عەفووی کات- دەعوەتی کردم بۆ ماڵەوە، بە نهێنی خۆم و خۆی بووین. ئەویش ئەم حیکایەتەی موفەسسەل بۆ گێڕامەوە. تەماشای

٢٢. واتە قەهر و ڕقگرتنی پێغەمبەر لە حاجی عارەب. لە دەسنووسەکەدا: قەهرم. ئەشگونجێ (قەهرت) بێ، واتە: قەهرلێگرتنت.

٢٣. ڕێکەوتی (١٩٢٣ – ١٩٢٤) ئەکات.

دەموچاویم کرد، دیار بوو زۆر بە مەحجووبی ئەیگێڕایەوە. ئینشەڵڵا تەفسیلی ئەو سەفەرە لە جێگای خۆیا دێت.

مەدرەسەی ئابلاخ زۆر عومدە[24] بوو[25]. فەقێی باشی تێدابوو، وەک مەلا قادری مۆمن، حاجی مەلا یۆسفی گەبەیی و مەلا عەزیزی یاخییان. من دەورەی ئاخریم بە حاڵ بەبیرە، زۆر قەرەباڵغ بوو.

باوکم فەرمووی: کە ئەوەڵ جار چوومە ئابلاخ و ڕەمەزان هات و فەقێم نەبوو، ویستم کتێبی مینهاجی نەوەوی بنووسمەوە، چونکە مینهاجە چاپەکان جێگای حاشیە لێنووسینی نەبوو. ئەوەڵ ڕۆژی ڕەمەزان دەستم بە نووسینەوەی کرد، ڕۆژی دوو جزووم ئەنووسییەوە. پێش جەژن هەر چوار ڕوبعەکەم تەواو کرد[26]. وەکوو خۆی لە ئاخری ڕوبعێکیەوە[27] نووسیویە[28] لە (١٣٠٢)[29] بووە.

فەرمووی: کاک ئەحمەد (رحمە اللە) بانگی کردم و فەرمووی: تۆ کتێبت نییە، وەرە من (١٦) شازدە تێغبەندت بۆ ئەنووسم، بینێرە بۆ دەشتی دزەیی بۆت بفرۆشن، پارەکەی بدە بە کتێب. (١٦) تێغبەندی بۆ نووسیم، ناردم بۆ دزەیی،

٢٤. عومدە: بایەخدار، گەورە.
٢٥. لە دەسنووسەکەدا: بووە.
٢٦. لە دەسنووسەکەدا: تەواو کر.
٢٧. لە دەسنووسەکەدا: ڕوبعێکیە.
٢٨. لە دەسنووسەکەدا: نووسیویێ.
٢٩. ڕێکەوتی (١٨٨٤ ــ ١٨٨٥) ئەکات.



فرۆشتیان، پارەکەیان هێنایەوە. تەسادوف حاجی مەلا محەممەدی باپیرم ئەچێت بۆ حەج، پارەکە بەوا ئەنێرێت و بۆی ئەدات بە کتێب: شیروانی حاشیەی توحفەی ئیبنوحەجەر (٨) جەڵد و فەتاوای کوبرای ئیبنوحەجەر (٤) جەڵد و باجووری حاشیەی (فتح القریب) (٢) جەڵد و چەند کتێبی تر بەو پارەیە کڕاون، ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

ئابلاخی لە هاوینا بۆ جومعەکردن ئەچوون بۆ سولەیمانییە. بەبیرم دێت جارجار باوکم، کە ئەچوو بۆ جومعە، لەگەڵ خۆیا ئەیبردم بۆ شار، لەپاش جومعەکردن ئەیبردم بۆ مزگەوتان. جارێک پاش جومعە چووین بۆ خانەقای حاجی مەلا عەلی مەلا وەسمان. لە حوجرەی فەقێیان دانیشتبووین، بەحاڵ بەبیرمە کولۆیەک شەکر و پیاڵەیەک چایان لەبەردەم دانام، وتیان: کامیانت دەوێت؟ ئەمزانی ئەوەیان شەکرە، شەکرم دیبوو، ئەمما چام نەدیبوو و نەمبیستبوو. دەسم برد شەکرەکەم هەڵگرت، وتم: ئەمەم ئەوێت، ئەوەم ناوێت. وتیان: دە ئەوەیش بۆ تۆ. نەموێرا دەسی بۆ بەرم، پێم پێکەنین. ئاخری بۆیان سارد کردمەوە[30] و خواردمەوە. ئەمە ئەوەڵ چا بوو، کە دیومە و خواردوومەتەوە.

فەقێی ئابلاخ، کە جومعان ئەچوون بۆ سولەیمانییە، جارجار لە شار دەعوەت ئەکران. شەوێ درەنگ ئەهاتنەوە

٣٠. لە دەسنووسەکەدا: ئەکردمەوە.

بۆ ئابڵاخ. لە باوکم بیستووە، فەرمووی: جارێک فەقێکان پاش جومعە دەعوەت کرابوون. شەو درەنگ کە دێنەوە تووشی زابتێک ئەبن سەرخۆش و مەست، لێی ئەدەن، چەرمەسەرییەکی زۆری ئەدەن، بەجێی ئەهێڵن. مەلا قادری مەلا مۆمن ئەگێڕێتەوە سەری، دەس ئەکا بە باخەڵیا[٣١]، ئەو پارەیەی پێی ئەبێت لێی ئەسێنێت و بەعزێ شتومەکیشی لێ ئەسێنێ. هەرچەن فەقێکانی ڕەفیقی مەنعی ئەکەن، گوێیان ناداتێ، زابتەکە ڕووت ئەکاتەوە. دێنەوە بۆ ئابڵاخ. باوکم فەرمووی: بۆ سبەینێ کە نۆرەدەرسی مەلا قادر هات، ناردم بە دوایا، کە بێت بۆ دەرس. بە وەحدەتی خوا لەگەڵ هات و دانیشت، ژانێکی زۆر بەشیدەت کەوتە سەرم، کە تاقەتی تەماشای کتێبم نەما. وتم: مەلا قادر بڕۆرەوە، سەرم زۆر ژان ئەکات. بۆ سبەینێ لە ئەوەڵەوە ناردم بە دوایا، چونکە دوێنێ دەرسی نەخوێندبوو و ژانی سەریشم نەمابوو. کە هاتە حوجرە دەسبەجێ سەرم دەستی کردەوە بە ژان، تاقەتم نەما. وتم: مەلا قادر سەرم ژان ئەکات. دیسان بێدەرس ڕۆیشتەوە. ڕۆژی سێهەم دیسان بەو نەوعە. ئەو سێ ڕۆژە کە دەهاتە سەر دەرسخوێندن، سەرم دەسی ئەکرد بە ژان، کە ئەڕۆی ژانەکە دەفع ئەبوو. ڕۆژی سێهەم وتی: ئەوە بۆچی کە من دێم بۆ دەرس، تۆ سەرت ژان ئەکات؟ وتم: نازانم، ئەمە بێسڕ نییە، چیت کردووە؟ وتی: هیچم نەکردووە. تەحقیقاتم لە فەقێکان کرد، مەسئەلەی

٣١. لە دەسنووسەکەدا: باخەڵیان.



زابتەکەیان بۆ گێڕامەوە، کە شەوی شەممە لێیان داوە و مەلا قادر ڕووتی کردوەتەوە. ئەنجا حوکمم لێ کرد، ئەبێ بچیت ئەو زابتە بدۆزیتەوە و چیت لێ سەندووە بیدەیتەوە. وتی: تۆ تەماتە سەرم بە فەتارەت[٣٢] بدەیت؟ بەخوا ئەڕۆم و ئەمە ناکەم. بوخچە و ئەسبابی پێچایەوە[٣٣] و ڕۆیشت. باوکم - خوا لێی خۆش بێت- ئەم سەرگوزەشتەیەی زۆر بەعەجایەبی ئەگێڕایەوە، خۆم لێم بیستووە و سوێندی لەسەر ئەخوارد.

فەقێی ئابڵاخ بۆ زەخیرەی زستان، کە عادەتی فەقێی سولەیمانییە و ئەترافیەتی هەر (دەقنە)[٣٤] ڕاتبەی ئابڵاخیان کردووە. ئەوەندەیان زەخیرە داوە پێیان، گەلێکی زیاد بووە. حەتتا لە باوکم بیستووە، فەرمووی: فەقێی ئابڵاخ لە ئاخری بەهارا ئەوەندەیان ساوەر مابوو، یەک باریان لێ بردە شار، تۆزێک گرانی بوو، فرۆشتیان. فەرمووی: بە مەزەننە حۆقەیان دا بە شەش بێچوو[٣٥]. دەقنەی ڕۆنیان نەکردووە، بە نۆرە ئابڵاخی بە حۆقە و دوو

٣٢. فەتارەت: فەوتان، لەناوبردن.
٣٣. لە دەسنووسەکەدا: پێچایەو.
٣٤. دەقنە: فەقێی جارانی سولەیمانی، پاییزان چەند شەوێک بەسەر ماڵانی سەر بە مزگەوتەکانیانا ئەگەڕان، هەموو جۆرە ئازووقەیەکی زستان و پارەیان لێ خڕ ئەکردنەوە، بەشێکیان لێ هەڵئەگرت بۆ زستانیان و بەشێکیشیان لێ ئەفرۆشت، پارەکەیان لەناو خۆیانا دابەش ئەکرد. هەندێ لە کوڕانی گەڕەکیش لەو دەقنەکردنەدا لەگەڵیان ئەبوون.
٣٥. دراوێکی بچووکی جارانە.

حۆقە ڕۆنیان داونێ. حەتتا لە باوکم بیستووە و ئابلاخیش زۆر جار ئەیانگێڕایەوە، کە حاجی ئەمینە ڕەش بووە -خوا عەفووی کات- نۆرەی ڕۆنی فەقێی ئەگاتە سەر، پێی ئەڵێن، مامەحاجی بەخوا نۆرەت گەیشتووەتە سەر، ڕۆنمان نەماوە. ئەڵێت: تەماتانە لەگەڵ ئایشێ بەشەڕماندەن؟ (ژنەکەی ناوی حاجیژنە ئایشێ بووە) ئینجا چی بکەین؟ بێشەڕ ئەم ڕۆنە زەحمەتە. لەپاشا ئەڵێت: باوکم، تەدبیرێکم کردووە، ها ئەمە دوو مەجیدی، ئەچم لە ماڵەوە دائەنیشم، بە فەقێیەکا دوو مەجیدییەکە بنێرن، بڵێن: مامە حاجی، فەقێکان ئەم دوو مەجیدییەیان ناردووە، ڕۆنمان پێ بفرۆشە. ئەمما کوڕە، مەجیدییەکان پێش خەن و بەدەستەوە[36] ئاشکرای کەن و نیشانی ئایشێی بدەن. لەپێشا باسی ڕۆن نەکەیت، حەتتا مەجیدییەکانی نیشان ئەدەیت. فەقێکان بە تەدبیری حاجی ئەمین ئەکەن، وەکوو ئەو تەدبیری بۆ کردبوون. حاجیژن پرزەبڵێس[37] ئەبێت، ئەڵێ: ڕۆنمان کوا؟ خوا عەفووی کات مەشهوور بووە بە ڕەزیل، مامەحاجی ئەڵێ: نازانم، ئایشێ ئەزانێت. لەپاشا ئەڵێت: ئاهـ وەڵڵا پارەمان ئەوێت، ئافرەت خۆ تۆ ڕۆن هەر ئەفرۆشیت و پارەشمان پێویستە بۆ فلان شت، نەوەڵڵا با بە فەقێکانی بفرۆشین. حاجیژن قەناعەت ئەکا، هیزە ڕۆن دێنێ، یا حۆقەیەک یا دوو حۆقە ڕۆنیان بۆ ئەکێشێ. حاجی

٣٦. لە دەسنووسەکەدا: بەدەستتەوە.

٣٧ . لە دەسنووسەکەدا: برزەبلێس. پرزەبڵێس: نەوسن و چاوچنۆک.



ڕجا ئەکا لە حاجیژن، ئەڵێت، ئافرەت دە تۆیش بەشی قبوڵییەکیان بۆ بخەرە سەر وەکوو خەڵق، ئاخر ئەم پارەیە هی موسوڵمانێکی وەک منە، بەخێر داویە بە فەقێکان. بە هەزار حاڵ بەقەدەر ئەنگوتکە هەویرێکی[38] زیاد ئەخاتە سەر و لە قسەی حاجی تێ ناگات. ئەم قسەیە زۆر باس کراوە.

باوکم کە ئابلاخی بەجێ هێشت، چوو بۆ تەرەفی هەڵەبجە، خانوویەکی تازەی لە ئابلاخ دروست کردبوو، زۆر گەورە بوو. ڕای سپاردبوو، کە چەن فەقیرێکی تیا دانیشن و خزمەتی بکەن، نەڕووخێت. لەپاشا یەکێ لە هەمەوەندەکان، نازانم بە ئاغایەتی، یان بە چ نەوعێک، ماڵی دێتە ئابلاخ، خانوویەکی وای دەس ناکەوێت، کە تێیدا بحەوێتەوە. فەقیرەکان دەرئەکات و لە خانووەکەی ئێمەدا دائەنیشێت. لەپاش گەلێ ساڵ لە کتێبێکی خاڵمدا کاغەزێکم دی، خەتی باوکم بوو، نووسیبووی لە پارچەیەکی بچکۆلە لە کاغەزە ئاغزە جگەرە تەنکە زبرەکەی، کە جاران پێش سەفەربەر ئەیانبڕی بۆ ئاغزە جگەرە، بۆ ئەو هەمەوەندە، کە لە خانووەکەمانا بە زۆر دانیشتبوو، نووسیبووی بە هەڕەشە و گوڕەشە، بە فارسی مەزموونەکەی ئەمە بوو، (تۆ کە بێپرسی خاوەندخانوو و بە هۆی سەرکەشی و گەورەیی دەسەڵاتێکی دنیاییەوە لە خانووی ئێمەدا دانیشتوویت، بزانە کە یەقین دەسەڵاتی بزورگانی

٣٨. ئەنگوتکەهەویر: گونکەهەویر.

دین بەرەوژوورترە لە دەسەڵاتی تۆ). بە گەیشتنی ئەم کاغەزە ئەو خانووە[39] چۆڵ کە و بیدەرەوە[40] بە فەقیرەکان و ئەگەر وا نەکەیت و بە قسەم نەکەیت (با خبر باش کە سر میشکند دیوارش)، یەعنی (وریا بە لە خۆت، چونکە دیواری خانووەکە سەر ئەشکێنێ). کاغەزەکەم زۆر لەلا سەیر بوو، لە خاڵم پرسی، وتی: لەگەڵ کاغەزەکەی پێ گەیی ترس و دەهشەت سواری بوو[41]، نەیوێرا شەوی تیا ڕۆژکاتەوە، چۆڵی کرد.

باوکم بوو بە مودەڕیسی مەجید بەگی وەسمان پاشا -خوا عەفوویان کات- لە دێی پریس، کە جەنووبی هەڵەبجە کەوتووە، تەقریبەن یەک سەعاتەڕێ[42] ئەبێت. وەسمان پاشا مودەڕیسی خۆی ئەبێت لە مزگەوتی پاشا لە هەڵەبجە و مەسرەف و پێویستیی مزگەوت و مودەڕیس و گوزەرانی فەقێی مەدرەسە لەسەر پاشا ئەبێت. خانمی حەرەمی -خوا عەفووی کات- مزگەوتی خۆی ئەبێت، مەشهوور بە مزگەوتی خانم، مەسرەف و پێویستیی مزگەوت و مودەڕیس و فەقێکانی هەموو لەسەر خانم ئەبێت، مەساریف و گوزەرانی مودەڕیس و مەدرەسە و فەقێیانی دێی پریسیش لەسەر مەجید بەگ ئەبێت. ئیتر ڕاتبەکردن عادەتی جێیان نابێت. مناڵ بووم، نازانم جومعە و جومعە زەخیرە لە هەڵەبجەوە

٣٩. لە دەسنووسەکەدا: ئەو خانووەکە.
٤٠. لە دەسنووسەکەدا: بیدەرەو.
٤١. لە دەسنووسەکەدا: ئەم (بوو)ەی ناتەواوە.
٤٢. لە دەسنووسەکەدا: ڕێی.



ئەهات بۆ پریس یان مانگە و مانگ و نان و چێشتی فەقێ لە ماڵی مەلا ئەکرا. دەفعەیەک وا بزانم ناردنی زەخیرە لە هەڵەبجەوە تەئخیر ئەبێت، فەقێی پریس مەجبوورەن چەن ڕۆژێک ڕاتبەی ناو دێ ئەکەن. لەو ڕۆژانەدا کە باوکم بۆ جومعە ئەچێت بۆ هەڵەبجە، پاش نوێژی جومعە بۆ ئەو مەوزوعە ئەچێت بۆ لای مەجید بەگ. بەحاڵم بەبیرە من نەچوومە ژووری دیوەخان، لەبەر هەیوانی باڵەخانەکە سەیری حەوشە و دامودەستگاکەم ئەکرد، باباڕەسووڵی بێدنی -خوا بە ڕەحمەتی خۆی دایپۆشێت- فەقێ بوو، لە خزمەتیا بوو بۆ لای مەجید بەگ[43]، بابا ڕەسووڵ گێڕایەوە[44]: مامۆستا لە خوسووسی تەئخیر نەخستنی زەخیرە بۆ فەقێیانی پریس، لەگەڵ مەجید بەگ قسەیان هێنا و برد، موددەیەک قسە کرا. منیش دانیشتووم گوێم گرتووە، ئاخری مامۆستا بە مەجید بەگی وت: میرم، میرم، ئەوەی پێ ناوێت. ئەگەر پیاویت، وەک وەسمان پاشا، ئەگەر ژنیت وەک خانم، ئەگەر نە پیاویت نە ژنیت، مەلا و فەقێ بەخۆڕایی دەسخەڕە مەکە. بابا ڕەسوول وتی: کە مامۆستا ئەم قسەیەی کرد، من زۆر ترسام و دڵم ڕاچەنی. ئاخری مەجید بەگ وتی: بەڵێ بەسەر چاو، مامۆستا ئەگەر لەمەولا زەخیرەناردن هیچ تەئخیر بوو، بزانە نە پیاوم نە ژنم.

٤٣. لە دەسنووسەکەدا: (بەگ)ەکە بە هەڵە لەبیر چووە.
٤٤. لە دەسنووسەکەدا: گێڕاوە.

**ئەوەی بەڕاستی هەر خوای خۆی ناسی**
**لە میر و ئاغا نابێ هەراسی**

**ئەوی خوانەناس، ڕووی لە دنیایە**
**مارمێلکەی لەلا، وەک ئەژدیهایە**

ئاخری باوکم لە پریس زۆر نەمایەوە. شێخ مارفی نێرگسەجاڕ - خوا بە ڕەحمەتی خۆی شادی کات- نەقڵی کرد بۆ نێرگسەجاڕ. شێخ مارف - خوا عەفووی کات- زۆر موخلیس و خزمەتگوزاری باوکم بوو، خەلیفەی شێخ عومەری بیارە بوو و مەلا و فەقێپەرست بوو، لە شارەزوورا موخلیسی زۆر بوو.

لە سەرگوزەشتەی نێرگسەجاڕ ئەوی بەبیرمە فەقێی زۆر تیا بوو. فەقێیەک شێخ ڕەسووڵی ناو بوو، منی نارد بۆ لای فەقێیەکی تر، بۆ کتێبێک یان بۆ شتێکی تر. کە چووم ڕاسپاردەکەم پێ گەیان، وتی بچۆ، بڵێ ڕەسووڵ گووی خوارد (ڕەسووڵ بە فروستادە ئەڵێن و من عەقڵم پێ نەدەشکا) [45]. چوومەوە لای شێخ ڕەسووڵ، وتم: بەخوا وتی شێخ ڕەسووڵ گووی خوارد. وتی: کوڕە وای نەوتووە، ڕەنگە وتبێتی ڕەسووڵ

٤٥. ڕەسووڵ یان فروستادە: (نێرەر) کەسێک کە نێردرابێت بۆ لای کەسیکی تر (ن چ).



گووی خوارد. وتم: نە، هەر وای وت. فەقێکان قاقا دەستیان کرد بە پێکەنین. هەڵکەوتێکی [46] سەیر بوو.

فەقێکان گەلێ سێشەممە و جومعە ئەچوونە سەر چەمی تانجەرۆ بۆ مەلەکردن. سوختەیەکیان بوو، خەڵقی سنە بوو، دەستی چەپی نەبوو، خەتێکی فارسی زۆر خۆشی بوو، وریا و زرینگ بوو، ناوەکەیم لەبیر چووەتەوە، جامیی ئەخوێند. فەقێکان مەلەیان ئەزانی، ئەو فەقێ سنەییە نەیئەزانی و حەزی ئەکرد فێر بێت. جارێکیان کوولەکەئاوێکیان لەگەڵ خۆیانا هێنا بۆ ئەمە، کە فەقێکە پێی فێری مەلەکردن ببێت. فەقێکە کوولەکەکەی ئەگرت بە دەستەوە و مەلەی پێ ئەکرد و قاچی ڕائەوەشاند، بەسەر ئاوەکەدا هاتوچووی ئەکرد، ئەمما نەیئەوێرا توخونی جێگای قووڵ بکەوێت [47]. دەی دەی بەو نەوعە هەتا ڕاهات. جارێک بە کوولەکەکەوە ڕووی کردە [48] نێرەوەی [49] ئاو، خەریک بوو بگەڕێتەوە، نەیتوانی، ترسا و دەهشەت گرتی، ئاویش بە شەپۆل بردی بەولاوە، ئاخری کوولەکە لە دەستی بەرەڵڵا بوو و نقوم بوو وەک بەردی بن گۆم. کوولەکەکەیش ئاو بردی. فەقێ مەلەوانەکانیان [50] بە جارێ خۆیان فڕێدایە ناو ئاو، بە

٤٦. لە دەسنووسەکەدا: هەرگەوتێکی.
٤٧. لە دەسنووسەکەدا: ببێت، دەڵێن (توخونی ئەکەوێ) نەک (توخونی ئەبێ).
٤٨. لە دەسنووسەکەدا: ڕوو کردە.
٤٩. نێرەوە: شوێنی گێژ و قووڵی ئاو.
٥٠. لە دەسنووسەکەدا: مەلەوانەکەیان.

مەلە[51] ڕوویان کردە[52] ئەو شوێنەی[53] کە فەقێکەی تیا نقوم بوو و پەلەپەلیان پێ کەوت. وا منیش لە دوورەوە[54] ڕاوەستاوم، سەیریان ئەکەم. بە مەزەننە (٢٠) بیست خوتووە[55] زیاتر بەژێر ئاودا ڕۆیی، تەسادوف تووشی قەدی دارێک ئەبێت، لەژێر ئاوەوە دارە ئەگرێت و پیا هەڵئەگەڕێت. دارەکە لقوپۆپی بەدەرەوە بوو، لە پڕێکا سەرکەوت، خۆی بە دارەکەوە قایم کردبوو، نیوەی لەشی لەناو ئاوەکەدا بوو، لە پشتێنە بەرەوژووری بەدەرەوە بوو، توند دارەکەی گرتبوو، شکڵێکی سەیری بوو.

**وەکوو مەیموونی لۆتی، چۆن لەبەر ترسی پلارێکا**
**وە یا کتکێ بەرەودوای نابێ، سەگ هەڵچێ[56] بە دارێکا**

ئەوەندە ئاو چووبووە سکیەوە بە حاڵ قسەی بۆ ئەکرا و لەو حاڵەدا هاواری ئەکردە فەقێکان: کوڕە کویلەکە ... کویلەکە ئاوبردی بیگەنێ[57]، بە لەهجەی سنەییيانە.

٥١. لە دەسنووسەکەدا: بەمە.
٥٢. لە دەسنووسەکەدا: ڕووی کردە.
٥٣. لە دەسنووسەکەدا: ئە شوێنەی.
٥٤. لە دەسنووسەکەدا: لە دوورە.
٥٥. خوتووە: هەنگاو.
٥٦. لە دەسنووسەکەدا: هەڵچن.
٥٧. دوو ڕستەی (ئاو بردی، بیگەنێ) لە دەسنووسەکەدا لە پەراوێزەوە نووسراون، لەگەڵ وشەیەکی (ئەتوت) وشەیەکی تر کە بۆم نەخوێندرایەوە.



کوولەکە دوور کەوتبووەوە، ئیشارەتی ئەکرد: کوڕە فەقێکان! بگەنە کویلەکەکە. فەقێکان خەمی ئەویان بوو، ئەو خەمی خۆی نەبوو، خەمی کوولەکەکەی بوو. فەقێکان قاقا دەستیان کرد بە پێکەنین، سەربەقوڕ پێی پێئەکەنی. پێیان ئەوت: سا چونکە تۆ خەمی کوولەکەکەتە، خەمی خۆت نییە، ئەبێ هەر بەوێوە بیت. ئاخری لەپاش قەدرێ فشە و گاڵتە، چوون بە مەلە نەجاتیان دا، تا موددەیەک پێکەنین لەسەر ئەم قسەیەی گۆجە بوو. وا ئیستە من کە ئەینووسم، بە پێکەنینەوە ئەینووسم، تیمسالی واقیعەکە دێتە بەر چاوم.

بەهاری ئەو ساڵە کە لە نەرگسەجاڕ بووین، فەقێی هەڵەبجە و عەبابەیلێ و پریس و بیاوێڵە زۆر قەرەباڵغ بوون، هاتن بۆ نەرگسەجاڕ بە مەقسەدی سەیرانی کەژی[58] زمناکۆ. مناڵ بووم، بەبیرم نییە، لەسەر مەسرەف و دەعوەتی شێخ مارف بوو، یا بە نەوعێکی تر بوو، وام بەبیرە کە پەنجا شەست فەقێ ئەبوون. کەژی زمناکۆ لەو بەر سیروانە، لە نەرگسەجاڕەوە بە نیوسەعات ئەگەنە سیروان، ئەپەڕنەوە، لە شەمێرانەوە بۆی ئەچن. بەهار بوو، ئەرخەوان سوور، سیروان هاتبوو، مالامال[59]، کڵاوەی ئەکرد. من و مەلا یەحیای برام - خوا عەفووی کات- لەگەڵ ئەو فەقێیانە بووین، چووین بۆ ئەو سەیرانە. حەقیقەتەن زۆر

٥٨. لە دەسنووسەکەدا: گەژی.
٥٩. مالامال: پڕ.

خۆش بوو، خواردن[٦٠] لە گۆشت و برنج و شەکر و چایی و پێویستیی سەیران، بە تەواوی لەگەڵیان بوو. فەقێی شاخەوانیان لەگەڵ بوو. کە گەیشتینە سیروان، لە بوارەپانەوە لە پشت عەرەبەکان، کە بوارێکی زۆر پانە و مەسافەی ئەم بەر و ئەو بەری ئاوەکە زۆرە، پەڕینەوە. فەقێکان بە کەڵەکی قامیش و کوندە پەڕینەوە. ئەمما من شکڵی پەڕینەوەم لەبەر چاو ماوە، پیاوێکی کەڵەگەت، کە ئەیناسیم کردمییە قەڵاندۆشکان، جلەکانی خۆی خستە دەرپێکەی، لەسەر سەری قایمی کرد، لە بن دەستیەوە هەردوو ڕانی منی بە خۆیەوە شەتەک دا، دەستی چەپی منی بە دەستی چەپی گرت، وتی: هیچ مەترسە، خۆت قایم بگرە. قەدبڕ ڕۆی هەتا گەیشتە نێرەوەی ئاو. لەناوەڕاستی سیروان پێی لە ئەرز بڕا، بە دەستی ڕاست مەلەی ئەکرد، بە پێمەلە. جارجار ئاو ئەگەیشتە دەم و چەناگەی، پفی ئەکرد لە ئاوەکە و زۆر بە منی ئەوت خۆت قایم بگرە. دەستی ڕاستم بە پەتەکەی سەریەوە بوو، هەر ئەیوت دەست بەرنەدەیت، دەستم نەگریت. بە مەزەننە لەپاش دووسێ دەقیقەیەک[٦١] پێی گەیشتەوە ئەرز. ماشەڵڵا

٦٠. لە دەسنووسەکەدا؛ خوادن.

٦١. چروستانی لە سەرەتادا ئەم ڕستەیەی بەم جۆرە نووسیوە: (مەزەننە دوو سێ دەقەیەک)، پاشان کە هەستی بە ناتەواویی ڕستەکە کردووە، لەپاش (مەزەننە)وە (لەپاش)ێکی لەسەرەوە بۆ نووسیوە و لەپاش (دەقیقەیەک)یش (پێ چوو)یەکی نووسیوە، بەڵام دیارە واش، ڕستەکە هەر نادروستە، ئەبوو (بە مەزەننە لەپاش دوو سێ دەقیقەیەک) یا (بە مەزەننە دوو سێ دەقیقەیەکی پێ چوو) بووایە. ئێمە جۆری یەکەممان نووسییەوە.



ئەدوت[٦٢] بەسەر ئەرزا بێپەروا و بێباک ئەڕوات. پەڕانمییەوە. زۆری لەسەر نەڕۆین، چووینە شەمێران. چەن کەسێکی شەمێرانی بۆ شارەزایی و شاخەوانی لەگەڵ فەقێکان هاتن[٦٣] و ئەسبابی لازمەیان هێنا. لەوێوە چووینە بناری کەژی زمناکۆ، سەرکانی و ئاوێک، دەشتێکی سەوز و شین ئەیڕوانی بەسەر گەلێ مەملەکەتا، بە شایی و یاری و سەیران ڕایانبوارد. تەفسیلی ڕابواردنم بەبیر نەماوە، چونکە دووسێ ساڵ پێش ڕشانەوە بوو[٦٤]. ئەوەندە ئەزانم تەشوێیان هێنابوو، شاخەوانیان لەگەڵ بوو بە شاخا هەڵگەڕابوون، بڕیبوویان، هەنگوینێکی زۆریان دەرهێنابوو، کردبوویانە تەشتەوە، ئەوەندە زۆر بوو فەقێ و قەڵەباڵغەکە لێیان بێزار بوو[٦٥]، نەیان ئەخوارد و فەقێ بڵاو ئەبوونەوە بەو شاخانەدا، گژوگیای بەهاریی خواردنیان ئەهێنا و داری وشکی سووتەنییان ئەهێنا زەلام زەلام، شەو ئاگریان ئەسووتان، ئەبوو ئینسان دە خوتووە یا زیاتر لە دوورەوە دانیشێت، داری وا گەورەیان ئەخستە سەر. سەیرانێکی عەجایب و خۆش بوو، نازانم چەن شەو لەوێ مانەوە، کە گەڕاینەوە بە کەڵەک پەڕیمەوە.

٦٢. ئەدوت: دەتگوت.

٦٣. لە دەسنووسەکەدا: هات و.

٦٤. ڕێکەوتی ساڵی (١٩٠١- ١٩٠٢) دەکات، چونکە ساڵی ڕشانەوەکە لە (١٩٠٤- ١٩٠٥)دا بوو. واتا شاعیر لێرەداتەمەنی (٧-٦) ساڵان بووە (ن.چ).

٦٥. دەبوو (لێی بێزار بووبوون) بوایە (ن.چ).

لام وایە ساڵ وەرنەسووڕایەوە شێخ مارف، باوکمی بردە ئەحمەدبڕندە، چونکە نەرگسەجاڕ ئاوی کەم بوو و لە خوسوسی مەدرەسە و ناودێوە بێویسعەت و تەلان[٦٦] و ناخۆش بوو. ئەمما ئەحمەدبڕندە دەشت و ئاودار و بە ویسعەت بوو. نازانم (مەتنە موغنی)[٦٧] یا (مەتنی ئونموزەج)م[٦٨] ئەخوێند، شێخ مارف - خوا عەفووی کات- چەن دەرسێکی پێ وتم. باوکم لە ئەحمەدبڕندە فەقێیەکی زۆری بوو وە موتەمادی خەریکی تەدریس بوو. نازانم چەند لە ئەحمەدبڕندە ماینەوە. ئەوەندە ئەزانم، لەبەردەمی تەکیە و حوجرەی فەقێیاندا حەوزێ بوو، ئاوی لە شاخەکەوە بە جۆگەلە بۆ ئەهات، چەند ماڵێکی غەوارەی[٦٩] لێ بوو، ئاوەکە بە پیسی ئەهات بۆ حەوزەکە. فەقێیەک چوو بۆ تەحقیقات، تەماشای کردبوو ژنێکی ئەو ماڵە غەوارانە پەڕۆبەگوو و سیپاڵی پیسی پێیە، لە بناوانی جۆگەلەکەدا ئەیشووات و جێگەیش لەوانە نەبوو ژنان ڕووی تێ کەن. فەقێکە جنێو بە ژنەکە ئەدات، سیپاڵەکانی فڕێ ئەدات، مەنجەڵێکی پێ ئەبێت، مەنجەڵەکەی تووڕ هەڵئەدات، بە سەرەوژێرەدا غل ئەبێتەوە. ژنەکە ئەم حاڵە بۆ پیاوەکان - کە کەرەپیاو

٦٦. تەلان: ڕەقەن، هەڵەت.
٦٧. یەکیکە لە کتێبە سەرەتاییەکانی نەحو، کە فەقێی جاران ئەیانخوێند.
٦٨. ئەمیش هەر لە کتیبە سەرەتاییەکانی نەحووە.
٦٩. غەوارە: چەند کەسێکن کە لە خێڵەکەی خۆیان جیا بوونەتەوە.



بوون[٧٠]- ئەگێڕێتەوە. بە تفەنگ و دەمانچە و دارەوە، ژن و پیاویان هاتنە سەر فەقێکان، بوو بە جەنگی مەغلووبە - ڕۆژەکەی قەرەوەیسی تیا کوژرا - پیاوەکان باوکێکی چەتەوڵ و دوو سێ کوڕی بوون. فەقێکان کە وایان زانی خۆیان ئامادە کرد، بە دار و خەنجەرەوە[٧١] بۆ شەڕکردن، یەک تێڵایان دا بە گازی پشتی باوکەکەدا، خستیانە چاڵێکەوە، دوو سێ فەقێ تێی بەربوون. لێدان و پیادان لە تەرەفەینەوە، شەلم کوێرم ناپارێزم، دەس پێ کرا. ژنان بە تێڵاوە هاتبوون، کوڕێکیان کە باوکەکەی[٧٢] بەو حاڵە دی، دەستی دایە دەمانچە، کە بینێ بە یەکێک لە فەقێکانەوە، لەبەردەمی ماڵی ئێمەدا بوو، باوەژنم[٧٣] - خوا عەفووی کات- پوورزای باوکم بوو، دەستوبرد پەلاماری تێڵایەک ئەدات، لەگەڵ کوڕە دەس هەڵدێنێتەوە، تێڵاکە ئەدات بە باسکیا، کردی بە خڕخاڵ، دەمانچە لەولاوە کەوت، کوڕ لەملاوە، دەمانچەکەی بە[٧٤] بەرد شکان. برای گەورە کە ئەمەی دی، تفەنگێکی حسکەی پێ بوو، مەلا ئەحمەدی مەلا قادر مەشهوور بە مەلا ئەحمەدی فازڵ، پشتی لێی بوو،

٧٠. کەرەپیاو: پیاوی نەفام. ئەشگونجێ بە (کەڕەپیاو)ی بخوێنینەوە، وەک ئەڵێن (کەڕەکورد).
٧١. لە دەسنووسەکەدا: خەنجەرە.
٧٢. لە دەسنووسەکەدا: باوەکەکەی.
٧٣. لە دەسنووسەکەدا (باوەژنیم) بوو.
٧٤. ئەم (بە)یە لە دەسنووسەکەدا نییە، بەڵام پێویستە.

تفەنگەکەی نا بە گازی پشتی مەلا ئەحمەددەوە،[75] گڕی ئاگر
لە سەرکەوا[76] و کەوای بەربوو. مەلا ئەحمەد ڕووی کردە
کابرا، هەڵات. مەلا ئەحمەد بەرەو دوای ئەنێت، ڕوو ئەکاتە
ناو دێ. شەڕەکە پیس بوو. مەلا ئەحمەد کوتەکێکی سەرزلی
سەرخڕی بەدەستەوە ئەبێت، هە لێرە هە لەوێ ئەنیشێتە
سەری، ئاخری لە حەوشەی ماڵی ئاغا ئەیگاتێ، کابرا کە
ئەزانێ لە دەس مەلا ئەحمەد ڕزگاری نابێت، ئەگاتە بن
توویەک، لقێک لە تووە دادەپەڕێنێ، بە هەموو هێزی خۆی
ئەیدات بە بناگوێی مەلا ئەحمەدا، ئەڵێت: یا ڕەسوولەڵڵا
بە نەجاتی حەق. مەلا ئەحمەد ئەیوت، بریسکە لە چاومەوە
هات و گوێم کاس بوو. ئەنجا دەستم هەڵبڕی، منیش وتم: یا
ڕەسوولەڵڵا نۆرە گورزی خۆمە. تەنها یەک کوتەک ئەدا بە
تەوقی سەریا، کابرا وەک تەڕاح لەوێ ئەکەوێ[77] نە ئێستە
مردووە نە پار، یەک دەلاقە ئەخاتە کاسەسەری. ئەمما مەلا
ئەحمەد گاڵتە نەبوو ها، پاڵەوان بوو. مەلا ئەحمەدی مەلا
قادر، ئابلاخی بوو، لەگەڵ خاڵم، مەلا حەسەن پێکەوە شیری
خواردبوو. بەینێ کاری زۆرخانەی کردبوو، زۆر بەقووەت
بوو، چونکە گوللەبەندی[78] کاکە ئەحمەدی پێوە بوو، پشتی
بە زەبری گولەکە سوور هەڵگەڕابوو و هیچی تر. لەم

٧٥. لە دەسنووسەکەدا: ئەحمەدە.

٧٦. سەرکەوا: کورتەک یا سەڵتە.

٧٧. لە دەسنووسەکەدا: ئەکەی.

٧٨. گوللەبەند: تیغبەند، دوعایەکە ئەفسانەیەکی لەسەرە، ئەڵێن گوایە هەر کەس هەڵی گرتبێ، گوللە کاری تێ ناکات.



واقیعەیە شێخ مارف لە ئەحمەدبڕندە نەبوو. نازانم باوکم
بە هۆی ئەم شەڕەوە بۆ لای کێ چوو، لە ڕێ ئەگات بە شێخ
مارف، ئەیگێڕێتەوە. ئەو شەوە ئەو ماڵە لە ترسا بەو
بریندار و کەلەلایانەوە باریان کرد. بۆ سبەینێ چووینە سەر
ماڵەکەی، بەعزێ قاپوقاچاخە شکاو نەبێ هیچی[79] تیا
نەمابوو. نازانم ئەو فیلەتەنە کە مەلا ئەحمەد لێی دا، ما
یا مرد. وا بزانم باوکم کە ئەحمەدبڕندەی جێهێشت،
سەبەبی هەر ئەم شەڕە بوو.

سەرەتای ڕشانەوە پەیدا بوو، کە لە ساڵی هەزار و
سێسەد و بیست و دوو[80] بوو. وا بزانم ئاخری بیست و یەک
پەیدا بوو و بیست و دووی بردە سەر. کوشتارێکی زوربەی
کرد، حەتتا ئەڵێن لە سولەیمانییە حەوت هەزار و
حەوتسەد و کوسووری پێ مردووە. واقیعە و کوشتاری
ڕشانەوە کتێبی سەربەخۆ و تەحقیقاتی تاممەی ئەوێت.
نازانم[81] ئەحمەد بەگی ڕیشێنی چۆن لەگەڵ باوکما
موخابەرەیان کەوتە بەینەوە، ولاخی نارد بەدوای باوکما،
نەقڵی کرد بۆ ڕیشێن، کە حوجرە و مەدرەسەی بۆ دروستکات
فەقێی بۆ ڕاگرێت. ڕشانەوە زۆربەی سەند[82] و بلاوبووەوە بە
دنیادا. وا بزانم حەبیبەخانی ژنی ئەحمەد بەگ - خوا

٧٩. ئەم (هیچی)یە لە دەسنووسەکەدا نەبوو، بەڵام پێویستە.

٨٠. ڕێکەوتی (١٩٠٤- ١٩٠٥) ئەکات.

٨١. لە دەسنووسەکەدا لێرەدا (چۆن)ێک نووسراوە، بەڵام زیادەیە،چونکە لەدواوەش هەیە و ئەوێ شوێنی ڕاستی خۆیەتی.

٨٢. دەبوو (پەرەی سەند) بووایە (ن.چ).

عەفوویان کات- بە ڕشانەوە ڕۆیشت. شارەزووری پێیان ئەوت (چاوەقووڵە). کەس نەیئەوێرا بچێ یاسینی نەخۆش بخوێنێت لە ترسا. من بێسەلیقە بووم، پێم خۆش بوو بانگم کەن، کە[83] یاسینی ئەوانە بخوێنم کە دەڕشانەوە. دەسم ئەدایە قورئان، لە یاسینخوێندندا ئەبووم لەسەر نەخۆشی ڕشاوە، هی وا بوو کە بەسەر نەخۆشەکەوە ئەگریا، قڵپ ها ئەڕشایەوە، پڕشکی ڕشانەوەکەی لە دەموچاوم ئەکەوت، قێزم لێ نەدەکرد، عەقڵم پێ نەدەشکا. کابرای شیوەنکەر وەک تەڕاح لەوێ ئەکەوت. ئیتر دنیا زۆر عەجایب بوو، کەس بە هیوا نەبوو شەو بگاتە سبەی، یان ڕۆژ بگاتە ئێوارە. باوەژنە فاتمم ڕشایەوە، سارد بووەوە، بە مردوویان زانیی، ئاویان بۆ گەرم کرد، کەچی ڕۆحی تێدا مابوو نەمرد، خەلەست چەن ساڵ ما. باوکم زستانێک لە ڕیشێن مایەوە. ئەسبابێک بۆ ئەحمەد بەگ پەیدا بوو، لە خوسووس بەگزادەی جافەوە بوو، یا لە خوسووس حوکوومەتی عوسمانییەوە[84] بوو، کە ئەحمەد بەگی مەجبوور کرد، بە فرۆشتنی دێکانی و کۆچی کرد بۆ ئێران، بۆ تەرەفی سنە. ئیتر باوکم چووە بیاوێڵە لای شێخ ئەنوەر و شێخ جەمیل، کوڕانی شێخ عومەری بیارە، لەوێ موددەیەک مایەوە و مەدرەسەیەکی عومدە و تەدریسێکی باشی بوو.

٨٣. ئەم (کە)یە پێویست نییە.
٨٤. لە دەسنووسەکەدا: عوسمانییە.



لەو بەینەدا کە لە بیاوێڵە بووین، لام وایە بە نیازی تەعزییەی مەلای پێنجوێن -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- باوکم چوو بۆ پێنجوێن. لەو سەفەرەدا من و مەلا یەحیای برامی لە خزمەتیا برد. لە بیارەوە بە هانەگەرمەڵە و کەیمنەدا سەرکەوتین بۆ ئەودیو شاخی هەورامان، بە دەربەند کەڵەوێدا ڕۆیشتین، ئەمما چ دەربەند کەڵەوێ؟ مەسافەیەکی دوورودرێژ هەردوو تەرەفی شاخی بەرز و بیست تا سی جار ئەبێ بۆ ئەمبەر و ئەوبەری ئاوەکە بپەڕیتەوە و جێ جێ پلەی سەختی تێدایە. کە لە دەربەند نەجاتمان بوو، بەلای چەپا باماندایەوە، گەیشتینە مەریوان. شکڵە عەجایب و سەیرەکەی گۆلی زرێبار دەرکەوت و بەلایا ڕۆیشتین و بە ولەژێر و دەرەتفێدا چووین بۆ پێنجوێن. لەو سەفەرەدا زۆر عەزابم چەشت، چونکە هەر لە بیارەوە لەپی دەستی چەپم بەوڕەشینکەیەکی[85] لێ هاتبوو، لەپی دەستم وەک پشتی کیسەڵی لێ هاتبوو. لە ولەژێر جەڕاحێک بە نەشتەر هەڵیدڕی وە وەکوو دەستی شکاو بە ملما بە جامانەکەم هەڵم ئاواسیبوو. تەقریبەن مانگێکی پێ چوو ئەنجا چاک بووەوە.

خولاسەی کەلام چووینە پێنجوێن، لە مزگەوتی پاشا مزگەوتەکەی مەلای پێنجوێن میوان بووین. لە حوجرەکەی مەلادا بووین. باوکم نەچوو بۆ ماڵی مەلا، خەبەری دا، جەنابی حەرەمی مەلا تەشریفی هات بۆ حوجرە، باوکم

٨٥. بەوڕەشینکە: جۆرە زامێکە.

تەعزیەی لێ کرد. باوکم عوزری نەچوونیماڵەوەی بۆ حەرەمی مەلا هێنایەوە. لەبەر ئەوە مەرحوومی مەلا، سەغیری[٨٦] هەیە، بۆیە نەهاتمە ماڵەوە. بەبیرمە مەلاژن فەرمووی: خۆم زانیم هەتیومان هەیە، بۆیە نەهاتیتە ماڵەوە. کوڕانی مەلا، مەلا ئەسعەد و مەلا ئەحمەد و مەلا سدیق - خوا عەفوویان کات- هەر سێکیان بە فەقێیەتی لە بانە بوون. مەلاژن فەرمووی: مەلای پێنجوێن وەسیەتی کردووە، کە کوڕانی من هەتا دەرسیان لای مەلا عەبدولڕەحیمی چروستانی دەس کەوێت، لای کەسی تر نەخوێنن. باوکم فەرمووی: هەر وەختێک کوڕانی جەنابی مەلا هاتنە لای من، فەقێم زۆر بێت یان کەم بێت، جێگەی ئەوان هەر ئەبێت، مەدرەسەی خۆیان ئەبێت و من بە چاوی کوڕی خۆم تەماشایان ئەکەم.

پێم وایە لە وەختی خۆیا، کە باوکم لە خزمەت مەلای پێنجوێن خوێندوێتی، دەرسی بە ئەحمەد ئاغای قزڵجە زۆر وتبوو. بەو موناسەبەتەوە چووینە قزڵجە. ئەحمەد ئاغا باوکمی ئیزن نەدا و خزمەتێکی یەکجار زۆری کرد. لام وایە مانگێک یا زیاتر لە قزڵجەماینەوە. لەوێ دەستەکەم چاک بووەوە، ئینجا هاتینەوە پێنجوێن. کوڕانی مەلا هەرسێکیان هاتبوونەوە پێنجوێن، دایکیان کاغەزی بۆ نووسیبوون. کوڕەکان لە پێنجوێن چاویان بە باوکم کەوت. باوکم پێی وتن: وەختێ کە زانیتان لە بیاوێڵە نەقڵم کرد، زانیتان لە

٨٦. سەغیر: منداڵی ورد.



کوێم، وەرن بۆ ئەوێ بێپرس، جێ ببێ و نەبێ جێگەی ئێوە هەر ئەبێت. لە پێنجوێن گەڕاینەوە بۆ بیاوێڵە بە دەشتی[٨٧] شارەزوورا. لام وەهایە ئەو سەفەرە پەنجا ڕۆژێکمان پێ چوو.

جارێکی تر دیسان کە ماڵمان لە بیاوێڵە بوو، باوکم لە بیارەوە چوو بۆ لای شێخ عەلائەددین[٨٨] لە دووڕووە. بە کەیمنەدا لە شاخی هەورامان وە بە دەربەن کەڵەوێدا ڕۆیشتین، کە نەجاتمان بوو، بە لای ڕاستا بامان دایەوە، بە قەراخی سیروانا ڕۆیشتین بە بناری کێوێکدا، سیروان لای ڕاستمان و کێوەکە لای چەپمان کەوت. میقدارێک ڕۆیشتین، گەیشتین بە عەجاییبی سەنعەت و قودرەت و سەتوەتی باری تەعالا، کە ئینسان دەهشەت و حیرەت ئەیگرت، لە بەینی کێوەکە و سیروانا ئەرزەکە هەڵگەڕابووەوە، شاخ و بەرد و دار و بەرز و نەوی بەسەر یەکدا[٨٩] ڕووخابوو، سەرەژێر بووبوو. ئەو بەردانە توێ توێ، ئەنجن ئەنجن بووبوون[٩٠]، ئەدوت خورییە شی کراوە، یا لۆکەی هەلاجی کراوە، بەردەکانی هەموو وەک تووتیایان[٩١] لێ هاتبوو، هەرەس و

٨٧. لە دەسنووسەکەدا: بە دەستی.

٨٨. لە دەسنووسەکەدا: لەدوای ناوی شێخ عەلائەدینەوە (بوو)یەک هەیە.

٨٩. لە دەسنووسەکەدا: بەسەریێگا.

٩٠. لە دەسنووسەکەدا: بووبوو.

٩١. لە دەسنووسەکەدا: تووتیای.

جمکە[92] بە نەوعێک بەسەر یەکا تێکەڵ و پێکەڵی کردبوو، سامدار سامی لێ ئەنیشت. جێگەجێگەی بە بەرد و دار و غەیرە بووبوو بە ژێرەوە، سەری دارەکە بە دەرەوە بوو، یا سەرەوژێر بووبوو، بنی سەرکەوتبوو، لقوپۆپی ژێر هەرەس کەوتبوو، تازە خەڵقی هاتوچوویان پیا کردبوو، ڕێگای کۆنی نەمابوو، بە عاستەم شوێنپێی ڕێبواری لێ پەیدا بووبوو، باوکم موتەحەییر ما، لام وایە لە زەمانی فەقێیەتییا ئەو جێگایەی دیبوو.

زۆر نەڕۆیشتین گەیشتین بە قەڵەباڵغی ژن و پیاو، ئەرزیان هەڵئەگێڕایەوە و شتومەکیان دەرئەهێنا. باوکم فەرمووی: ئەمە لەپێشا دێ بوو، مەعلووم دێکە بووە بەژێر هەرەسەوە و ئەو قەڵەباڵغە ئەهالیی دێکەن و شتومەک دەرئەهێنن. وا دیار بوو تازە تووشی ئەو مسیبەتە بووبوون، وەختیش ئاخری بەهارە. هەروا ڕۆیشتین، کە گەیشتینە ڕاستی کۆمەڵەکە، باوکم بۆ ئیسراحەت و تەماشاکردنی ئەو عەجایبە دانیشت. پیاوێک لە دوورەوە باوکمی دی، هات بۆ لامان، بەخێرهاتنی کردوو و دانیشت. باوکم پرسی: ئەمە چییە؟ وتی: "قوربان، چی بڵێم و چیت بۆ بگێڕمەوە؟ ئەمە فڵان دێیە، لەم شەوانەدا پیاوێکمان خەبەری ئەبێتەوە، گوێ ئەگرێت، گرمەگرمە و شریخەشریخە و سەدای غەریب دێت، مانگەشەوێکی خۆش بوو، پیاوەکە بەرەو دەنگەکە

٩٢. جمکە: جمانی بەفر لە شاخەوە کە بەرد و خۆڵی ڕێ لەگەڵ خۆی دێنێ، هەرەس.



ئەڕوات بۆ ئەو لای دێکەوە، بەلای کێوەکەدا لە گرمەگرمەکە سام ئەیگرێت، زۆر ئەترسێ. تۆزێکی تر ئەچێتە پێشەوە بەرەو کێوەکە، کە بە دیققەت تەماشا ئەکات، بە شەوقی مانگەشەوەکە لە دوورەوە ئەبینێ، وا لە بناری کێوەکەوە وردەوردە هەرەس و جمکە[93] ئەرز و شاخ و کەنەک و دەوەن و دار و بەرد و بەرز و شیو بەسەریەکا تێکەڵ ئەکات و هەڵی ئەگێڕێتەوە و هەر دێتە پێشەوە. پیاوەکە کە تێی ئەگات هەرەسە، وا وردەوردە دێتە پێشەوە بۆ دێکە، هەڕا ئەکات و بە هەموو هێزی خۆی هاوار ئەکات، کوڕە ئاوایی هەرەس هات، سەردەرکەن. بە هەموو سەربانەکانا بانگ ئەکات و ئەقیڕێنێت. دێکە بە جارێ خەبەری بووەوە، حەیوانی زیندەماڵ و خاووخێزانیان دایە پێش خۆ، بۆ ئەوبەری سیروان و هیچ کەس مەردەماڵ و هیچی بۆ دەرنەچوو. سبەی کە ڕۆژ بووەوە تەماشامان کرد، دێکە هەڵگەڕاوەتەوە و سەرەوژێر بووە. ئێستە وا خەریکین شتومەک، ئەوی مومکین بێت، لەژێر ئەرز بە پاچ و قوڵونگ و بێڵ و خاکەناز دەری ئەهێنین. کابرا بە نەوعێک ئەم سنعەتی خوداییەی بۆ باوکم گێڕایەوە، تەحەییور گرتی. لەو سەرەوە کە گەڕاینەوە، دێکە گواستبوویانەوە ئەوبەری سیروان، هەموو خانوویان کردبوو.

٩٣. لە دەسنووسەکەدا: جمگە.

وا بزانم ناوی دێکە (تفلّی)یە[٩٤]. کابرا لەگەڵمان بەناو هەرەسەکەدا هات تا سەر ڕێگای کۆن، چووین بۆ دووڕووە، لەوێ خۆشمان ڕابوارد.

شێخ عەلائەددین - ڕەحمەتی خوای لێ بێت- باوکمی ئیزن نەدا، لەگەڵ خۆی بردی بۆ کوێستان[٩٥]، لەپشتی سەولاوا بە دەستە و دائیرەوە هاوینان لەوێ کەپریان بۆ ماڵی خۆی و بۆ خانەقای و بۆ خاسسە مەنسووبان لە عولەما و خولەفا و بۆ فەقێ ئەکرد. مەخسووس حاجی میرزا ڕەحمەتوڵڵای تاڵشیی لەلا بوو، ئەوی مەشهوور و مەعرووفە بە سەدای خۆش و لەحنی داوودی. بەڕاستی وەختە بڵێم ئیستەش ئاوازەی چریکەکەی لە گوێمدا ماوە، لەزەتمان لێ دی. هەتا موددەی مانگێک هەر لە خانەقای دووڕووە ماینەوە، هەتا ماڵی شێخ چوو بۆ کوێستان. کەپرێکیان بۆ حاجی میرزا ڕەحمەتوڵڵا کردبوو لەسەربانی خانەقا. کەپرەکە ئاگری تێ بەربوو، بوخچەی باوکم دەلائیل[٩٦] و فەرایزە[٩٧] تەسنیفەکەی خۆی

٩٤. برای بەڕێزم شێخ ئەمینی نەقشبەندی، کە پێش چاپ، دەسنووسی ئەم کتێبەم پێشان دا، لەم شوێنەدا ئەم پەراوێزەی لەسەر نووسیوە. {بەڵێ، ناوی (تفلی)یە بوو. پاش ئەم وێرانبوونە، هەر بەوبەری ئەو دێ وێرانەوە، لەوبەری ڕۆخانەوە پاش پرس و مەشوەرەت بە مەڕحومی شێخ عەلائەدین (باوکی شێخ ئەمین)، دێیەکی تازەیان دروست کردەوە، هەر بە ناوی (تفلی)یەوە. کە ئێستا ئاوەدانە. بیست ساڵێک لەمەوبەریش دوو دێی تازەیان لە شوێنی ئەو (تفلی)یە وێرانەدا بە ناوی (ئەحمەدئاوا) و (ڕازاوا) دروست کرد. ئێستا جادەی سنە و مەریوان بەو شوێنەدا ئەڕوات – ئەمین}."

٩٥. لە دەسنووسەکەدا: گوێستان.

٩٦. دەلائیل: دلائل الخیرات، کتێبێکە هەمووی سەڵەواتە لە دیداری پێغەمبەر، خواپەرستان پاش قورئان ئەیخوێنن.



تێدا بوو، دەلائیلەکە قەراخی هەموو سووتابوو و فەرائیزەکە پەکی کەوتبوو. لەم ساڵانەدا ئەم حیکایەتەم گێڕایەوە بۆ شێخ عوسمانی شێخ عەلائەددین - خوا دەوامی بدات- پێکەنی و وتی: ئەوە من ئاگرم بەردایە ئەو کەپرە، ئاگرم بەردایە پووشی قەراخ سەربانی خانەقا، پووشەکان بسووتێنم، هەرچەن هاواریان کرد، کوڕە مەکە، گوێم نەدانێ، ئاخری ئاگرەکە پەرەی سەند، چوو بۆ کەپرەکە، کەپرەکەی سووتان. باوکم بە ڕۆژ لەو کەپرەدا ڕای ئەبوارد، کوڕانی حاجی شێخ مستەفای سەقز، شێخ حامید و شێخ ڕەئووف کە کچەزای شێخی زیائەددین بوون، ئەوانیش لە دووڕووە بوون، بە کۆمەڵی لە بەینی چەن ڕۆژێکا ئەچووین بۆ ئەو دێهاتەی دەشتی سەولاوا، شەوێ ئەماینەوە، زۆر خۆشمان ڕابوارد. تەقریبەن دوو مانگمان پێ چوو[٩٨] لەو سەفەرەدا. وە شێخ عەلائەددین لە دووڕووە عەجەب دابودەستگاهێکی بوو. کە گەڕاینەوە بەلای دێکەدا هاتین، دێکە لەوبەر سیروان بوو، هەر بە دەربەندکەڵەوێدا هاتینەوە، بە شاخی هەورامانا هەڵگەڕاین، هەر نەئەبڕایەوە[٩٩]. لە کەیمنەوە هاتینەوە بیارە.

٩٧. فەرایز: فرایض: زانستی میراتدابەشکردن. ناوی گەلێ کتێبیشە لەو باسەدا.

٩٨. لە دەسنووسەکەدا: پێشوو.

٩٩. لە دەسنووسەکەدا: نەئەبڕایە.

سالێکیان شێخ ئەنوەر و شێخ جەمیل هاوین باریان کرد بۆ بیارە. ماڵی باوکیشمیان بە فەقێوە لەگەڵ خۆیان برد[100] بۆ بیارە و کەپریان بۆ کردین. ڕابواردنێکی خۆش. زەمانی شێخ نەجمەددین بوو، زەمانێکی خۆش. سەڵتەنەتی عەبدولحەمید بوو. تەئریخەکەی نازانم، مەعلووم بە سێ چوار ساڵ پێش عەزلی عەبدولحەمید بوو، کە تەئریخەکەی (١٣٢٦)ی هیجرییە[101]، پڕتەو پاشا هاتە بیارە، ئیزهاری ئیخلاسی زۆر کرد دەرحەق بە بیارە. جەنابی مەلای بیارە، مەلا عەبدولقادری مەرحووم لەگەڵ شێخ نەجمەددین- غەرقی ڕەحمەتی خوا بن- لەسەر تاتەبەردی بەردەمی خانەقا دانیشتبوون. پڕتەو پاشا پێیەکی لای ئەوان بوو، پێیەکی لە مەرقەدی شێخ عومەرا بوو، هاتوچۆی ئەکرد. پڕتەو پاشا داوای تەبەڕڕوکی لە شێخ نەجمەددین کرد. دەسەسڕێکی بچکۆلە، شینە خومییەکانی قەدیم، چڵکن بووبوو، کردبووی بە قەدیا، لە پشتێنەکەی کردەوە دای بە پڕتەو پاشا، ماچی کرد و نایە سەر سەری، چەن جارێک وتی: ئەمەیە تەبەڕڕوک. داوای تەبەڕڕوکم لە شێخ حیسامەددین کرد، شێخ عەلیی تەوێڵە (پڕتەو پاشا لە تەوێڵەوە هاتبوو)، کەچی بایی دووسەد لیرەیەک ماڵ و ئەشیای عەجەمی بەقیمەتی نایابی بۆ ناردبووم، ڕەددم کردەوە، وتم: بابا، من داوای ئینعام و خەڵات ناکەم، داوای

١٠٠. لە دەسنووسەکەدا: ماڵی باوکیشم بە فەقێوە لەگەڵ خۆیان بردیان.
١٠١. ڕێکەوتی ساڵی (١٩٠٨) ئەکات.



تەبەڕڕوک ئەکەم. بەڕاستی ئەمەیە تەبەڕڕوک -بە دەسەسڕەکەی ئەوت- و هەر ماچی ئەکرد. وا دیاربوو ئیخلاس و شەوقی مەقامەکە و مەدرەسەکە و شێخ نەجمەددینی یەکجار زۆر بوو. ئیتر تەفسیلم لەبیر نییە، ئەم سەرگوزەشتانەی ڕابووردن[102] تەئریخیان نازانم، بۆیە نەمنووسیوە.

لەو موددەیەدا ژنێکیان لە سنەوە بۆ شێخ نەجمەددینی بیارە هێنا، شایی و زەماوەندێکیان کرد، بە ناوبانگ بیگێڕیتەوە. ماڵ و دەوڵەت و سەڵتەنەت دنیاییێکی بێشوماری لەگەڵ بوو. قەتارێک هێسربار هەر جیهازی عەجایبی لەگەڵ بوو. قەڵەباڵغێکی بێشومار بوو. سوارێکی زۆری لەگەڵ بوو. هەرچی فەقێ و مەلای دەشتی شارەزوورە، هاتبوون. حەتتا لە سولەیمانییەوە بەعزێ فەقێ هاتبوون. ئەوەی لە هەموو خۆشتر بوو، حاجی بابا و حاجی میرزا ڕەحمەتوڵڵای تاڵشی بە سواری لەگەڵ شاییکەرانا بوون، بە سواری بە جووتە و یەکەیەکە ئەیانگوت، ئەمما چ گوتنێک - یاخوا خوا عەفوویان کات- ژنە سنەییەکە مەحرەمێکی شیریی خۆی لەگەڵ بوو، دەرگەوان بوو، فەقێیەک نازانم بۆچی ئەچێت، لەگەڵ ئەو دەرگەوانەدا ئەبێ بە شەڕیان. ژنەکە دەرئەپەڕێت، قسە بە فەقێکە ئەڵێت و دەنگی بەرز ئەڕوات. شێخ نەجمەددین کە ئەوە لە ژنەکە ئەبینێ، ئەینێرێتەوە بۆ ماڵی باوکی و چی هێنابوو، گەلێکی تریشی

١٠٢. لە دەسنووسەکەدا: ڕابوورد.

ئەخاتە سەر، بەحورمەت حەواڵەی سنەی ئەکاتەوە، لەسەر فەقێیەک، یا لەسەر ئەوە کە دەنگی لە ماڵەوە هاتووەتە دەرەوە، دەستی لێ هەڵگرت، تەڵاقی دا. شێخ نەجمەددین زاتێکی بەقیمەت بوو.

جارێک باوکم لە بیاوێڵە فەرمووی: حەمە، ئەتوانی ئەم کاغەزە ببەیت بۆ بیارە بۆ شێخ نەجمەددین و گورج بێیتەوە؟ وتم: بەڵێ. فەرمووی: ئەگەر زوو هاتیتەوە ئافەرینێ باشت ئەکەم. کاغەزەکەی دامێ، وتی: حەمە لە باسکەدرێژەوە بڕۆ، لە چەمەوە مەڕۆ. مڵوموش نەکەیت. لەو ڕۆژانەدا لە بیارەوە لە چەمی خواجاییەوە هاتمەوە، پایز بوو، لە ڕێدا گوێزێکی زۆرم چنییەوە و هێنامەوە. لە ترسی ئەوە وتی مڵوموش نەکەیت، کاغەزەکەت لێ نەکەوێت، فەقیانەم خستە ملم، چاکم کرد بە لادا، ڕۆیشتم زوو گەیشتمە بیارە. لە حەوشی خانەقا پرسیم، شێخ لە کوێیە؟ وتیان، ناساغە، لە ماڵەوەیە. موعەتتەل دامام و خەفەتی ئافەرینەکەم بوو، پاڵم دا بە شۆڕەبیی بەردەمی حەوزە گەورەکەوە. دامام، ئەوەندەی پێ نەچوو، شێخ تەشریفی هاتە دەرەوە، چەن کەسێکی لە خزمەتا بوو، پاڵی دا بە سەکۆی بەردەمی[103] مەرقەدەوە، قەڵەباڵغ دەوریان دا، کاغەزیان ئەدایێ. چاوی بە من کەوت، وا بزانم بانگی کردم، چووم دەسم ماچ کرد، کاغەزەکەم دایێ. دەس بەجێ جواب و مەزموونی کاغەزی دامێ، نازانم چی بوو. کە دەسم

١٠٣. لە دەسنووسەکەدا: بە دەمی.



ماچ کردەوە، دەسی گرتم، بە زەردەخەنەوە فەرمووی: حەمە لە باسکەدرێژەوە بڕۆ، لە چەمەوە مەڕۆ، مڵوموش مەکە، کاغەزەکەت لێ نەکەوێ. عەینی عیبارەتی باوکم. وتم: چاکە، قوربان. بە هەڕاکردن هاتمەوە بۆ بیاوێڵە، نەبێ بە درۆ، وا بزانم، وام بیرە بەم سەر و بەو سەرەوە سێ سەعاتم پێ چوو. کە کاغەزەکەی شێخم دا بە باوکم و خوێندیەوە، بە تەعەججوبەوە بۆ باوکم گێڕایەوە، وتم: باوە باوە، تۆ لێرە چیت پێ وتم: شێخ نەجمەددینیش عەینی قسەی پێ وتم، وەڵڵا ئەڵێی گوێی لێ بووە. باوکم زەردەخەنەیەکی کرد و فەرمووی: ئەنجا ڕۆڵە ئەوە چییە بۆ شێخ نەجمەددین! شێخ نەجمەددین پیاوێکی گەورەیە، غەرقی ڕەحمەتی خوا بێت.

باوکم لە بیاوێڵە فەقێی زۆر بوو. بەبیرم ماوە، پاش نوێژی سبحەینێ و تەواوکردنی ئەوراد و مەشغوولی، وەختی هەتاوکەوتن، دەرسێکی ئیبنوحەجەری بە حەڵقە ئەوتەوە. ئەچووە ماڵەوە، چی حازر بووایە ئەیخوارد، ئەهاتەوە خانەقا دەرسی ئەوتەوە تا پاش عەسر. ئەنجا ئەچوو لە ماڵەوە قورئان و دەلائیلی ئەخوێند. بەینێک نۆ موستەعیدی تیابوو، سوختەیش چەند کەسێ. نان و چێشتی فەقێیان و شەکر و چایان و پڵاولغی سێشەممە و جومعەیان هەموو لەسەر ماڵی شێخ ئەنوەر و شێخ جەمیل بوو، خۆشیان ڕائەبوارد. لە فەقێکان (مەلا عەلی پاشا[104] تاڵشی و مەلا

١٠٤. ئەبوو (پاشای) بووایە، مەبەست نازناوەکەیەتی، کە (پاشا) بووە.

محەممەدی دەڵگەیی و مەلا عەبدولخالقی تەوێڵەیی و مەلا یوسفی سەقزی و مەلا یۆسفی گەورکی)م بەبیر ماوە. حەق تەعالا بە ڕەحمەتی خۆی دایان گرێت.

ساڵێکیان فەقێکان پاشاپاشایان کرد[١٠٥]، مەلا عەلیی تاڵشییان کرد بە پاشا. زۆر موهیم و عەجایب بوو. فەقیی بیارە و مەدرەسەکانی ئەو دەورە هاتن. جەنابی مەلای بیارە و شێخ نەجمەددین و مەحموود پاشای جاف و زۆر لە بەگزادەی جاف و پیاوی گەورە گەورە حازری ئەو پاشایەتییە بوون. تەختی سەڵتەنەتیان بۆ پاشا دروست کردبوو. خێوەتێکی موهیمیان لە دەشتەکەی پشت خانەقاوە بۆ هەڵدابوو، ئیحتیشام و قەڵەباڵغێکی بێشوومار بوو و ماجەرای سەیر و عەجایب لەو سەیرانی پاشایەتیی فەقێیانەدا[١٠٦] ڕووی ئەدا. بەبیرم نەماوە تا بینووسم. من مناڵ بووم ڕێ و ڕووی بارەگام نەبوو، ئەمما ئەیانگوت شێخ نەجمەددین و جەنابی مەلا و مەحموود پاشای جاف و سائیری خەڵق دەستەونەزەر ڕاوەستابوون. پاشا ئەمری فەرموو بوو، تەنها جەنابی مەلا لەسەر ئەرزەکە بە چۆکا هاتبوو. ئەڵێن واریداتێکی زۆر[١٠٧] لەو سەیرانەدا لە پارە و حەیوانات و بارەزەخیرە و شتومەکی تریان ئەهێنا[١٠٨]. تەفسیل و ماجەرای ئەو پاشایەتییە جزوییێکی تەواوی ئەوێ،

١٠٥. لە دەسنووسەکەدا (پاشایان کرد)ە، هەروەها لە دێڕەکانی پاشەوەشدا.

١٠٦. لە دەسنووسەکەدا: فەقێیان.

١٠٧. ئەبوو (زۆریان) بووایە.

١٠٨. لە دەسنووسەکەدا: شتومەکی تر ئەیانهێنا.



ئەمما من چی بنووسم، هەر نەمئەوێرا توخنی ئەو هۆردووگایە بکەوم[١٠٩]. مەلا عەلی سمێڵێکی پێوە بوو، شکڵ و قیافەت و قەد و باڵا و سەروکەلەیەکی پێوە بوو، سامدار سامی لێ ئەکرد و زۆر کەم پێکەنینی ئەهات، ئەیانوت چەن جارێک پاشایەتیی کردبوو. شتی عەجایبم ئەبیست لە ئەوامیر و ئیجرائات، کە ئەمری فەرمووە و نوانوویێتی، ئەمما بە مەزبووتی و ڕێکوپێکی بەبیرم نەماوە تا بیاننووسم.

من لە بیاوێڵە فێری کێشانی جگەرە بووم. ئیستە لێم بووە بە تیراوێ و ماکی گولی، لە کۆڵم نابێتەوە. باوکم زۆری هەوڵ دا و زۆری لێدام بۆ ئەمە کە تەرکی بکەم. حەتتا جارێک لەسەر جگەرە عەسایەکی دا بە قۆڵما باسکم شکا، فائیدەی نەبوو، تەرکم نەکرد. وا ئەبوو لە ترسی باوکم جگەرەم بە ئاگرەوە ئەخستە گیرفانم، گیرفانم ئەسووتا. ئیستە بەم ئەخری عومرەوە، کە من زەعیف و بێقووەتم مەراقی جگەرەیش هەر بە شیددەت ئەبێ و پەرە ئەسێنێت، هەرچەن زۆرانی لەگەڵ ئەگرم دەرەقەتی نایەم، ئەو من ئەدات بە ئەرزا و زاڵ ئەبێت بە سەرما. ئاخ داخەکەم! سەد بریا و کاشکی - ئەگەرچی کاشکی و ... تازە بێفائیدەیە- بە قسەی باوکم بکردایە و ئەم ملۆزمەم تووشی خۆم نەکردایە، ئەگەرچی باوکیشم لە ئاخر لە سولەیمانییە فێری جگەرە بوو، نازانم لە چییەوە فێر بوو.

١٠٩. لە دەسنووسەکەدا (ببم)ێکیش هەیە.

کورگەل، سا ئێوە لە خۆ وریا بن
بێن ئامۆژگاری لە پیر وەرگرن

قەت نەکەن فێری جگەرەکێشان
ببن، خۆ تووش کەن، دەرد و سەرئێشان

موبتەلای تووتن، خوار و زەلیلە
من کردم، ئێوە، نەیکەن دەخیلە!

تا گەنجی بە خۆت نازانی، کاتێ
کە پیر بوویت ئەنجا، دەردت ئەداتێ

بێ، چارەسەری خۆت کە هەوەڵ جار
مەیخۆ، نەک وەختێ بتکا دەردەدار

وای دانێ عومرت، ئەزەڵ حەفتایە
بە جگەرەکێشان شەستە و پەنجایە

بێن خۆتان لادەن، لەو شتەی کەوا
گەلێک موبتەلا و داماوە لەوا



باوکم دوو ساڵ زیاتر لە بیاوێڵە مایەوە. لامو‌ایە دێی بیاوێڵە کە بە دەس کوڕانی شێخ عومەرەوە بوو، وا بزانم بە ناوی خانەقای بیاوێڵەوە، کەوتە گێچەڵەوە و بەگزادەی جاف شەڕیان تێ ئاڵاندن. لەو ڕووەوە گوزەرانی باوکم کەوتە کزی و گوڵۆڵەی مەدرەسە و فەقێ کەوتە لێژی.

لەو سەردەمەدا[١١٠] حاجی شێخ محەممەدی زەردەلیکاو -خوا لێی خۆش بێت- ناردبووی بۆ لای باوکم و قەرار و موقاوەلەیان بڕابووەوە. وڵاخ و کوڕی خۆی و پیاوی نارد باری کردین بۆ زەردەلیکاو. لە زەردەلیکاو مەدرەسەیەکی عومدە و موهیم و فەقێی باش و قەڵەباڵغی بوو. ئیدارە و مەسرەفی فەقێ بە نان و پێخۆر و شەکر و چا و شتی تر، هەموو لەسەرماڵی حاجی شێخ محەممەد بوو. حاجی شێخ محەممەد حورمەتی باوکمی زۆر ئەگرت. بابا ڕەسووڵی بێدەنی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- گێڕایەوە: لە زەردەلیکاو لە خزمەت ماموستا مەلا عەبدولڕەحیم بووم، من دەرسم ئەخوێند و حاجی شێخ محەممەد بەدیارمانەوە دانیشتبوو. پاش دەرس هەروا قسە کرا، باسی ئیدارە و گوزەران کرا. حاجی شێخ محەممەد فەرمووی: مامۆستا هەتا من بمێنم ئینشەڵڵا پەکت ناکەوێ. مامۆستا فەرمووی: بەخوا حاجی تۆیش نەمێنی پەکم ناکەوێ. حاجی پێکەنی، وتی: بەخوا ڕاست ئەکەیت، وایە. بابا ڕەسووڵ ئەیوت: جارێک مامۆستا فەرمووی: بەخوا بابا ڕەسووڵ، زۆر ئەترسم دنیا زەفەرم پێ

١١٠. لە دەسنووسەکەدا: لەوسەرو دەمەدا.

ببات، دەوڵەمەند بووم، بڕۆم باشە لە زەردەلیکاو بارکەم. وتم: کوا مامۆستا تۆ چیت هەیە؟ وتی: ئەوە نییە، بە فکرم فەرمووی: مانگایەک و چوار مەڕمان هەیە، یا دوو مانگا و هەشت مەڕی فەرموو، من خۆم قسەکەی بابا ڕەسووڵم باش بەبیر نەماوە. وتم: مامۆستا، ئەوەندە کەی بووە بە دەوڵەت و بەوەندە ئینسان پێی ناڵێن دەوڵەمەند. فەرمووی: بەخوا بابا ڕەسووڵ دنیا کەم و زۆری غەزەبە. مەقسەدی بابا ڕەسووڵ، بەیانی زوهدی باوکم بوو، کە تەعەللوقی دڵی کەم و زۆر، بە دنیاوە نەبوو، بۆ دنیا و لەبەر خاتری دنیا تەمەللوق و مەرایی لەبەر عەبد نەئەکرد.

لە زەردەلیکاو کتێبی (تەسریفی مەلا عەلی)م[١١١] ئەخوێند. مەلا محەممەد ئەمینی چیچۆرانی - خوا لێی خۆش ببێت- لای شێخ حسەینی چرچەقەڵا بوو، خوا عەفوویکات. شێخ حسەین هاوینان بە خۆی و دائیرە و مەلایەوە ئەچوو بۆ کانیبەکر و کانیتوو، کە بەسەر دەشتی شارەزوورا ئەنواڕن. ئیزنم لە باوکم خواست، کە بچم بۆ کانیبەکر بە فەقێیەتی، هاوین لەوێ بم. ئیزنی فەرموو. چوومە کانیبەکر. مەلا خۆی دەرسی پێ ئەوتم: چەن فەقێیەکی لە خزمەتا بوو. فەقێکان لەگەڵ دەروێشا هەڵیان نەدەکرد و زۆر هەرایان ئەبوو. لە حەقیقەتا قەباحەتی فەقێکان بوو، شەڕیان بە دەروێش ئەفرۆشت. خۆلاسە دانوویان پێکەوە نەدەکولا. جارێک شێخ

١١١. تەسریفی مەلا عەلی شنۆیی، دووهەمین کتێبی عیلمیی سەرفە، فەقێی جاران ئەیانخوێند.



حسەین حەیوان و برنج و ڕۆن و شەکر و چای ناردبوو بۆ زیافەتی فەقێ. لەپاش دروستکردنی تەعام و تێرخواردن، یەکێک لە فەقێکان قرقێنەی دێتەوە، بۆ ئەمە کە دەروێش ڕقی پێ هەڵسێت، ئەڵێت: ئەلحەمدولیللا، خوایا لە شێخ نەجمەددینی بیارە بەزیادکەیت. دەروێش گوێی لێ ئەبێت، بە فەقێکە ئەڵێت: ئێوە پلاو و گۆشتی شێخ حسەین ئەخۆن و دوعای خێر و بەزیادبوون بۆ شێخ نەجمەددینی بیارە ئەکەن! ئەبێت بە هەریان. شێخ حسەین ئەزانێت، ئەنێرێت بەدوای دەروێشەکانا، ئامۆژگارییان ئەکات، کە واز لە فەقێیان بهێنن، کەیفی خۆیانە چی ئەکەن و چی ئەڵێن، حەقتان نەبێ بەسەریانەوە. ئەڵێن: قوربان چۆن ئەبێت پلاو و گۆشتی تۆ بخۆن و بڵێن لە شێخ نەجمەددینی بیارە بە زیاد بێت. ئەڵێ: کوڕە ئامین، خوا لە شێخ نەجمەددینی بیارە بەزیاد کات. ئەنجا ئێوە بۆچی ڕقتان پێ هەڵئەستێت؟ ئاخر فەقێکان ئەزانن ئێوە بێعەقڵن و ڕقتان پێ هەڵئەسێت، بۆیە وا ئەڵێن. تۆزێک عەقڵتان ببێت. زۆریان بەسەرا دێت و ئامۆژگارییان ئەکات. نەتیجە، ئێوارەیەک کە فەقێ ئەچێت بۆ تەکیە بۆ نان، لەگەڵ دەروێش ئەبێت بە شەڕیان و لە یەکتر ئەدەن. شەو فەقێکان شتومەک و ئەسبابی خۆیان ئەپێچنەوە. سێ کەپریان بوو، ئاگر بەرئەدەنە کەپرەکان و کوڵ و بوخچە ئەدەن بە شانا، بۆی دەرئەچن. لە خەو خەبەرم بووەوە لە هەرا و گرمەی خەڵق. تەماشام کرد، مەشعەلی ئاگر ئەچێ بە هەوادا. مەدرەسە چۆڵ بوو، بە تەنها مامەوە موددەیەک.

لەپاشا حاجی شێخ محەممەدی زەردەلیکاو بە دیدەنی شێخ حسەین هات، کە گەڕایەوە[112] لەگەڵ خۆیا بردمییەوە بۆ زەردەلیکاو، سواری بارگەکەی خۆیان کردم. ئەمە ئەوەڵ فەقێیەتیم بوو.

لە زەردەلیکاو دەسم کرد بە خوێندنی کتێبی جامی[113]. لە ساڵی (١٣٢٦)ی هەزار و سێسەد و بیستوشەشی هیجری[114] شێخ سەعیدی حەفید و شێخ ئەحمەدی کوڕی لە شاری مووسڵ شەهید کران. هەوای سەفەری سولەیمانییە کەوتە سەرم، چووم بۆ سولەیمانی. لەو ڕۆژانەدا تەسادوفی عەزلی سوڵتان عەبدولحەمید و جولووسی سوڵتان ڕەشادم کرد. بەو موناسەبەتەوە سەدویەک تۆپیان لەبەردەرکی سەرا ئاگر دا، عەینی ساڵ (١٣٢٦)، موددەیەکی کەم لە سولەیمانییە بووم ، چەن دەرسێکم لای حاجی سەید حەسەنی حەفید خوێند - خوا عەفووی کات- گواستمەوە لای حاجی مەلا عەبدولحەمیدی سنەیی لە مزگەوتی حاجی عەزیزی خەیات - خوا لێیان خۆش بێت- چەن دەرسێکیشم لای ئەو خوێند. خاڵە محەممەد ئەمینم - خوا لێی خۆش ببێ- دەمێک بوو دەسی لە خوێندن هەڵگرتبوو، لە تەعەشوقی خوێندنی من شەوقی خوێندنی کەوتە سەر، وتی: حەمەی خوشکەزام کوڕی

١١٢. لە دەسنووسەکەدا: گەڕایە.

١١٣. جامی: الفوائد الضیائیە، شەرحی مەولانا عەبدولڕەحمانی جامییە، لەسەر کافییەی ئیبنول حاجب لە زانستی نەحودا.

١١٤. ڕێکەوتی (١٩٠٨) ئەکات. واتە لە تەمەنی (١٣- ١٤) ساڵیدا بووە بە فەقێ (ن.چ).



چاک بە، لە وڵاتی خۆمان خوێندنمان بۆ ناکرێت، با بە دزییەوە بچین بۆ فەقێیەتی، من ئەبم بە سوختەت. وتم: کوڕە تۆ لە کوێ ئەخوێنیت؟ چۆن بەبێ ئابڵاخ ئەتوانی ڕابوێریت؟ وتی: من لێرە خوێندنم پێ ناکرێت، بە شەرت و قەرار بچین بۆ فەقێیەتی، هەتا چوار ساڵ سەر ناکەمەوە بە ئابڵاخا.

تەفرەی دام، خۆمان دزییەوە. لە مزگەوتی قامیشان، کاروانی وڵاتی مەرگە ئەڕۆیشت، لەگەڵیان ڕۆیشتین، چووینە سەرگەڵوو. لەوێ جێگەمان نەبوو، چووین بۆ پۆڵکۆ بۆ لای مەڕحووم مەلا سلێمان، مەشهور بە مەلا سلێمانی ماوەت. من جامیم ئەخوێند، دەرسی پێ نەوتم. موستەعیدێکی لەلا بوو، وتی: لای ئەو بخوێنە. منیش بەو ڕازی نەبووم. خاڵە حەمەدەمینم چوو بۆ ماڵی مەلا بۆ نان. مەلا ئەحواڵی ئێمەی لێ پرسیبوو، کە کێین و خەڵقی کوێین؟ ئەویش وتبووی: قوربان خەڵقی دێی ئابڵاخین لای سولەیمانییە. بەو موناسەبەتەوە خەبەری باوکمی لێ پرسیبوو، وتبووی: ئاخر ڕەفیقەکەم کوڕی مەلا عەبدولڕەحیمە و منیش کوڕی حاجی مەلا محەممەدم، خاڵی ڕەفیقەکەم. خۆمان حازر کردبوو کە بڕۆین. تەماشام کرد[115]، خاڵم هاتەوە. ئەم ماجەرایەی گێڕایەوە. زۆری پێ نەچوو، مەلا تەشریفی هات بۆ حوجرە، دڵنەوازیی کردم، فەرمووی: من نەمناسیت، مەڕۆ خۆم دەرست پێ دەڵێم. نەڕۆیشتم،

١١٥. لە دەسنووسەکەدا: (کرد)ەکەی نییە.

خۆی دەرسی پێ ئەوتم: زۆر بە مەرحەمەت بوو. گەلێ جار لەپاش دەرس سەرگوزەشتەی زەمانی فەقێیەتی خۆی بۆ ئەگێڕامەوە. ڕۆژێک لەبەر هەیوانی مزگەوت قەڵەباڵغێک لە شێخانی پەڵکۆ دانیشتبوون. موستەعیدەکەی جەنابی مەلاش لەناویانا بوو، قسەی بۆ ئەکردن. منیش چووم لە کونجێکەوە تەماشای کتێبم ئەکرد. فەقێکە ئەم دوو شیعرەی خوێندەوە:

**الهي لست للفردوس أهلا**
**ولا أقوى على نار الجحيم**

**فهب لي توبة واغفر ذنوبي**
**فانک غافر الذنب العظيم**

مەعنای بۆ بەیان کردن، لەپاشا وتی: ئەمە شیعری پێغەمبەرە. منیش گوێقولاغ بووم، پێم ئەزم نەکرا، وتم: مامۆستا، پێغەمبەر شیعری نەفەرمووە و ئەو شیعرانە هی پێغەمبەر نین. موستەعیدەکە تووڕە بوو، وتی: تۆ چووزانیت؟ منیش پێکەنیم و وتم: ئەی لە سوورەتی (یس)دا نەتخوێندووە، کە خوا ئەفەرموێت (وما علمناه االشعر، و ما ینبغي له)؟[116] فەقێکە سوکوتی کرد، خەڵقەکە زانییان قسەی منە، فەقێکە زۆر عاجز بوو، ئاخری ڕۆیشت. من و

١١٦. سوورەتی یاسین ئایەتی (٦٩).



خاڵم ماینەوە. وای ئەزانم فەقێکە لە تەریقییا سەری خۆی هەڵگرت. لەپاشا ئەم قسە خۆشەم بۆ مەلا گێڕایەوە، دەستی کرد بە پێکەنین.

لەپاش چەن ڕۆژێک کاکیلەیەکی مامۆستا دەستی کرد بە ژان، فەرمووی: لەگەڵم وەرە، ئەچم بۆ شاری مەرگە، کاکیلەکەم دەرئەهێنم. لە خزمەتیا چووم بۆ مەرگە. لەوێ ئەیانووت: ئەو سەد و یەک تۆپەی کە لە سولەیمانییە هاویشتیان بۆ جولووسی سوڵتان ڕەشاد، ئێمە لە مەرگە یەکە یەکە ئەمانژمارد. مامۆستا کاکیلەکەی لەبنا، لە دەم پووکا لە کێشانا شکا. مەجبوور بوو بچێت بۆ شاری کۆیە، بە مەکینە دەری بهێنێ، زۆر پەرێشان بوو، وتی: تۆ بچۆرەوە بۆ پەڵکۆ، ئەگەر مایتەوە تا دێمەوە، حەقی ئەم بەینەت بۆ ئەکەمەوە. ئەگەر تاقەتی دانیشتننت نەبوو و ڕۆیشتی هەر موبارەکە. لە مەرگەوە ئەو چوو بۆ کۆیە، منیش گەڕامەوە بۆ پەڵکۆ.

پەڵکۆ زۆر گەرم و ناخۆش بوو. هاوین بوو، چووین بۆ تۆپزاوای لای دوکان، چەن ڕۆژێک لەوێ مامەوە. هەوای شاری کۆیە[117] کەوتە سەرم. فەقێ مەحموودی دووکانی کە ئێستە لەسەر قەیاغەکەی دووکانە، وتی: منیش لەگەڵتان دێم. هەرچەند هاوارم کرد، وتی، هەر دێم. لە چەمی دووکان پەڕینەوە، شەو چووینە نزارە. لە سەربانی مزگەوتەکە بووین، مەلاکە گوێی نەداینێ. خاڵم و فەقێ

١١٧. لە دەسنووسەکەدا: کۆی.

مەحمووود نان و دۆیان ئەخوارد. من وتم: فەقێ مەحمووود من برسیم نییە، ماندووم. لێفەکەم[١١٨] لەو دوورەوە بۆ داخە، با ڕاکشێم، ئیستیراحەت بکەم. دوور کەوتمەوە. مەلاکە لەگەڵ خاڵم و فەقێ مەحمووود کەوتە قسە، کە خەڵقی کوێن؟ ئەوانیش جوابیان دایەوە. ئاخری باسی منیان کرد، پێیان وت: ئەوە کوڕی مەلا عەبدولڕەحیمی چروستانییە. وتی، کامیانە؟ وتیان، محەممەدە. مەلاکە بەپڕتاو هات بۆ لام، ڕاست بوومەوە، موسافەحەمان کرد، مەعزەرەتی خواست. وتم: تۆ چۆن من ئەناسیت؟ وتی: کوڕە بەقوربانت بم، بەخوا بیست جار میزت کردووە بەم ملەما، دەسی دا بە پشت ملی خۆیا. وتی: تۆ هەر بە قەڵاندۆشکانی منەوە بوویت، تۆ مناڵ بوویت، منیش سوختە بووم لە ئابڵاخ، وەکوو لەلە[١١٩] وابووم بۆ تۆ. زۆر قسەی خۆشی کرد. پاش نوێژی عیشا هێلکەوڕۆنێکی دەرخوارد دام. سبەینێ نەیهێشت بڕۆم، هەتا گیسکێکی بۆ سەر بڕین، زۆر خزمەتی کردم، کە زانییان ئەچین بۆ کۆیە، وتیان: لە دۆڵی خەلەکان و چنارانەوە بڕۆن، چونکە دەشتی کۆیە جەردەی هەیە، نەوەکوو ڕووتتان بکەنەوە. ئێمە گوێمان نەدانێ. بە کەلکەسماقا سەرکەوتین، چووینە ئەودیو. بە ڕێگای دەشتا ڕۆیشتین، هەرسێکمان بە نەشارەزایی کەوتینە دەشتی کۆیە، بەرەو کۆیە ڕۆیشتین، لەسەر تەرتیبات و ناونیشانێ، کە خەڵق پێمانیان گوتبوو.

١١٨. لە دەسنووسەکەدا: لێفەکە.

١١٩. لەلە: بەخێوکەر (ن. چ).



گەرمایە، دەشتێکی پان و دوورودرێژ. نزیک بووینەوە لە نیوەڕۆ، خاڵم وتی: ها ها تەماشا، حەمەی خوشکەزام، وا سێ تفەنگچی لە شاخەکەوە بۆمان هاتنە خوارەوە، بریسکەی تفەنگەکەیان دیارە. کە تەماشام کرد[١٢٠]، بە چاوم کردن، لابەلایی ئەهاتنە پێشەوە، کە بەرەوپیرمان بدەن[١٢١]. هەی پێمان لێ کرد. فەقێ مەحمووود پەکی کەوت، یەکێکمان بوخچەکەمان لێ وەرگرت، یەکێکمان لێفەکە. کڵاشەکەمان پێ داکەن، دامانە پێش خۆمان. بە گورگەلۆقە و ڕەوت ئێمە ئەڕۆشتین. جەردەکان تاویان ئەدا و تینیان ئەدایە خۆیان بمانگەنێ، تا نیوەڕۆ لای دا. دوو سەعات زیاتر ئێمە لەگەڵ جەردەدا موقابەلە و بەربەرەکانێمان بوو، ئەوان گورج بڕۆیشتنایێ[١٢٢]، ئێمەش گورج ئەڕۆیشتین، ئەوان سووک بڕۆیشتنایێ، ئێمەش لەسەرخۆ ئەڕۆیشتین، وەکوو گاڵتەپێکردن. ئاخری گەیشتینە گردۆڵکەیەکی بچکۆلە و دێیەک دەرکەوت. دزەکان زانییان نامانگرن و لە دێ نزیک بووینەوە، وازیان هێنا، دانیشتن. ئێمەیش لەسەر گردەکە بەرامبەریان دانیشتین، تا ماندوومان حەسایەوە. جەردەکان بە هەناسەساردی بە کێوەکەدا هەڵگەڕانەوە، ئێمەش چووینە دێکە.

١٢٠. لە دەسنووسەکەدا: (کرد)ەکەی نییە.

١٢١. ئەبوو (بێن) بووایە (ن چ).

١٢٢. ئەبوو (بڕۆیشتنایە) بووایە. هەروا ئەوەی دێڕی پاشەوەش.

وابزانم ناوی دێکە هەواوان بوو، لە کەپرا بوون. شەقە جۆگەیەک بە ناو کەپرەکاندا دەهات، لە پەڕەوە ڕوومان کردە کەپرێک. من لەپێشەوە بووم، ڕووم کردە دەرگای کەپرەکە. ژنێک هێلکەوڕۆنی بۆ پیاوێک دروست کردبوو، خەریک بوو بۆی دانێت. نازانم پیاوەکە میوان بوو یان چی بوو. ژنەکە بەرەوپیرمان[123] هات، وتی: بەقوربانتان بم، لەودیو دانیش. لبادێکی لەبەر سێبەری کەپرەکە بۆ داخستین، دانیشتین. داوای نانمان کرد. هیلاک بووین لە برسا. ژنەکە نیوە سەبەتەیەک نانەڕەقەی بۆ هێنایین، هی جۆ. ڕەق بووبووەوە، بەعزێکی کەڕووی پێوە بوو. وتم: فەقێ مەحموود، بە سەبەتەکەوە بیبە، بیخەرە بەر جۆگەکە. فەقێ مەحموود نانەکەی جوان ششتەوە. خووسایەوە، بە دۆکەوە خواردمان. ئەمما چ خواردنێک! وەختە بڵێم ئێستاش لەزەت و خۆشیی ئەو نان و دۆیە لەبن ددانما ماوە. یاخوا هەزار مرەبا و ڕۆنەکەرە و گۆشتمریشک و پڵاوی موستەشفای عەبدولئیلاهی بەقوربان بێت، کە ئێستە لە تویسە بە دەستیانەوە موبتەلام و بە قێزوبێز دەستیان بۆ ئەبەم و بۆم ناخورێن[124]. وە ئەمە سێ چوار ڕۆژە بە تۆزەتۆزە نانەڕەقەی تیریی سولەیمانییە ڕائەبوێرم، کە فەریدەی کچم لە سولەیمانییەوە بۆی ناردووم، کردوومە بە کوولەکەی ڕۆحم و

١٢٣. لە دەسنووسەکەدا: بەرەپیرمان.
١٢٤. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە لە پێشەکییەکەدا وتم: کە ماموستا ئەم یادداشتانەی لە نەخۆشخانەی توێسەی بەغدانووسیوە.



شاردوومەتەوە. هەر ژەمێ تۆزێکی لێ ئەخۆم، نەوەک مەجبوور ببم بە سەموون و چێشتەکەی موستەشفا. ئێستە کە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممەی دووی[125] مانگی ڕەجەبی هەزار و سێسەد و حەفتا و پێنجە[126]، ڕەفیقەکانم نان ئەخۆن، وەک پاڵەوان بای ئەدەن[127]، ئەیپێچنەوە، ئەڵێی گوڵبێنە[128] لە دەمی کەندوو دەئاخنن. منیش ئەم کەلیمانە ئەنووسم.

خۆلاسەی کەلام، نان و دۆکەمان زۆر بە ئارەزوو و ئیشتیهاوە خوارد، ئەنجا دەستنوێژمان ششت، نوێژمان کرد، لێی نووستین تا پاش عەسر. خەبەرمان بووەوە، شاری کۆیە دیار بوو، ماڵئاواییمان خواست. داگەڕاین[129] بۆ چەمەکەی ئەم دیو کۆیە. دەموچاو و دەستوپێ و قاچوقولمان پاک پاک کردەوە. نوێژی عەسرمان کرد، پیا هەڵگەڕاین[130] بۆ شار. نیو سەعاتێکی مابوو، کە گەیشتینە قەراخ شار. سوئالمان کرد: برا ئێمە ناشەرەزاین، لەم نزیکەوە مزگەوتێکمان پێ بڵێن. وتیان: لەم کۆرانە[131] بڕۆن، ئەچنە مزگەفتی کەونەجومعە.

١٢٥. لە دەسنووسەکەدا: دوو.
١٢٦. ڕێکەوتی ١٤ی شوباتی (١٩٥٦) ئەکات..
١٢٧. لە دەسنووسەکەدا: بای ئەدە.
١٢٨. گوڵبێنە بۆ کونی تەنوور بەکار دێت، بۆ دەمی کەندوو (تۆپەوانە) ئەڵێن.
١٢٩. لە دەسنووسەکەدا: داگەڕان.
١٣٠. لە دەسنووسەکەدا: هەڵگەڕان.
١٣١. لەم کۆرانە: لەم کۆڵانەوە.

بە پرسیار مزگەوتی کۆنەجومعەمان دییەوە، چووینە سەر سەکۆی جەماعەت، کە هاوینان نوێژی لێ ئەکەن، کۆڵ و بوخچەمان دانا. ئەهلی جەماعەت لەبەرەوە ئەهاتن بۆ جەماعەتی مەغریب. ئەو وەختە شاری کۆیە لە دوورەوە مەشهور بوو بە (دار العلم).

تا نزیکی مەغریب قەڵەباڵغێکی زۆر لەسەر سەکۆکە گردبووەوە. ئیمامێک پەیدا بوو، بە دارشەق هات، یەک قاچ بوو. لە میحرابەکە دانیشت. لە دڵی خۆما وتم، برا، ئەم ئیمامە بە دانیشتنانەوە ئیمامەتی ئەکا، یان بە پێوە؟ لەپاشا وتم بە فەقێ مەحموود: لەپاش جەماعەت و ویرد، کە شەش حەوت کەسێک مایەوە، یەکێکتان بڵێن، ئەهلی جەماعەت ئێمە غەریب و نەشارەزاین، ئێستە گەشتووینەتە جێ، لە ماڵی خۆتان نان و چێشتمان بۆ بنێرن. وتیان: ڕوومان نایەت. لەپاشا فەقێ مەحموود قەراری دا، کە پێیان بڵێت. وتم: کەیفی خۆتانە من باکم نییە. بانگ درا، قامەت کرا، مەلای یەک پێ ڕاست بووەوە. لەسەر یەک قاچ ئیمامەتی کرد. خەڵقی بڵاوەیان کرد. مایەوە سێ کەس لە ئەهلی جەماعەت. یەکێکیش عەبا بەشان لە قەراغەوە سوننەتی ئەکرد. فەقێ مەحموود و خاڵم تەماشای یەکتریان ئەکرد، دەستیان بە پێکەنین کرد. لە سێ کەسەکە یەکێکیان سوئالی کرد. قسەکە ئاشکرا بوو، هەر سێ پیاوەکە وتیان: وەی بەسەر چاو. ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵی خۆیان. پیاوە عەبا بەشانەکە کە شکڵ و قیافەتەکەی وا دیار بوو، کە غەریب و موسافیر بێت. لە نوێژەکەدا گوێی لەم کەینوبەینە بوو،



سەلامی دایەوە، بە گورجی ڕۆیشت. تەمەز ئەو پیاوە میوانی جەمیل ئاغا ئەبێت و ئەچێتەوە بۆ دیوەخان، ئەم قسانە ئەگێڕێتەوە بۆ جەمیل ئاغا. ئێمەیش لە ماڵی سێ پیاوەکەوە سێ زەرف چێشت و حەقدە نانمان بۆ هات.

دەستمان نەکردبوو بە خواردن، پیاوێک هات، وتی: ئێوەن فەقێ غەریبەکان؟ وتمان: بەڵێ. وتی: فەرموون بۆ دیوەخان، ئاغا داواتان ئەکات. وتمان: ئاغا کێیە؟ وتی: جەمیل ئاغا. وتمان: ئەگەر بۆ نان خواردنە، تەماشاکە ئەو هەموو نان و چێشتە، عەرزی بکە[132] خوا دەوامی بدات، فەرقی نییە، ئیجاب بە هاتن ناکات. خزمەتکارەکە وتی: کوڕە چۆن ئەبێ؟ ئاغا گوتی هەتا نەیانهێنی نەیەیتەوە، بە خودای نابێ. ناچار سێ زەرفە چێشتەکەمان دا بە مجێورەکە و نانەکەمان هەڵگرت، نەوەکە سبەینێ برسیمان ببێت. چووین بۆ دیوەخانی ئاغا، سەرکەوتین، مەجلیسێکی موهیم و پیاوانەی بوو. لە دوورەوە[133] لەبەرمان هەڵسا، فەرموون فەرموو بەرەو ژوور. پیاوە عەبا بەشانەکە لە مەجلیسا بوو، زانیمان ئەو خەبەری داوە. ئاغا زۆری حورمەت گرتین و باشی بەخێرهێناین[134]. سینییەپڵاو هات، شەڕەتفەنگت لە پەنادا بکردایە، ئەنواعی خۆرشت لەسەر. لەپاش نانخواردن و دەستشتن، دەستی کرد بە پرسیار لەگەڵمان، لە کوێوە

١٣٢. لە دەسنووسەکەدا: عەرز بکە.
١٣٣. لە دەسنووسەکەدا: لە دوورە.
١٣٤. واتە بەخێرهاتنێکی باشی لێ کردین.

دێن؟ خەڵقی کوێن و چی ئەخوێنن؟ منیش جوابم ئەدایەوە. وتی: وا دیارە تۆ مامۆستای ئەو دوانەیت. وتم: هەتا ئێرە بەڵێ، لەمەودوا نازانم چۆن ئەبێت، ئەگەر خوا بکات دابمەزرێین و جێگەمان دەست کەوێت، هەر یەکێ لە مزگەوتێکیش بێت، مەمنونین. ئەگەر من لە مزگەوتی گەورە دابمەزرامایە[١٣٥]، ئەوانیشم لە مزگەوتانی تر[١٣٦] دائەمەزران. ئاغا - خوا لێی خۆش بێت- فەرمووی: ئەگەر ڕایان نەگرتیت، وەرە بۆ لای خۆم، خەبەرم بدەرێ و ئەوا پێتان ئەڵێم هەتا جێگەتان دەست ئەکەوێت، ئێرە قۆناغتانە. سبەینێ نیوەڕۆ و ئێوارە وەرنەوە ئێرە، لە مزگەوتان بەند مەبن، قەرزارم بن، ئێرە ماڵی خۆتانە. زۆر بە ئیلحاح ئەیوت: نەکەن شەرم بکەن. لە مەجلیسەکە تەحقیقم کرد، کە برنجیی[١٣٧] موستەعیدی مەلا محەممەدی کۆیە کێیە؟ هی شارەزای تێدا بوو، وتیان: مەلا سابیری نازەنینییە. حیکایەت و قسەی ئەو شەوە لە مەجلیسی ئاغادا حەسر بوو لەسەر ئێمە. زۆر دڵی خۆش کردین، خەم و خەفەت و ئێشی ڕێگا لە بەدەنمان باری کرد. درەنگێک هەڵساین. فەرمووی: چی ئەکەن، لێرە نانون؟ وتمان: لەبەر بوخچە و ئەسبابمان بچینەوە سەر سەکۆی مزگەوت باشترە. دیسان تەکراری کردەوە، وتی: باشە، ئەمما کوڕە سبەی هەتاوکەوتنێ بێنەوە

١٣٥. لە دەسنووسەکەدا: دابمەزرامایێت.

١٣٦. لە دەسنووسەکەدا: مزگەتانی تر.

١٣٧. برنجی: واتا یەکەم موستەعید: مەبەست لە فەقێیەکە، کە لە دواپلەکانی خوێندندا بێت (ن چ).



بۆ دیوەخان، ئاخر نەنێرم بەدواتانا. ڕاست بووەوە سەر پێ. چووینەوە مزگەوت، لەسەر سەکۆکە لێی ڕاکشاین تا سبەینێ نوێژیان. دانیشتبووین، هەتاو کەوت، هەر ئەوەندەمان زانی خزمەتکارەکەی ئاغا هات، وتی: فەرموون، ئاغا چاوەنواڕی ئێوەیە. چووینەوە بۆ خزمەتی. ئاخ داخی بەجەرگم، پیاوی دنیاییی ئەو زەمانە، کە تەقریبەن چل و نۆ ساڵ[١٣٨] لەمەوپێش بووە، ئەخلاق و فەزائیل و هونەریان ئەم نەوعە کردەوانە بوو. بە ناشوکری ناڵێم، ئێستە کردەوە و هونەریان چاولێکەری و غەربی و ئەفرەنجییەکانە[١٣٩] و لە هونەری ئەو مەردانەی پێشوو سەربڕاو و ئاوەڕووت کران، خوا خراپتر نەدات.

خولاسە پاش چایی و بەرچاییخواردنی دیوەخان، چووین بۆ مزگەوتی گەورە، بە پرسیار مەلا سابیری نازەنینمان دۆزییەوە. پیاوێکی زۆر ڕووخۆش و بەگفتوگۆ و دەمبەپێکەنین بوو -یاخوا ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لەپاش بەخێرهاتن تەکلیفی جێگەم لێ کرد، مەعزەرەتی هێنایەوە، کە جێگا نییە. زۆرم لەگەڵ وت، فائیدەی نەبوو. وتی: ناوت چییە؟ وتم: محەممەد. ئیتر گفتوگۆی، کاکە حەمە گیان بوو، قسەی لەگەڵ ئەکردم، لە قسەکردنی، لە جێگا مەئیووس ئەبووم. لاکین تەماشام ئەکرد، قسەکانی هەموو بەپێکەنینەوە بوو، تۆزێک ئومێدم پەیدا ئەکرد.

١٣٨. شاعیر لە ساڵی (١٩٥٦)دا ئەم باسەی نووسیوە (ن چ).

١٣٩. لە دەسنووسەکەدا: ئەفرەنجییەکانەو.

ڕۆژی جومعە بوو، نوێژی جومعە نزیک بووەوە. لە دوورەوە تەعریفی خوتبەی مەلا محەممەدم بیستبوو، زوو چوومە ژوورەوە، نزیک بە منبەرەکە دانیشتم، زۆر عاجز بووم. فەقێ ڕەسووڵ -خوا عافوویکات- قورئانی ئەخۆند، زۆرم پێخۆش بوو. سوننەتی جومعە کرا. جەنابی مەلا -خودا عەفوویکات- چووە سەر مینبەرەکە، بێکاغەزبەدەسەوەگرتن خوتبەیەکی زۆر بەلیغی خوێندەوە. تێی ئەگەیشتم، لە باسی پشت بە دنیا نەبەستن و بە دنیا مەغرور نەبوونەوە، چونکە هەموو کەس بەجێی ئەهێڵێت. بەو موناسەبەتەوە تێهەڵکێشی کرد بۆ وەفاتی باوکی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کە پار لەم مانگەدا، لەم ڕۆژەدا لەسەر ئەم مینبەرە، ئەو خوتبەیەی خوێندووە، ئێستە ئەو لە جێگەیەکی ترە و یەکێکی تر لە جێگاکەی ئەو خوتبە ئەخوێنێت. ئەمما بە گریانەوە و بەبێ گیروگرفت و سەربەست و دلێرانە ئەیخوێندەوە. تێی گەیشتم، کە پار ئەو مانگە باوکی وەفاتی کردووە. بەڕاستی لەلام هونەر بوو و دڵم ئەوەندە بەو خوتبەیە مەشغووڵ بوو، خەفەت لە دڵما نەما.

پاش جومعە چووینەوە بۆ حوجرە، چونکە مەلا سابیر خۆی وتی پاش جومعە نەچن بە هیچ لایەکا، وەرنەوە ئێرە و تەواو مەئیووسیش نەبووبووم. نازانم چ فەقێیەک لە سەرگەڵوو دەنگی منی بیستبوو، یا لە سولەیمانییە منی دیبوو، وتبووی بە مەلا سابیر، مامۆستاکەیان دەنگێکی خۆشی هەیە. لەگەڵ چووینەوە حوجرەکە و دانیشتین،



بێتەوەقوف پێش نانخواردن وتی: ئەرێ کاکە حەمە گیان، ئەڵێن دەنگێکی خۆشت هەیە، توخوا ئەگەر غەزەلێکم بۆ نەخوێنیتەوە. وتم: مامۆستا من دڵم پڕ لە غەمە، خەفەتی خۆم لەلایەک، خەفەتی ئەم دووانەیش کە لەگەڵمن لەلایەک. من سەعاتێکە لێت ئەپاڕێمەوە بۆ جێگا، ڕام ناگریت، کەچی پێم ئەڵێیت غەزەلم بۆ بخوێنەرەوە، بەخوا مامۆستا تاقەتم نییە. زۆر عاشقی دەنگی خۆش بوو. وتی: کاکە حەمە گیان، بەقوربانت بم، توخوا ئەگەر بۆم نەخوێنیتەوە. وتم: ئاخر من وا عاجز، لە چ دڵێکەوە بیخوێنمەوە؟ وتی: تۆ فەرمووی، خوا خێرکەرە، کار نییە خوا چاکی نەکات. وتم: چیت بۆ بخوێنمەوە؟ تازە شیعری مەحوی یەکە یەکە بڵاو ئەبووەوە. وتی: غەزەلێکی مەحوی هەیە "بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چبکەم" لەبەرت نییە؟ وتم: بەڵێ لەبەرمە. وتی[١٤٠]: ئەوەم بۆ بخوێنەرەوە، بەقوربانت بم. هێشتا ژووری جامیعە خەڵقی تیا مابوو، دەستم پێ کرد، فەقەت تێم چریکان و عەجەب دەنگێکم بوو، زۆر جوانم خوێندەوە، هەر کەس گوێی لێ بوو ڕووی کردە بەردەرگای حوجرە، بوو بە قەڵەباڵغی[١٤١]. پێم وایە حەوت شیعرەکەم خوێندەوە، کە لێ بوومەوە، وتی: کوڕە، یاخوا بەخێربێیت، بەسەر چاوەکانم، وەی بەسەر هەردوو چاو، خۆم دەرست پێ ئەڵێم. وتم: ئەی ڕەفیقەکانم؟

١٤٠. لە دەسنووسەکەدا: وتم.
١٤١. لە دەسنووسەکەدا: قەڵەباڵغ.

وتی: ئەوانیش دائەمەزرێنین. پاش نانخواردن و قسە و حیکایەتکردن، فەقێی نارد خاڵمیان لە مزگەوتی پەڵک و فەقێ مەحموودیان لە مزگەوتی بایزئاغا دامەزراند[١٤٢]. ئینسانێکی زیرەک و تەقریرێکی ڕەوانی هەبوو. دوو فەقێی تری لەلابوو، هەردوو بێتواتەیی: مەلا قادر (قالە شۆڕ)[١٤٣] و مەلا خدر (خدرە لوڕ)[١٤٤]، کوڕی چاک بوون. هەردووکیان جامییان ئەخوێند وەک من، ڕەفاقەتمان خۆش بوو.

لەپاش چەند مانگێ، مەلا سابیر چوو بۆ نازەنین بۆ ماڵی خۆیان و مزگەوتی بایزئاغا چۆڵ بوو، چوومە مزگەوتی بایزئاغا و خاڵیشم هێنایە ئەوێ. هەرسێکمان لەوێ گرد بووینەوە. دەرسم لای حاجی مەلا شەفیع کوڕی حاجی ئەمین ئەخوێند -خوا عەفوویانکات. حاجی مەلا شەفیع چوو بۆ سەفەری حەج، چەن ڕۆژێک ئەچووم لە مزگەوتان دەرسم ئەخوێند. مەلا قادر و مەلا خدری ڕەفیقم هاتن زۆر ئیلحاحیان کرد، کە بۆ خوێندن بچینە بۆسکێن، بۆ خزمەت مەلا مەحموودی بۆسکێن، موافەقەتم کرد. خاڵم هات، فەقێ مەحموود نەهات. هەر چوارمان چووینە بۆسکێن بۆ خزمەت مەلا مەحموود - خوا عەفوویکات- موددەتێک پێکەوە بووین، خاڵم عاجز بوو، چوووەوە بۆ کۆیە. ڕەمەزان هات، بۆ جەژن

١٤٢. لە دەسنووسەکەدا: دامەزران، بەڵام (دامەزران) لێرەدا ڕەوا نییە، چونکە فیعلی لازمە و لێرەدا (دامەزراند)ی موتەعەدی پێویستە، مامۆستا تێکڕا پیتی (د)ی دوای وشە، ئیسم بێت یا فیعل، قووت ئەدا و ناینووسێ.

١٤٣. لە دەسنووسەکەدا بەم جۆرە نووسراوە: شورر.

١٤٤. بۆ (لوڕ)یش و (لۆر)یش دەست ئەدا.



مەلا قادر و مەلا خدر چوونەوە بێتوات[١٤٥]، من لە بۆسکێن مامەوە.

زۆر ڕووتوقووت و بێپێڵاو بووم. لەبەر ڕووتی، ڕۆژی جەژن لە ژووری مزگەوتەکە دانیشتبووم، مەشغووڵ بووم بە ئیشی خۆم. مامۆستا هات، بانگی کرد: کاکە حەمە، چی ئەکەیت لە ژوورەوە[١٤٦]، وەرە دەرەوە. هاتمە بەرهەیوان، دانیشتین. وتی: بەم جەژنە بە تەنها لە ژوورەوە ڕابواردنی تۆ، ئەزانم لەبەر ڕووتییە. ڕووت نییە بچیتە ناو خەڵق. منیش لە فەقێتییا ڕووتی و غەریبیم بە خۆمەوە دیوە. با حکایەتێکت بۆ بگێڕمەوە، بۆ تەسەللی دڵت. وتم: فەرموو. وتی: لە ئاکرێ دەمخوێند، زۆر ڕووت بووم، پێڵاوم نەبوو، دەرپێکەم دڕابوو، کەوایەکی شۆڕم[١٤٧] لەبەرابوو، پشتەکەی دڕابوو، بەری ساغ بوو، چاکی کەواکەم هەڵدرووبوو، تا عەورەتم لە دەرپێکەمەوە دەرنەکەوێت. فەقێی ئەو وڵاتەیش هەموو پۆشتەوپەرداخ و شۆخ و ئەلبیسەی جوانیان لەبەرابوو. بەهار بوو، سێشەممە و جومعە ئەچوونە دەرەوە بۆ سەحرا، بۆ کەیف و سەیران و یاریکردن و زیافەت خواردن. هەرچەند فەقێکان تەکلیفیان لێ ئەکردم، من لەبەر ڕووتی ڕووم نەبوو لەگەڵیان بچمە دەرەوە، بە تەنها لە مزگەوت

١٤٥. دەبوو (بێتواتە) بووایە (ن چ).

١٤٦. لە دەسنووسەکەدا: ژرەوە.

١٤٧. لە دەسنووسەکەدا: شۆڕەم.

ئەمامەوە و سەعیم ئەکرد. فەرمووی، مزگەوتێکی زۆر خۆش و عەجیبی بوو. مەدحی مزگەوتەکەی زۆر کرد.

فەرمووی: ڕۆژێکی سێشەممە بە تەنها لە ژووری مزگەوت سەعیم ئەکرد، تەماشام کرد پیاوێکی بەسەروسیما و قیافەت، کەڵەگەت و بەشەوکەت، عەبایەکی تەلەسفەری[148] شانسورمەی قەدکردبوو، دابووی بەسەر شانیا، هاتە ژووری مزگەوت، سەلامی لێ کردم و دانیشت. لەبەری هەڵسام، بەخێرهاتنم کرد. دەستی کرد بە سوئال و پرسیار، وتی: مەدرەسە بۆچی چۆڵە؟ وتم: فەقێکان چوون بۆ سەحرا و سەیران. وتی: تۆ بۆچی نەچوویت و بە تەنیایت؟ وتم: من حەز لە سەیران ناکەم و تاقەتم نییە. وتی: بەخوا ئەزانم فەقێی ئەم وڵاتە شۆخ و پۆشتەوپەرداخن، تۆیش ڕووتوقووتی، پێت عەیبە ڕەفاقەتیان بکەیت. ئیتر پرسی: خەڵقی کوێیت و چی ئەخوێنیت و لەکەیەوە هاتوویت بۆ فەقێیەتی؟ منیش جوابم ئەدایەوە.

پیاوەکە لە سیمای دەرئەکەوت، کە عاجز و غەمبار بوو. دوای گفتوگۆیەکی زۆر، وتی: ئەی تۆ بۆچی هیچ لە من ناپرسیت، کە کێم و لە کوێوە دێم و بۆ کوێ ئەچم و ئیشم چییە؟ وتم: من ئەدەب ئەکەم[149]، عەرزت بکەم. فەرمووی: من فلان کەسم (گەورەی تائیفە و ساحێب دێ بوو) مەلالاکم، چواردە باری هێستر تووتنم ناردووە بۆ موسڵ، چواردە

١٤٨. تەلەسفەر: جۆرە قوماشێکە، تاڵی زەردی تێ هەڵکێشراوە.
١٤٩. مەبەستی لە (شەرم دەکەم)ە.



هێسترەکەش هی خۆمە. چوار قەتارچیم لەگەڵ هێسترەکانا ناردووە. جەردە داویە بەسەریانا، دەس و پێی قەتارچییەکانیان توند بەستووە و چاویان بەستوونەتەوە و ڕووتیان کردوونەتەوە، بە تووتن و هێسر و ئەسبابی قەتارچییەکانەوە هەموویان بردوون. ئەمما بەعزێ لە قەتارچییەکان ناسیویانن. لەپاشا ڕێبوار دەس و قاچی قەتارچییەکان ئەکەنەوە. ئیستا بەپەی سەری ئەو تالانەوە ئەچم بۆ مووسڵ. دوعام بۆ بکە، هەر نیوەیشم دەس کەوێتەوە، لەو سەرەوە کە هاتمەوە، سەرتاپێ دەستێک ئەلبیسەی چاکت بۆ ئەکەم. وتم: بەخوا ئەلبیسە بکەیت یان نەیکەیت من دوعای زەفەر و نەجاحت بۆ ئەکەم و ئینشەڵڵا بە مەقسوود و دڵخۆشییەوە ئەگەڕێیتەوە. ناردی لە بازاڕ نان و کەبابیان هێنا، خواردمان و پیاوەکە ئۆغری کرد.

سێشەممەی دوایی هیچ، سێشەممەی دوایی تر پاش پانزە ڕۆژ لە چەشنی وەزعی پێشوو، مەدرەسە چۆڵ و فەقێ لە سەیران بوون و من بە تەنها لە ژووری مزگەوتا سەعیم ئەکرد. تەماشام کرد پیاوەکە هاتەوە، وەک شێرێک بێتە ژوورەوە، بە ڕووخۆشی و مەسرووری و قسەی خۆشەوە هاتە ژووری مزگەوت، سەلامی کرد و موسافەحەی لەگەڵ کردم و دانیشت و وتی: مژدەت بدەمێ بە تووتن و هێسر و

کەپەنەک[١٥٠] و ئەسبابی قەتارچی و کەژوو[١٥١] و گوریسی بارەکان هەمووم وەرگرتەوە، ئیللا نیوەفەردەیەک تووتن نەبێ، داغان کرابوو و خۆم دەستم لێ هەڵگرت و جەردەکان گیران و حەپس کران. سوبحانەڵڵا جاری پێشوو چەن عاجز و غەمگین بوو و ئەم جارە نەوعێکی تر و پیاوێکی تر بوو. لەپاش قسە و حیکایەت و ئیستیراحەتکردن، وتی: هەڵسە، بچین بۆ بازاڕ. بردمی بۆ بازاڕ، هەر لە کڵاو، هەتا پێڵاو، دەستێک ئەلبیسەی چاک و جوانی بۆ کڕیم، هەتا بەندەخوێن و سابوون و کندر و دەزوو و بەعزێ شتی تر، کە پێویست بێت و میقدارێک پارەیشی دامێ. ئەمجا ئەو ئۆغری کرد و منیش بووم بە ئینسانێکی تر.

ماموّستا مەلا مەحموود ئەم قسە خۆشەی زۆر بەجوانی هۆنییەوە. لەپاشا فەرمووی: عاجز مەبە، بەشکم خوای تەعالا واسیتەیەکیش بۆ تۆ بنێرێ، کە ئەم ڕووتوقووتییەت دەفع کات، سەبرت ببێت، قسەی ماموّستا وەک ئیلهام وا بوو. بە چەند ڕۆژێکی کەم، دوای ئەم قسانە، پیاوێک لە بۆسکێن ئەمری حەققی بەجێ هێنا و مرد. مەڕی زۆر بوو، نیوەی کرد بە وەسیەت، کە سێییەکی نیوەکەی سەربڕن بۆ فەقیران و سێییەکی بدەن بە فەرش بۆ مزگەوتان و سێیەکی

١٥٠. کەپەنەک: فەرەنجیی شۆڕی قۆڵدرێژ. کورد ئەڵێن: لەدوای باران کەپەنەک، هەروەها ئەڵێن: کەپەنەکی کورد ئاونادەڵێنێ.
١٥١. کەژوو: جۆرە گوریسێکە، لوول نییە، پان و تەختە وەک تەکبەند.



بکەن بە ئیسقات[١٥٢] بۆ کەفارەتی نوێژ و ڕۆژووی. ماموّستا کردمی بە شەریکی ئیسقات و فەرمووی: قورئانی لەسەر بخوێنە لەپاش ناشتنی. لەسەر قەبرەکەی بخوێنە هەتا ئێوارە وەسڵی جومعەی[١٥٣] بکە. ڕۆژی پێنجشەممە بوو. وەلحاسڵ بە حیسسەی ئیسقات و پارەی قورئانخوێندنەوە، من نزیکی حەفتا قرانم بەرکەوت، کە جێگای سی دیناری ئیستەی ئەگرت، بەڵکوو قرانێکی چل و پێنج ساڵ لەمەوپێش، موقابیل بە دینارێکی ئیستە بوو.

تەسادوف تەعزیە نەبڕابووەوە و مەڕەکان نەفرۆشرابوون، لە شاری کۆیەوە کاغەزێکی خاڵم بۆ هات، کەوا خەریکم بچمەوە بۆ سولەیمانییە، ئەگەر زوو نەگەیتە کۆیە، کتێب و ئەسبابت ئەبەمەوە و ئەڕۆم. منیش لەتاوا لەسەر پارەکە نەوەستام، چووم بۆ کۆیە، کە تەحقیقم کرد، ڕۆیشتبوو. زۆر عاجز بووم و خەفەتم زۆر خوارد. دڵم تەواو پەرێشان بوو. ئەی هاوار ئەم خاڵەم منی فریب دا، بۆ فەقێیەتی بە قەراری چوار ساڵ، کەچی ساڵی نەبردە سەر. تاقەتم نەبوو

١٥٢. ئیسقات: کەفارەتدان بە پارە بۆ مردوو لەجیاتی نوێژ و ڕۆژووی فەوتاوی.
١٥٣. وەسڵی جومعە: دانیشتن بەسەر گۆڕی مردووەوە تا شەوی جومعە، چونکە ئەڵێن مردوو کە خرایە گۆڕ تا بەجێ نەهێڵدرێ، ئەنکیر و مونکیر نایەنە سەری پرسیاری لێ بکەن و، ئەگەر ڕۆژی جومعەش بخرێتە گۆڕ یا تا ڕۆژی جومعە بەجێنەهێڵدرێ، پرسیاری گۆڕی دوا ئەخرێ بۆ ڕۆژی قیامەت.

بگەڕێمەوە بۆ بۆسکێن. پایز بوو، گەڕام بە مزگەوتانا، لەبەر[١٥٤] ڕووتی کەس جێگەی نەدەکردمەوە.

ناچار چوومە مزگەوتی ڕەشە. پاش جامی دەستم کرد بە فیعلە سەعدوڵڵا[١٥٥] لای فەقێیەک، کە زۆر کەودەن بوو. موددەیەک لەگەڵم ڕابوارد، بەینمان تێکچوو. زستان هات، گەڕام جێگام نەبوو. فەقێیەک خەڵقی وڵاتی سولەیمانییە پرسی، وتی: ئەوە تۆ هیچ پارە شک نابەیت، بۆچی وا ڕووتی؟ حیکایەتی پارەی بۆسکێنم بۆ کرد، کە ئینتیزار ئەکەم مامۆستا مەلا مەحموود بۆم بنێرێت و چەن کاغەزم نووسیوە، وا بزانم کاغەزی پێ ناگات. فەقێکە حوکمی لێ کردم، وتی: ئەبێ سبەینێ بچی بۆ ئەو پارەیە. بە قسەم کرد. بەخۆشی و سایەقە چووم بۆ بۆسکێن، پارەکەم وەرگرت، لە حەفتا قران شتێکی کەم بوو، گەڕامەوە بۆ کۆیە.

تووشی کاروانێک بووم، هێسربار، بۆ کۆیە ئەچوون. لەگەڵیان بووم تا بناری هەیبەت سوڵتان. زستان بوو، هەوری هێنا، کردی بە باوباران، ڕەهێڵە و بەفر. پەنا بەخوا کاروان و قەتارچی سەریان لێ شێوا، من هەی پێم لێ کرد، کاروانم بەجێ هێشت، سەرکەوتم بۆ سەر کێوی هەیبەت سوڵتان. لەوێوە چاوم لە دێیەک بوو، ڕاست بەرەوخوار داگەڕام بۆ دێکە. گەیشتمە دێکە. ڕووم کردە مزگەوت، قەڵەباڵغی تێدا بوو، کە چاویان پێم کەوت، لە تەوقی سەرم

١٥٤. لە دەسنووسەکەدا: لەبە.

١٥٥. فعلە سەعدوڵڵا، کتێبێکی نەحووە، هەر باسی (فعل)ی تیایە.



تا پەنجەی پێم چۆڕاوگەی ئاو ئەهاتە خوارێ. ئاگریان بۆ خۆش کردم و لە ماڵان کراس و ئەلبیسەیان بۆ هێنام. ئێوارە بوو، ئەهلی دێکە هەموو لە مزگەوت بوون. پیاوێکی کۆییش میوان بوو. سەرکەوای لەبەر خۆی داکەن، دای پێم، کردمە بەرم. پارەکەم لە گیرفانم هێنایە دەرەوە خستمە گیرفانی سەرکەوای کابراوە. هەرچی جلم بوو، بردیانە ماڵان وشکی کەنەوە. ئیستراحەتم کرد، گەرمم بووەوە، ماندووم حەسایەوە. پێم وایە ئەگەر دانەگەڕامایە بۆ ئەو دێیە و هەر بڕۆشتمایە بۆ کۆیە، لە بناری هەیبەت سوڵتان بە هیلاک ئەچووم. سبەینێ جلەکانیان بۆ هێنامەوە، کردمە بەرم. لەبیرم نەبوو پارەکەم لە گیرفانی سەرکەواکە دەربهێنم. کابرا وتی: فەقێ سەرکەواکەم قورس بووە، شتێک لە گیرفانیایە. وتم: ئەها ئەرێ وەڵڵا ئەوە[١٥٦] پارەیە. ئاخر لەسەر ئەو پارەیە وەخت بوو[١٥٧] دوێنێ بمرم، بە هیلاک بچم. حیکایەتم بۆ کرد. وتی: بەڕاستی عاقڵیت کرد، کە داگەڕای بۆ ئێرە. ئەگەر بڕۆیشتبای[١٥٨] شەوت بەسەرا ئەهات و بەهیلاک ئەچوویت، خوا ڕەحمی پێ کردیت. پارەکەم لێ وەرگرتەوە و هاتمە شاری کۆیە. سەرتاپا ئەلبیسەی چاکم پێ کرد و بووم بە کوڕێکی تر.

١٥٦. لە دەسنووسەکەدا: ئەو.

١٥٧. لە دەسنووسەکەدا: وەختم.

١٥٨. لە دەسنووسەکەدا: بڕۆیشتیای.

مـەلا قـادری ژێ، موسـتـەعیـدێکی قابیـل بـوو لای مـەلا محەممەدی کۆیە، ئەیناسیم. چەن جار لەوەوپێش چوومە لای بۆ جێگە ڕای نەدەگرتم. لەپاش ئەمە کە پۆشتەوپەرداخ بوومەوە و بووم بە ئینسان، خۆی بە دەمی خۆی پێی وتم: کاکەی حەمە، ئیستە جێگا هەیە، وەرە. وتم: بەخوا مامۆستا نایەم. وتی: بۆچی؟ وتم: لەمەوپێشیش جێگا بوو، لەبەر ڕووتی ڕات نەدەگرتم. ئیستە ئەمبینی پۆشتەوپەرداخم، خۆت بە دەمی خۆت پێم ئەڵێیت. غەرەزم ئەمەیە ڕووتی بێحورمەتی و بێئیعتیبارییە, خەڵق تەماشای سەروسورەت ئەکەن و زاهیربینن. کەوابوو مەسئەلەی (کەوا بخۆ) ڕاستە. ئەو پارەیە فریام کەوت و هەر تەواو نەدەبوو و تەفائول بەخێرەکەی مامۆستا مەلا مەحموود بە حیکایەتی خۆی کە کردی، سەرگوزەشتەکەی لە منیشا هاتەدی، خوا عەفووی کات.

زستان لە کۆیە مامەوە. بەهار چووم بۆ کەرکووک. لە مزگەوتی حاجی ئەحمەد ئاغا کە عەلی حیکمەت ئەفەندی مودەڕڕیسی بوو، دامەزرام. حیسام کاتیم[١٥٩] خوێند. لەو موددەیەدا مەلا شێخ جەلالی ترپەسپیان بەسەفەر هاتە کەرکووک. مولاقاتمان بوو. وتی: تۆ سێ پوورزات لە ترپەسپیانن، چەن جار کاغەزیان بۆت نووسیوە، کە بێیت بۆ لایان و زۆر ئارەزووت ئەکەن. لە حەقیقەتا کاغەزێکیان هاتە کۆیە و پێم گەیشت. وتی: وەرە بابچینە ترپەسپیان،

١٥٩. حیسام کاتی: کتێبێکی لۆجیکە.



لەوێش بخوێنە. موافەقەتم نەکرد، ئەمما وەعدم دا، کە موددەیەکی تر دێم بۆ هەولێر. پاش موددەیەک توشی لەرزوتا و سێبەڕۆ بووم. مامۆستام، کە مەلا مەجیدی دوولکانی بوو، وتی: ئەچم بۆ دەشتی هەولێر و بۆ هەڵەجە و بێستانە. منیش وتم: منیش دێم، دەچم بۆ ترپەسپیان.

لەگەڵ کاروانی هەولێر ڕۆیشتین. چونکە هاوین و گەرما بوو بە شەو ڕۆیشتین. پاش هەتاوکەوتن گەیشتینە کۆپری. نۆرە سێبەڕۆم بوو، تا دایگرتم. بە نەوعێ نەمزانی شکڵی شاری پردێ چۆنە. ئێوارە وتیان: هەڵسە[١٦٠]، کاروان بار ئەکات. دوایان کەوتم، شەو بەسەرا هات، مانگەشەو بوو. ئەسەری لەرزوتاکە لە بەدەنما مابوو. جارجار لە کاروان دوا ئەکەوتم[١٦١]. لەبەر ناڕەحەتی و ئێشی خۆم دەستم کرد بە گریان. هیچ چارەیشم نەبوو، غیرەتم ئەنایە بەر خۆم، دوایان ئەکەوتم. لە دەورەی نیوەشەوا بەجێ مابووم، قەتارچییەک دەسی بە ئاو ئەگەیان، کاروان تێپەڕیبوو، قەتارچی هەڕای کرد بگاتە کاروان، کە گەیشتە من، زانی نەخۆشم، وتی: کاکە فەقێ! بەقوربان بۆ کوێ ئەچیت؟ وتم: بۆ ترپەسپیان. وتی: بابە گیان، تۆ بێیتە هەولێر چوار سەعاتەڕێ لە ترپەسپیان دوور ئەکەویتەوە. وتم: ئەی چی بکەم؟ وتی: ئەوا گەیشتینە کارێزی قوشتەپە، لەوێ لادە، ترپەسپیان نزیکە. سبەینێ ئاوەکە بگرە، ئەتباتە ناو دێی

١٦٠. لە دەسنووسەکەدا: هەڵەسە.

١٦١. لە دەسنووسەکەدا: دوا کەوتم.

ترپەسپیان و زۆر نزیکە. ئیستە ئێمە هاین لە ئاقاری ترپەسپیان. منیش لەبەر ناساغیی بەدەن و ماندووبوون بە دەرەجەیەک پەرێشان بووم، جارجار بە ڕێوە خەوم لێ ئەکەوت[١٦٢]. نەمتوانی هەڕاکەم بگەمە کاروانەکە، لەبەر ئەوە بە قەتارچییەکەم وت، وتم: کاکە گیان نەخۆشم، بوخچەی کتێب و لێفەکەم بە هێسری فلان قەتارچییەوەیە، ناتوانم بیگەمێ، وەریانگرم. قەتارچی بە گورجی هەڕای کرد بوخچە و لێفەی هێنا. هەتا ئەم کەینوبەینە کرا، گەیشتینە ئاوەکە، وتی: ها، ئەوە ئەسبابەکان و ئەم ئاوە ئەچێتە ناو دێی ترپەسپیان، بەرت نادا.

نازانم چەن سەعات[١٦٣] شەوی ماوە. ئەوەندە کفتم بە حاڵ هۆشم هەیە. لە قەراخی ڕێگەکە لێفەکەم داخست، بوخچەم نایە ژێر سەرم. وەک کوتەک بدەن[١٦٤] بە بنا گوێما، خەوم لێ کەوت، ئەمما چ خەوێک! ئیستەیش لەزەتی لە دڵم نەچووەتە دەرەوە. وەختێ خەبەرم بووەوە، ڕۆژ بەرز بوو و قەلبم کەوتبووە سەر ئارەق. هەڵسام چوومە سەر ئاوەکە[١٦٥] دەستنوێژم شۆشت و تەپوتۆزی ڕێگەم لە خۆم کردەوە. ئنجا نواڕیم مەملەکەتێکی چۆڵوهۆڵ. بە قەراخی ئاوەکەدا[١٦٦] قەدەرێک ڕۆیشتم، گەیمە بێستانەوانێک، سوئالی قوشتەپەم

١٦٢. لە دەسنووسەکەدا: ئەکەوت و.
١٦٣. لە دەسنووسەکەدا: ساعات.
١٦٤. لە دەسنووسەکەدا: بدە.
١٦٥. لە دەسنووسەکەدا: ئاوە.
١٦٦. لە دەسنووسەکەدا: ئاوەکە.



لێ کرد، وتی: لەو چاڵایییەدایە. وتم: من بۆ ترپەسپیان ئەچم. وتی: کەوابێ مەچۆرە ناودێ، لێرە وا بڕۆ، دوو دێ دەرئەکەوێت، ئەوی پێشەوەیان پڵنگەیە، ئەوی ئەولایان ترپەسپیانە، دێکە دیارە. وەکوو تەعریفی بۆ کردم، ڕۆیشتم تا گەیشتمە ترپەسپیان. بەڕاستی ئەو قەتارچییە چاکەیەکی باشی لەگەڵ کردم و خستمیە ئیستیراحەتەوە، خوا عەفووی کات.

بە پرسیار چوومە مزگەوت، دنیا زۆر گەرم بوو، چونکە هاوین بوو. تەماشام کرد لەناو مزگەوتا حەوزێکیان کردبوو، پڕ بوو لە ئاو. بە تووێی کراس و دەرپێ فەقێکان قاچیان داهێشتبووە ناو ئاوی حەوزەکە لە گەرما. تمەز لە بەیانا بە فێنکی ئاویان تێ دەکرد بۆ ئەمەی کە بە ڕۆژ خۆیانی پێ فێنک بکەنەوە. سەلامم کرد، جوابیان سەندەوە، موبالاتیان پێ نەکردم. شێخ جەلالیش دانیشتبوو، نەیناسیمەوە، پاش یەک دوو دەقیقە وتی: ئەرێ تۆ فلان کەس نیت؟ وتم: بەڵێ، لەبەرم هەڵسا، جێیان کردمەوە. پاش چەن دەقیقەیەک ناردی خەبەریان دا بە باوکی پوورزاکانم. سەید ئەحمەدی سەرگەڵویی هات بۆ مزگەوت.

مەرحوومی باوکم ئەووەڵی تەردیسی لە کەرکووک لای شێخ حسێن (باوکی سەید ئەحمەدی خانەقا) بووە. پاش چەن مانگێک چووەتە هەولێر، مودەڕڕیسی شێخ ئەبووبەکری هەولێر بووە و دەرسی بە کوڕانی شێخ وتووە، کە شێخ عەبدوڵڵا و شێخ محەممەد ئەمین و شێخ عەبدولڕەحمان بوون. شێخ ئەبووبەکر زۆری خۆش ویستووە. والیدەم لە ماڵی

شێخ ئەبووبەکر، ئیمامەتی بۆ ژنان کردووە. پوورێکم لای باوکم بووە، ئاڵتوون ناو، کچ بووە، سەید ئەحمەد ناوێکی سەرگەڵوویی خزمی سەید ئەحمەدی خانەقا، بە فەقێیەتی کەوتووەتە هەولێر و لە خانەقای شێخ ئەبووبەکر بووە، بە واسیتەی شێخ و کوڕانی شێخەوە داوای خوشکەکەی باوکمی کردووە، باوکم قسەی نەشکانوون. بە نەتیجە باوکم هاتۆتەوە بۆ وڵاتی سولەیمانییە. پوورەکەم لە دەشتی هەولێر ماوەتەوە. وا بزانم لە دەوری ڕشانەوەدا پوورەکەم مردووە، کوڕێک شێخ محەممەد و دوو کچ عایشە و فاطمەی لێی بەجێ مابوو، ماڵیان لە ترپەسپیان بوو.

لە ترپەسپیان بە فەقێیەتی دانیشتم، فەقەت وەزعی ئەوێم بە دڵ نەبوو، لەبەر ئەم سەرگوزەشتەیە "مەلا شێخ جەلال لەگەڵ مەلا محەممەدی ئەمینی برای مودەڕڕیسی مێرغوزار ژنبەژنیان کردبوو، خوشکیان دابوو بە یەکتر. خوشکی مەلا حەمەدئەمین گوایا بە کچ دەرنەچووبوو، لەبەر ئەوە شێخ جەلال ناردییەوە بۆ مێرغوزار و خوشکەکەی ئەویشیان هێنابووەوە و خوشکەکەی دڵی بە مەلا حەمەدئەمینەوە بوو. ئەڵێن جوابی ناردبوو، کە بێن بەدواما، بمبەنەوە. فەقێی میرغوزار بە شەو ئەهاتن، کە لە ترپەسپیان ژنەکەی مەلا حەمەدئەمین بدزنەوە. فەقێی ترپەسپیانیش بە تفەنگەوە وەکوو قۆڵ و حەرەس بەدەوری دێدا ئەگەڕان. ئاخری چونکە دز و ماڵخۆ[١٦٧] یەک بوون، فەقێی میرغوزار ژنەکەیان دزییەوە و فڕانیان بۆ مێرغوزار، بۆ مەلا حەمەدئەمینی مێردی. ژنی شێخ جەلالیش کە خوشکی مەلا حەمەدئەمین بوو، لە ماڵی براکانی مایەوە. ئاخری ڕەدوو کەوت، هەشتا لیرەیان دا بە مەلا شێخ جەلال تەڵاقی دا. عەجەبتر ئەوەبوو کە شێخ جەلال سوێندی خوارد، کە ئەو خوشکەم نابێ ڕووبکا بە ماڵی منا حەتتا بە مردووییش و ئیتر خوشک و برایەتیمان لە بەینا نەما. وە ساڵی دوایی لە ترپەسپیان بووم، فەقێی ئەو دەعوەتی فەقێیانی چەن دێیەکیان کردبوو، زیافەت بوو، لە حەوشی مزگەوت فەقێ هەڵئەپەڕین، بێخەبەر لە هەموو شتێک. لەپڕ وتیان، وەڵڵا جەنازەیەک هات. مەعلووم بوو، کە جەنازەی خوشکی مەلا شێخ جەلال بوو. فەقێکان پەکیان کەوت، هەڵپەڕکێیان تێک دا. مەلا لە ماڵەوە بوو، کە ئەم خەبەرەی زانی، نەیهێشت جەنازەکە بهێننە ماڵی. بە ئەهالیی وت: بچن بینێژن، هاتە مزگەوت بە توورەیی، سوێندی خوارد لە فەقێکان، کە نابێ ئەم شاییە تێکدەن و (بالخاصة) بە فەقێکانی خۆی وت، هەرچی هەڵنەپەڕێ، دەری ئەکەم. ناچار دەست کرایەوە بە شایی. ئەهلی دێکە جەنازەیان ناشت، مەلا خۆی تێ نەگەیان. لەبەر خۆشی و سەیری، ئەم ماجەرایەم نووسی.

ئنجا لەبەر وەزعییەتی بەینی فەقێی ترپەسپیان و فەقێی میرغوزار دڵم بە دانیشتنی ترپەسپیانەوە نەبوو.

١٦٧. ماڵخۆ: خاوەنماڵ، خانەخوێ.

تەسادوف مامۆستای کەرکووکم مەلا مەجیدی[168] دوولکی هات بۆ لام بۆ تریپەسپیان بە دیدەنی و بۆ ئەمە کە وتی: من ئەچمە هەولێر بۆ مزگەوتی حاجی قادر، تۆیش وەرە. لەسەر ئەو قەرارە چەن ڕۆژێک لەوەدوا بە ناوی سەفەرەوە چووم بۆ شاری هەولێر و نەهاتمەوە بۆ تریپەسپیان. لە مزگەوتی حاجی قادر دامەزرام. چەن مانگێک لەوێ بووین، ئنجا مەلا مەجید وتی: مەلا فەتاحی خەتێ ماڵی هاتووەتە دیبەگە، با بچین بۆ ئەوێ. دەستە فەقێیەک بووین موستەعید و سوختە، چووینە دیبەگە. زۆر قەرەباڵغ بوو، شازدە حەڤدە فەقێی تێدابوو و مەدرەسەیەکی عومدە بوو.

لە دیبەگە مامەوە تا زستان، بەفرە مەشهوورەکەی (١٣٢٨)[169] پەیدابوو و (١٣٢٩)یشی[170] گرت، کە موتبیق[171] بوو و مانگێک زیاتر دەوامی کرد و ئەوانەی کە زۆر پیر بوون نە بەفری وا بەردەوامیان دیبوو و نە بیستبوویان، ئاسک و حەیواناتی دەشتوکێوی فەوتان و زۆر تەسادوفی کردبوو، کە ئاسک بێپەروا خۆی ئەکرد بە دێهاتدا و خۆی ئەکرد بە ماڵانا و مەشهوور وابوو سێ گەلەگورگ بەدەشتا وەک هار لە برسا ئەگەڕان و ئەوی تووشی بوونایە[172] لە ئینسان و حەیوان ئەیانخوارد، حەتتا بیستم سواریان لەسەر پشتی

١٦٨. مەجیدی: دراوێکی سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی عوسمانییە.
١٦٩. ڕێکەوتی (١٩١٠) ئەکات.
١٧٠. ڕێکەوتی (١٩١١) ئەکات.
١٧١. موتبیق: درێژخایەن، ئیقلیمگیر (ن چ).
١٧٢. لە دەسنووسەکەدا: ئەوی تووشی ببوونایە.



وڵاغ هێنابووە خوارەوە[173] بە خۆی و وڵاخیەوە خواردبوویان و تفەنگی پێ بووە، دەستی گۆی نەکردووە، دەستۆکەری[174] بکات و ئەنواعی ماجەرا و حیکایات لەو بەفرە ئەستوورەدا نەقڵ ئەکرا، کە جێگای حیرەت بوو و ئایەتێک بوو لە ئایاتی خوای تەعالا. لە دیبەگە بووم، کە بەفرەکە باری و دەوامی ئەکرد. منیش بە واسیتەی ڕاتبەکردنی ناودێ لەو بەفرەدا زۆر ناڕەحەت بووم. گەلێ ڕۆژ سەگ گڵاوی ئەکردم و خۆم دائەشوشت. حەتتا ڕۆژێک چەن سەگێک بۆم هاتن، هەردوو دەستم گیرابوو بە دوو زەرف چێشتەوە، ناچار زەرفێ لە چێشتەکانم هەڵپرژان بە دەموچاویانا.

جەنابی مەلا بە ئەحواڵی منی زانی، فەرمووبووی: ئەو کوڕە ئەگەر لە مەدرەسەیەکی تر بێت، موستەعیدە، ڕاتبەی ناودێی پێ مەکەن، با ئیشی حوجرە بکات. ئەکسەریان ڕازی بوون، بەعزێکیان قەناعەتیان نەکرد. مەخسووس مەلا ئەسعەد ناوێکی مەریوانی بە خۆی و سوختەیەوە ئیسراریان کرد لەسەر ئەوە، کە ئەبێ ڕاتبە بکات. ئەنجا نازانم لە غەرەزی مامۆستام بوو، یان لەبەر خۆم. منیش ڕقم لەو وەزعە هەڵسا، لەو تەنگوچەڵەمەدا، لەو بەفر و شیددەتەدا قەرارم دا بچمەوە بۆ تریپەسپیان لە داخی ئەو نامەردانە. ئەسبابم پێچایەوە، دامە دەست مامۆستام. کە زانی ئەڕۆم،

١٧٣. لە دەسنووسەکەدا: خوارە.
١٧٤. دەستۆکەری: دەستکردنەوە، بێدەنگنەبوون لە دەستدرێژیکردنی بەرانبەر.

زۆری هەوڵ دا، وتی: خۆت ئەفەوتێنی، گورگ ئەتخوا. حیرس گرتمی و بە هەوای موقتەزای گەنجی، کە شوعبەیەکە لە شێتی، بەو فەرتەنەیە عەزمم کرد لەسەر کۆچ و گوێم نەدایە ئامۆژگاریی کەس. دوو دەرپێم بوو، هەردووکیانم لەپێ کرد و زۆر چاک خۆم پێچایەوە، لەچکم کرد، سەر و ملم پێچا بە دوو جامانە، فەقیانەکانم لە دەس و باسکم ئالاند، تەنها دەموچاو و دەسم بەدەرەوە ما. کەوتمە ڕێگا و بە زورگا[١٧٥] هەڵگەڕام، سەرەژوور، تەقریبەن لە عومری حەقدە ساڵییام و جەنگەی قووەت و تاقەتی گەنجیمە، باکم نییە و ماندووبوون نازانم چییە، تا ئەژنۆم بەفرە و دنیا تاریکوتەمە. ئەمما چونکە بای نەبوو و هەواش خۆش بوو، حیسسی سەرمام نەدەکرد. (بحول اللە و قوتە) زوو گەیشتمە سەر زورگەزرار، دانیشتم، ئیستیراحەتم کرد، جگەرەم خوارد، چەن ئایەت و دوعام خوێند. ئەنجا سەرەوژێر داگەڕام بە دیوی باقرتەدا، ڕێگا دیار نییە، لاپێیە. زۆر جار ئەکەوتم، تا پشتێنەم ئەکەوتە بەفرەوە، گەلێ کەڕەت بەلادا ئەکەوتم، هەڵئەخلیسکام. ئەمەندەم هەڵسوکەوت کرد، تەواو ماندوو بووم.

بە مەزەننە نزیک بوومەوە لە بناری زورگەکە، دانیشتم تەمەشایەکی دوای خۆم کرد بۆ سەر زورگ، تارماییەکم دی، بۆر و قەبە ئەجووڵان و بەرەوخوار ئەهاتن، ترسام کە گەلەگورگ بن. مووچڕکە بە بەدەنما هات، هەناسەم سوار

١٧٥. زورگا: زورگدا (ن چ).



بوو، دیققەتم دا، نزییک بوونەوە، زانیم گورگ نین، سێ هێسرسواری شوانکارەی قەراج بوون، ئەچوون بارە کا بێنن بۆ قەراج بۆ مەڕ و حەیوان. هەرسێکیان کەپەنەکیان بەسەرەوە بوو. من دانیشتبووم، لە دوورەوە دەنگیان دام، جوابم دایەوە، زۆر کەوتنە پەکوو پەکوو بۆ حاڵی من و گەلێ بەزەییان پیاما هاتەوە. یەکێکیان لە یەکێکیانی خوڕی، وتی[١٧٦]: کوڕە خۆ فڕێدە خوارێ، هەڵیگرە، بیخەرە سەر پاشکۆم. کابرا دابەزی و سواری پاشکۆی ئەوی تری کردم، کەپەنەکەکەی دا بەسەرما، ئنجا کەوتینە سوئال و جواب، زانییان کە فەقێم. وتی: بۆ کوێ دەچی؟ وتم: بۆ ترپەسپیان. وتیان: ئێمە هەتا باقرتە ڕەفیقی تۆین. وتم: بمگەیەننە باقرتە باکم نییە، چونکە مەلاکەی ئەوێ مەلا سەید خدر، فەقێی باوکم بووە. وتیان: بەسەر چاو، لەبەردەمی حوجرەی فەقێ داتئەبەزێنین. بەڕاستی مەردایەتییان کرد و دەلیلێکی خێر بوون بۆ من. ماندووم حەسایەوە. گەیشتینە باقرتە، بەردەمی حوجرە، بانگیان کرد: فەقێ وەدەرکەون، میوانێکمان بۆ هێناون. دابەزیم، چوومە حوجرە، هەموو فەقێکان سەریان سووڕما و تەعەجوبیان کرد. ئاویان بۆ گەرم کردم، دەستوقاچیان ششتم، چایان لێ نا. کە حیکایەتم بۆ ئەکردن، هەروا سەرسام ئەبوون، ئەیانووت: خوا بە کەرەم و ڕەحمی خۆی نەجاتی داوی. ماجەرای ئەو

١٧٦. لە دەسنووسەکەدا: وتم.

سەفەر و فەلاکەتەم[١٧٧] کە بەسەرا هات و نزیک بوو بە هیلاک بچم، تەفسیلی دەوێت، بەکورتی بڕیمەوە. خۆلاسە شەو لە باقرتە مامەوە. سبەینێ بە خۆشی گەشتمە ترپەسپیان. لام وەهایە پاش چل شەو زیاتر ناردم بۆ دیبەگە بۆ بوخچە و ئەشیاکانم. بەهاری دوای ئەو بەفرە بوو، سەرگوزەشتەی شایی فەقێکان کە تێکەڵ بە شین بوو، وەکوو ڕابوردوو نووسرا.

لە ترپەسپیان مامەوە. زۆر ڕووت بووم و پولێکم نەبوو، هەرچۆنێک بوو ڕام بوارد. ئێوارەیەک سێ ئێسرسوار هاتن، لە حەوشی مزگەوت دابەزین. مامۆستام ناردی بە دواما، فەرمووی: کاکە حەمە، ئاغای پیرداوود کوژراوە، ناردوویانە کە سێ فەقێیان بۆ بنێرم، ئیمشەو لەسەر جەنازەکەی قورئان بخوێنن، ئەچیت یان نە؟ وتم: بەڵێ، ئەچم. من و دوو فەقێی تر سوار بووین، نوێژی مەغریب لای دابوو، گەیشتینە پیر داوود. تاوڵێکیان[١٧٨] بۆ هەڵدابووین، جەنازەکە لەوێدا دانرابوو، نوێژمان کرد، دەستمان کرد بە قورئان خوێندن. چوار کەس بووین من و دوو فەقێی کە، سەیدێکی ئەوێش لەگەڵمان، لای خۆی وەک موڕاقیب و ئەمیندارمان، کە ئێمە ڕانەوەستین. پاش عیشا نانیان بۆ هێنان. شەو درەنگێک یەک تەشپی مێوژی زراریان بۆ هێنان. چەند دەقیقەیەک بە خواردنیەوە مەشغووڵ بووین.

١٧٧. لە دەسنووسەکەدا: سەفەرە و فەلاکەتم.
١٧٨. تاوڵ: دەوار.



شەوێ دەستنوێژم تازە کردەوە، لە شەقەجۆگەیەک کە بەلای دەوارەکەدا ئەڕۆیشت. کاک سەید زۆر سست بوو لە قورئان خوێندنا و ئەو میقدارەش کە ئەیخوێند، چونکە زۆر غەڵەتوپەڵەت بوو، هەر بەوەدا ڕادەگەیشتم، کە غەڵەتی پێ بڵێمەوە، ئاخری ڕجام لێ کرد، کە بە دەنگی نزم بخوێنێت.

سبەینێ کە ڕۆژ بووەوە، وا کە دۆست و دوژمن لێک ئاشکرا بن، نوێژمان کرد. ئەنجا وتم: کوڕینە چەندتان خوێندووە؟ فەقێیەکیان وتی: من شازدە جزوم خوێندووە، ئەوی تر وتی: من دوازدە جزوم خوێندووە. سەیدەکە وتی: بەخوا من هەشت جزوم خوێندووە. منیش بیست و شەش جزوم خوێندبوو، لەسەر (والذاریات) ڕاوەستابووم. وتم: ئەنجا خۆ هیچمان خەتممان تەواو نەکردووە، ئەگەر پرسییان بڵێین چی؟ سەیدەکە وتی: کوڕە بڵێین خەتمی تەواومان کردووە. لەوێش خەتم بە چواردە قڕانی ڕەش بوو. بە سەیدەکەم وت: بەخوا دیارە ئەمینداری چاکی. وتی: کوڕە لەپاشا بۆی تەواوکەن. وتم: باشە، ئێوە چی ئەڵێن، بڵێن. ئەمما من ئەڵێم[١٧٩]، چوار جزووم ماوە خەتم تەواو کەم. وتیان: باشە. پاش هەتاوکەوتن برای ئاغا هات لەگەڵ جوولەکەیەکا کە ئەمیندار و کیسەباخەڵ[١٨٠]یان بوو. وتیان: چیتان خوێندووە. سەیدەکە وتی: هەموو خەتمیان تەواو کردووە. وتم: من چوار

١٧٩. لە دەسنووسەکەدا: وشەی ئەڵێم دوو جار نووسراوە.
١٨٠. کیسەباخەڵ: ئەمینداری پارە.

جزوم ماوه. جووەکە پارەی داینێ. وتی: پارەی ئەمیش تەواو
بدەن، لەپاشا تەواوی[181] بکات.

لەپاشا وتیان: ئەرێ خۆ ئیمڕۆ پێنج شەممەیە، با یەکێ
لەم فەقێیانە ببەین بۆ سەرقەبران، تا مەغریب لەسەری
بخوێنێ، بیگەیەنێ بە جومعە. منیان ئینتیخاب کرد.
قەبرستان دوور بوو. هێسرێکیان هێنا، سوار بووم. بۆ دەمی
نیوەڕۆ ئەنجا دفنی تەواوبوو و گەڕانەوە. پیاوێک لای من
مایەوە، زۆری پێ نەچوو پیاوێکی تر هات، شەکروچا و
نیوەڕۆژەی هێنابوو. (ماعلینا) لەسەر قەبرەکە ماینەوە تا
نوێژی مەغریبمان کرد، قورئانێکی باشم خوێند. دوو
پیاوەکەو[182] هێسرەکەش لەوێ بوون. پاش مەغریب کە
نوێژمان کرد، سوار بووم، زەلامەکان بە گورگەلۆقە و منیش
بە سواریی ڕۆیشتین. بۆ عیشا گەشتینەوە پیرداوود، شەوێ
خزمەتێکی باشیان کردم. سبەینێ، لەبیرم نەماوە، پەنجا
قرانێکیان دامێ، کە جێگای[183] بیست دیناری ئێستەی پڕ
ئەکردەوە و من ئەو پارەیە لە بەرەکەتی ئەو ڕاستییەی
ئەزانم، کە گوتم خەتمم تەواو نەکردووە، چوار جزووم ماوە.
بە سواری هاتمەوە بۆ ترپەسپیان. کە چووم بۆ هەولێر، ئەو
پارەیە سەرتاپا لیباسم پێ کرد، زۆری مابووەوە.

١٨١. لە دەسنووسەکەدا: تەواو.
١٨٢. لە دەسنووسەکەدا: پیاوەکە.
١٨٣. لە دەسنووسەکەدا: جێگا.



لە سەرگوزەشتەی ئەو زستانە، کە لە ترپەسپیان بووم،
ئاغاکەی ئەوێ سلێمان ئاغا ئەغلەب شەوی شێشەممە و
جومعان دەهاتە ناو فەقێیان، یاری و سوحبەتیان ئەکرد،
گەلێ شەو گۆرەویبازییان ئەکرد تا نیوە شەو. شەوێک
لەسەر دڵخواز گۆرەویبازی کرا. سلێمان ئاغا و دەستەی
بردیانەوە، پیاوێکی چەتەوڵی لۆقدرێژی بوو، هەڵسا
فەقێیەکی کرد بە (پێچاڵ[184]) سەری بە دیوارەوە[185] نووسان،
لاقانی پێ دوور خستەوە، فەقێیە بچکۆلەی کرد بە
(مەکووک)[186]، خۆی بە (جۆلا). فەقێ مەکووکەی خستە
بەینی دیوار و لاقانی، فەقێی پێچاڵەوە و کۆمانییەوە وەکو
رکووع، فچکێکی بۆ ئەکرد و یەک ئەژنۆی ئەدا بە قنگی
فەقێ مەکووکا، ئەیگەیانە ئەودیو، کوتێکی باشیشی ئەدا بە
فەقێ پێچاڵەوە، لەودیوەوە فەقێ مەکووکی وەرئەگێڕایەوە،
ئەژنۆکەی تری بەهێزی خۆی ئەدا بە سمتی فەقێکەدا،
ئەیوت: فچک، بە شێوەیەکی سەیر و کوتێکی قایمی
ئەدایەوە بە فەقێی پێچالا، مەکووک ئەهاتەوە ئەم دیو،
دەی دەی تا چەن جار، وای لێ کردن تا ماندوو بووین.

فەقێ ڕقیان هەڵگرت. شەوی پاشوو هەرچەن شەوی موتالا
و دەرسیش بوو، ئەمما هەر بۆ حەقسەندن، ناردیان بە دوای
سلێمان ئاغا، بە دەستەیەوە هاتن. گۆرەویبازی دامەزرایەوە

١٨٤. پێچاڵ: ئەو چاڵەی جۆلا لەسەر عەرز دائەنیشێ و پێی تێئەخا و لەسەرەوە بە دەست و لەبنەوە بەپێ جۆلایی تیا ئەکات.
١٨٥. لە دەسنووسەکەدا: دیوارە.
١٨٦. مەکووک: مەکۆی جۆلا.

لەسەر دڵخواز، خولای من و تۆ کردی[١٨٧] فەقێ بردیانەوە، وتیان: بابە چیتان ئەوێ؟ - ترپەسپیان لە دەشتایە، مزگەوت لە ناوەڕاستی دێیە. لە سەربان قسەیەک بکە بە قایم، هەموو دێکە گوێیان لێیە- فەقێ حوکمیان کرد لە ئاغا، ئەبێ بچێتە سەربانی مزگەوت، بە دەنگی بەرز بانگ کەیت سێ جار "کوڕە هۆ ئاوایی ترپەسپیان! ئیمشەو کەس کەر نەگێت، نۆرە کەرگاینی[١٨٨] سڵێمان ئاغایە" وتی: کوڕە ئامان، دەخیل، دەستم دامێنتان[١٨٩]، ئابڕوم ئەچێت، ڕجاتان لێ ئەکەم، هەرچەن ئەڵێن شەکروچا ئەیدەم، ئەم پەندەم پێ مەدەن. کەڵکی نەگرت. وتیان: وەڵڵا غەیری ئەوە، بە هیچ ڕازی نابین، ئەبێت بشقیرێنی. ئەگینا[١٩٠] حیسابی ناکەین. چارە نییە. سڵێمان ئاغایان بردە سەربانی مزگەوت، لەگەڵ ئەوەڵ جار بانگی کرد: هۆ ئاواییی ترپەسپیان! هەرچی لە مالان بوو هەمووی هاتە دەرەوە، حیرەت و تەعەجوب گرتی. سێ جار بانگی کرد[١٩١]: ئیمشەو کەس کەر نەگێت، نۆرە کەرگاینی سڵێمان ئاغایە. هەردەمێ نادەمێ سیخورمەیان لێ ئەدا: دەنگ هەڵبڕە! تا سێ جارەکەی تەواو کرد. لەناو دێدا بوو بە هەرا. کە هاتینە

١٨٧. لە دەسنووسەکەدا: کرد.
١٨٨. لە دەسنووسەکەدا: کەرگانی.
١٨٩. لە دەسنووسەکەدا: دەستت دامێنیان، بەڵام (دامێنیان)ی ڕاست کردۆتەوە و (دەستت)ەکە وەک خۆی ماوە.
١٩٠. لە دەسنووسەکەدا: ئەگەنە..
١٩١. لە دەسنووسەکەدا: (کرد)ەکەی نییە.



خوارەوە عەرەقی هەڵئەڕشت و سپی هەڵگەڕابوو. بۆ سبەی لە هەموو جێ، لە هەموو ماڵ باس باسی ماجەرای ئەو شەوە بوو[١٩٢].

لە ترپەسپیان مامەوە تا دنیا گەرم بوو. بە هۆی پارەکەوە چووم بۆ هەولێر، لیباسێکی جوانوپەرداخم دروست کرد. لەگەڵ مەلا محەممەدی چنێرانی کە ئیستە لە مەخموور عەرزوحاڵ ئەنووسێت، برایەتیمان خۆش بوو و هەم چونکە جامیی ئەخوێند[١٩٣] و لەگەڵی پێدا ئەچوومەوە، بە هۆی ئەوەوە[١٩٤] تەفرەی دام، بچین بۆ ئیرانێ[١٩٥] لە خۆشناوەتی. چووین موددەیەک لەوێ ڕامبوارد، ناخۆش نەبوو، چونکە مەرحووم (سافی)ی کاک مستەفای[١٩٦] شاعیر گەنج بوو، لەوێ بوو، زۆر تەڕ و خۆشخوڵق و لەگەڵ فەقێدا تێکەڵ بوو. زۆرتر[١٩٧] لەگەڵ ئەو ڕامان ئەبوارد.

دوایی تاقەتم چوو، هاتمەوە بۆ هەولێر، لە مزگەوتی مەلا ئەفەندی لە قەلات لای مەرحووم مەلا عەبدوڵڵای کوڕی حاجی مەلا حەسەنی بورهانی، کە موستەعیدی ئەفەندی بوو، دامەزرام. دەسم کرد بە عەبدوڵڵا یەزدی. چەند مانگێک

١٩٢. لە دەسنووسەکەدا: (بوو)ەکەی نییە.
١٩٣. لە دەسنووسەکەدا: ئەخوێدن.
١٩٤. لە دەسنووسەکەدا: (ئەوەوە)کەی نییە.
١٩٥. ئیرانێ: هێران و نازەنین.
١٩٦. لە دەسنووسەکەدا: مستەفا.
١٩٧. لە دەسنووسەکەدا: زووتر.

پێکەوە لە حوجرەیەکا بووین. بە ناو فەقێ بوو، برنجیی[١٩٨] مەلا بوو. ڕۆژێ پێش ڕەمەزان وتی: کاکە حەمە، فلان کتێبم لازمە، لای مەلا عوسمانی بەحرکە هەیە، ئەتوانی بچی بۆم بهێنی؟ وتم: بەڵێ. چاکم کرد بەلادا، هەی پێم لێ کرد بۆ بەحرکە. نەشارەزا، هەر بە پرسیار، پێش نیوەڕۆ گەیشتمە[١٩٩] ئەوێ. کاغەزەکەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵام دا بە مەلای بەحرکە. پاش نوێژ مەلا بە کوڕەکەی وت: بچۆ نان بێنە. کوڕە ڕۆیشت جامێ دۆ و چوار نانی هێنا. زۆریشم برسی بوو، ئەمما سێ نانم خوارد، نانێکم پارووی شەرم هێشتەوە. مەلا وتی بە کوڕەکەی: ڕۆڵە! ئەوە بۆ ئەوەندەت نان نەهێنا، کە میوانەکە تێر بخوات؟ ئەوە ڕۆنەکەرەمان بوو، بۆچی نەتهێنا؟ ئەوە بۆیە چوار نانت هێنا، میوانەکە سیانی بخوا و یەکێکی بهێڵێتەوە؟ ئنجا تفێکی لێ کرد، وتی: کەر بە قوزی داکتدا ببا. پاش نیوەڕۆ گەڕامەوە بۆ هەولێر. کتێبەکەم هێنا بۆ مامۆستام. شەو ڕەمەزان بوو.

چەند مانگێک لە هەولێر ماینەوە. مامۆستا وتی: کاکە حەمە، بێتاقەتم، ئارەزووی سەفەرم هەیە، حافزێک[٢٠٠] بگرەوە، کە گرتمەوە، بە نیازی سەفەرکردنمان ئەمەی هێنا:

١٩٨. برنجی: واتا یەکەم موستەعید: مەبەست لە فەقێیەکە، کە لە دواپلەکانی خوێندندا بێت (ن چ).

١٩٩. لە دەسنووسەکەدا: گەیشتەوە.

٢٠٠. دیوانی خواجەحافزی شیرازی، ئەوسا باو بوو، فاڵیان پێ ئەگرتەوە. ئەگەر یەکەم شیعری یەکەم قەسیدەی سەر لاپەرەکە لەگەڵ مەبەستەکە بگونجایە، نیشانەی باشی ئەبوو.



(بختم ار یار بود رخت ازین جا ببرم)[٢٠١]. قەراری دا، کە بچین بۆ شاری کۆیە، لەوێ شەرع بخوێنێ چونکە یەک کەلیمە شەرعی نەخوێندبوو. ئیزنی لە مەلا ئەفەندی خواست بەو قەرارە، کە بۆ ئیجازەوەرگرتن بێتەوە خزمەتی. چووینە کۆیە. لەگەڵ گەیشتنی ئێمە، مەلا ڕەسووڵی خاڵ و مەلا ڕەسووڵی خوارزا گوروومەری، کە ناسیاو و ئاشنای مامۆستا بوون، بە سێ سوختەوە گەیشتنە کۆیە. هەر حەوتمان لە مزگەوتی بایز ئاغا دامەزراین. مامۆستا لای مەلا بەهائەددین دەستی کرد بە خوێندنی ئیبنوحەجەر، تەڵاق و نیکاح، هەموو ڕۆژێ مەلا ئەحمەدی کوڕەشوان لە مزگەوتی گەورەوە - چونکە میوانی مەلا محەممەد بوو - دەهات بۆ حوجرە، دەرسێکی مینهاجی پێ ئەوت.

ئەو زستانە زۆر خۆشمان ڕابوارد، زۆر بە کەیف، شەوێک مەجلیس گیرابوو لە حوجرە، زۆر قەرەباڵغ بوو ...[٢٠٢]

٢٠١. واتە: ئەگەر بەخت یار بێت، باروبنە لێرە ئەگوێزمەوە.

**٢٠٢. سەد حەیف و مخابن، مامۆستا لێرەدا وەستاوە و مەرگ مەودای نەداوە یادداشتەکانی تەواو بکات.**

# دیوانی شیعرەکانی

# چروستانی

## پێشەکیی چاپی یەکەم

کاتێك ئەم دیوانەی مامم، خوالێخۆشبوو (مەلا موحەممەدی چروستانی)م بەرچاوکەوت و خوێندمەوە، زۆر داخم خوارد، کە تا ئێستا نەمانتوانیوە بەچاپی بگەیەنین و بیخەینە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێزی کورد، بۆ ئەوەی ئەو ئاواتەی، کە خوالێخۆشبوو خواستوویەتی و لە پێشەکیی دیوانەکەیدا نووسیویەتی و دەڵێت: "سا مەگەر دوای خۆم ئاورێکی لێبدرێتەوە، بەشکم مەردێکی ئازای خاوەن دەس و دڵ بەچاپکردنی بیژیێنێتەوە ..." بیهێنینە دی.

بە پێویستم زانی ئەم ئەرکە بخەینە ئەستۆمان، بۆ هێنانەدیی ئەو ئاواتە بە مەبەستی خزمەتگەیاندن بە ئەدەبی کوردیمان، بە پاراستنی ئەو سامانە و پەرەپێدان و زیادکردنی.

جا، بۆ ناسینی شاعیر دەبێ بڵێین، لە شیعرەکانیدا ئەم شتانە تەواو بەدی دەکرێن: شاعیرییێتی، ڕاستگۆیی، زیرەکی و بلیمەتی، خواناسین، زانایی و بەهرەمەندی، دڵسۆزیی خاک و نەتەوە و نیشتمانپەروەری ... هتد. جا بۆ ئەوەی زیاتر شاعیر بناسرێت دەربارەی شیعرەکانی و هەندیک لە ژیانی، بە چاکترمان زانی چەند باسێک، کە لەلایەن بەڕێزان، مامۆستا مەلا یەحیا چروستانی و دوکتۆر عیززەدین و مامۆستا سۆران مەحوییەوە، لەم دیوانەدا بلاو



بکرێنەوە، هەروەها پەناشمان بردە بەر باوکی بەڕێزمان مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چروستانی، بۆ لێکدانەوەی واتای هەندێک لەو وشانەی بە گران هاتنە بەرچاومان لەم دیوانەدا.

هەروەها بەڕێزان مامۆستا موحەممەدی مەلا کەریم و مامۆستا عوسمان موحەممەد هەورامی پیایدا چوونەوە، بەوەش سوودی گەورەیان بەخشی و سوپاسیان دەکەین.

جا هیوامان وایە، کە خوێنەرانی کورد سوودی لێوەرگرن و جێی ڕەزامەندییان بێت و ئێمەش توانیبێتمان ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێ بکەین.

عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا چروستانی
١٩٨٥

## بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

## "باوکم و شیعر و بەهار"

لەبیرمە، لە تەمەنی منداڵیمدا، کە تازە ماڵمان هاتبووە شاری سلێمانی، باوکم خوا لێی خۆش بێت، قوتابخانەی هەبوو، کە نزیکی بەهار ئەبووینەوە، ئێواران لەگەڵ باوکمدا ئەچووینە قەراخ شار. وردە وردە ئەڕۆیشت بەڕێدا و شیعری بەهارنامەی دادەنا، ئەم بەهارنامەیە هەموو منداڵی قوتابخانەکە لەبەریان ئەکرد و لە نەورۆزدا بە سروود و گۆرانی ئەیانوت.

تاکوو لە ساڵی (١٩٣٦)ی زایینیدا چووە مزگەوتی (نەقیب) و لەوێ دامەزرا، وا بزانم ئەمە پێشەنگی شیعری باوکمە و پێش ئەوە شیعری دانەناوە، ئەم شیعرانەی، کە هەیەتی هەمووی هی دوای ئەو کاتەن، هەرچەند هەر لە هەوەڵەوە لە شیعرخوێندنەوەدا زۆر بەزەوق بوو. شیعری خواروخێچی پەسەند نەئەکرد و تۆزێ لەنگی لە شیعردا ببوایە ڕەخنەی لێئەگرت، بەڕاستی لە ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و فارسیدا زۆر شارەزا بوو، تەنانەت زۆر شیعری (نالی)ی لا پەسەند بوو و حەزی لێئەکرد، زۆر جار لەگەڵ شاعیری لاهووتی کورد (بێخود)، خوا لە هەردوولایان



خۆشبێت، ئەمدی کۆئەبوونەوە و شیعری (نالی)یان ئەخوێندەوە و لێکیان ئەدایەوە.

پێش کۆچکردنی لە ژیاندا بە چەند ساڵێک، زۆر جار پێم دەگوت، کە پێویستە ڕووپەڕەی ژیانی خۆت بنووسیت، کە ببێت بە پێشنووسی شیعرەکانت، بەڵام داخەکەم کۆچی دواییی کرد و ئەو ڕووپەڕەیەی نەنووسی، جگە لە چەند پەڕەیەک، کە تەنها باسی منداڵیی خۆی تێدا کردووە، کە لە (ئابڵاخ) بوون و لەگەڵ ماڵی باوکیدا چوون بۆ ناوچەی هەڵەبجە و چەند ساڵێکی فەقێیەتیی خۆی، کە لە ناوچەی هەولێر و کۆیە ژیاوە، هەروەها بە مەلایەتیش لە ناوچەی شارباژێر و ئالان و سیوەیل بووە و لەوێوە چووە بۆ پشدەر و ڕانیە و دیسانەوە گەڕاوەتەوە ناوچەی شارباژێڕ، تاکوو ساڵی (١٩٣٢)ی زایینی، کە ماڵەکەی هاتۆتە سلێمانی و ئەم ماوەیە زۆر بەسەرهاتی دیوە، کە شایەنی نووسینن و ئێمە ئاگادار نیین لێیان. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ڕووپەڕەیەک لە ژیانی، کە لە خۆیم بیستووە، جارجار باسی کردووە، بە کورتی پێشکەش بە خوێندەوارانی بەڕێزی بکەم و تکای لێبوردن و بەخشینم هەیە، ئەگەر کەموکووڕییەکی هەبێت، چونکە دەمێکە هیچم نەنووسیوە و دەستم لە نووسین ساردبووەتەوە.

باوکم ناوی موحەممەد کوڕی مەلا عەبدولڕەحیمی، ناسراو بە (چروستانی)، کوڕی عومەر، کوڕی شەریف، کوڕی ئیبراهیم، کوڕی موحەممەد ئاغا، کوڕی ئەمیر عەبدوڵڵا کوڕی پیرخدری شاهۆیە.

ساڵی (١٣١٢)ی کۆچی، بەرامبەر (١٨٩٠)ی زایینی، لە دێی (ئابلاخ)، کە ئێستە گەڕەکێکە لە شاری سلێمانی لەدایک بووە.

باوکی کە (مەلا عەبدولڕەحیمی چروستانی)یە، مامۆستایەکی زۆر بەرز و شارەزا بووە و لە زانایی و خواناسیدا بەناوبانگ بووە، دڵڕوون و دینپەروەر بووە. دایکی، ئایشە خانی کچی حاجی مەلا موحەممەدی زەندانە[٢٠٣]. کە خوالێخۆشبوو جەنابی کاک ئەحمەدی شێخ هێناویەتی بۆ ئابلاخ بۆ مەلایەتی و پێشنوێژی.

کاتێك باوکم لەدایک بووە، باوکی (مودەڕیس) بووە، دەرسی بە فەقێ وتووەتەوە. باوکی دایکیشی تەنها پێشنوێژیی کردووە. باوکم لە تەمەنی شەش ساڵیدا، لەسەر شێوەی ئەو کاتە دەستی کردووە بە خوێندن، لەگەڵ ماڵی باوکی چووەتە ناوچەی هەڵەبجە، چونکە لەوێ بووەتە مامۆستا لای مەجید بەگی وەسمان پاشای جاف، چەند ساڵێک لەو ناوچەیە، لای فەقێکانی باوکی خویندوویەتی، کە باوکی لە ناوچەی هەڵەبجەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی،

٢٠٣. زەندان: دێیەکە لە نزیکی دێی کانیکەوە.



لە مزگەوتی شێخ سەلام بووە بە مامۆستا. باوکم بۆ فەقێیەتی چووە بۆ ناوچەی هەولێر و کۆیە، ماوەیەک لە دێی هیران و نازەنین لەناو خۆشناوەتیدا ماوەتەوە، لەوێ چاوی بە کاک (موستەفا صافی)، ناسراو بە (کاکی هیرانی)، کەوتووە. بەینێك لەوێ ماوەتەوە و دوای سێ ساڵ فەقێیەتی، کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، ماڵی باوکی چووەتە بەرزنجە، لەوێ باوکی بووە بە مامۆستا، لەوێش کۆچی دوایی کردووە. بەهۆی پایەبڵندی و ڕێزی لەناو شێخانی بەرزنجەدا، لە قسنەکەی (شێخ عیسێ) و (شێخ مووسێ)دا، کە ئارامگەی ئەو دوو پیرە پیرۆزەیە، دەنێژرێت، ئێستە گۆڕەکەی لەوێیە، خوا پایەبڵندیان بکات لە بارەگای خۆیدا.

ئینجا باوکم ناچار بووە بۆ بەخێوکردنی دایک و خوشکی و بەسەراهاتنی گرانی و سەفەربەر، دەست لە خوێندن هەڵبگرێت و بچێتە دێی (سەراو) لە شاربازێڕ، لەوێ بووە بە مەلا، هەر لەوێ (عاصمە) ناوێك بووە بە خێزانی، جا هەر بە مەلایەتی چووەتە ناوچەی پشدەر، لە دێی بادین و دێگە. لە بادین ژنەکەی مردووە. لەو سەردەمەدا، سمایل خانی سمکۆی، سەرەک عەشیرەتی شوکاک، بۆ ماوەی چەند ساڵێک، بەیناوبەین ڕێی کەوتۆتە پشدەر. شەوێکیان چووەتە دێی (دێگە)، ڕێککەوت شەوی جومعە بووە. باوکم خوا لێی خۆشبێت، دەنگی زۆر خۆش و بەسۆز بووە، هەر لەو شەوەدا بۆ نوێژی خەوتنان، لە سەربانی مزگەوت دەستی کردووە بە بانگدان و سەڵاکردن، سمایل خان گوێی لێبووە، بانگی کردووە: مامۆستا، نزیك

ببێژە. مامۆستا، نزیك ببێژە. ئینجا كە لە بانگ و سەڵا بووەتەوە، پێیان وتووە: مامۆستا، سمایل خان دەڵێ، نزیك بێژە. سمكۆ بە بابەكر ئاغای گەورەی وتووە: پێم خۆشە ئەو مەلایە ئەو بانگ و سەڵایە دووبارە بكاتەوە، ئەویش وتوویەتی: قوربان، دووبارەكردنەوەی بانگ جوان نییە و دەبێ یەك جار بوترێت، بەڵام لە قورئانخوێندندا هەمان دەنگی خۆش و بەسۆزی هەیە. پێی وتووە، كە (عەشەرە)یەك قورئان بخوێنێت بۆمان، سمایل خان وتوویەتی: زۆرم پێخۆشە، دوای تەواوكردنی جەماعەتی خەوتنان، دەعوەت بكرێت بۆ دیوەخان. ئینجا ناردوویەتی بە شوێن باوكمدا و پاش ڕێزلێگرتنی، سمایل خان داوای لێكردووە، هەندێك لە قورئان بخوێنێت، كە دەستی كردووە بە قورئانخوێندن، هەموو ئاغای پشدەر، كە لەوێ دانیشتوون، ملیان كەچ كردووە و گوێیان داوەتە قورئانەكە و كارێكی زۆری كردووەتە سەر سمایل ئاغا، بەبێئیختیاری، فرمێسك بەسەر ڕوومەتیا هاتۆتە خوارەوە و زۆر بەكوڵ گریاوە.

دەڵێن، كە قورئانەكەی تەواو كردووە، داوای لە مامۆستا كردووە، كە ببێتە مەلای تایبەتیی هەمیشەیی خۆی، پێیان وتووە، كە مامۆستا تازە ژنی مردووە، وتوویەتی: وەرە لەگەڵ مندا، (١٠٠) لیرەی زێڕت بۆ دەدەم بە كچێك. بەڵام مامۆستا وتوویەتی: من ئێستا ناتوانم بێم، چونكە خوشكم لەگەڵدایە، كە چوویتەوە جێی خۆت، ئامادەم بێم بۆ لات، بەڵام قبووڵی نەكردووە لەلای ئەو ببێت بە مەلا و هەر



لە دێی بادین كچیان داوەتێ و ژنی هێناوە و هەر لەوێوە چووە بۆ ڕانیە و بووە بە مەلای ڕانیە.

لەو كاتەدا، عێراق تازە كەوتبووە ژێر دەستی هێز و سوپای ئینگلیز، ئەو ماوەیە، كە لە ڕانیە بووە، قازیی ڕانیە شێت بووە و خۆی كوشتووە، كاروباری دادپەروەریی ئەوێ بە باوكم سپێردراوە، لەو كاتەدا خوالێخۆشبوو (جەلال صائیب)، لەگەڵ (كاپتن كۆك)، كە فەرماندەی ڕانیە بووە، پێی وتووە: بۆچی داوا ناكەیت ببیت بە قازی؟ باوكم وتوویەتی: پێویستم بە مووچەی میری نییە. چونكە لەو كاتەدا مووچەخواردنیان پەسەند نەكردووە. جا بە هۆی ئەوەوە، كە ناوچەی پشدەر و مەنگوڕ و ئاكۆ لە ئینگلیز هەڵگەڕاونەتەوە، دەوری سوپا و لەشكری ئینگلیزیان داوە و لە شەڕی دەربەندی ڕانیەدا لەشكری ئینگلیز شكاوە، ئەویش ڕانیەی بۆمباباران كردووە. ڕێكەوت یەكەم بۆمبا بە ماڵی باوكمدا دراوە و بەشی زۆری كتێبەكانی بەر بۆمبا كەوتوون. ئێستا هەندێك لەو كتێبانە ماون، كە جێگای ساچمەی بۆردومانەكەیان پێوەیە.

ئینجا ناچار ڕانیەی بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە ناوچەی پشدەر و شارباژێڕ. لەم گوندانەدا: سەراو، یاخسەمەر، گاپیلۆن و سوورەقەڵات، تاكوو ساڵی (١٩٣٢)ی زایینی مەلا بووە. پاشان بە ماڵەوە گەڕاوەتەوە سلێمانی و ماوەی چەند ساڵێك حوجرەی كردووەتەوە بۆ فێركردنی مندالانی سلێمانی. لە ساڵی (١٩٣٦)دا بووە بە مەلای مزگەوتی نەقیب و دوایی ژیانی بە مەلایەتی و ڕێنمایی و

ئامۆژگاریکردن بردووەتە سەر، تاکوو ڕۆژی پێنجشەممەی مانگی نیسانی (١٩٦٣)ی زایینی، لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (شێخ جافەر)، کە ئێستا پێی دەڵێن گۆڕستانی (گردی جۆگە) نێژراوە، ئەم دێڕەش لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە:

**چروستانی، ئومێدی عەفووی خوایە**
**کە هاوناوی سەرۆکی ئەنبیایە**

وەکوو لەپێشەوە وتم: هەموو شعرەکانی باوکم لە ماوەی ساڵی (١٩٣٢)ی زایینی، تاکوو ساڵی (١٩٦٣)ی زایینی دایناون، کە لە تەمەنی چل ساڵی تێپەڕیوە. شتێکی ئاشکرایە کە ئادەمیزاد لە تەمەنی گەنجی تێپەڕی، بە چاوێکی تر سەیری ژیان دەکات و بیر لە دواڕۆژ زیاتر دەکاتەوە، چونکە تەماشا دەکات، لە ژیانی ئەوەندەی تێپەڕیوە. زیاترە لەوەی کە دێ و بۆی دەچێت، بۆیە بیر لە پاشەڕۆژ زیاتر دەکاتەوە. لەبەر ئەمەیە کە تەماشای شیعرەکانی باوکم دەکەیت و لێی ورد دەبیتەوە، تێبینیی ئەوە دەکەیت، کە باسی پاشەڕۆژ و خۆئامادەکردن بۆ کۆچکردنی دوایی و توێشوودانان بۆ ئەم کۆچە بەسامە و بیرکردنەوە لە وەستان لەبەردەم خوای گەورە و بارەگای خوداوەند و ئومێدەواری بە شادبوون و بە بەخشین لە ڕۆژی پرسیاردا، ئەمە ئامانجیەتی.



دیسانەوە، لە شیعرەکانیدا بەهێز و تینەوە هێرشی بردووە بۆ سەر هەژاری و نەداری، چونکە ئەو نەدارییە پێیەوە نووساوە و هاوڕێی ژیانی بووە تاکوو مردن، بۆیە زۆر بەڕوونی و ڕەوانی باسی شتێکی کردووە، کە خۆی تیایدا ژیاوە و بە دەستیەوە گرفتار بووە و پێیەوە تلاوەتەوە.

هەروەها تەماشاش دەکەین زۆر بە شێوەیەکی شیرین و لە کانی دڵەوە خۆشەویستیی نیشتمانی پیرۆزی لە شیعرەکانیدا دەربڕیوە و زۆر بەخۆشی و بەسۆز ڕزگاریی نیشتمانەکەی لەژێر دەستی دەرەبەگی و زوڵموزۆریی زۆرداران و سەربەرزی و سەرفرازیی نەتەوە خۆشەویستەکەی، ئامانجی گەورەیەتی، بۆیە لە شیعرەکانیدا ستایش و خۆشبەختیی دەربڕیوە بۆ شۆڕشی (١٤)ی تەمموز، کە وڵاتی عێراقی لە بێگانەپەرستی و بێگانە، ئازاد کرد.

ئەمەی کە باسمان کرد، ڕووپەڕەیەکە بەکورتی لە ژیانی باوکم، خوا لێی خۆشبێت، ئینجا ئەگەر کەموکووڕییەکی هەبێت، ئومێدم وایە مامی بەڕێزم، پایە بڵند جەنابی (حاجی مەلا عەبدوڵڵای چروستانی)، خوا درێژە بە ژیانی بدات، لە تەندروستی و خۆشی و سێبەری بەفەڕی بەسەرمانەوە بمێنێت، تاکوو زەمانێکی زۆر و لێی بێبەش نەبین، هیوام وایە بەهۆی ئەوەوە کە باشتر ئاگادار و شارەزاترە لە ژیانی باوکم و بەسەرهاتەکانی کە نووسیومن، ئەگەر کەموکووڕییەکی هەبێت، ئەو تەواوی بکات بە

شێوەیەکی جوان و قەشەنگ پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی بکات و ئاواتی باوکم و هەموو لایەك بێنێتە جێ، بۆ پاشەڕۆژ.

ئیتر خۆشیی هەموو لایەك لە یەزدانی پاك داواکارین.

یەحیا موحەممەدچروستانی
١٩٨٤/٢/٢٥



## دوو وشە بۆ سەرەتای شیعری مامۆستا (چروستانی)

لە مەڵبەندی سلێمانیدا، سەردەمێك کە ناوی (نالی) دەبرا، یەکسەر ناوی مامۆستا (مەلا موحەممەدی چروستانی) لەگەڵ ناوی ئەودا دەهاتە سەر زمان. لەناو مەلاکانی سلێمانی و ئەدەبدۆستاندا، مەلا موحەممەدی چروستانی بە یەکێك لە هەرە شارەزاکانی شیعری (نالی) دەناسرا، هەروەك بە پارێزەر و لەبەرکەر و چاکخوێنی دیوانی (نالی) دەناسرا. وەك لە مەولوودنامەخوێندنەوەدا، یەکێك بوو یەکێك بوو لە مەلا هەرە شارەزا و فەسیح و بڵندگۆ و چاکخوێنەکان، لە شیعرخوێندنەوەشدا بەتایبەتی لە خوێندنەوەی شیعری (نالی)دا، زۆر بە زەوق و زەمزەمە بوو.

دیارە، ئەم پەیوەندییە لەگەڵ نالیی سەر شاعیردا، لە دەروون و هەستی مەلایەکی شارەزادا، ڕەنگ ئەداتەوە و دەبێتە هۆی بەرهەمێکی تازە.

دەمێکیش بوو چروستانی بە شاعیر دەزانرا، بەڵام بەڵگەی لە کۆڕی بڵاوکردنەوەدا زۆر کەم بوو تەنیا ئەو چەند بەشەی (دایکی وەتەن) بوو، کە لە چەند ژمارەی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاو کرابووەوە. بۆ پاشماوەی پەیوەندیی نالی و چروستانی، ئەوە ئەو دیوانەیە، کە بە خەتی خۆی نووسیوویەتیەوە و خراوەتە بەردەستی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی و لە چاپ و

لێکدانەوەی (نالی)دا، سوودیان لێوەرگرتووە. بەڵام ئەوەش لای من هەر تەواو نییە، چونکە ئەو نوسخەیەی بە خەتی خۆی بووە و خراوەتە بەردەستی ئەوان، ڕەنگە نوسخەیەکی تازە بێت و خۆی (کە زۆربەی شیعری نالیی لەبەر بووە)، یا لەبەر یا لە نوسخەیەکی ترەوە لە نەخۆشخانەدا نووسیبێتیەوە. دەبێ بۆ بەڵگەی تری ئەم پەیوەندییە و نوسخەی تر بگەڕێین.

بۆ ڕەنگدانەوەش، ئەوە دیوانی مەلا موحەممەدی چروستانی، خۆی، یا ئەو کۆمەڵە شیعرانەی کە پێشکەشتان دەکرێن.

دیسان، وا دەزانم ئەمە هەموو شیعرەکانی نین، جا نازانم هەر ونبوون، یا کوڕ و کەسوکار ئەوەندەیان لێ پەسەند کردووە!؟

بە هەموو بارێکدا، بەم کۆمەڵە شیعرە بڕیار لە بارەی بەرهەم و شاعیریەتیی چروستانییەوە دەدرێت. لە نالی کێشی بەسۆز، قافیەی سوار و وشەی پتەوی بۆ ماوەتەوە.

سۆزی خۆشەویستی کۆڵەکەیەکی شیعری مرۆڤە و لە شیعری ڕۆژهەڵاتدا بریسکە دەداتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر خۆشەویستی یەکێك بێت لە باسەکانی شیعری چروستانی، ئەوە بە تەنیا نابێتە هۆی پەیداکردنی چمکێکی تر لەگەڵ نالیدا، بەڵام دەربڕینی خۆشەویستی هەر بە کەرەسەی وشەکاری و جوانکاری و دیمەنی بەلاغیی جوان و کێش و قافیەکانی نالییە. لەبەر ئەوە شاعیر دەچێتە ڕیزی قوتابخانە بەردەوامەکەی نالییەوە. بێئەوەی ڕەسەنی و



توانای خۆی ون کردبێت، یا خۆی لە زۆر وشەی پەیدابووی تازەبەکارهاتووی سەد ساڵەی پاش نالی لادابێت. شاعیر بەسەر هەموو کەرەسە کۆنەکەدا زاڵە و بە بەکارهێنانی نوێ، شتێکی تازەی لێدروست کردوون. ئەوەی وترا بەسەر ئەو شیعرانەشیدا دێتە دی، کە دەچێتە خانەی ستایشی ئایینییەوە و ئەوانیش یەکێکن لە بابەت و مەبەستەکانی شیعری نالی. ئەوەی تازە و جیایە، شیعرە نیشتمانییەکانیەتی. ڕاستە، لای هەموو ئەوانەی لە نالی گەیشتوون، (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ... هتد و دڵ سیاسەنگ نەبێت ... هتد) و تەنانەت ئەو شیعرانەی بۆ میری بەبە[٢٠٤] نووسراون، دەچنە ڕیزی سەرەتاکانی شیعری نیشتمانیی کوردییەوە، بەڵام شیعرەکانی چروستانی، با لە ڕوخساردا هەر سەر بە شیعری قوتابخانەی نالی بن، لە ناوەڕۆکدا چەرخی نیشتمانپەروەری و سۆزی کوردێکی ئەم چەرخ و سەردەمەیان پێوەیە.

چروستانی «دایکی وەتەن»، نیشتمان، کوردستانی خۆش دەوێت و خۆی بە یەکێك لە ڕۆڵەکانی دادەنێت.

هەر لەبەر ئەوە لەگەڵ هەموو دڵداخورپانێکی ئەو ڕۆڵانەدایە، هەموو شۆڕش و سەرکەوتنێکیان «تەزووی خۆش» دەدەن بە گیانی، ورشە و گەشە دەدەن بە شیعری، لە دڵسۆزی و ویژدانەوە ڕەگەزێکی گەورەی نیشتمانپەروەریی کوردانی دەستنیشان کردووە، ئەویش

٢٠٤. میری بەبە: میری بابان.

برایی کورد و عەرەبە، کە ئەمە بناغەی سەرکەوتن و پێشکەوتنی وڵاتە، دەربڕی دەروونی پاك و بێگەرد و دڵسۆزی کوردانە.

چروستانی بەم شیعرانە جێیەکی دیار لە ڕیزی شاعیرانی نیشتمانپەروەری کورددا، بۆ خۆی دۆزیوەتەوە.

لەو شیعرانەدا، کە لەبەردەستدان، گەلێك مەبەستی تر هەن، هەموو بەڵگەی ئەوەن کە شاعیر تەنانەت لەو شیعرانەشدا، کە زیاتر لە هۆنراوە دەچن، هەر ئەنجامی تەجروبەیەکی خۆی و ژیانی دەرخستووە و شیعرەکە ئاوێنەی ڕووداوێکە لە باری سەختیی ساڵانی جارانی مەلای کوردەوە، تا گاڵتە و قسەی خۆشی ناو خەڵکی سلێمانی و تا ئەو ڕۆژەی لە دڵەوە چەپڵە بۆ شۆڕشی ١٤ی تەمموز لێدەدات و بە نەخۆشی و دەردەداری، سروودی بۆ دەڵێت.

چروستانی شاعیرە، یەکێکە لەوانەی بەشێکی بەنرخی سامانی ئەم نەتەوەیەیان پاراستووە، گیانی شاد و یادی پاك و سەد سڵاو بۆ ئەو شاعیرە ...

د. عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ



## چروستانیی شاعیر

پیاوێکی هوشیار و جەسوور، هەرچەند نەخۆشبوو[٢٠٥]، ڕەنگ و ڕووی سوور، ڕدێنی وەك مێزەری، لە یەك دەچوون، وتار و شیعری بە زەمزەمەوە، گەلێك کۆڕی پێ ئارایش دەبوون، لە ڕەوانبێژیدا (فەصاحەت) وەها بوو، کە سەرنجی هەموو خەڵکی ڕاکێشابوو، تا بڵێی قانع و پیاوچاك ... تا بڵێی دەروونساف و دەستپاك و بێقسە و بێڕیا و بێغەیبەت بوو ... پیرێکی مەردی بەغیرەت بوو، لە جیهانی ئەدەبدا هەستیارێکی بەسۆز، بۆ ڕۆڵە و نەتەوەی دڵسۆز. خاکی نیشتمانی زۆر خۆشدەویست، بەرزیی کوردستانی لەلا مەبەست بوو، تاقانەی سەردەمی خۆی و ناوازە، لە بنەماڵەیاندا دێرین، نەك تازە[٢٠٦]، لە ژیانی فەقێیەتیدا سەرەڕۆ، لە ژیانی مەلایەتیدا ڕەنجەڕۆ، بۆ مژینی هەڵاڵەی

٢٠٥. مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانی لە کۆتایی ژیانیدا نەخۆشی و ئێش و ئازار زۆری بۆ هێنا و ئاکام لە ساڵانی (١٩٥٥- ١٩٥٦)ی.ز. بۆ ماوەیەك لە نەخۆشخانەی (تویسە)، لە بەغدا خستی و پاشان لە ساڵی (١٩٦٣)ی زاییینیدا، بە یەکجارەکی تەمەنی لەدەست دا و کۆچی دوایی کرد.

٢٠٦. مەلا عەبدولڕەحیمی چروستانی سێ کوڕی بوون، (مەلا یەحیا، مەلا موحەممەد و مەلا عەبدوڵڵا). بە مردنی مەلا یەحیا، هەر لە سەردەمی خۆیدا، مەلا موحەممەد بووەتە برا گەورە و پێم وایە مامۆستا مەلا یەحیا، کە ئێستا پێشنوێژی سوپایە لە بەغداد، بە خۆشەویستیی مەلا یەحیای برا گەورەوە ناونراوەتەوە ... مامۆستا مەلا موحەممەد (مەلا یەحیا، کاك ئەحمەد و کاك عەلی) و سێ کچی لەدوا بەجێماون.

زانست، وێنەی پەپوولە، گەڵێ چڵ چوو، گەڵێ گوڵ چوو، بۆ پیرۆزیی تەریقەت، بە پیری گەڵێ پیرەوە چوو[207].

یەکەم شیعری، زمانی بە بەستەی نەورۆز ... بە نەغمەی بەهار پژا[208]. دوا شیعریشی تویێشەبەرەی ئەو دنیا بوو ... بە

٢٠٧. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە ئەم شیعرەی شاعیر، بزانین لەم ڕووەوە چی دەفەرموێت:-

**ئەیا (فخر العرب)، من چاوەڕێی لوتفم، کە هاوناوم**
**بە ناوت، گەرچی کوردم، نیسبەتی ئەسڵم چروستانە**

**لە ئادابی طەریقەت، کە تەریقم وشکە، ئیخلاصیم**
**بە دەرگای شای بوخاری، بازی ئەشهەب غەوسی گەیلانە**

دەبینین، هەر چۆن باووباپیرانی چروستانی دڵسۆزی تەریقەتی نەقشبەندی بوون، ئەمیش هەر بەم جۆرە سووتاوی چرای ڕوخساری ئەوان بووە، هەرچەندە لە شیعرەکەشدا دەریدەخات، با لە پشتیشەوە بچینەوە سەر بازی
ئەشهەب و شێخ عەبدولقادری گەیلانی.

٢٠٨. **لە گوێما دەنگی بێڕەنگی بەهار و کۆچی زستانە**
**کە گۆیا باری خەم نامێنێ، نۆرەی کەیف و سەیرانە**

**لە باسوخواسی خەڵکی، وا دیارە جەژنی نەورۆزە**
**کە ڕۆژی تازە دێ، دەبڕێ لە چاوا ئەم تەم و تانە**

تا لە کۆتاییی شیعرەکەدا دەفەرموێ:

**(چروستانی)، بە ئازادی دەپشکوێ گوڵ بە دڵشادی**
**تکایە، نیشتمانزادی بڵێن ئەم شیعرە خۆشانە**



ئاوازی خۆشی و دەنگ و سەڵای کاریگەر، بە زەمزەمەی پڕشۆخی، بەردی دەهێنایە گەڕ[209]، عەجایب کسپەیەکی لە دەروونندا هەڵدەساند ... عەجایب ئاهێکی لە دەماغدا دەهەژاند ... ئای چ کۆڕێکی ئارایشت دەدا ... ئای چۆن تۆزی خەمێکی بەبا دەدا.

زانا و شاعیر، ئەم باڵابڕینە مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عبدولڕەحیمی ناسراو بە مەلای (چروستانی). با بزانین ڕێبازی شیعری ئەم شاعیرە مەزنە چۆن بووە.

چروستانی، بێجگە لەو چەند پارچە شیعرەی، کە کاتی خۆی بە ناوی (دایکی وەتەن)ەوە لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری گەلاوێژی ئازیزدا بڵاوی کردوونەتەوە[210]، ئیتر شیعری بڵاوکراوەی بەرچاوی خوێنەران نەکەوتوون.

جا بۆ ئەو مەبەستە، ئەگەر لێکۆڵەرەوانی ئەدەب و بەتایبەتی ئەوانەی عاشقی شیعرەکانی مەلای چروستانین، بیانەوێت باسێك لەسەر شیعرەکانی ئامادە و پێشکەش بە مێژووی ئەدەبی کوردی نازدارمان بکەن، ئەوا دەبێ وێڵی زۆر سەرچاوەی باوەڕپێکراو بن. تاکە سەرچاوەیەکی

٢٠٩. مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانی، هەر چۆن شاعیرێکی بەهرەدار بووە، بە هەمان شێوە هونەرمەندێکی لێهاتوو و دەنگخۆش بووە، وەك دەگێڕنەوە، زۆربەی شیعرەکانی (نالی و مەحوی)ی سەرکەوتووانە، بە ئاواز و مەقامەوە وتوونەتەوە.

٢١٠. وەك لەم دواییەدا، لە مامۆستا ساڵح چروستانیم بیستووە، تەنها هەر شیعری بڵاوکراوەی لە گەلاوێژدا نەبووە،بگرە شاعیر چەند پارچە شیعرێکی تریشی لە (دەنگی گێتی و هەتاو)دا بڵاو کردوونەتەوە.

باوەڕپێکراویش ئەمڕۆ، بۆ ئەم مەبەستە لەبەردەستدا بێت، تەنیا دیوانە دەستنووسەکەی شاعیر خۆیەتی ...

جا بۆ ئەو مەبەستە، ئێمە، ئەگەرچی سەرپێییش بێت، سەرنجێ لە شیعرەکانی ئەو دیوانەی شاعیر بدەین، دەبینین دنیای شیعری مامۆستا مەلا موحەممەد گەلێ قووڵ و وردە، پڕە لە زۆر ڕەوانبێژی و یاریکردن بە وشە و وشەئاراییی و جوانکارییی ئەوتۆ، کە کەم شاعیری ئەو سەردەمە دەسەڵاتی بەسەردا بووە و توانیویەتی هەڵسوکەوت و بەو جۆرە مامەڵەیان لەتەکدا بکات. جگە لەوانەش شیعرەکانی شاعیر لەبۆتە و قاڵبی مانا و ناوەڕۆکەوە دەکرێن بە چەند بەشێکەوە و هەر بەشەشی لە بناوان و سەرچاوەیەکی ساف و بێگەردەوە هەڵقوڵاوە ...

**دیارە هەموو ئەو بەشانە لەم لقانەی خوارەوەدا ڕەنگ و بۆی خۆیان دەدەنەوە:-**

١- شیعری ئازیزیی (ئاو و خاك) و (بەهار و نەورۆز) و نازداریی (ڕۆڵە و نەتەوە)، کە سەرجەم ئەو شیعرانە لە شیعرە نیشتمانییەکانی شاعیردا خۆیان دەنوێنن، کە کاتی خۆی بەشێکی بە ناوی (دایکی وەتەن)ەوە لێ بڵاو کراوەتەوە.



٢- شیعری ئەوین و عەشق و دڵداری، کە هەموویان وەسفی جوانیی خەتوخاڵ و موژە و زوڵف و ڕوو و لێو و چاو و برۆی یارە.

٣- شیعری پاڕانەوە و پیاهەڵدان بە خوای گەورە و پێغەمبەر و یارانیدا، کە بەوەش ئەو شیعرانە تێکڕا دەچنە خانەی شیعری (ئایینی و خواناسییەوە).

## وتەیەك دەبێ بوترێ

سەرجەم شیعرەکانی شاعیر، بە هەموو وشەکانی و لقەکانیەوە تەونی چنین و سفتوسۆڵیی دارِشتنیان لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی شیعری کلاسیکی ڕایەڵ کراوە، بە پێودانەیەکی ئەوتۆ، کە بەتەواوەتی هێز و تین و تەوژمی لەو قوتابخانە شیعرییەوە وەرگرتووە ... بە جۆرێکی وەها خوێنەران، بەگران دەتوانن لەو قوتابخانە شیعرییەی جیا بکەنەوە، ئەگەر جارجارێکیش شاعیر ویستبێتی چەند بابەتێکی نوێ و تازە، بەتایبەت لە ناوەڕۆك و شیعرە نیشتمانییەکانیدا، لەبۆتە و قاڵبێکی نوێدا جۆش بدات، ئەوا خوێنەران زوو هەستی پێدەکەن، چونکە لەو حاڵەتەشدا هەر سیما و نیشانەی ئەو قوتابخانە شیعرییەی پێوە دیارە و بگرە دەتوانین بڵێین: هەر درێژەپێدان و گەشەپێکردنی ئەوە و هەردەم پەیڕەوی شاعیرە کلاسیکییەکانی بەر لە خۆیەتی[٢١١].

٢١١. وەك نالی، سالم، کوردی، مەحوی.



## وشەیەکی شیاوتر

منیش پێم وایە، وەك چۆن ڕای زۆربەی ئەدیب و ئەدەبدۆستان لەوەدا یەك دەگرێتەوە، کە شیعرە دڵدارییەکانی مامۆستا چروستانی شوێنپێی شیعری شاعیری مەزن و بلیمەت (مەلا خدری نالی)یان هەڵگرتووەتەوە، بێجگە لەوەش، مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانی، کە هەموو شیعرەکانی نالیی بەچاکی لەبەربوون، جوان و ڕەوانیش لە شوێنی شیاوی خۆیاندا، ڕاڤەی دەکردن و لێکی دەدانەوە، جا لەبەر ئەوە چروستانی، بە یەکێك لەو ئەدەبیانە دادەنرێت، کە بە متمانە و دەستپاکییەوە، شیعرەکانی نالیی پاراستوون و نەیهێشتووە دەق و تێکستی شیعرەکان بشێوێنرێن.

ئێستاش بۆ ئەوەی لە جەوهەری باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، ئەم دوو پارچە غەزەلەی شاعیر بە نموونە دەخەینە پێش چاوی خوێنەرانی ئازیز:-

## غەزەلی یەکەم

من کە دڵماتەمنشین و بولبولیش هاوار و شین
هەر یەکە سەوداسەری خونچەی گوڵیکی بێغەشین

من بە نەقدی دڵ لە سەوزەی خونچەلێوی سوخمەشین
ئەو بە ئاهی لێوی خونچەی دوگمەسەوزی ئاتەشین

هەر یەکە خار و جەخارێ، باری دەردی دڵکەشین
تاڵی شاری، کوڵم و ژاری، ماری زوڵفی خەمچەشین

هەر یەکە زامی بە تیر و نەشتەرێ کون کون لەشین
دڵ بە ئاواتی نەباتی گوڵدەمی ماتەم بەشین

هەر یەکە سەرخۆشی جۆشی قەترە عەترێکی خۆشین
کوا نەسیمێ بێ بەیانی، دەم گوڵی کا مەهوەشین؟

تا لە کۆتاییدا دەفەرموێ:-



من سەرم سوڕماوە، چۆن ڕێکەوتوون وا سوور و شین
خاڵی شین ماتم دەکا، بەو لێوە سوورە دڵگەشین

ئووچی پاراو و تەڕی زاری (چروستانی) یەقین
بولبولا، سا نەغمەیێ سەد نەزمە بێ، طالعڕەشین

دەبینین، شاعیر هونەرمەندانە توانیویەتی خۆی بە بولبول بچوێنێ و ئەو ئاسایی، هاوار و شینی ڕووی پەڕەی گوڵی بێت... بەڵام چ گوڵێك؟ گوڵێکی بێعەیب و غەلوغەش، کە هەردەم لە هەستەوە بە نەقدی دڵحەسرەتی خونچەی لێویەتی و بە دڵ عەزرەتی سوخمەی شین و دوگمەی سەوزی ئاگرینیەتی. بەڵام ئاخ سەد ئاخ! ئۆف سەد ئۆف! بەو ئاواتانەی ناگات و خەم و دەرد زیاتر دەبنە سەربار و، ئەو کوڵمە شیرین و گەشەی یار، لەلای تامی تاڵی شاری دەدات و زوڵفی ڕەشماریشی پەیتا پەیتا ژاری خەمی لێدەنۆشێت ... بۆیە برین و زامی جەستەکەی کە بە موژەی یار شەقار شەقار بووە، وەك زامی دەلاقەتێکراوی جەستەی بولبول، بە چقڵی تیژی گوڵ وایە و چاوەڕوانی بای سەبای بەربەیانە، بەشکم بە بۆی عەتر و عەنبەری، کەمێك دڵی پەژارەی فێنك بکاتەوە و تۆزێك جەستەی زامداریشی سارێژ بکاتەوە و لەو بەدمەستی و سەرخۆشییەی لەهۆشی بردووە، بەئاگا و هەست و هۆشی بێتەوە. سەرەنجام شاعیر دێتە سەر ئەو بیرەی بڵێت:

عەجەب ماوم لەوەی یار ئەوەندە کوشندەیە، کەچی منیش لەگەڵ ئەو هەموو کوشندەیییەیدا، زیاتر کوژراوی دەبم، دەستم لێی بۆ هەڵناگیرێت!! جا نازانم چ شتێك یەکی خستووین سەیرە لام، چۆن سوور و شین بەسەر یەکدا جۆش دەخۆن و یەك دەکەون! خاڵی شین خەفەتبەخشە و لێوی سووریش دڵشادی دەبەخشێت، دە وەرە بولبولی سەناخوان، تۆ چۆن نەغمەی پڕسۆزت بۆ گوڵ دەڵێیت، منیش هەر قەڵەمی دەمم سەد نەزمی جۆراوجۆری لێدەبارێت، کەچی نە من، نە تۆ بەختەوەرین و چارە و بەختی تالعی ڕەشمان نایهێنێت.

شاعیر لە غەزەلی دووەمدا، کە سەرانسەری عەشق و دڵداری و خۆشەویستییە، زیاتر لە مەبەست و ڕازەکانی دادەگرێت و دەفەرموێت:-

## غەزەلی دووەم

ئەی بوون و نەبوونی نەفەست، مان و نەمانم
بێنەقدی هەوا، مردن و سەوداتە ژیانم

ئاوایی دڵم چۆڵە، بەبێ خێڵی خەیاڵت
ئاوایی بە دڵداری بفەرموو، دڵ و گیانم



بێ دەرکە ڕەقیب، ئەو تەمەڵە لاتی هەلاتە
خۆم مەشقی غەمی ئەشقی تۆ، ئازانە ئەزانم

ئەو دڵ ڕەشە، نەعل و یەمەنی ماڵە بە دەمیا
من مۆرە دڵم، ماڵی لەبی لەعلی یەمانم

ئاوارە دەکا پەرچەمی، ئێوارە تەماشام
وا هەر بەتەما چوونی شەو و بوونی بەیانم

لابە تەمی زوڵفت لەسەر ئاوێنەی کوڵمت
با چارەیی بێچارە بدا جارێ نیشانم

تا لە کۆتاییی شعرەکەدا دەفەرموێ:

عەهدێکە، دوو پێم ناوەتە ڕێی عەشقت و ماتم
بۆ شوێنە ونی، هەر بە تەما، هاتی ژوانم

کەشکۆڵی دڵ و زاری (چروستانی) لە نەزما
پڕ بابەتە بۆ دڵ، هەچی پێویستە، ئەزانم

ئەوەتا شاعیر لەم پارچە غەزەلەیدا، مان و نەمانی ژینی بە بوون و نەبوونی ژیانی یارە شۆخوشەنگە نازەنینەکەیەوە دەبەستێتەوە، چۆڵیی و ئاواییی دڵی، بە

خۆشەویستیی دڵ و گیانی دڵدارەکەی دەسپێرێت و ئاوەدان دەکاتەوە، بۆیە دەڵێ، ڕەقیب نەفام و بێهۆشە، فڕوفێڵاوی و ناڕاستە، وەك من نازانێ ئازایانە مەشقی عەشقی خەفەتباریی دڵداری بکات. دیارە بەوەش داخی دڵی گەوهەری شەوچراخی بەنرخ و بەبەهای خۆی وندەکات و منئاسایی مۆری دڵی، خەرجی ئەو گەوهەر و لەعلە پڕ بەبەهایە نییە، کەواتە، ئەی یاری نازدار و نازەنین، تا زووە لە تۆڵەی ئەم هەموو وەفادارییەدا، زوڵفی شەوەزەنگی پەرشوبڵاوت لەسەر ڕۆژی ڕووت لادە.

چونکە من لەمێژە بەتەمای نیگاری ڕوخساری بێچارەی خۆمم، کە بۆ جارێك چییە، لەسەر ئاوێنەی بلووری کولمەکانت دەرکەوێت! بۆیە دنیای عەشق و خۆشەویستی کەشکۆڵی دڵی منە و زۆر شتی سەیری هەڵگرتووە ... تەنانەت نەزمی غەریب و نامۆشم چاوەڕوانی ئاواڵەی بەزمێکی پڕجۆش و خرۆشی ئەوتۆیە، زیاتر خۆشی بە هەست و گیان و ڕۆحم بدات.



## پاشگەزبوونەوەیەکی ئاشکرای شاعیر[٢١٢]

مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانی، پاش ماوەیەك بەسەر دانانی هەندێك لەو شیعرە دڵدارییانەی، تۆوی گیانی پەشیمانبوونەوە لێیان، واتە لە ڕووی ناوەڕۆك و مانایانەوە، لە دڵیدا چەکەرە دەکات و ڕەگ و ڕیشەی خۆی دادەکوتێت، تا ئەنجام سەوز دەبێت و سەر هەڵدەدات.

جا بۆ ئەو مەبەستە، شاعیر دەروازەی شیعرە دڵدارییەکانی لەم ڕووەوە کلۆم دەدات، شیعری ئایینی و پاڕانەوە لە خواوەندی گەورە و پیاهەڵدان بە پێغەمبەر و یارانی و زۆر باسی تری ئەو بابەتە، بەڕای من هەرچەندە شاعیر لەم بابەتە شیعرەدا، وەك شیعرە دڵدارییەکانی سەرکەوتن و پێشکەوتنێکی گەورەی بەدەست نەهێناوە، بەتایبەتی لە ڕووی داڕشتن و شێوەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، زیاتر شاعیر مەزەی (تەبع و مەزاج)ی لەگەڵ دانانی ئەو شیعرانەدا دەگونجێت و ڕێك دەکەوێت. پێشم وایە هۆی گشتیی ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە مامۆستا مەلا موحەممەد هەر پشتاوپشت، بە مەلازادەیی هاتبێتە

٢١٢. هەر وەك لەم پارچە شیعرەیدا دەردەکەوێت کە دەفەرموێت:

بەپیری عەجایب گڕوگاڵ ئەکەم
عەجەبتر، کە باسی خەتوخاڵ ئەکەم

تا کۆتاییی شیعرەکە.

خوارەوە، لەناو باوەشی بنەماڵەیەکی ئایینپەروەردا گەورە بووبێت و چاوی کردبێتەوە.

ئەوەتا شاعیر لە مەیدانی شیعرە ئایینییەکانیدا، بڕە شیعرێکی (١٣١) بەیتی، کە ناوی (حەوت چینی چەمەن)ە و دەستڕەنگینی و قەڵەمبەبڕشتیی خۆیمان بۆ دەردەخات و منیش تەنها دوو نموونەیان لە چینی (یەکەم و حەوتەم) بەرچاو دەخەم، بە مەبەستی تێگەیشتن و حاڵیبوون لەم جۆرە شیعرەی مامۆستا.

ئێستاش ئێوە و هەندێ بەیتی ئەو دوو چینە شیعرە:

## چینی یەکەم

عەجەب جەمعییەتێکە ئەم بەهار و جەژنی قوربانە
لە قەڕنێکا (تصادف)کا، مەگەر ئەم نەوعە جەژنانە

دڵ و گیانم ببێ قوربانی، قوربانێ جڵەوکێشە
کە ڕاکێشێ لەگەڵ خۆی ئەم بەهارە و ئەم گولستانە

مەڵێ خاکی حیجازی پڕ لە حاجی کردووە، تەنیا
بڵێ دنیا سەراسەر (فی المثل) وەک حاجی بوستانە



تا لە کۆتاییی شیعرەکەدا دەفەرموێ:

بە نەشئەی بای سبەینان و شنەی خۆشی شەماڵی ئەو
عەجەب سەف سەف لە ڕەقسان و، چلۆن هاتوونە جۆلانە

چروستانی، هەموو عالەم سەناگۆی زاتی مەننانە
ئەگەر چی ئەم قسانە دێنە گوێی مونکیر بە ئەفسانە

بەڵام شاعیر لەدوای چینەکانی ئەو حەوت چینەی چەمەندا، کە چینی حەوتەمی چامەکەیەتی، بەم جۆرە تێهەڵدەچێت و دەفەرموێ:

## چینی حەوتەم

لە مەحشەردا شەفاعەتکردنی طاها، ڕجامانە
کە عەزم و هیممەتی بۆ ئوممەتی داماوی، دەرمانە

شەفیعێ (رحمة للعالمین) بێ، غیرەتی وایە
نەبێ ڕازی، ببینێ ئوممەتی دووچاری خوسرانە

شەفاعەتییە ئومێدم، گەرچی بێمایەم لە پەیڕەویا
کە ئەو کانیکەرەم، دەسمایەی ڕەحمی گەدایانە

بە جاهی خۆت لە ڕۆژی (أمتي وأشفع تشفع)دا
لە هاوارم وەرە، وەختێ جەنابت سەدری دیوانە

**تا لە کۆتاییدا دەفەرموێ:**

خودایێ ڕەحمی وا، پێغەمبەرێ دڵسۆزیی ئاوابێ
بە دووری دامەنێ، کێوی گوناهـ ئەر بێ بە زیزانە

بە تێڕوانینێکی ئەم شیعرانەی دوایی شاعیر، بەتایبەتی (ئەو حەوت چینەی چەمەن)، کە شاعیر دەرهەق پاڕانەوەی لەبۆ ڕۆژی قیامەت و شەفاعەتکردن ڕازاندوویەتییەوە، بە گیان و دڵ هانا دەباتە بەر عەزم و هیممەت و غیرەتی پێغەمبەر و داوای پشت و پەنا بۆ خۆی و کۆمەڵی لێدەکات و دواییش دەڵێ، من و ئوممەتم لەو ڕۆژە ناخۆش و پڕ هەڵدێر و ناهەموارەدا، چۆن تووشی ناخۆشی و دووچاری دەردیسەری دەبین، کە دەسمایەمان کەسێك بێت هەردەم هاوار و شەفاعەتی بێجیاوازی بۆ هەمووان بێ و لە ڕۆژی جەزادا سەدری دیوان بکات، ئەمانە هەر هەمووی ئەو ڕاستییەمان لا ڕوون و ساغ دەکاتەوە، کە خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانی لەم چامە گەورە و بەرزەیدا پەیڕەوی شیعرە ئاینییەکانی مەحوی، (١٢٤٦-



١٣٢٤ی ک)[٢١٣]. کردووە و بێشك و سڵەمینەوە چووەتە دنیای شیعری پڕ لە خواناسین و تەسەوفی مەحویی شاعیرەوە.

تەنانەت لەو بڕە شیعرە دوور و درێژەیدا، ئەویش شان دەکوتێ و ئازایانە دەچێتە ڕیزی گشت چامە ئاینییە کوردییەکانی ترەوە، بەمەش شاعیر بەردێکی تری ناوەتە سەر چینی بناغەی ئەو چامانە و لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیی پێڕازاندووەتەوە و قەشەنگ کردووە.

سۆران مەحوی

٢١٣. دەکاتە (١٨٣٠– ١٩٠٦)ی زایینی.

**به قەڵەمی هۆنەر و هەڵبەستی محەممەد چروستانی**

٣ی شەعبانی ١٣٧٧ی کۆچی / ٢٣ی شوباتی ١٩٥٨ی زایینی

به ناوی خودای ڕۆزیدەر و خێوی پەرۆشە
پیتوفەڕی سەر پێغەمبەری کانگەیی هۆشە[٢١٤]

ئینجا نەتەوە و هاوڕێ، دواکەوتووی خاسان
ئێمەش بگرێ، ترس و سزالابەری ئاسان[٢١٥]

٢١٤. ڕۆزی: بژێوی. خێوی پەرۆش: خاوەنبەزەیی، کەسی تەنگانە.
٢١٥. خاس: چاك.



## سکاڵای دایکی وەتەنی کورد لە دەست نەتەوەی سپڵە و خۆهەڵکێش و هیچ لەبارانەبوو

## مەراق

یەک شەو لە کەلاوەی دڵی ساباق و وڕاقا
خەو ڕۆیی و زڕا، ڕۆچوو لە ڕاوێژ و مەراقا[٢١٦]

تا بیری ئەکرد هێندە لەناو کوردی کەساسا
ئەم نەگبەتییە هەر لە برەودایە، دەتاسا[٢١٧]

هەر ڕیشەیی خۆی دادەکوتێ و تەرزی دەهاوێ
سەرپاکی لەیەک کردن و هیچ کەس کەسی ناوێ[٢١٨]

هەرچی ڕەگەزە ڕێگەی خۆیی گرتووە، ئازا
ڕۆڵەی ڕەگەزی کوردی لە ڕێ، بۆچی ترازا![٢١٩]

٢١٦. ساباق: چۆڵەوانی، ساردوسڕ. وڕاق: فراوان، پانوبەرین. ڕاوێژ: وتووێژ، بیرکردنەوە.
٢١٧. برەو: گەشە.
٢١٨. ڕیشە: ڕەگ، بێخ. سەرپاك: سەراپا، تێکڕا، هەموو.
٢١٩. ڕەگەز: توخم.

هەر ژیر و هەژاریّ لە ژیانایە هەراشە
ئەم کوردە نەبیّ کەوتووە، ساوایە، لەپاشە[220]

هەوڵی هەموو کەس بەرزیی و پێشکەوتنە، کۆکن
بۆ لەم نەتەوە هەڵنەکەویّ، یێژی نەزۆکن![221]

٢٢٠. هەراش: وریا و چالاک.
٢٢١. کۆك: تەبا. نەزۆك: مێینەیەك کە سکوزا.



## کوردی پێشوو چۆن بووە، کوردی ئێستە چۆنە!

بیستوومە، کە دارِشتنی ئەم کوردە لەمەوبەر
هەروەک لە گرِ و با، مس و پۆڵا بوو، کەلانتەر[222]

هێزی وەکوو با بوو، گورِی هەروەک گرِی ئاگر
سەرکردە بەباهوو، پتەو و سەخت و قەڵاگر[223]

تینی وەکوو شێریّ، کە بدا تاو و پەلامار
یا چەشنی پڵنگیّ، درِی هەڵمەتبەری زامار

پیاوانی لە سەربەرزی و ساما، هەموو وەک کێو
لاوانی بەنرکە و، لە تەکانا هەموو وەک دێو

ئەو کوردە بەجەرگە، کە لە تیر چاونەترووکێن
بۆ زارەترەک، ئێستە دەتۆقیّ لە هەلووکێن![224]

٢٢٢. کەلانتەر: دەمرِاست، ئیش بەدەست.
٢٢٣. باهوو: قۆڵ.
٢٢٤. چاونەترووکێن: چاوقایم، بوێر، ئازا.
زارە: سووککراوی وشەی (زاڵە)یە بەواتا (زراو).
زارەترەك: شێوەی هەورامییە بە واتای (زراوتەقیو) لە ئەنجامی ترس و سامی زۆردا، وتراویشە زراوت تۆقیّ.

ئەو قاڵبی وا قاییمە، وەک کۆشکی خەوەرنەق
وەک پردی ڕزیوە، کەلوکۆماوە، شڕوشەق[225]

داخم لەبەر ئەو قەد و قەڵافەتییە لەپێشا
ئەستوور و بەخۆوە، وەکوو فیل کێوی دەکێشا

ئێستە کز و لاوازە، لەسەر پشتی هەڵێ زوێڵ
جووڵانی نییە، تا دەخەنە ژێری دوو سێ نوێڵ[226]

هەر دان و خرێ و کاکیلەیە، ئێستە ئەنواڕی
هەر وەک چەپەری کۆنە، هەوەڵ بەردی ئەهاڕی[227]

ئەو چاوە گەلاوێژییە، تیژ بوون وەکوو دووربین
بۆ ئێستە دڵۆپە لە قەراغی دەتکێ، شین[228]

---

٢٢٥. خەوەرنەق: ناوی کۆشکی نەعمانی کوڕی مونزیرە، وشەکە فارسییە و کراوە بە عەرەبی، ئەسڵی: خۆرانگاهە، بەواتای جێگای نانخواردن.
٢٢٦. زوێڵ: توێخ، چەرم، پێست.
نوێڵ: پارچە پۆڵایەکی ئەستوورە، بۆ بەرزکردنەوە و هەڵکەندنی بەرد و شتی تر بەکاردێت.
٢٢٧. خرێ: ددانی پاشەوە.
چەپەر: ئەو پەرژینەیە کە لە تووڵەدار دروست دەکرێت.
٢٢٨. شاعیر لە دەستنووسەکەی خۆیدا، لەم شوێنەدا نووسیویەتی:
وەڵامی گەلێ لەم پرسیارانە، لە باسی چاییدا دێت.



تا ئێستە نەڕە و نەعرەتەی ئەو شێر و بەچانە
دەتوت کە لە دوژمن گوڕە، بۆ داچڵەکانە

بۆ ئێستە دەڵێی ڕێویی پیرن دەخزێنە
نێو کون، وە دەزانن کە چەقەڵ شێربەزێنە

ئەو کوڕگەلی وا ساغە، کە دەتوت مس و پۆڵان
بێپێز و بڵاو، ئێستەکە هەر وەک قوڕی کۆڵان

کوا داکی وەتەن هەڵمەت و هێزی کوڕەکانی؟
کوا سامی دەموچاوی سمێڵبابڕەکانی؟

کوا ڕاپەڕ و قۆچاخی و چالاکی ڕۆژان؟
کوا زەبروزەنگی ئاسن و شمشێرکرۆژان؟[229]

کوا ژیری و وریایی و مۆژگاری لە پیاوان؟
کوانێ گوڕی سەربەستی و ئازایی لە لاوان؟[230]

من کردم و شەو کردی، هەتا سڕبوو سەراپام
دەتلامەوە، هەر بەم خەفەت و داخەوە، سەرسام

---

٢٢٩. قۆچاخ: گورجوگۆڵ، چاپووک.
٢٣٠. مۆژگار: ئەو کەسەی کە ئامۆژگاری پێشکەش دەکات.

ئایا چییە، وا نەگبەتی هێناوە بە شانی
کوردا، کە پەکی کەوتووە، نەیماوە تەکانی؟

ئەم تیرە بەناوبانگ و بەهێزە لە بەرەودا
گۆیان دەگەیانە سەری مەیدان لە گرەودا[٢٣١]

بەم وەیشوومەی ڕۆژەڕەشی، وەک شەوەزەنگی
بۆ سیس و کزوماتە، لەناوا نییە دەنگی[٢٣٢]

داخۆ لە گوڕ و هێرشی ئەم کۆمەڵە زۆرە
چی بۆتە ملۆزم، وەکوو مۆرانە و خۆرە؟

تۆ بێژی ببووژێتەوە سەرکەوتن و تاوی
لەم کۆسپەیە ڕزگاری ببێ، بێتەوە باوی؟

کێ زامی پەتا و پیسی کەساسی و کڵۆڵی
سارێژی بکا، لابەرێ ئەم بارە لە کۆڵی؟

٢٣١. گۆ: تۆپ.
٢٣٢. وەیشوومە: هەوا و بایەکە، کە لە کشتوکاڵ دەدا هەڵیدەپڕووکێنێت.



شێوا دڵەکەم، گرتی دەمێ قین و دەمێ شین
لەم باسە وەها ڕۆچوو، کە بۆم نایەتە نووسین

من هەر لە مەراقا، کەچی داکی وەتەنی کورد
وێنەی سەری هەڵدا لە دڵا گورج و دەسوبرد

## وێنەی دایکی وەتەن

مات و کز و کوێر و کەل و کۆم و شڕ و شێواو
ناسیم و وتم چۆنی؟ بەخێر هاتی بەسەرچاو

هەرچی کەسەری دڵ هەبوو، لێم پرسییەوە گشت
فرمێسکی سکاڵای نەتەوەی سپڵەی هەڵڕشت[٢٣٣]

گریا و کڕوزایەوە، دەکوڵا وەکوو مەنجەڵ
دەرچوو لە دڵی ئاه و هەناسە و چەڕەدووکەڵ

شینێکی وەها، ڕشتی کوڵ و داخی دەروونی
ڕووی کردە من و هاتە قسە، بێچەن و چوونی

٢٣٣. کەسەر: خەفەت، مەراق، ناخۆشی، شکستی.



## سکاڵای دایکی وەتەن

چەن خۆش وتی: ئەی ڕۆڵە لە داخی کوڕەکانم
وا پەرت و بڵاون، نییە هیوای ژیانم

وەک بزنی بەرەڵا، یەکی ڕووی ها لە شوێنێ
گەر دوو بگەنە یەک، شەڕەقۆچ خۆی دەنوێنێ

بێشوان و مەزن، کەس لە کەسە گەورە و چووکی
گەر زۆر و گران دیمەنە، بۆ وا کەم و سووکی![٢٣٤]

بێخاوەنییە، دوژمنی ئازا و زرینگە
بۆ گرتنیان ڕاوچی وەکوو شێر و پڵینگە[٢٣٥]

یەک توخنی یەکێ ناکەوێ، نابینی بە ساخی
لە وڵات و بەر و سێبەری لالووتن و یاخی

٢٣٤. مەزن: گەورە.
٢٣٥. زرینگ: لێهاتوو، زیرەك، وریا.

برسی بە سەری یەکترن و تینوو بە خوێناو
چۆن جەرگ و دڵی داکی وەتەن نابێتە زووخاو

لالووت وەکوو جۆلا، لە کڕ و سەردڕی خۆیان
سا بۆیە، کە مۆرانە جنیی ڕایەڵ و پۆیان[٢٣٦]

خۆخۆرە کە دەبڕێتەوە، خۆی دەسکی لە خۆیە
وەک ماستی مەییو وایە، هەوێنی کە لە دۆیە

ناکۆکییە، خاک و نەتەوەم بێدەس و مایەن
نارێکییە، وا بێبەش و بێنۆرە لە کایەن[٢٣٧]

دووریی دڵ و ڕوو لێکترە وا پەرتوبڵاون
بێگانەپەرستی پەکیخستن، شڵەژاون

(فرق تسد)ی دوژمنە، ناکۆکن و نارێک
بێهۆش و پەژارە، نە مشووریّ نە پەرۆشێک[٢٣٨]

٢٣٦. کڕ و سەردڕ: تانوپۆ، دانانی ئەو بەن و دەزووانەی، کە جۆلا بە تێهەڵکێش دایدەنێت بۆ دروستکردنی بابەتەکەی.
مەسەلەیەکی کورد دەڵێ: بووە بە جۆلاکەی بە سەردڕی خۆناڕازی.
٢٣٧. کایە: مەیدانی کار.
٢٣٨. (فرق تسد): گوتەیەکی عەرەبییە بە مانای: پەرت بکە و قازانج بکە. بە چەسپاندنی ئەم دروشمە ئیمپریالیزم جێی خۆی لە وڵاتاندا دەکاتەوە.



## دڵدانەوەی من بۆ دایکی وەتەن

تانووت و گلەی داکی وەتەن لەم نەتەوەی خۆی
کاری لە دڵم کرد و پەرۆشمبوو، گەلیّ بۆی

ویستم کە بە دڵسۆزی دڵی بێنمەوە جیّ
بەشکم لە دڵی ئەم خەفەت و ماتەمە دەرچیّ

پێم وت: نەنە، خۆ کوڕگەلی تۆ شەرقی ئەخوێنن
گەردنکەچن و بەندەن و خزمەت ئەنوێنن[٢٣٩]

بۆ بەرزی و پێشکەوتنی تۆ، ئێستە بە کۆمەڵ
شان و سەریان داوەتە بەر، گشتی وەکوو کەڵ[٢٤٠]

یێژن سەر و ماڵ و بەدەن و ڕۆحی هەموومان
قوربانی کەژ و دار و گیای مەوتەنی خۆمان[٢٤١]

٢٣٩. شەرقی: سروود.
٢٤٠. کەڵ: نێرەی بزنەکێوی، وتراویشە (کەم بژی، کەڵ بژی).
٢٤١. مەوتەن: لە وەتەنەوە هاتووە، واتە: نیشتمان.

زیخی هەموو مروارییە، بەردی هەموو گەوهەر
داری هەموو عەرعەر، چەم و ئاوی هەموو کەوسەر

شاخانی وەکوو (طور) و گژوگیای هەموو عەنبەر
خۆڵی هەموو وەک میسکە، شنەی گشتی موعەتتەر[٢٤٢]

کوڕگەل هەموو وەک کۆیلەیە، کچگەل قەرەواشە
هەر تۆی لە دەمایە، هەچی ساوا و هەراشە[٢٤٣]

زۆربەی قۆڵی هەڵکردووە، سەرکەوتنە هیوای
بێباکە، ئەڵێی پڕ بە دەم و دڵ، نییە پەروای

٢٤٢. طور: کێوێکە لە بیابانی سینا، بە پیرۆز دانراوە، چونکە حەزرەتی مووسا لەسەر ئەو کێوە گفتوگۆی لەگەڵ خوادا کردووە.
عەنبەر: مادەیەکی بۆنخۆشی خۆڵەمێشیڕەنگە لە پۆڕگێکدا لە سکی ماسیی عەنبەر (کاشالووت) پەیدا دەبێ و دەری دەدات و دەکەوێتە سەر ئاوی دەریا و کۆ ئەکرێتەوە.
میسک: میسک (موشک) مادەیەکی بۆنخۆشە، کە لە ناوکی ئاسکی موشکدا پەیدا دەبێ.
پۆڕگ: کیسە.موعەتتەر: بۆنخۆش، بۆنلێدراو.
٢٤٣. کۆیلە: خزمەتکار، بەندە. قەرەواشە: کارەکەر، کەنیزەك.



تاڵیی وەتەنم خۆشە لەلا، ژاری هەنگوینە
شێوەندی زەماوەندە، دەڵێن مردنی ژینە

ڕۆڵەت کە نە خاوەندی سەری بێت و نە کاڵا
تۆ بۆچی دەکەی ڕاز و گلە و هێندە سکاڵا؟[٢٤٤]

٢٤٤. کاڵا: بەرگ.

## وتاری دایکی وەتەن

ئیجا وتی: بڕوا مەکە بە درۆودەلەسەی وا
تێفکرە، نییە کردەوەیان، شایەتی داوا

لەم شەرقییە بێکردەوەن و پووچن و نابووت
زۆر شوورەییە، کردنی هاوار و گوتەی ڕووت

گوێت لێنەبووە، دێنە گوتن، یەک دەدوێنن
دەمڕاستی بە بێگانەزمانی دەنوێنن

وەک چێشتی مجێور لە هەموو چەشنە زمانێ
وای تێکەڵ ئەکەن کوردیی پەتی هیچی نەزانێ

تورکی، عەرەبی، فارسی، لاتینی ئەڵێن لام
تێکی دەگوشن، ڕۆڵە، ئەبم ئەبڵەق و سەرسام

نابینی لە ڕێی خواردن و پۆشینی بیلادا
سووتا دەسەڵات و نەتەوەی کوردی بەبادا![245]

٢٤٥. بیلاد: جاران بە شتێك دەوترا ڕەسەن و باش و مۆدە و تازەداهاتووبێت.



شانازی دەکەن کوڕگەل و خۆ ڕادەوەشێنن
ئەو وەختە کە خۆراک و جلی غەیرە دەسێنن[246]

بۆ بابەتی بێگانەو و مۆدە، هەچی ویستی
لای عەیبەیە نەکڕینی بە قەرزی شەش و بیستی[247]

هەڵسوکەوتی پیشە و خووی ڕەنگ و قیافەت
چاولێکەریی بێگانەیە، یێژێ مەدەنییەت[248]

قۆناغ و پەنا، دەرک و دەخالەت، هونەر و نان
بۆ بێکەس و داماو و بە ڕێبواری هەراسان[249]

گۆڕاوە بە خووی غەربی ڕەوشتی ئورووپاکان
لۆقەنتە و ئوتێلە لە جێی نانی لە دیوان

پشتی لە وەتەن، ڕووی لە بیلادە کوڕوکاڵم
منیان وەفکر نایێ وە ملیان بێ وەباڵم

٢٤٦. غەیرە: بێگانە. دەسێنن: دەکڕن.
٢٤٧. مۆدە: بابەت و خووی تازەباو.
٢٤٨. مەدەنییەت: شارستانییەتی.
٢٤٩. دەخالەت: پەنابردن.

پێشکەوتن و بەرزیی وەتەن ئەوسا، کە لەدەس چوون
وا هۆگری بێگانە و بێگانە لە من بوون

چۆن گڕ نەگرم ڕۆڵە، لە داکانی وەتەن کەس
وەک من لە دڵا داخی نییە، نەبووەتە قەقنەس[250]

---

۲۵۰. قەقنەس: تەیرێکی ئەفسانەییی دەنگخۆشە، دەنووکی سێسەد و شەست کونی تێدایە، لەسەر شاخێکی بەرز، بەرەو با ئەنیشێتەوە، نەغمە و ئاوازێکی زۆر عەجیب و خۆشی لێ پەیدا دەبێ، بەو دەنگەوە تەیرێکی زۆر گرد دەبنەوە، تا تێر دەبێت لێیان دەخوات و دەڵێن هەزار ساڵ دەژی، کە تەمەنی بە ئاخر گەیشت، دارێکی زۆر گرت ئەکاتەوە، لەسەری هەڵئەنیشێت، دەست ئەکات بە ئاواز و نەغمەی خۆش و بەتەئسیر، تا لەتاو دەنگی سەرخۆش دەبێت، لەو وەختەدا باڵەکانی ئەدات بەیەکدا و ئاگر لە باڵەکانی دەبێتەوە و بەردەبێتە دارەکان، مەشعەلەیەکی زۆر سەیر پەیدا دەبێت، تا دارەکان هەموو دەسووتێن و خۆیشی لەناویاندا دەسووتێت، کە ئاگرەکە دائەمرێت و دەبێ بە خۆڵەمێش، لە خۆڵەمێشەکەی هێلکەیەك پەیدا دەبێت، لەو هێلکەیە قوقنوسێکی تر پەیدا دەبێت، ئیتر وەکوو باقیی تەیرانی تر جووتگرتن و نێر و مێی نییە. لە شاخەکانی ڕۆژئاوادا هەیە و عیلمی مۆسیقا لە دەنگی قوقنوسەوە وەرگیراوە.
(لێکدانەوەی ئەم وشەیەی سەرەوە لەلایەن شاعیرەوەیە).
* لە دەستنووسێکی تردا نووسراوە: (وتاری من بۆ داکی وەتەن).



# گوتەی من بۆ دایکی وەتەن*

پێم وت: نەنە، تۆی خاوەنی مۆژگاری و دەرمان
سەرچاوەی ژیریت و تەریق ئێمە لە شەرمان

تاقیقە لەلام، هەرچی دەڵێی ڕاستە وەکوو دووخ
شیرین وەکوو هەنگوین و گەزۆ، مێوژ و باسووخ[251]

تا لاری نەبێ ڕۆڵە، لە داک و بەرەچە و خاک
بەر چنگ و دەنووکی قەل و داڵ ناکەوێ، وەک لاک[252]

پێم وایە، کە لەم ئاه و هەناسە و خەفەتی تۆ
وا نەگبەتی گرتوونی، کە دەرچوون لە ڕەتی تۆ[253]

هیوامە، ئەگەر خۆش بی لە تاوانی لەمەوبەر
پێکبێ مەبەست، ڕێز و تەبا بن هەموو یەکسەر[254]

---

۲۵۱. تاقیق: تەحقیق، بەڵگەهێنانەوە لەسەر داوا.
دووخ: شیشێکی زۆر ڕاست و باریکە، دووخڕێس لۆکە و خوری و مووی پێ دەڕێسێت. دووخڕێس: (خەرەکڕێس). باسووخ: باسووق.
۲۵۲. بەرەچە: نەوە، بەرە.
۲۵۳. ڕەت: ڕێباز.
۲۵۴. تەبا: ڕێك، تەواو.

## تووڕەبوونی دایکی وەتەن لە نەتەوەی

وا بەرزەبڵێس بوو لەسەر و گوێی کوڕ و کاڵی
وەک تەرزە، کوتانی بە توانجی ڕەق و تاڵی[٢٥٥]

ئەیوت ئەمە وەک تویکڵی بێکاکڵی پیازە
یەکییەتی و ڕێکیی گەلی کورد زەحمەت و شازە[٢٥٦]

ڕێکی لە کوڕوکاڵی منالا، کڵی کاڵە
یەکی بە گوڕەوگاڵەی دەم، وەک گڕوگاڵە[٢٥٧]

بۆیەکی دەبێ ڕێککەوێ، شان و سەر و پایان
پشتێنی دەوێ ڕێکی، کە یەکبن بەر و دوایان[٢٥٨]

٢٥٥. بەرزەبڵێس: واتە بڵێسەی بەرز، ڕاپەڕین.
٢٥٦. کاکڵ: ناوك. بێکاکڵ: پووچ، بێناوك. شاز: دەگمەن.
٢٥٧. کڵی کاڵ: گۆزە و دیزە یان خشت، کە لە قوڕێکی تایبەتی دروست دەکرێت وە ئامادە کراون بۆ سوورکردنەوە.
گوڕەوگاڵەی دەم: خۆهەڵکێشان.
گڕوگاڵ: گفتوگۆی منداڵی ساوا- بێتێگەیشتن.
٢٥٨. بۆیەکی: بۆیە.



## میثالی داکی وەتەن

یەک کۆمەڵی سەد دانە لە گیا و گوڵ و قامیش
ئەم گورزە ئەوەن باقە، لە تاڵێکە چڵێ ئیش[٢٥٩]

تاڵێ بەنە ئەیبەستێ بە گورزە، پێی ئەڵێن تا
یەک چڵ زەل ئەکا باقە، کەوا تاقە لە دەستا

کورد ئێستە هەویری لمە، زەحمەت کە بخووسێ
پێزی نییە، سنخواردووە، چۆن پێکەوە نووسێ؟[٢٦٠]

٢٥٩. باقە: چەپك.
٢٦٠. پێز: خۆگر.
سن: مێروویەکە گەر لە گەنم بدات، پێزی نامێنێت و هەویرەکەی خۆی ناگرێت و بە زەحمەت دەکرێ بە نان.

## گوێ شلکە بۆ دایکی وەتەن، ڕێگای یەکیەتی نیشان ئەدات و نیشانەکانی ئەڵێت:

گوێ بگرە لە من ڕۆڵە، کە ڕێکیی و تەبایی
هەر کردەوەیە نەک بە گوتەی بادی هەوای[٢٦١]

پێویستە لەبۆ کۆمەک و یەکیەتیی وڵاتێ
خۆراک و جلی خۆی نەبێ، کەس مەیلی نەداتێ[٢٦٢]

ئەولادی وەتەن یەک بێ دەروژوور و زمانی
وەک دەستەبرا گشتی لەکن یەک دڵ و گیانی

نابێ لە دڵا کینەبەری بێ و ڕق و دەعیە
بۆ کەڵکی هەموو، شەرتی خۆهەڵکردن و سەعییە[٢٦٣]

قانزاجی لەبۆ یەکتر و باری لەشی یەک سووک
ڕۆچوو لە دڵی یەکتریا چەشنی خرێ و پووک

٢٦١. بادی هەوایی: بێکەڵك، وتەی بۆش.
٢٦٢. کۆمەك: یارمەتی.
٢٦٣. دەعیە: فیز، لووتبەرزی، هەوایی.



بۆ گەورە وەکوو بەندە، بە خزمەت بێ بچووکی
گەورەش نەڕوانێ لە هەژاران بە چرووکی[٢٦٤]

زەنگینی نەکا ڕژدی لە بێگانە و خزمی
سەربەرزی بە ژێرپێوە نەکا ژێردەسی نزمی[٢٦٥]

باخەڵپڕی تێروتەسەلی پۆشتەوپەرداخ
بۆ ڕووتە و بێپارە و ژەم، ئاخی ببێ و داخ[٢٦٦]

گەر سەرسمی دا جارێ هەژارێکی کزی شڕ
لێی نەگرێ کوتوپڕ، وەکوو مارێکی دژی دڕ[٢٦٧]

پیاوانە دەسی بگرێ، لە داماوی دەریکا
ئازانە لە تەنگوچەڵەمە چارەسەریکا

سوارێ جڵەوی نەگرێ، بەدەس ئەسپی نەدا تاو
تا ئاوڕ ئەدا جارێ، لە پێکەوتوویی داماو[٢٦٨]

٢٦٤. چرووك: بەرچاوتەنگ، ڕژد، پیسکە.
٢٦٥. ڕژدی: پوولەکیێتیی و پیسکەیی.
٢٦٦. پۆشتەوپەرداخ: مرۆی خاوەنجلوبەرگی باش و ڕێکوپێك.
٢٦٧. سەرسمدان: هەڵئەنگوتان، هەڵدێران.
٢٦٨. تاو: غار.

نەیئاخنێ دەستداری هەموو باخەڵ و کۆشی
بۆ خۆی و لە بێدەس نەبێ پەرواو و پەرۆشی[٢٦٩]

بەرزیی ئەیەوێ گشتی لە قەد بەرز و نەویی خۆی
بگرێ بە دەم و دەس، بەرەچەی خاک و زەویی خۆی

خۆراکی وەتەن دەسکەوێ، هەی غەیرە نەنۆشێ
جل، تا وەتەنیی هەڵکەوێ، بێگانە نەپۆشێ

گەر هاتە دەر ئەو پارە، لە گیرفانی ئەمایە
وا چاکە لەبۆ باخەڵی ئەو بێ، کە برایە

ڕۆڵەی من ئەگەر خۆش نەبێ لای خەپلەی هەرزن
وەک پسکت و وەک کێکی بیلاد، بێژە درۆزن[٢٧٠]

ئینجا وتی لێی ورد بەرەوە، ڕۆڵە تەماشا
سا کردەوەیان وایە، وەکوو پێم وتی: حاشا

٢٦٩. بێدەس: هەژار، دەستکورت، بێدەسەلات.
٢٧٠. خەپلە: کولێرە. بلاد: نایاب.



## تکای من لە دایکی وەتەن بۆ ئاشتی

پێم وت: نەنە، ئێستا کە لە پێناوی تەبایی
هەر یەکە بە گوێرەی دەسەڵاتی بە برایی

نەیهێشتووە ئاژاوە و ناکۆکی لەناوا
بەشکم نەتەوەت ڕوو لە برەو بێت و لە باوا

ئێستە بەری داون خەوی بێهۆشی و بوون قاڵ
هەر باس و هەواڵی وەتەنە ڕۆژ و شەو و ساڵ[٢٧١]

وا کۆمەڵن و ڕێک و تەبا، یەکدڵ و یەکدەم
گشتی لە تەلاشایە، ئەگەر زۆرە، ئەگەر کەم[٢٧٢]

هاتیی نەتەوە و هاتنەوەی دۆخی هەوەڵ جار
هەر ڕێک و تەبایی گەلە، پێی بێنەوە سەر کار[٢٧٣]

٢٧١. قاڵ: ڕاهاتوو، جەنجاڵ: سەرقاڵ.
٢٧٢. تەلاش: هەوڵدان، خەبات.
٢٧٣. هاتی: بەختەوەری.

دڵخۆش بە، نەما ماک و ڕەگی پەرتوبڵاوی
دواکەوتنی کەمتەرخەمی و هەڵخەڵەتاوی[274]

ئەم جارە ڕجا ئاشتییە، با زویری نەمێنێ
بەسیانە کە تێگەن، قسەکەت گەوهەرێ دێنێ

٢٧٤. ماك: نەژاد، تۆو، ڕەگ.



## دیسان تووڕەبوونی دایکی وەتەن

فەرمووی: بە هەلات و قڕە تەفرەم مەدە، لاچۆ
وا لێکدی بە جارێ قڕیان خست و قەڵاچۆ[275]

لێکدی دەکوژن، لێک دەدزن، لێک دەفڕێنن
گەر کۆمەڵیانکەی بە شریت، ئەیپچڕێنن[276]

لایێ شەڕ و کوشتارە، لەنێو عەشرەت و خزما
بەدکردنی زۆردارە، لەگەڵ ژێردەس و نزما

لایێ لە براوە بە برا بەدخوویی و شەڕ
لایێ کوڕە، سەرچەوتە بە بابی خۆی ئەکا گەڕ

بۆ بێدەس و بێکەس وەکوو زیندانە ژیانی
دەسگرتن و خۆشیی نییە، مەر کاتی نەمانی[277]

٢٧٥. هەلات: درۆودەلەسە.
٢٧٦. لێکدی: لەیەکدی، لەیەکتر.
٢٧٧. مەر: مەگەر.

سەرداری وەکوو مارە، بە بێکەس ئەچەشێ ژار
دەسداری لەبۆ بێدەسی، دووپشکە، چزووداو[٢٧٨]

بۆ سوخرەیی ئاغاو و بەگم، بێدەسە کۆیلە
لە دراو و زەڕی بێکەس ئەکا خانمە پۆیلە[٢٧٩]

زەنگین و مەزن ژینی لە مێرگێکی بەهارە
سرک و قەڵەو و تووڕە، نە بەربارە، نە غارە[٢٨٠]

دارا لە نەدارا بووەتە کێوی زلە و بەرز
وا دوورەپەرێز مل کەچ ئەکا بۆ سەلەم و قەرز[٢٨١]

کەم کەس بە کەسی، ڕەحم و پەژارەی دڵی ماوە
هەر ناکەسییە و داوە، فڕوفێڵە، کە باوە

٢٧٨. سەردار: گەورە، بەدەسەڵات. دەسدار: دەسەڵاتدار.
٢٧٩. سوخرە: ئیشپێکردن بەزۆر و بەخۆڕایی، بێگار.
دراو: پارە. زەڕ: ئاڵتوون، زێڕ.
پۆیلە: پولەکەی سەروکلاو و سەرودەسماڵ.
٢٨٠. سرك: ئەوەی لە شت ئەسڵەمێتەوە، بەسڵ.
بەربار: بارهەڵگر، باربەر. غار: ڕەتاندن، تاو.
٢٨١. دارا: دەوڵەمەند. سەلەم: یەکێك پارە بدات بە کەسێك لەباتی بەرهەمێك، کە لە کاتی پێگەیشتندا بیداتێ.



سەرسامە هەژاران و هەزارانە چەواشە
وەک سامی ڕەوەی جووجکی بەرهەڵمەتی واشە[٢٨٢]

خۆ هەیشە دڕی و زاڵیی نەما، کەوتووە، لاتە
زۆر خاوەنی زۆری دەگەنەگ پەندی پساتە[٢٨٣]

زووخاو و سزای پێ دەچەشێ داوەری دادار
بۆ عیبرەت و ترساندنی زۆردار و ستەمکار[٢٨٤]

تەسبیح و عەسا و دەستە لە جێی قەمچی و بڕنەو
وەک عابیدە بۆ تاعەت و نوێژی سەحەر و شەو[٢٨٥]

وا ئیمڕۆ بە پاکانە و سوێندی بە درۆی زل
بۆ یەکدی بە ئیخفال و بە تەفرە کەچ ئەکەن مل[٢٨٦]

٢٨٢. چەواشە: سەرلێشێواو.
واشە: پەلەوەرێکی گۆشتخۆرە.
٢٨٣. پەند: تەمێ. پسات: سەرزەوی.
٢٨٤. داوەر: خوا، حاکمی عادل.
دادار: خاوەندەسەڵات.
٢٨٥. عابید: خواپەرست.
تاعەت: بەجێهێنانی فەرمانی خودا.
٢٨٦. ئیخفال: هەڵخڵەتاندن، هەڵفریواندن.

نەیدی کە سبەی سووچی تەماعێکی، گەزی چی
جاوی چی! نە پەیمان و نە پاکانە، نە هیچی

چاکەی نە لەبۆ یەکدی، نە بۆ داکی وەتەن هەس
بێکەڵکی لەبۆ داک و برای وا، نییە هیچ کەس

تۆ بێنە سەرنجی کوڕوکاڵم دە، لەسەر مەرج
داخۆ وەکوو پێم خۆشە، یەکێ عەمری دەکا خەرج!

سووتان و دزی و جەردەیی و کوشتن و تالان
ماڵی منی شێوان و بووە سەربەشی مالان

دەست و دەم و دڵپیسی و فیز و ڕق و کینە
داخی دڵمە، دووڕوویی ناسۆری برینە[٢٨٧]

یەکتر کە ئەبینن، بە درۆ چۆنی و چاکی ...
وەختێ کە لەیەک دوور دەکەون (بابی و داکی)

٢٨٧. ناسۆر: ئێشوئازار.



گەر بێت و بکەی مەدحی کەسێ، باسی سوپاسی
بۆ ئەو کەسە گێڕانەوە نابینی بەخاسی

سا لێی بدوێ نەختێ بە نامەردی، دەهێنن
سەد قاتی ئەوەی پێوە دەنێن، پێی دەگەیێنن

خووی بەرز و هونەرژیری و زانایی لەناوا
باوی نییە، هەر پارە و زەنگینە لەباوا

گەر پارەی مۆڵ و دڵی بێ، شا بکوژێ دۆم
نرکە و هەڕەشە، بڵقە دەبێ وەک تڕی بن گۆم[٢٨٨]

هەر نارەسەن و سووک و هەتیوچە، کە لە پارە
قاسەی پڕە، خۆی لا زلە، وەک کێوە، دیارە

گەر مەردی ڕەسەنپاکی وەجاخزادە هەژارە
قەدری نییە، بێحورمەتە، سەد داخ و پەژارە

بێئایینی مایە و چەکی پێشکەوتنە لایان
بێشەرمی لە دادار و جنێودانی مەلایان

٢٨٨. مۆڵ: کۆمەڵ.

هەڵبەستی نەبینراو و گومانی بەدینەکراو
وەک بیستن و خوێندن لە نەگوتراو و نەنووسراو

خووی بەدبوو بە خۆرە، لە ڕەگی ڕێکی و کۆکی
وەک ماکی گوولی و گیاکەڵە، گرتوویە بەرۆکی[٢٨٩]

(متصرف) (بهاءالدین نوری) بە زۆر ناردمی ئیرشادی (صحة) بۆ پێنج ناحیەی منطقەی قەضای مەرکەزی سلێمانی، خۆی موافەقەتی مودیری عامی ئەوقافی وەرگرت. (٣٧) دێ گەڕام لە ئامۆژگاری و پاکوتەمیزی و دین، ئەوەی زانیم کردم و کەڵکم بۆ دێهاتی زۆر بوو، حەسوودان وتبوویان بە جاسوسیی ناردوویانە، کە دۆست و ئازیزان بۆیان گێڕامەوە، ئەم پێنج شیعرەم دانا.

قەومی خۆخۆرم بە خۆڕایی ئەبەن (ظەن) و گومان
ڕاستە جاسووسە چروستانی؟ لە دڵما بوو بە ژان[٢٩٠]

٢٨٩. گیاکەڵە: جۆرە گیایەکی زەرەرمەندە بۆ کشتوکاڵ.
٢٩٠. (ظەن - ظن): گومان و دوودڵی و شك.



من وتم قورئان لە یەک ئایەت لە هەردوو نەهی ئەکا
لەعنەتی خوابێ لە جاسووس و لە سووئی ظەنبەران[٢٩١]

سا بەلایەکمان دەگا ئەم لەعنەتە دیسان سبەی
حاکمی گەورە لە مەحشەردا وەها ئەیکا عەیان[٢٩٢]

بۆ ئەوی (کذاب)ە، مایەی ڕووڕەشی و داماوییە
بۆ ئەوی پاکە، سەربەستە وەکوو شێری ژیان

هەڵبەتە ئەم چەشنە خوڵقە مایەی پێشکەوتنە
یا بناغەی بەرزییە، ساکەی ببینە ئەرسەلان![٢٩٣]

٢٩١. نەهی: نەکردن. سوء: خراپە.
٢٩٢. حاکمی گەورە: خوا. عەیان: ئاشکرا.
٢٩٣. ئەرسەلان: سەربەست و ئازاد.

## هەلم بۆ هەڵکەوت لە خزمەتیا سکاڵای خۆم بکەم

پێم وت: نەنە، داخی ئەوە سەوزە لە جگەرما
ئەو ساڵە کە چوومە دەرەوە، قرچەیی گەرما

دێکان ئەگەڕام، دەم بە گوتەی وەعز و نەسیحەت
بۆ ساغی و دین، پاکوتەمیزیم هەبوو خزمەت

سا مەمرە، گەلێ کەس بە دڵی پیس و دەمی لووس
ئەیوت، کە حوکوومەت ئەمەی ناردووە بە جاسووس

خوا لە دڵ و دەمم با، خەبەری وەک دەمودوویان
گەر وایە، لە بۆتەم خە، دەنا ڕەش بکە ڕوویان[٢٩٤]

پێنج شیعری سکاڵا و نزام بۆ ئەمە هەڵبەست
جاسووس و گومانپیس بچەشن لەعنەتی زۆر خەست

٢٩٤. بۆتە: ئەو کاسەیەیە، کە زەڕنگەر زێڕ و زیوی تیا دەتوێنێتەوە.



## زاڵبوونی دایکی وەتەن بەسەرما و گیرۆدەبوونم بە قسەی خۆم

ئەنجا وتی: ئەی بۆچی لەبۆیان بەپەرۆشی
بێنەوبەرەیان بۆ دەکەی و عەیبە دەپۆشی

وەک ئەم دژ و ناکۆکییە بۆ یەکترە، بریا
بۆ ئەم بەرەچە و خاکە ئەبوون زیرەک و وریا

## دایکی وەتەن چووەوە سەر باسی گوتەی خۆی

ئەم شەربەت و خۆشاوە زەریفەی من ئەڕێژن
گەر خۆڵەکەوەی لاوە ببینن، کەچی یێژن[٢٩٥]

میکرۆبە گەزۆ، شیری وەتەن تامی مەچێژن
دەرمانە گڵی دوور و دووچاوی پێ بڕێژن

پارەی کە لە گیرفان بڕی، وەک داومە سەرنجە
خۆراک و جلی مەوتەنی، لا پووشی برنجە

چەن خۆشی ئەجوون ئارد و شەکر، ئای چکلۆتە
نادەم بە گەزۆ، باسوخ و گوێز، مێوژ و لۆتە[٢٩٦]

دەعیە بڕەسی کوردی بڕی، هێندی نەما هۆش
گوتراوە کە پاروو، کە لە دەم داکەوێ بۆ کۆش[٢٩٧]

٢٩٥. زەریف: باش، جوان. خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش.
٢٩٦. چکلۆتە: چکلێت.
لۆتە: ترێیەکی کەموشکەوەبووە، کە هێشتا نەبووە بە مێوژ.
٢٩٧. بڕەس: هێز، توانا.



کوا کەوش و کڵاشی من و قاپووت و فەرەنجیم؟
کوا ڕانک و چۆغەی مەرەز و گازری گەنجیم؟[٢٩٨]

جۆڵا گەلێ وریا، دەس و ئەژنۆ هەموو بێکار
فیزی کوڕوکاڵە، هەموو بێپارەن و بێزار

بێنرخە، کە نرخی زل ئەکا پیشەی دۆمان
بە کڵاشی ئەکەن چەرم و پەڕۆکۆنەی خۆمان

بۆ پیشە و هەڵبەستنی زۆر شت، کە بەکەڵکن
وریان و بەڵا کوشتەی دەسترسی لە خەڵکن

چۆن هەڵکەوێ پیشەگەر و وەستا، کە نەوێرن
گەر پیشە بەدەرخەن، وەتەنی ڕۆح بسپێرن[٢٩٩]

گەر زاتی ببێ و ترسی نەبێ ئاسن و پۆڵا
تێیدایە مەسەل، ڕایەڵ و پۆیکا وەکوو جۆڵا[٣٠٠]

٢٩٨. گازر: سپی و ساف.
٢٩٩. پیشەگەر: پیشەساز، پیشەوەر.
٣٠٠. زاتی ببێ: بوێرێت.

چی زیرەک و وریا و زرینگیەتی دزێون
دوو دەستی دەبەستن، نەوەکوو پەل ببزێون[٣٠١]

سا شەق مەبە، کۆنە و سڕوسیپاڵی وڵاتان
پارەی نەتەوەی کوردی بڕی، کوڕگەلی فەوتان[٣٠٢]

٣٠١. دزێو: ناشیرین.
بزێو: کەسێک کە زۆر بجووڵێت و جێ بە خۆی نەگرێت. ببزێون: بجووڵێ.
٣٠٢. سڕوسیپاڵ: جلوبەرگی کۆن.



## داکی وەتەن بەرەچە و سوودی وڵاتەکەی ئەڵێت:

ئەم خورییە، کە هەرزانە لەلام، تاڵی بە زیوێ
دۆڕاوە بە قەوزە، گژوگیا،لۆکە ڕزیوێ

بەرگن، خوریی و لۆکە، مەرەز، موو ئەفرۆشن
سیپاڵی گژوگیا، گوشی بێگانە دەپۆشن

باتمانی بە بێگانە بە پێنج و شەش ئەدۆڕێ
پێنجسەد حەقیە، ڕەنگی کە لەولاوە دەگۆڕێ[٣٠٣]

هی خۆیە خوری و بەرگن و موو، بۆچی درۆزن
لێی وەربگرێت و کەری لێکا بە ڕمووزن![٣٠٤]

خاکم هەموو ئیکسیرە، بە ملیۆن ئەیەوێ جووت
بۆ لۆکە و گوش، کونجی و شینایی و هەر قووت[٣٠٥]

٣٠٣. حەقیە: نرخیەتی.
٣٠٤. ڕمووزن: جنۆکە، دێوەزمە.
٣٠٥. ئیکسیر: مادەیەکە، گوایە ئەگەر بە هەر کانزایەکدا بهێنرێت، دەبێت بە زێڕ.

له برنج و گەنم، نۆک و پەڕش، ماشی سپی و ڕەش
جۆ، نیسک و پەمووودانە، زەویی من نییە بێبەش[٣٠٦]

دەسمایەی من زۆرە، لە نابووتی بە دوورە
خاوەندی گەلێ بڵحە، کە بێهۆش و مشوورە

دەرمانی هەموو دەردە، گژوگیای کەژوکێوم
ئیکسیری هەیە، ونبووە، بۆیە قوڕ ئەپێوم

پشتاو و بەراوم بەرەچەی قووتە لەبۆ گیان
داری کەژ و کێوم دەگرێ پارە بە خەرمان[٣٠٧]

دەشتم دەرئەکات خواردنی سەد تەحرە لە بنیا
لای بەرزم ئەبارێنێ گەزۆ، لای منە تەنیا[٣٠٨]

پڕ مەعدەن و فەڕ، گەوهەر و کانە هەموو ئەرزم
بۆیە بە گوتەی پووچی خەرافاتی ئەلەرزم[٣٠٩]

٣٠٦. پەڕش: جۆرێکە لە دانەوێڵە.
٣٠٧. پشتاو– پشتئاو: زەوییەکە نزیك لە ئاو بێت، بەڵام ئاوی بۆ نەچێت.
بەراو: زەوییەکە بە ئاودان وەبەر دێت.
بەرەچە: بەرهەم.
٣٠٨. تەحر: تەرح: جۆر.
٣٠٩. مەعدەن: کانزا. خەرافات: پڕوپووچ، بێبنەما.



سەرچاوە و کارێز و چەمم، نیلی بەقوربان
ناگاتە نزار و کەژ و کێوم، کەژی لوبنان

بەرزم، کە ئەبارێنێ، مەڵێ ئاوە، کە شیرە
هەر لۆرک و دۆ و ماست و فرۆ، ڕۆن و پەنیرە

بووژاوە بەخێر و بەرەچەی ژێر و سەری من
بێگانە و هەر بێبەشە ڕۆڵەم، لە بەری من

دارودەوەن و شاخ و کەژم چۆن دەرئەکا زوو
قەزوان و بنێشت و دوومەڵان، کارگ و مازوو[٣١٠]

ڕێواس و بەلاڵووک و چەقالە، بەڕوو، بادام
گوێز کەمی هەموانە، کەتیرە کە زەڕە لام

چەن تەحرە شتی تر هەمە، داخم بە بەلاشی
بێگانە وەری دەگرێ، هەموو چاکیی و باشی

٣١٠- کارگ: قارچك.
شاعیر ئەم تێبینییەی تۆمار کردووە: ئەم شعرە تێفکرە، دوو مەعنای هەیە = دوو کاکڵەیە.
دوومەڵان: لە قارچك دەچێت، لە دەشت و ناوچەی گەرمیان و بیاباندا هەیە.

شیرینی و میوە و بەرەچەم تاقە لەسەر ئەرز
گەر خووی بدەنێ، دامەزرێن بێخەم و سەربەرز

هەنگوین و گەزۆ، مێوژ و خەروا، بەی و باسووخ
شۆکە و سجووق و شۆک و هەنار و ڕوبی تاسووخ[٣١١]

توو و قەیسی و هەنجیر و ترێ، قۆخ و هەڵووژەم
گوێز و سێو و گێلاس و چە هەرمێ، بە دەم و ژەم

هەر یێکە لە چەن تەحرە، کە بیخۆن بە تەبایی
ئای دەستی شکاوم، کە درا گشتی بە چایی

٣١١. خەروا: جۆرێکە لە میوە. بەی: بەهێ. شۆکە: دۆشاوی گەزۆ.
سجووق: جۆرە شیرینییەکە، لە دۆشاوی ترێ دروست دەکرێت.
شۆك: دۆشاوی ترێ. ڕوب: ڕبەهەنار. تاسووخ: تامەزرۆ و دەگمەن.



## دایکی وەتەن هاوار ئەکا، کە چایی نەتەوەکەی فەوتان*

چایی گوزەران و بڕەسی کوردی بڕیوە
قاپووتی دلێری، جلی سەربەرزی دڕیوە[٣١٢]

چایی ڕەگی کوردی پچڕی، کردنی نابووت
ئەی چۆنی چڵێس کردن و فێری سەلەم و سووت

هەر ڕووت و ڕەجاڵێ، جلەکۆنی لەبەرایە
قەرزار و ملی حیزە، هەموو نەگبەتی چایە[٣١٣]

* بەر لەوەی چا بێتە کوردستانەوە، کەس چای نەخواردبووەوە، پاشان کە داهات، وردە وردە بڵاو بووەوە و خەڵک فێری خواردنەوەی بوو، لەبەر ئەوە هەندێک لە هەژاران بۆ کڕینی چا، ناچاری قەرزکردن ئەبوون و زۆر کات لە پێناویدا قەرزار دەبوون. جا شاعیر لەم ڕوانگەیەوە گلەیی لە خەڵک کردووە و ئەو دیاردەیە پەستی کردووە **(ن.چ)**.
٣١٢. قاپووتی دلێری: پاڵتۆ.
جلی سەربەرزی: مەبەستی جلوبەرگی کوردییە، وەکوو ڕانك و چۆغە و فەرەنجی.
٣١٣. ڕووتوڕەجاڵ: ڕووتوقووت.

بێگانە، کە دی دوژمنە چا، وازی لێهێنا
ئەم کوردە نەبێ، تێی نەگەیی، تا ملی تێنا

بێپارە و دەسکورت و کزی چاییە خاکم
لەم تێنەگەیشتانە، قوڕی کوێ بەسەراکەم؟

چای خەستە، تەکان و قەوەت و ڕاپەڕی کوردی
هەڵگرت و هەچی هەڵمەت و ئازاییە بردی

چا هێزی لە ئەژنۆ بڕی، دانی شەقوشڕ کرد
بینایی گلێنەی بڕی و هۆشی لەسەر برد[314]

خورپەی دڵی و لەرزە لە جەرگ و لە هەناوی
نەبووە لەمەبەر، گشتی لە چایە و لە ڕەشاوی

بۆ ڕاست و درۆی ئەم قسە، تۆ دیوتە گەلێ جار
لاری مەکە، بیهێنەوە بیرت، مەبە لاسار[315]

٣١٤. شاعیر لێرەدا، لە دەستنووسەکەیدا نووسیوییەتی: (جوابی گەلێك لە پرسیارەکانی مەراق).
٣١٥. شاعیر لێرەدا لە دەستنووسەکەیدا نووسیوییەتی: (دەلیلی دایکی وەتەن).



گۆشتی بزن و گا نەکوڵێ، یەک دوو دەنک چا
دەیکەن بەسەرا، دادەوەشێ، خۆی نییە وریا!

ناڵێ ئەمە تیژاوە، بەز و پیو ئەتوێنێ
ئەم تینە لە ڕیخۆڵە و زک، چاک ئەنوێنێ

خۆت بۆ نەکوڵۆکی کەڵەشێرێکی گەلێ پیر
چاییت، کەمەکێ کرد بەسەرا، کردییە هەنجیر[316]

ئەم دەرد و بەڵا و عیللەتە زۆرە، کە لەمەوبەر
نەبووە، وە دەزانم هەموو لەم چایە دەکەن سەر[317]

لادێیی ڕەش و ڕووتم بەزەییم دێتەوە پێیان
قەرزار و پەکی خستووە چا، لەق بووە جێیان

خێزانی گڕی پێوەنێ، بۆسۆی لێناکەی
بێغیرەتە، باکێکی نییە، بێجگە لە چاکەی

٣١٦. (ڕاست دەفەرموێت، ساڵێك کەڵەشێرێکی پیرمان سەربڕی، هەر نەدەکوڵا، داکی منداڵانم گوتی: چی لێ بکەم ئەمە ناکوڵێت؟ وتم: تۆزێك چای تێکە. بەقسەی کردم، زۆری پێ نەچوو هەلاهەلای کرد، ئێستە بەبیرمە). (ئەمەش گوتەی شاعیرە).
٣١٧. دەکەن سەر: سەر هەڵ ئەدەن.

خۆی پێپەتی، خێزان وەکوو داری بەپەڕۆیە
چاخواردنەوەی سێ ژەمەیە، هەر ژەمە نۆیە

پیاو و ژن و منداڵی هەزارانە، سواون
بۆ پارە ئەچەوسێنەوە هێندە کە پواون[٣١٨]

هەر یێکە لە قوڵێکەوە ماندوو، بە هەموو تەرز
هەرچەندە خەریکن، دەری ناهێنێ بەبێ قەرز[٣١٩]

ڕۆژ و شەوی، دایم دەمی تێدا وەکوو گاجووت
مەشکەڕەشی سووتاو و ڕزیو، چەشنی قەرەبرووت[٣٢٠]

چا شەوچەرە، نیوەڕۆژە و قاوەڵتی و شێوە
هاوڕێ لە دەرودەشت و پەرێز و چەم و کێوە[٣٢١]

---

٣١٨. پواو: ڕزیو.
٣١٩. تەرز: جۆر. چەشن، شێوە.
٣٢٠. مەشکەڕەش: لێرەدا مەبەستی ورگە، زگ.
قەرەبرووت: سووتاوی تەواوەتی.
٣٢١. شەوچەرە: مێوژ و گوێز و باسووق، کە شەوانە دادەنران ... لەم سەردەمانەدا چەرەس و میوە دادەنرێن.
نیوەڕۆژە: نیوەڕۆ. شێو: ئێوارە. پەرێز: قۆرەخکراو، قەدەغەکراو.



جاران شەوەکی نانەبەرە و نوێردووەنانێ
ئەیبەستە قەدی، بۆ دەرودەشتی بە تەکانێ

ئێستا، کە هەتاوکەوتنە، تا شوان و سەپانیش
چا دەم نەبێ، سندانی نەکەن، ناچێتە سەر ئیش

لادێ، کە لە پێ کەوتووە، بێدەستە، لەدوایە
ئەی ڕۆڵە، کە چا کۆت و کەلەپچەی دەس و پایە

نەمدی ئەوەتەی من هەم و، خوا عیللەت ئەنێرێ
دەردێ کە هەموو کەس بگرێ، کەس نەبوێرێ

چا بێوڵەت و زەنگین و ژن و پیاو و کچ و کوڕ
ڕۆڵەی نەتەوەی کوردی هەموو داوەتە بەر گوڕ[٣٢٢]

تالانی سەرومالّی ولاتم، هەموو چایە
جەردە و دزی مایە و دەسەڵاتم، هەموو چایە

---

٣٢٢. بێوڵەت: (بێدەوڵەت)، بێبەخت، چارەڕەش، کلۆڵ.

بێپارە و نابووت و کە لاتم، هەموو چایە
سووکیی بەرەچە و نوقڵ و نەباتم، هەموو چایە

گشتی لە پەژارەی نەتەوەی کوردی ڕەشوڕووت
ئەم داکە کەساسەی وەتەنت، بۆتە قەرەبرووت[٣٢٣]

٣٢٣. قەرەبرووت: سەلکەبزووت، سەرەبزووت.



## داکی وەتەن سوپاسی ڕەوشتی کۆمەڵی تیرەی هەجیج ئەکات

ڕۆڵەم، کە لە ڕێ و شوێنی منا مابێ، هەجیجی
هەر شاڵ و کڵاشی وەتەنە، جاو و فەرەنجی

ڕەنگ و جل و خۆراک و زمانی هەموو یێکن
ڕۆچوو لە دڵی یەکترییا، خۆش میللەتێکن[٣٢٤]

دانیشتوو لە شاخێکی ڕەقوتەق، نە زەویوزار
سەربەست و دلێرانە ئەژین، بێخەم و بێگار

چەند خۆشگوزەرانن، بە بەشی ئاردەتوو ڕازی
پووڵێ بە (ڕەزا) نادەن و فلسێکی بە (غازی)[٣٢٥]

لۆکە و مەرەز و موو، خورییە و وردی و شازی
کۆڵوانەی شاڵی مەرەزە و، گازرە جیازی

٣٢٤. ڕۆچوو: چوونەناو.
٣٢٥. ئاردەتوو: ئاردی تووی وشك. ڕەزا: ڕەزا شا. غازی: مەلیک غازی.

مایەی تەشییە و خولخولەیە کەوچک و تیرۆک
ئازادە لە قەرزاری و کۆمپیالە و جیرۆک[٣٢٦]

گوێ نادەنە فەنتازی و چیت و ئالوواڵا
گشتی وەتەنی، پێخەف و بەرگ و جل و کاڵا[٣٢٧]

وەختێ کە لە تەوقی سەر ئەنێن جێی شەدە ئاغا
جاوی وەتەنی، داکی وەتەن ها لە دەماغا[٣٢٨]

نادەم کوڵەباڵی بە هەموو شاڵەکی تورمە
لای من چ کەوای شاڵی، چ سەد تاقەیی سورمە[٣٢٩]

نایێ نەفەسی قۆرییە، گیزە لە سەماوەر
نابینی لەبۆ خواردنەوەی چایی، جەماوەر

٣٢٦. جیرۆك: ئیمزا، مۆر، واژوو.
٣٢٧. فەنتازی: کەشخەیی، مۆدە.
٣٢٨. شەدە: مشکی.
٣٢٩. کوڵەباڵ: جۆرە بەرگێکی کوردەوارییە و لە لباد دروست دەکرێت و بێقۆڵە و تا کەمەر درێژە، سەر هەردوو شانەکەی جووتێ قۆڵی کورتی قوتی بچووکی پێوەیە، بەڵام قۆڵی پیادا ناکرێت.
تورمە: جۆرە قوماشێکە.



چایی لە هەموو ئەرزی هەجیج بێسەر و شوێنە
بۆیە ڕەنگ و ڕوخساری هەموو وەک پەت و خوێنە[٣٣٠]

ڕۆڵەی بە دڵی داکی وەتەن خێڵی هەجیجە
ئیتر ئەوی بێژێ وەتەنیم، گۆڕی قلیجە[٣٣١]

٣٣٠. پەت: دەزوو – کە لە لۆکە دروست دەکرێن.
٣٣١. گۆڕ: شایان. قلیچ: شمشیر.

## بێدەنگبوونی دایکی وەتەن و بیرکردنەوە و قسەی من لەگەڵیا

وەختێ کە بە دڵسۆزی و مۆژگاری هەڵیرشت
داکی وەتەن، ئەم گەوهەر و یاقووتە، لەبۆ گشت

بێدەنگی لەسەر کرد و منیش مامەوە سەرسام
کە درۆی نەگوت و ڕاستە، هەموو دۆغرییە لام[٣٣٢]

خۆڕاییە بێنەوبەرەکردن، کە گوتە ڕاست
مل بۆی کەچ ئەبێ، ئاوە ئەوەستێ، ئەمەیێ ماست

ئەمما بە تەریقێکەوە پێم وت: کە بەبێ غەل
ڕاز و گلەیی تۆ دەگەیێنم بە براگەل[٣٣٣]

٣٣٢. دۆغری: ڕاستی.
٣٣٣. غەل: فڕوفێڵ، ساختە.



بەشکم هەموو لێی وردبنەوە کوڕگەل و پیاوان
کاریێ لە دڵی گشتی بکا، ببنەوە ژێوان[٣٣٤]

سا با بدەنۆ، بێنەوە سەر کردەوەکەی کۆن
تۆز و ژەنگی ژوور و دەرەوە، پێکەوە بیشۆن[٣٣٥]

٣٣٤. ژێوان: پەشیمان.
٣٣٥. بابدەنۆ: بگەڕێنەوە.

## ڕۆیشتنی داکی وەتەن لەپاش وتارێکی کورت و پڕ مەعنا

گریا، وتی: کوا خوا ئەوەکا، کوێرە بە ئاوات
دوو چاوی گەش و ساغەوەیە، ئیدی کشومات

هەستا، وتی: لای خواوە نزیکە، گەلێ ئاسان
با دوور و گران بێ، وەکوو شیر بێتەوە ناو گووان

ئیتر سەری هەڵگرت و بەجێیهێشتم و من مام
دڵ وا بە کزی نوقمی تەم و خەم بوو سەراپام



## ئامۆژگاریی من بۆ نەتەوە و بڕانەوەی هەڵبەست

ئینجا لە بری داکی وەتەن، لازمە ئەی لاو
گوێچکە و دڵەکەت ئاو بدەمۆ، هەر وەکوو زاخاو

بەم ڕاز و گوتەی خۆشی (چروستانی) مەڵاشووت
گۆشی بکە، مێشکت بکە پڕ، لێی مەبە لالووت

بڕوانەرە مۆخی گوتە و، لادە لە خێوی
قۆڵ هەڵمەکە لە خراپە و تانووت و جنێوی

گەر تێفکرین کوڕگەلی کوردی بە حەقیقەت
تانووت و گلەی داکی وەتەن، پڕ لە نەسیحەت

ڕێیە، کە وەها ڕاست و ڕەوانە، وەکوو جادە
پیاڕۆیی نەکەی، ئەسڵی گەیشتن بە مرادە[٣٣٦]

---

٣٣٦. پیاڕۆیی: زیادەڕەوی.

پێویستە بە چاوی، دڵی ڕوون بکرێ تەماشا
بۆ ئەم نەتەوەی کوردە، ئەگەر دۆمە، ئەگەر شا

تا دەرکەوێ ئەم ڕێیە، شەقامێکی وەهایە
هەوراز و نشێوی نییە، بێپێچ و پەنایە

وا تەختە لەبەردەرکی سەرا، چاترە ڕەوتی
نەک سەختە بە چەوتی، وەکوو لاپێ، کە دەکەوتی[٣٣٧]

ماندوو نییە پیران و هەموو ڕۆڵە و لاوان
بەم ڕێگەیەدا هەرچی بچێ و بێ، نییە تاوان

وا ڕێکە گرێوگۆڵی نییە، خواریوخێچی
پێیدا، کە نەڕۆن، ئیدی (چروستانی) بڵێ چی!

گەر گوێی نەدەنێ، کۆمەڵی ئەم چینە دەگونجێ
چینێ، کە دوا من بێ، وەریبگرێ بە گەنجێ[٣٣٨]

هۆنیمەوە هەڵبەستێ بە بیانووی وەتەنیوە
تەمسیلە، پڕی گەوهەر و مرواری و زیوە

٣٣٧. بەردەرکی سەرا: جاران گەورەترین مەیدانی ناوشاری سلێمانی بووە.
٣٣٨. گەنج: خەزێنە.



گەنجینەیە، سیخناخە لە خۆراک و زەخیرە
بۆ بابەتی پێویستیی ژیان، مووچەو و جیرە[٣٣٩]

بۆ دەرد و پەتا چارەیە، دووکانی عەتارە
دەرمانی هەموو کۆمەڵە، بێقیمەت و پارە

وا کاکی (چروستانی) لەبۆ یادی لەمەولا
ئەسپێرێ بە ئێوە وەتەنی و ئێوە، بە مەولا[٣٤٠]

تەواو بوو بە سووچی ئووچی پڕ تاوانی
دانەر و هەڵبەستی (محەممەدی چروستانی)

حەزرەتی (أرحم الراحمين) خۆی و دایك و باوك و خزمانی بە لێخۆشبوون و ڕەحمەتی خۆی شاد بکات، بۆ خاتری پێغەمبەری خۆشەویستی خۆی، کە (محەممەد)ە صلی الله وسلم علیە و علی الە وصحبە آمین آمین.
تەواو بوو شەوی چوارشەممە ٦ی شەعبان ١٣٧٧ ك /٢٦ی شوبات ١٩٥٨ز لە (موستەشفای سلێمانی).
(٦٠) ڕۆژە لێرەم، سبەی دەرئەچم انشاالله.[٣٤١]
**(ئەم چەند وتەیەی سەرەوە هی شاعیر خۆیەتی).**

٣٣٩. سیخناخ: پڕ.
٣٤٠. مەولا: مەبەستی خوایە.
٣٤١. لێرەدا شاعیر تەنها مەبەستی نووسینەوەی شیعرەکانیەتی، ئەگینا چەند ساڵ لەوەوپێش ئەم شیعرانەی داناوە.

به بیانووی یەککەوتنی بەهار و جەژنی قوربان لە ساڵی (١٣٥٣)ی هیجریدا[٣٤٢]، ئەم (١٣١) بەیتە شیعرەم دانا، کە حەوت چینە، لەبەر ئەوە ناونرا بە (حەوت چینی چیمەن).

## چینی یەکەم

عەجەب جەمعییەتێکە ئەم بەهار و جەژنی قوربانە
لە قەرِنێکا (تصادف)کا مەگەر ئەم نەوعە جەژنانە[٣٤٣]

دڵ و گیانم ببێ قوربانی، قوربانێ جڵەوکێشە
کە ڕاکێشێ لەگەڵ خۆی ئەم بەهارە و ئەم گولستانە[٣٤٤]

مەڵێ خاکی حیجازی پڕ لە حاجی کردووە تەنیا
بڵێ دنیا سەراسەر (فی المثل)، وەک حاجی بوستانە[٣٤٥]

٣٤٢. (١٩٣٤)ی زایینی.
٣٤٣. عەجەب: سەیر، سەرسوڕهێنەر. جەمعییەت: کۆمەڵ.
٣٤٤. قوربان: فیدا. قوربان: جەژنی قوربان.
جڵەوکێش: ڕاکێش. گولستان: گوڵزار.
٣٤٥. (فی المثل): هەروەکوو.
حاجی بوستان: دەشتودەری پڕ لە حاجی.



لە هەر لا گیا سەری هێنایە دەر، وەستا لە ئیحراما
تەماشا ئەم گوڵ و کانە، کەشیدەی تەوقی سەریانە[٣٤٦]

لەسەر یەک پێ، چلۆن وەستان و چۆن تێکەڵ بە یەکتر بوون
ڕووە و ڕوو، شان بە شان و دەس و دەس لەناو دەس، مل لە ملیانە

وەکوو ئەولادی یەک زک کۆمەڵە بوون و ژیان و چوون
چ خۆشە مردن و بوون و ژیان، بەم نەوعە مەردانە

لە وەستان و سجوودا، ملکەچی و کەوتن بەسەر ڕوودا
ڕکووعی زاتی مەعبوودا، وەکوو تاعاتی چاکانە[٣٤٧]

ئیشارە و ڕەمز و ئیرشادە، تەجەللا و فەیض و ئیمدادە
لەبۆ قووەی دڵی سادە، بە عەینی ئەولیاخانە[٣٤٨]

٣٤٦. ئیحرام: نییەتی بەجێهێنانی حەج، یان عومرە.
کەشیدە: مێزەر ... مەبەستی لە گوڵەبەیبوون _ حاجیلە _ گوڵەفەقێیە.
٣٤٧. سجوود: سەربردنە سەر زەوی.
ڕکووع: سەردانەواندنەوە، کڕنووش. مەعبود: خودا.
٣٤٨. ئیرشاد: ڕێنماییکردن.
تەجەللا: دەرکەوتن. فەیض: بەرەکەت، پیت.
ئیمداد: یارمەتی. قووەت: هێز. ئەولیاخان: کۆڕی دۆستانی خوا.

بەڵێ ئەو کەس، کە خوا پێی داوە، ساحیب دیققەت و چاوە
بە هاتوچۆی ئەوانە، چاو لە مەوت و حەشر و میزانە[349]

کە هەڵکا ڕەحمێ ئەو، بایێ دەبێتە مورشیدت گیایێ
چە جای گایێ لە سەحرایێ، وەکوو ئەو قوتبی گەیلانە[350]

لە بەحری جوودی ئەرزیش، وەک من و تۆ، بۆ درەخت و گیا
لە باغان و بیابان، چاوەڕێی یەک قەترە بارانە[351]

٣٤٩. حەشر: کۆبوونەوەی خەڵك لە ڕۆژی (پەسڵان) قیامەتدا.
میزان: تەرازوو، کە سەنگی چاکە و خراپەی خەڵکی پێ دەکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا.
٣٥٠. مورشید: ڕێنماییکەر، ڕابەر.
قوتبی گەیلان: (مەبەست شێخ عەبدولقادری گەیلانییە)، ئیشارەیە بەو سەرگوزەشتەیەی کە حەزرەتی عەبدولقادری گەیلانی فەرموویە: مناڵ بووم ڕۆژی عەرەفەی جەژنی قوربان، گاجووتێکم لێ دەخوڕی بۆ سەحرا، بۆ سەر جووت، لێم وەرگەڕایەوە وتی: (ما لهذا خلقت یا عبدالقادر و لا بهذا امرت). ترسام و گەڕامەوە، چوومە سەربانی خۆمان، لەوێوە حەجاجم بە کێوی عەرەفاتەوە دی، ئەم دوو شتەم بۆ دایکم گێڕایەوە، ئیتر ناردمی بۆ بەغداد. وەك بە تەفصیل لە نەفاحاتی جامیدا بەیان کراوە.
(ئەم ڕوونکردنەوەیە هی شاعیر خۆیەتی).
٣٥١. جوود: بەخشینەوە.



چنار و عەرعەر و توو و، سەرو و نەخل و نارەوەن، وەک بان
چ بەردار و چ بێبەر، سەرکەشیدە (ربنا)یانە[352]

هەموو زار و زمانێ بۆ موناجاتێ بە ملیۆنە
دەستی پان و پەل و باڵی درێژی سەد هەزارانە[353]

لە مەعنادا هەموو سەرخۆش و مەدهۆش و سەراسیمەن
لە عەینی حیرەتی ئەو زاتی پاکی حەیی سوبحانە[354]

بە نەشئەی بای سبەینان و شنەی خۆشی شەماڵی ئەو
عەجەب سەف سەف لە ڕەقسان و، چلۆن هاتوونە جۆلانە[355]

چروستانی، هەموو عالەم سەناگۆی زاتی مەننانە
ئەگەر چی ئەم قسانە دێنە گوێی مونکیر بە ئەفسانە[356]

٣٥٢. نارەوەن: دارێکی گەورەی سێبەرداری بێبەرە.
بان: سەرو. سەرکەشیدە: سەرهەڵبڕیو.
(ربنا)یانە: لە خوا ئەپاڕێنەوە ئەڵێن: خوایە.
٣٥٣. موناجات: گفتوگۆ بە نهێنی، پاڕانەوە.
٣٥٤. مەدهۆش: سەرخۆش. سەراسیمە: سەرسوڕماو. حیرەت: سەرسامی.
حەی: زیندوو. سوبحان: پاك و بێکەموکووڕی.
٣٥٥. سەف سەف: ڕیز ڕیز.
٣٥٦. سەناگۆ: سوپاسکەر، سوپاسگوزار. مەننان: زۆر بەخشندە. مونکیر: بێباوەڕ.
ئەفسانە: چیرۆك و داستانی هەڵبەستراو، کە زادەی بیروبۆچوونەوەی مرۆڤن.

## چینی دووەم

(تعالی اللە) لە خوایێ خالقی گۆڕانی ئەزمانە
دەگێڕێ ئەم بەهار و پاییز و هاوین و زستانە[357]

دەمێ سەرما و خەزانە، بەفر و تەرزە و زوقم و لەرزینە
سەهۆڵی لامل و گوێی گوێسەوانە، بۆتە لەرزانە[358]

لەژێر لێفە و بەرئاگر تێخزان و خۆلەجلپێچان
ڕەهێڵە و تاوی بابۆر و کڕێوە و ڕاوی زریانە[359]

دەمێ نەفحەی نەسیمی خۆی، هەناسەی خۆش شەمیمی خۆی
لە ئەنعامی عەمیمی خۆی، بە عالەمدا پەرێشانە[360]

---

٣٥٧. (تعالی اللە): گەورەیی بۆ خوا. ئەزمان: کۆی زەمانە.
٣٥٨. خەزان: گەڵاوەرین لە پاییزدا.
لەرزانە: پڵپڵەی سەروکڵاوی ئافرەت.
٣٥٩. ڕەهێڵە: کڕێوە، بەفر و بای توند. زریان: باوبۆران.
٣٦٠. نەفحە: هەوا. نەسیم: شنە. شەمیم: بۆن.
ئەنعام: خێر و خۆشی. عەمیم: گشتی.



ئیتر بەهەرەی بەهارە، عالەمێ بێداری ئادارە
ئیتر قەترەی حەیات و، گەوهەری ئیحسانی نیسانە[361]

بەجارێ جنسی ئینس و وەحش و تەیر و دار و کانیی ئەرز
دەنۆشێ هەریەکێ تەقسیمی خۆی، لەو ئاوی حەیوانە[362]

حەیاتێکی نوێ وەردەگرن و، ئازاد دەبن ئەمجا
هجووم دێنن، وەکوو بکرێتەوە دەرگای حەپسخانە[363]

هەموو سەربەست و ئامادە، ئەوی فەوتاو و بەربادە
جنوودی قیپتە، قاروون، سامری و فیرعەون و هامانە[364]

---

٣٦١. بێدار: ئاگادار، هۆشیار، بێخەو. ئادار: مانگی ئازار.
٣٦٢. ئینس: مرۆڤ.
ئاوی حەیوان: ئاوی حەیات، ئەو ئاوەیە کە هەر کەسێ بیخواتەوە نامرێ، دەڵێن (خدری زیندە)، واتە خدری زیندوو لەو ئاوەی خواردووەتەوە، بۆیە نەمرە.
٣٦٣. تەسادوف پاش ئەم شیعرە بە چەند ڕۆژێك حەپسەکان دەرگایان شکاند و دەرباز بوون، یەکێکیان گیرایەوە.
(ئەمەش ڕوونکردنەوەی شاعیر خۆیەتی).
٣٦٤. قیپت: نەتەوەی فیرعەونە، فیرعەون پاشایان بوو.
قاروون: پیاوێکی دەوڵەمەند بوو لە سەردەمی مووسادا، کە بوختانی پێ کرد.
سامری: جوولەکەیەك بوو، گوێرەکەیەکی لە ئاڵتوون دروست کرد، ناوی لێنا (خوا)، داوای لە خەڵك کرد، کە بیپەرستن.
هامان: وەزیری فیرعەون بوو.

بەڵێ شوعلەی ئیرادەی حەق ئەدا ڕەونەق بە داری ڕەق
بەهاریش (فی المثل) دەست و عەسای مووسای عیمرانە[365]

وەها عالەم دەبێ تازە، سەراسەر عەینی ئیعجازە
بەڵێ زاهیر بە ئاوازە، جەلال و صونعی ڕەحمانە[366]

لە نیلی میسری ئەو دەشتە دەکەن، ئەم گەردش و گەشتە
بەهەشتە، زوڵفی حوورە، پەرچەم و کاکۆڵی غیلمانە[367]

بە بەزم و کەیف و خۆشی، گەل بە گەل، یاران لە سەحرادا
هەموو هەر نەغمەیە، هەر شەوق و زەوق و عەیش و سەیرانە

(چروستانی)، ئیتر خۆشیی هەزاران و هەتیوانە
بە بێباکی ئەنوون، جێیان ئەگەر کوڵان، ئەگەر بانە

٣٦٥. ئیرادە: ویست.
٣٦٦. ئیعجاز: ئەنجامدانی ئەو کارانەی، کە لە توانای ئادەمیزاددا نەبن.
جەلال: گەورەیی. ڕەحمان: خاوەنبەزەیی، خوا.
٣٦٧. گەردش: گەڕان. حوور: حۆریی بەهەشت.
غیلمان: جەمعی غولامە، واتە، نۆکەری گەنج.



## چینی سێیەم

زەکی حیرەتزەدەی ئەسراری وەحش و پۆلی تەیرانە
هەموو مەشغووڵی سەنعات و خەریکی ئیش و فەرمانە[368]

چ کەو، کۆتر، چ ڕیشۆڵە، هەچی تەیرە چ مەشغووڵە
لە لم چینە دەکا چینێ، یەکێ خۆڵی لەسەر شانە

هەموو جووتگرتن و هەر لەنجەکردنیە لەگەڵ جووتی
لەسەر شاخ و لقی دار، ئەم بە عیشوە، ئەو خەرامانە[369]

هەرای تەیرەنئەبابیلە و جرەی خۆشی پلیسرکان
لە گوێدا چەن بەتەئسیرە، دەڵێی ئایاتی قورئانە[370]

پڵنگ و کەمتیار و ورچ و گورگ و شێر، خەریکن وەک
قوڵنگ و قاز و لەقلەق، یەک بە لانە، یەک بە هێلانە

٣٦٨. حیرەت: سەرسوڕمان. حیرەتزەدە: سەرسام.
٣٦٩. عیشوە: ناز.
٣٧٠. جرەی پلیسرک: دەنگی پەڕەسێلکە. بەتەئسیر: کاریگەر.

ئەها لەقلەق فەقیرە، تەقتەقی مانەندی شەست تیرە
دەنووک دوو تیرە، مل فیشەکلغە، باڵی دوو قەڵغانە

سبەینان کەینوبەینی بولبول و گوڵ، سەیریکەن سەیرە
بە فریاد و فوغانە ئەو، ئەمیش پەخشان و خەندانە[371]

لەتاوی لێوی ئەو سووتاوە، تینووی قەترەیێ ئاوە
لەبەر چاوی دەمی قووچاوە، ئەم شەقشەق گریبانە[372]

قرە و زیرە و چریکە و ناڵە و هاواری ئەو خۆشە
قرِوقەپبوونی دەعیە و ناز و لەنجەولاری ئەم جوانە

لەگەڵ فەوجی سەبا، ئەوجی سەبا سێگا و ماهوورە
لە دەشتا دەشتیی و نەغمەی حیجاز و شۆری تەیرانە[373]

ئەگەر دڵزیندوویێ دیققەت بکا، مەدهۆش و حەیرانە
نەوەک وەک ئەم دڵەی مردووی (چروستانی)، کە وێرانە

٣٧١. فوغان: هاوار، ئاهوناڵە. پەخشان: پەرشوبڵاو. خەندان: بەپێکەنین.
٣٧٢. قووچاو: نووساو، لێکنراو. گریبان: یەخە.
٣٧٣. فەوج: تاقم، پۆل. ئەوج: بەرزایی، لوتکە.
سەبا: بەیان، جۆرە ئاوازێکیشە.
سێگا، ماهوور، دەشتی، حیجاز، ناوی چەند مەقامێکن. شۆر: ئەشق، ئەوین.



## چینی چوارەم

گژوگیا و گڵووکی چیمەن و ئەم دەشت و باخانە
تەماشاکە، چ حاڵێکە، چییە ئەم خاڵ و داخانە!

یەکێ سەر تا بەپێ ڕەنگینە، یەک ڕەشپۆش و سەرشینە
یەکێ غەرقی عەرەقچینە، یەکێ بێبەرگ و عوریانە[374]

یەکێ مات و مەلوولە، یەک دوو زوڵف و پەرچەمی لوولە
یەکێ ڕووخۆش و شادانە، یەکێ لەرزان و ترسانە[375]

یەکێ ڕووسوور و مەسروورە، یەکێ ڕووزەرد و مازوورە
یەکێ وەک خونچە مەستوورە، یەکێ دەمگەرم و پەخشانە[376]

٣٧٤. سەرشین: زەویی بە گەڵای شین ڕازاوە، بۆ کاتی کەسمردن، سەر شین دەکرێت.
عەرەقچین: کڵاو. عوریان: ڕووت.
٣٧٥. مەلوول: زویر، خەمبار.
٣٧٦. مەستور: شاراوە، داپۆشراو. مازوور (معذور): لێبووردراو.

یەکێ ئەبڵەق، دووچاوی زەق، دەڵێی حۆلی بیابانە
یەکێ سەر تا بەپێ ڕەونەق، دەڵێی لەعلی بەدەخشانە[٣٧٧]

یەکێ خۆش و قەشەنگە، ڕەنگی شۆخوشەنگە وەک لەیلا
پەشێوحاڵ و کەشەنگە، یەک بە تەرزی قەیسی دێوانە[٣٧٨]

یەکێ سەرپڕلەگڕ وەستاوە، فرمێسکی بەخوڕ دەڕژێ
یەکێ کەوتوو، شڕوشێواوە، شێوەی شەمع و پەروانە

بە شەو وەک (قائم اللیل)ن، سەحەر چاوتەڕ هەتا زەیلن
دەڵێی خنکاوی ناو سەیلن، هەموو گریان و خەجلانە[٣٧٩]

٣٧٧. ڕەونەق: بریقە.
٣٧٨. قەشەنگ: جوان. کەشەنگ: ماندوو.
٣٧٩. (قائم اللیل): ئەوەی شەو بە خواپەرستی ڕۆژ دەکاتەوە.
چاوتەڕ: لەبەر ترسی خوا، لە کاتی نوێژ و خواپەرستی و پاڕانەوەدا، فرمێسك لە چاویان نابڕێ... ئەم واتایەش لە وشەکانی دوای ئەم وشەیەدا باشتر دەردەکەوێ.
زەیل: داوێن. سەیل: لافاو. خەجلان: شەرمن.



## لادان لە باسی بەهار و بناوانهەڵبەستن بۆ چینی پێنجەم

سەحەر، ذی ڕۆح و بێڕۆح، هەر یەکێ خاڵی نییە حاڵی
لە شەئنی غەیری ئەم ئینسانە، چەن خەوخۆش و نادانە[٣٨٠]

لە سەحرا فیرقەیێ وشیارە، ئەهلی عیبرەت و عارە
دەکا تەسبیح و تەقدیسی خودا، حەمد و ثەناخوانە[٣٨١]

لەلایەکی تریش ئەهلی فەساد و فیسقە، نائەهلە
بە دایم سەرگرانە، چیمەنی کردۆتە مەیخانە[٣٨٢]

سەراپا غەرقی چاکەی بێحیسابییەتی و، کەچی ناڵێ
لەسەر خوانی وەلی نیعمەت، خیانەت دوور لە ویجدانە[٣٨٣]

ئەگەرچی یێخەگیریی خۆمە، ئەمما هەرکەسێ ئاوێ
لە سەرچاوێ بخوات و لێڵیکا، جێی بەردەبارانە

٣٨٠. ذی ڕۆح: گیانلەبەر. شەئن: حاڵ.
٣٨١. فیرقە: تیپ.
٣٨٢. سەرگران: سەرخۆش، مەست.
٣٨٣. وەلی نیعمەت: خاوەنی چاکە.

قـەڵـەم، لـەم باسـە لادەی خاسـە، بـۆ تـۆ سـووچ و تاوانـە
کـە هیچپووچـە کـردەت، ئـەی (چروسـتانی)، بـدەی تانـە

## چینی پێنجەم

وەکـوو بـاخێ، کـە دڕکـوداڵ و میـوە و سـەرو و ڕێحانـە
لە دنیا مەست و غافڵ، هەم موهەییا، مەردی مەردانە[٣٨٤]

کراسێکە، خـەیـات ئـەوەڵ بـەقـەد هـەر کـەس بڕیویـەتـی
ئـەگـەر زاتـم ببـێ بیڵـێم، هـەمـوو تـەقـسیمی یـەزدانـە

ئەگەر سیدقی دڵی ( صدیق)، ئەگەر جەهلی ئەبو جەهلە
چ مـەحـروم و چ مـەحـرەم، پـاکی هـەر شایانی خۆیانـە[٣٨٥]

لە لوتف و قەهریا فەعالە، ئەو بۆ (ما یرید)ی خۆی
زەکی لەم سیرڕە سەرگەردانە، عەقڵی گەرچی لوقمانە[٣٨٦]

---

٣٨٤. موهەییا: ئامادە.
٣٨٥. صدیق: ڕاستگۆ، مەبەستی (ئەبو بەکری صدیق)ە. مەحروم: بێبەش.
مەحرەم: بەشدار، ڕێدراو.
٣٨٦. ما یرید: ئەوەی بیەوێ.



یـەکـێ سـوجدەی نـەبـردە بـەر ئـەحـەد، غـەزوەی ئوحـود هێنـای
شـەهـادەی شـەهـدی پێنۆشـی، لـە زومـرەی ئـەو شـەهیدانـە[٣٨٧]

یـەکـێ جـەهـدی جیهـادی غیبتـەی ئـەسـحابی خـەیبـەر بـوو
(معـاذ اللـە)، ڕەسـوولی خـوا وتـی: ئـەو ئـەهلـی نیرانـە[٣٨٨]

---

٣٨٧. ئەحەد: تەنها، مەبەست خودایە. ئوحود: کێوێکە لە مەدینە.
شەهادە: شەهیدبوون. شەهد: هەنگوین.
زومرە: کۆمەڵ. مەبەست (عەمری ئەوسی)یە، کە لە جەنگی غەزای(ئوحود)دا موسوڵمان بوو ، چووە غەزاوە لە غەزادا شەهید بوو، وتیان: (ما سجد للە سجدة) عەرزی پێغەمبەریان کرد، یەك سوجدەی نەبردووەتە بەر خودا.
فەرمووی: بەهەشتییە، وەکوو لە سیرەدا مەعلوومە. (ئەم ڕوونکردنەوەیە هی شاعیر خۆیەتی).
٣٨٨. جیهاد: هەوڵدان، تێکۆشان، غەزاکردن لە ڕێی خوادا.
غیبتە: خۆزگەخواستن لە خێردا.
ئەسحاب: یاوەران، دۆستانی پێغەمبەر (د.خ).
معاذ اللە: پەنا بە خوا. نیران: کۆی نار - ئاگری دۆزەخ.
ئاماژە بەو ئەسحابەیەیە، کە لە خەیبەردا غەزایەکی وای کرد، کە ئەسحاب خۆزگەیان پێ ئەخواست، پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) فەرمووی: لە ئەهلی جەهەننەمە، لەو فەرموودەیە ئەسحاب سەریان سووڕما، کە سبەی ئەسحابەکە چووە غەزاوە بریندار کرا، لە جێگایەکی وەها کە خۆی ڕانەگرت بۆ ئێش و ئازارەکەی، ناچار خۆی کوشت بۆ نەجاتبوونی، ئینجا ئەسحاب لەم موعجیزەیە حاڵی بوون.
(ئەم ڕوونکردنەوەیە هی شاعیر خۆیەتی).

(من اهل الجنة)ی گەر وت، بە ئەوەڵ موخبیری (صادق)
ئەمیش گەر نەفسی خۆی کوشت، هەر لە خواوە حوکم و فەرمانە[٣٨٩]

لە دەرکی غەوری ئەم ئەسرارە، سەرسامە (اولو الالباب)
لە بەحسی دووریی ئەم ئەفکارە، لاڵە، گەرچی سوحبانە[٣٩٠]

وەها بەستەزمان و دەست و پێ بەم جەهل و نوقسانە
(چروستانی) بڵێ چی، چۆن بدا لەم بەحری عومانە![٣٩١]

---

٣٨٩. من اهل الجنە: لە ئەهلی بەهەشت. موخبیر: هەواڵدەر.
٣٩٠. غەور: قووڵی. اولو الالباب: خاوەن ئەقڵ. سوحبان: شاعیرێکی گەورەی سەردەمی پێش ئیسلام بووە.
٣٩١. بەحری عومان: بەشێکە لە دەریای عەرەبی و دەکەوێتە بەری وڵاتی عومانەوە، بە مرواری و دورڕ ناوبانگی دەرکردووە.



## چینی شەشەم

## پارانەوە

چ ژەنگینە دەر و ناوم، دەڵێی لێیداوە مۆرانە
عیلاجم هەر لە خوا پاڕانەوە و ئیقراری تاوانە[٣٩٢]

قسەم زل، هیچ لە بارمدا نییە، بمبێ ئەگەر ئینصاف
ڕەقیبان ڕق ئەگەر بگرن، بدەن لێم تانە، هەقیانە

دەمم گەرچی تەڕە، کاسەم گەلێ وشکە، گەلێ، یەعنی
قسەم شیرین و خۆشە، کردەوەم زۆر تاڵ و ناجوانە

لە ئاداب و شیعارا بێشعوور و بێئەدەب ماوم
دەر و ژووری وجوودم دەردە، زۆر داماوی دەرمانە

ئەگەر چی قەول و فیعلم زاهیرەن تۆزێ لە ڕێی شەرعە
بەڵام سەر تا بە پێم نوقمی گوناهـ و فیسق و (عوصیان)ە

---

٣٩٢. ئیقرار: دانپێدانان.

ئەگەرچی شەرمەساری باری ئەتواری بەدم، ئەمما
بیحەمدیللا عەقیدەم سافە، قەلبم زەرفی ئیمانە[٣٩٣]

شوکور ئێستە لە ئیسلامم دەمێنێ حوسنی ئەنجامم
ئەگەر ئیمدادی هادی بێ، حیمایەیکا، چ ئاسانە[٣٩٤]

٣٩٣. شەرمەسار: شەرمەزار، تەریق.
ئەتوار: کردەوەکان. زەرف: مەبەست جێگەیە.
٣٩٤. هادی: ڕێپیشاندەر، مەبەست خوایە. حیمایەت: پاراستن.



## دەلیلی دەوامی ئیمان

دڵم خۆشە لە قەولی خوا (وما کان لنفس)دا
هەتا (ان تؤمن الا باذن اللە) بورهانە[٣٩٥]

دڵم بەو بوونە مەسروورە، بە ئەمری خۆتە مەعموورە
پەشیمانی لە تۆ دوورە، ئومێدی مانی ئیمانە[٣٩٦]

کەریمێ نیعمەتێ بەخشێت و بیسێنێتەوە، حاشا
کە هیببەسەندنەوە، خاریج لە ئەخلاقی کەریمانە[٣٩٧]

کە تێفکرم لە تەقسیرم، سەعیر و غەلل و زەنجیرم
هەقە، ئەمما ئومێدم مژدەکانی خۆشی قورئانە[٣٩٨]

٣٩٥. وما کان لنفس ان تؤمن الا باذن اللە ... سوورەتی یونس، ئایەتی ژمارە (١١٠). واتە: بەڕەزامەندیی خوا نەبێت کەس ناتوانێت باوەڕ بهێنێت.
بورهان: بەڵگە.
٣٩٦. مەعموور: ئاوەدان.
٣٩٧. کەریم: بەخشندە.
٣٩٨. سەعیر: ئاگری دۆزەخ. غەلل: فڕوفێڵ.

لەبەر (لا تقنطوا من رحمة الله)، کە فەرمووتە
لە ئیسرافم ئومێدی قایمم، هەر ڕەحم و غوفرانە[٣٩٩]

بە قەد ئەنعامی بێعیددەت، ئەگەر بێحەددە کوفرانم
بە (قل کل) ئەنازم، شاکیلەی تۆ عەفوو و ئیحسانە[٤٠٠]

قسوور و زەللەکانم، گەرچی زۆرە (راحم العاصین)
بە نیسبەت ڕەحمەتت بێمایەیە، قەترە لە بارانە[٤٠١]

خوداناکەردە، گەر ڕەحمێ نەکەی واوەیلەمە، چونکە
زەعیفم، من بەسەرما غالبن، ئەم نەفس و شەیتانە[٤٠٢]

٣٩٩. قل یا عبادی الذین اسرفوا علی انفسهم لا تقنطوا من رحمة الله ... سورة الزمر آیة (٥٢): واتە ئەی ئەو بەندانەم، کە بە تاوانکردنتان لەگەڵ خۆتان خراپ بوون، لە ڕەحمەتی خوا نائومێد مەبن.
غوفران: لێخۆشبوون.
٤٠٠. بێعیددەت: بێژمارە، لە ڕادە بەدەر.   کوفران: پێنەزانین.
(قل کل): ئاماژەیە بۆ ئایەتی (قل کل یعمل علی شاکلته)، سورة الاسراء (٨٤).
واتە: بڵێ ئەی (محمد) هەموو مرۆڤێك کار دەکات بەو شێوەیەی گونجاوی حاڵی بێت.
زەللە: هەڵە.  شاکیلە: عادەت، تەبیعەت.
٤٠١. ڕاحم: خاوەنبەزەیی، مەبەست خوایە.  العاصین: گوناهباران.
٤٠٢. غالب: زاڵ.



زەبوون و دوون و بێچارەم لەگەڵ مەلعوون و ئەممارەم
مەعوونەی چارە دەربارەم بکە، لەم غوول و دێوانە[٤٠٣]

خودایا من نەبووبووم، هەر لە بوونم تا نەبوونم دێ
بە خەلقی خۆتە، خۆت لێم لادە شەڕی ئەم عەدووانە[٤٠٤]

لە تاعەت ڕووت و نابووتم: لەگەڵ بێشەرعییا جووتم
فزوولی و غەیبەتە قووتم: جنێو پێخۆر، درۆم نانە[٤٠٥]

لە فیتنەی تینوتاوی فەرتەنەی کێشانی ڕۆحم، خۆت
دەبێ وریا بی لێم، دوژمن کە جەردەی دین و ئیمانە

لە داماویی دەمی قەبر و پلەی سەختی قیامەتدا
دەسم دامێنی ڕەحمەت، بمگەرێ لەم گێژ و وەرطانە[٤٠٦]

٤٠٣. زەبوون: بێدەسەڵات، لاواز.
دوون: بەرەوخوار، بێنرخ، ملکەچ.
مەلعوون: دوورخراوە لە بەزەیی خوا، نەفرەتلێکراو، شەیتان.
ئەممارە: زۆر ئەمرکەر، مەبەستی هەواوهەوەس و نەفسە.
مەعوون: یارمەتی.  غوول: دێو.
٤٠٤. عەدو: دوژمن.
٤٠٥. فزوولی: خۆ بەزلزان، خۆپەرست، لێرەدا مەبەستی تەنها ئەوە بووە لە بارەگای خوادا نەفسی خۆی شکاندووە.
٤٠٦. وەرطە: تەنگوچەڵەمە.

چەنم دەس کرد درێژ بۆ تۆبە فەورەن، دەسدرێژییم کرد
بە تۆ دێنم پەنا، فەریادرەس لەم (کذب) و بوهتانە[٤٠٧]

بەبێ تۆ تۆبە پەتکی کورت و خاوە، پەت پەتی داوە
خودا گەر تۆبە تۆ بیدەی، تەواوە دوور لە پچڕانە[٤٠٨]

بە لوتفی تۆ لەسەر جادە، سەعید ئەڕوا بە ئامادە
لە قەهری تۆ (معاذ اللە)، شەقی دووچاری خذلانە[٤٠٩]

(چروستانی)، کە زوڵم و جەهل و ظوعفی (نص)ی قورئانە
بە قووەی قاهیرەی خۆت بیخە سەر ڕێ، بێتە دەرگانە[٤١٠]

---

٤٠٧. فەریادڕەس: بەهاوارەوەچوو، فریاگەر.
٤٠٨. پەتی داو: پەتێکی خاو و باریکە، کە زوو دەپچڕێت.
٤٠٩. سەعید: بەختیار. شەقی: خراپەکار. خذلان: داماو، زەرەرمەند.
٤١٠. قاهیر: سەرکەوتوو.
دەرگانە: دەرگا، پەنا.
لە دەسنووسێکی تردا ئەم نیوە دێڕە بەم جۆرە نووسراوە:
(دەلیلی بێنەوا (ضعف)ی چروستانی لە قورئانە)



## چینی حەوتەم

### دەخالەتکردن بە پێغەمبەر (د.خ) وە صەلەوات بۆ سەرتاپێی چاک و خراپ و ئاوڕدانەوە بۆ سەرەتا و بڕانەوەی هەڵبەست

لە مەحشەردا شەفاعەتکردنی طاها ڕجامانە
کە عەزم و هیممەتی بۆ ئوممەتی داماوی، دەرمانە[٤١١]

شەفیعی (رحمة للعالمین) بێ، غیرەتی وایە
نەبێ ڕازی، ببینێ ئوممەتی دووچاری خوسرانە[٤١٢]

شەفاعەتییە ئومێدم، گەرچی بێمایەم لە پەیڕەویا
کە ئەو کانیکەرەم، دەسمایەی ڕەحمی گەدایانە[٤١٣]

---

٤١١. مەحشەر: ڕۆژی هەستانەوە و لێپرسینەوە.
شەفاعەت: تکا. طاها: یەکێکە لە ناوەکانی پێغەمبەری ئیسلام(د.خ).
٤١٢. شەفیع: تکاکار.
رحمة للعالمین: یەکێکە لە سیفەتەکانی پێغەمبەر (د.خ) واتە: خاوەن بەزەیی و میهرەبان بۆ هەموو کەس.
خوسران: زیان، دۆڕان.
٤١٣. کەرەم: بەخشین.

بە جاهی خۆت لە ڕۆژی (أمتي وأشفع تشفع)دا
لە هاوارم وەرە، وەختێ جەنابت سەدری دیوانە[٤١٤]

لە دنیا ڕیققەتت حەتتا بە کافر بوو، لەوەو دنیا
لە بەدکارانی ئوممەت مژدە، ڕەحمەت مەعدەن و کانە[٤١٥]

بە وەعدەی (سوف یعطیک) و ( فترضی)، خوا کە مژدەی دا
بنازن ئوممەتانی (مصطفی)، خۆشی لە خۆمانە[٤١٦]

خودایێ ڕەحمی وا، پێغەمبەرێ دڵسۆزیی ئاوابێ
بە دووری دامەنێ، کێوی گوناهـ گەر بێ بە زیزانە[٤١٧]

٤١٤. جاهـ: گەورەیی، شکۆ. وأشفع: تکا بکە. تشفع: تکات گیرایە.
سەدری دیوان: سەرگەورەی تکاکاران.
٤١٥. ڕیققەت: نەرمی و ناسکی.
٤١٦. سوف یعطیك: لەمەودوا پێت دەبەخشێت.
فترضی: ڕازی دەبیت، قایل دەبیت. ئاماژەیە بۆ سوورەتی (والضحی) ئایەتی (٥).
٤١٧. زیزانە: دانەوێڵەیەکی وردە، وەکوو هەرزن وایە.



## صلوات

ئیلاهی، ڕەحمەتێ لایق بە حوببی تۆ لەبۆ ئەو بێ
بپرژێنە بەسەر ئەو، بەحری عیلم و شەمسی عیرفانە[٤١٨]

چ بەحرێکە، کە هەر قەترەی دوڕی بارانی نیسانە
چ شەمسێ، پوڕتەوی (تحت الثری)، تا عەرشی ڕەحمانە![٤١٩]

چ بەحرێ، لەو مەلەک، وەک (جنن) و ئینسان جورعەنۆشانە
چ شەمسێ، ڕۆژ لە ڕووی پەنهانە، کرمی شەبفرۆزانە![٤٢٠]

چ بەحرێکە، (محیط) ئیحسانە، بۆ ئافاقی ئەکوانە
چ شەمسێکە، صەفایی صەفوەتی دڵ، نووری ئیذعانە![٤٢١]

٤١٨. شەمسی عیرفان: ڕۆژی زانست.
٤١٩. دوڕ: جۆرە گەوهەرێکی بەنرخە، مرواری.
پوڕتەو: تین و گەرما. تحت الثری: ژێرخاک.
٤٢٠. جورعە: قومی خواردنەوە. پەنهان: شاردراوە.
شەبفروزان: گوڵەئەستێرە، ئێرەقوولی.
٤٢١. صەفوەت: بێگەردی، پاکی. ئیذعان: باوەڕ.

چ بەحرێکە، قەراغی پڕ لە دوڕ و لەعل و مەرجانە
چ شەمسێ، طەمسی عاری کوفرە، نەشئەی زەرعی ئیمانە![422]

چ بەحرێ، ڕەشحەبەخشی ناری ئەطواری گوناهانە
چ شەمسێ، ڕێی جینانت ڕوون دەکا، هەروەک چراخانە![423]

چ بەحرێ، جۆگەیەکی جورعەبەخشی عەینی ئەعیانە
چ شەمعێ، شوعلەیەکی بەربەڕۆچکەی ئەنبیایانە![424]

لە ئادەم تا بە عیسا، هەر یەکێ بەو مژدەگۆیانە
گوڵ و ڕەیحان و سونبولچن، هەموو لەو باغ و خەرمانە[425]

لە مەدحت خوا (وانک لعلی خلق عظیم)ی وت
لە وەسفت چی بڵێ ناتێگەییو، کوردێ کە نادانە[426]

---

٤٢٢. طەمس: لەناوبردن، داپۆشین. نەشئە: گەشە.
٤٢٣. ڕەشحە: پڕژ، ڕەشحەبەخش، پڕژێنەر. ئەطوار: ئەتوار، کردەوە
جینان: کۆی جەننەت واتە: بەهەشت.
٤٢٤. ئەعیان: کۆی عەینە، واتە کەسێکی ماقوول و گەورە، هەروەها بە سەرچاوەش دەوترێت و بە واتای (چاو)یش دێت، بە شتێکیش دەوترێت کە زاتی ئەو شتە خۆی بێت و شتی زیادی پێوە نەلکابێت.
بەربەڕۆچکە: شوێنهەتاو.
٤٢٥. مژدەگۆ: مژدەبێژ.
٤٢٦. وانک لعلی خلق عظیم: واتە بەڕاستی تۆ لەسەر خوو و ڕەوشتێکی بەرزیت. سوورەتی نوون، ئایەتی (٤). نادان: نەزان.



بە حەصری حوسنی ئەخلاقت، عەلیمە خالق و بۆ من
وەک ئەژمارەی ستارەی ئاسمان، لێوی بیابانە[427]

بەڵێ، عالەم بە خەزنەی جەوهەری خاصی مەلیک نابێ
بە غەیری خەزنەدارێکی ئەمین و خۆی، کە سوڵتانە

لەبەر (صلوا علیە)ی خوا (چروستانی) دەکا داوا
بڕێژێ ڕەحمەتێکی لایەقی ئەم شەوکەت و شانە[428]

چ ڕەحمەت، ڕەحمەتێ عام و بە کامی دۆستانت بێ
چ ڕشتن، ڕشتنێ بۆ قەلبی هەر کەس، مەرهەمی جانە![429]

چ ڕەحمەت، ڕەحمەتێ وا تاوی بڕوا، وەک هەتاوی ڕۆژ
چ ڕشتن، ڕشتنێ لافاوی بێسامانی تۆفانە!

لەپاش پێغەمبەران ئیحیا بکا ئەرواح و ئەجسادی
ئەبوبەکر و عومەر، عوثمان، عەلی بەم نەوعە ڕیضوانە[430]

---

٤٢٧. حەصر: ژمارە. ستارە: ئەستێرە.
علیم: زۆر ئاگادار. ئەژمارە: ژماردن. لێو: لم.
٤٢٨. صلوا علیە: درووود بنێرن لەسەر پێغەمبەر (د.خ).
لایەق: شایەن. شەوکەت: گەورەیی، جوان، بەسیما.
٤٢٩. کام: ئارەزوو.
٤٣٠. ڕیضوان: ڕەزامەندی.

که قایمیان بکات و عەزم و قووەت دا بە سەطوەتیان
بکەن حەشری لە حەشرا، بۆ ئەوەی (مخلص) بە هەمووانە[٤٣١]

لە ترس و لەرزی عەرصە، ئوممەتی عاصی بکەن ڕزگار
بە ئاوی (کوثر)یش تێر ئاو بکەن، ئەم لێوبەبارانە[٤٣٢]

بگاتە باقیی هەر دەی (مبشره)، یەک زوبەیر، ئینجا
سەعید و سەعدە، طەلحە و بوعوبەیدە عەبدی ڕەحمانە[٤٣٣]

لەپاشا داگریێ ئەسحابی بەدریش، یەعنی یارانی
بە هەیبەت کێوی لوبنان و بە هەڵمەت شێری سەر لانە[٤٣٤]

بدا مەوجی لە باقی ئەهلی بەیت و، یەک بە یەک یاران
بە مەخصووصی بەتوول، ئەو فاتیمەی سەرداری نیسوانە[٤٣٥]

٤٣١. سەطوەت: دەسەڵات، هێز.
٤٣٢. عەرصە: دەشتی مەحشەر. لێوبەبار: خەمبار، دڵتەنگ.
٤٣٣. دەی (مبشر): مەبەست لەو دە ئەسحابەی پێغەمبەرە (د.خ)، کە مزگێنیی بەهەشتیان پێ دراوە و ناو براون بە (العشرة المبشرة).
٤٣٤. هەیبەت: سام.
٤٣٥. بەتوول: مەبەست حەزرەتی فاتمەی کچی پێغەمبەرە، کە هەرگیز بێنوێژ نەبووە. نسوان: ئافرەتان.



لەگەڵ دوو نووری چاوی (مصطفی) دوو شاهی شوببانا
کە گەردوون جەرگی بۆ مەظلومییان برژاو و پڕ ژانە[٤٣٦]

ئەگەر ئەرز و فەلەک فرمێسکی خوێن ڕێژن، کەمە هێشتا[٤٣٧]
کە ڕوحانی مەلەک لەم ئێشەدا سووتاو و بوریانە

عەجەب ماوم، کە لەم دوو غەدرە دیدەی ئاسمان ماوە
کە سورمەی هەردوو چاوی خاکی پاکی، نەعلی پێیانە

لەگەڵ ئەو ئەهلی بەیتە، هەردوو مامی (مصطفی) عەبباس
شەهی کێوی (احد)، حەمزە، کە ئەو شێری شەهیدانە

برێژە ڕەحمەت و (رضوان) بەسەر ڕۆح و دڵی هەمووان
بە وەصلت تا ببن شادان، لەگەڵ ئەو ئەسڵی ئەکوانە

لەبەر ئەو شێری بێشانە، لە دووی ئەو ڕوحفرۆشانە
لە هەر ئەقلیم و بولدانا، دیانەت هەر نومایانە[٤٣٨]

٤٣٦. شوببان: کۆی (شاب)، واتە لاو.
٤٣٧. ڕێژن: بڕێژن.
٤٣٨. بێشە: لانەی شێر. ئەقلیم: ناوچە. بولدان: کۆی بەلەدە، واتە وڵات.
نوما: ئاشکرا، دیار و دەرکەوتوو.

بە جارێ چەن شەپۆلی دا بەسەر ئەتباع و ئەحبابی
بە جارێ بەهرەوەر بێ لەو، هەچی پاکان و چاکانە[439]

بەجارێ داوەرێ قەترەی هەزاران دەر هەزارانی
بەجارێ داگرێ ئوممەت، کە ئەهلی شایەتیمانە[440]

بەجارێ وا ببێ پەخشان، درەخشانکا لە پێ، تا شان
ئەوی شاناسە، شانازی دەکا بەو جانی جانانە[441]

نەکەی بێبەش ئەوی بێخێر و بێرە، یا ئیلاهی، تا
بەدەرخەی شوححەیێ، لەو قەدری فەخری ولدی عەدنانە[442]

لە سووچێ قەترەیێ بەر ئەم پڕوپووچە کەوێ، بەشکم[443]
بکا تەفروتوونا لەم بێفەڕەی خۆی، ئەم گوناهانە[444]

---

٤٣٩. ئەتباع: شوێنکەوتووان.
٤٤٠. هەزاران دەر هەزاران: هەزارەها. داوەرێ: داباری.
٤٤١. درەخشان: ڕووناك.
شاناس: پاشاناس، ئەوەی پاشا دەناسێ، لێرەدا مەبەست خواناسە.
٤٤٢. شوححە: کەمێک. ولدی عەدنان: وەچەی عەدنان.
٤٤٣. کەوێ: بکەوێ.
٤٤٤. بێفەڕ: بێکەڵك. فەرامۆشم مەکە: لەبیرم مەکە.



فەرامۆشم مەکە، (یا اکرم الخلق) لەوەو دونیا
ئەگەر تۆ (صدر)ی، من وەک (ذره)، هەر دەستم بەدامانە[445]

ئەیا (فخر العرب)! من چاوەڕێی لوتفم، کە هاوناوم
بە ناوت، گەرچی کوردم، نیسبەتی ئەسڵم چروستانە

لە ئادابی طەریقەت، کە طەریقم وشکە، ئیخڵاصیم
بە دەرگای شای بوخارا، بازی ئەشهەب، غەوسی گەیلانە[446]

دوعای خێرم ڕجایە، ئەی براگەل بۆم بکەن، خێرە
ئەگەر چی شیعرەکانم وەک دڵم خاو و پەرێشانە

---

٤٤٥. اکرم الخلق: چاکترین کەس.
صدر: پێشەوا، گەورە. (ذره): گەردیلە.
٤٤٦. طەریقەت: ڕێگەی خواناسین. طەریق: ڕێگا.
شای بوخارا: مەبەستی شاهی نەقشبەندە، کە خواناسێکی گەورە بووە.
بازی ئەشهەب، غەوسی گەیلان: مەبەستی شێخ عەبدلقادری گەیلانییە و ناوی (محمد بهاءالدین)ە.

## (مطلع معاد) گەڕانەوە بۆ سەرەتا

ئەگەر نەورۆز، ئەگەر گەرمای تەمموزە، ڕوو لە فەوتانە
ئەجەل دەمکا بە تۆز و، چاو لە تۆزێ ڕەحمی ڕەحمانە[٤٤٧]

سکووتم چاترە، نەفعێ بە من ناگا، بڵێم، یا، نە
عەجەب جەمعییەتێکە ئەم بەهار و جەژنی قوربانە[٤٤٨]

تەواو بوو هۆنینەوەی هەڵبەستی (حەوت چینی چیمەن)، کە سەیرکردنی سەیرانی دڵی خاوەندڵانە و وردبوونەوەی وەك بۆنی گوڵانە، بە سووچی ئووچی بێنەوای پڕوپووچی[٤٤٩] (محەممەدی چروستانی)، خوای گەورە بە فەضل و کەرەمی خۆی کردەوەی لەگەڵ بکات، نەك بە گوێرەی ڕەفتاری خۆی.

٤٤٧. ئەجەل: کاتی مەرگ.
٤٤٨. سکووت: بێدەنگی. نەفع: سوود.
٤٤٩. لێرەدا شاعیر، لە ڕوانگەی خوداناسسییەوە، بە مەبەستی شکاندنی نەفسی خۆی، ئەمەی گوتووە.



تەواو بوو لە شاری سلێمانی، لە ٨ی شەعبانی ١٣٧٧ی ك / ٢٨ی شوباتی ١٩٥٨ی ز لە غایەتی بێتاقەتییا، چونکە دوو مانگ لە خەستەخانە بووم و دوو ڕۆژە دەرچووم.[٤٥٠]

٤٥٠. لەم ڕۆژەدا ئەم شیعرانە بە دەستی شاعیر دووبارە نووسراونەتەوە.

## چروستانی لە سەرەتای گرانی و پەرێشانیی هەژاراندا وتوویەتی:

لە سەرما کرمە، یا ماخۆلیا، یا جۆشی سەفرایە
مەگەر کێچ کەوتە کەوڵم، یا گرِ و ئاڵۆشی سەودایە![451]

تەمی ماتەم، کە دادەگرێ سەرم، ماتم دەکا وەختێ
دەبینم هەرچی هەرچیوپەرچییە، زۆری لە باوایە

گەلێ سوارە و هەراشە، تاو ئەدا ئەسپی مرادی خۆی
بە گاگۆڵکێ ئەڕوا، تویخێکی چوو، هەندێ کە ساوایە

لە هەوراز و نشێوی چەپگەری چەرخی فەلەک فکرە
ژیان شایی لە نامەردە، لە مەردان مردن ئاسایە[452]

٤٥١. ماخۆلیا: نەسرەوتن.
کەوڵ: پێست. سەودا: نەخۆشیی پێست.
٤٥٢. چەپگەرد: گەڕان و سووڕانەوە بەلای چەپدا، واتە بە پێچەوانەی مەبەست و ئارەزوو ئەسووڕێت. شایی لە نامەرد: بۆ نامەرد شاییە.



کە کەللەی سەرسەریی هەرزە، لە پەردەوکوللەدا بەرزە
سەری سەروەر وەکوو گەوهەر، نەدیوی شیوی دەریایە[453]

سروشتی هەیمەنی خاکی هەوێن، بۆ هێمنی و ماتی
وەها وێنەی دروندە پرِ هەوایە، هەر گرِ و بایە[454]

لەبەر جەردە و چەتەی فیتنە و فەساد و تۆپی ناکۆکی
قەڵای بەرزی تەپی، پێی تیپی پێشکەوتن لە کۆتایە[455]

دەمێ دڵبەندی یاری وا، بە بایێکی نەسیم ئەمدی
خەمی جل بەندی عەییاری نەسیمە، یەعنی بابایە[456]

٤٥٣. پەردەوکوللە: ئەو پەردەیەیە، بە دەوری سەرجێگای خەوتندا دەگێڕدرێت، بۆ پاراستن لە مێشوولە. نەدیوی شیوی دەریا: واتە کەوتۆتە بنی دەریاوە، نابیندرێت.
٤٥٤. هەیمەن: دەسەڵات.
٤٥٥. تەپی: ڕووخا، ڕۆچوو.
٤٥٦. دڵبەند: دڵبەست. نەسیم: شنەبا، شەماڵ، سروە.
عەییاری نەسیم: مەبەست لە نازناوی نەسیمی عەییارە، کە کابرایەکی سیحرباز و فێڵباز بووە.
بابا: ناوی نەسیمی عەیارە.
لە دەسنووسێکی دیکەی شاعیردا نیوە دێڕی یەکەم، بەم چەشنە نووسراوە:

**دەمێ دڵبەندی عەییاری، بە بایەکی نەسیم ئەمدی**

لە باری نالەباری وا، گرانی پێوەنی خێزان
ئەباریٚ ناڵە، سەڵتی بۆ ڕەبەن، وەک سەڵتەنەت وایە[٤٥٧]

ئەوا ملیۆنیٚ تیغ ئەسویٚ لە مل وێنەی لە جانبێزار
کەوا مردن بە جان بێزارە لێی، چ شتێکی عەنقایە[٤٥٨]

لەباتی خواردنی نوقوڵ و نەباتی، داخ و زووخاوە
ژیانی ژانە، جێی زیندانە، خوێنی شەربەت و چایە

وچانی مەرگە، دەردی بەرگە، زاماری دڵ و جەرگە
سەراپا گەردەلوولی غەم لەبەریا ئاڵوواڵایە[٤٥٩]

خودا هەڵکاتە بای وەعدە و چرای ڕووی ئومێد دەرخا
لە تاریکی، کە پێژن وەسڵی پەروانە لە شەودایە [٤٦٠]

٤٥٧. سەڵتی: تەنیایی، ڕەبەن، زگوورتی.
٤٥٨. عەنقا: باڵندەیەکی ئەفسانەییە.
٤٥٩. وچان: پشوو، حەسانەوە. گەردەلوول: گێژەڵووکە.
ئاڵوواڵا: جوان و ڕەنگین.
٤٦٠. بای وەعدە: ئەو بایەیە، کە سوودی بۆ هەموو زەویوزار و زیندەوەرێک هەیە.



کە سووتاویٚ بە ئاوی ڕەحمی بێپەروا نەهێڵیٚ، وەک
کە ئەسڵی وەسڵی پەروانە لە سووتانایە دەسمایە[٤٦١]

دەروونی پڕ غەم و زاری (چروستانی) وەها کەیلە
شەپۆلی جۆشی تەسکینی بە ئیقبالی لەمەولایە[٤٦٢]

٤٦١. وەسڵ: گەیشتن.
٤٦٢. زار: دەم. کەیل: شەکەت. تەسکینی: دامرکان.
مەولا: خوا. لەمەولا: بۆ داهاتوو دەوترێت.

## نموونەیەک لە باسی کەچڕەفتاریی شەڕ و گرانی لەگەڵ هەژاران و ژیانی تاڵیان

چ ژیانێکە بە تاڵی، کە هەژار ئەیبینێ!
بە دووسەد ژینی وەها، مردنییەک نایێنێ

ئەمە چەند ساڵە بە خواری دەگەڕێ ئەم چەرخە
ڕۆژی هەندێکە، بە هەندێ شەوەزەنگ ئەنوێنێ

جڵەوی وا بە یەکێ، سواری بووە و تاوی ئەدا
بۆ یەکێ تۆڕ و چەمووشە، کەلەکەی ئەپسێنێ[463]

گەردەلوولە و دەفڕێنێ سڕوسیپاڵی هەژار
سروەیەکە دەگەشێنێ دڵی هەر زەنگینێ

بۆتە گورگانەشەوێ و پەردەکوللە بۆ هەندێ
بۆ گەلێ گورگی شەوە، پڕ بەدەم ئەیخنکێنێ

٤٦٣. جڵەو: ڕەشمە. چەمووش: بزێو، سەرەڕۆ.



چاڵی زیندانە، هەزاران لە هەژاران تێدا
پێ لە کۆتا دەسەپاچە، سەری دەرنایێنێ[464]

یەکێ پابەندی کەلاوەی کەسەرە و دەردیسەری
یەکێ خاوەندی سەراپەردەیە، تا ملوێنێ[465]

قووتە بۆ ڕۆحی یەکێ، بۆ یەکێ زیوان و مرۆر
شەربەت و ژەهرە، چ تۆوێکە فەلەک ئەیچێنێ[466]

لایێ زاخاوی دڵە و سورمەی چاوە، لایێ
دەرد و زوخاو و ڕەشاوێ، کە نەبینێ شوێنێ[467]

بە متوربە دەرئەکا خەڵف و لق و پۆپی یەکێ
بۆ یەکێ وەیشوومەیە، ئاگرە دەیسووتێنێ[468]

٤٦٤. دەسەپاچە: بێدەسەڵات.
٤٦٥. پابەند: پێبەستراو. کەسەر: خەموخەفەت.
سەراپەردە: باڵەخانە، بارەگا، لە کۆندا بە ڕەشماڵی گەورەی دەسەڵاتدارەکانیش وتراوە.
٤٦٦. قووت: خۆراك. زیوان و مرۆر: ڕووەکێکی تاڵن لە دەغڵوداندا هەن.
٤٦٧. زاخاو: پاککردنەوە. سورمە: کل.
زوخاو: خەم و خەفەت، زرینچکاو.
٤٦٨. متوربە: چاککردن، بەوەی کە پارچەیەک، یان بنچکە گەڵایەکی دارێك لە خەلفی داریکی تر چاک دەکریت وچەسپ دەکریت. خەڵف: تەرز، لقی ساوا.

گەلی ئازیزی لە سەربەرزییەوە خستە نشێو
بەرزی کردووەتەوە نزمی، کە ملی نەشکێنێ[469]

سوار ئەبێ نارەسەنی پیادە، کە هەر غاری ئەدا
نە لە کەس ئاوڕ ئەدا، نە هەیە بیری دوێنێ

تۆ بڵێی بەم زووە ڕۆژێکی لە نوێ پەیدا بێ
چەرخی ئەم چەرخە بەجارێ لە چەمەر دەربێنێ؟[470]

ئێش و ناسۆری نەهێڵێ، هەموو زامی سارێژ
خەفەتی تەفروتووناکات و وچانێ بێنێ[471]

ئەووچی بێزاری (چروستانی) بەزاری سووچێک
سووچ و بەدخوایی گەردوون بە سکاڵا دێنێ[472]

٤٦٩. نشێو: نزم.
٤٧٠. چەمەر: بنەڕەت.
٤٧١. ناسۆر: ئازاری برین. سارێژ: چاکبوونەوەی برین.
تەفروتوونا: فەوتان و نەهێشتن.
٤٧٢. بەدخوایی: خراپەکاری. سکاڵا: دەربڕینی هەست و باری ژیان.



لەبەر تکاکردنی نووری چاوم ( یەحیا ) ئەم دوو غەزەلە غەرامییەم دانا

## غەزەلی یەکەم

من کە دڵ ماتەمنشین و بولبولیش هاوار و شین
هەریەکە سەوداسەری خونچەی گوڵێکی بێغەشین[473]

من بە نەقدی دڵ لە سەوزەی خونچەلێوی سوخمەشین
ئەو بە ئاهی لێوی خونچەی دوگمەسەوزی ئاتەشین[474]

هەر یەکە خار و جەخارێ، باری دەردی دڵکەشین
تاڵی شاری، کوڵم و ژاری، ماری زوڵفی خەمچەشین[475]

هەر یەکە زامی بە تیر و نەشتەرێ کون کون لەشین
دڵ بە ئاواتی نەباتی گوڵدەمی ماتەم بەشین

٤٧٣. ماتەمنشین: دانیشتووی خەم و پەژارە.
سەوداسەر: ئاشق، پەرۆش. بێغەش: بێعەیب، بێغەل.
٤٧٤. نەقد: نرخی شت بە حازر. ئاتەشین: ئاگرین.
٤٧٥. خاروجەخار: خەموخەفەت، دڕکوداڵ. دڵکەش: دڵڕاکێش.
تاڵی شاری: بەری ڕوەکێکی زۆر تاڵە.

هەر یەکە سەرخۆشی جۆشی قەترە عەترێکی خۆشین
کوا نەسیمێ بێ بەیانی، دەم گوڵی کا مەهوەشین؟[٤٧٦]

لەو دوو لێوە ئاڵە، دوو کوڵمی سپی خاڵی هەشین
دڵ دەهێنێت و دەبا، هاوارئەکا خەڵوەتنشین[٤٧٧]

چارەیەک، شینی ئوفوق، سووری شەفەق، خۆری بەتین
گشتی شێوان، عەسر و شێوان و عیشا، چۆن دابەشین![٤٧٨]

٤٧٦. مەهوەش: وەك مانگ.
٤٧٧. خاڵی هەش: خاڵی ڕەش.
خەڵوەتنشین: چلەکێش، کەسێک لە شوێنێکی چەپەکدا، بە مەبەستی خواناسی بۆ ماوەی چل ڕۆژ بمێنێتەوە.
٤٧٨. لە دەسنووسێکی تریدا ئەم نیوەدێڕەی بەم شێوەیە نووسیوە:

**وا شەفەق، شینی ئوفوق، خۆری بەتین، قیبلەی جەبین**
**پاکی شێوان، عەسر و شێوان و عیشا، چۆن دابەشین!**

ئوفوق: ئاسۆ، کەناری ئاسمان.
شینی ئوفوق: واتە کاتی خەوتنان.
شەفەق: سپێدە، بەیان.
سووری شەفەق: کاتی ڕۆژئاوابوون.
شاعیر بەم شێوەیەی خوارەوە ئەم دوو دێڕە لێك دەداتەوە:
(شینی ئوفوق، نیشانەی عیشایە. سووری شەفەق، نیشانەی مەغریبە. خۆر، نیشانەی عەسرە. سۆفی خەڵوەتنشین، کە خاڵ ئەبینێت لە ڕوخساری مەحبووبە، بە عیشای تێ ئەگات، کە دوو لێوی ئاڵ ئەبینێت، وا ئەزانێت مەغریبە، کە کوڵمی سپی ئەبینێت، ئەڵێ عەسرە، سەری لێ ئەشێوێت نازانێ چ نوێژێکیان بکات).



من سەرم سوڕماوە، چۆن ڕێکەوتوون وا سوور و شین
خاڵی شین ماتم دەکا، بەو لێوە سوورە دڵگەشین

ئووچی پاراو و تەڕی زاری (چروستانی) یەقین
بولبولاسا نەغمەیی سەد نەزمە بێ، طالعڕەشین[٤٧٩]

٤٧٩. ئووچ: قامیشێکی باریکی تایبەتە، سەرەکەی دادەدرێت بۆ نووسین.
پاراو: تێرئاو. طالعڕەش: بەدبەخت.

## غەزەلی دووەم

ئەی بوون و نەبوونی نەفەست، مان و نەمانم
بێنەقدی هەوا، مردن و سەوداتە ژیانم[٤٨٠]

ئاوایی دڵم چۆڵە، بەبێ خێڵی خەیاڵت
ئاوایی بە دڵداری بفەرموو، دڵ و گیانم

بێ دەرکە ڕەقیب، ئەو تەمەڵە لاتی هەلاتە
خۆم مەشقی غەمی ئەشقی تۆ، ئازانە ئەزانم[٤٨١]

ئەو دڵ ڕەشە، نەعل و یەمەنی ماڵە بە دەمیا
من مۆرە دڵم، ماڵی لەبی لەعلی یەمانم[٤٨٢]

ئاوارە دەکا پەرچەمی، ئێوارە تەماشام
وا هەر بەتەما چوونی شەو و بوونی بەیانم[٤٨٣]

---

٤٨٠. نەقد: نرخ. هەوا: خۆشەویستی.
٤٨١. ڕەقیب: ناحەز. هەلات: فڕوفێڵاوی، ساختەچی.
٤٨٢. یەمەنی: جۆرێکە لە کەوش و پێڵاو.
لەعلی یەمان: گەوهەرێکی بەنرخ و جوانە.
٤٨٣. چوونی شەو و بوونی بەیان: ڕۆیشتنی شەو و هاتنی ڕۆژ.



لابە تەمی زوڵفت لەسەر ئاوێنەی کوڵمت
با چارەیی بێچارە بدا جارێ نیشانم[٤٨٤]

دیققەت لە قەدی ئەلف و کەچی لامی دوو زوڵفە
لەم ماتەمەدا ماوە دڵ و، لاڵە زمانم[٤٨٥]

چاوم کە ڕوا، خێڵ بوو لەبۆ چاو و ڕووانت
بێچاووڕوو بۆ تیلەیی چاوێ، کە ئەڕوانم[٤٨٦]

زوڵفت کە قەرینی ڕووە، شێوەی شەو و ڕۆژە
ئەو سێبەری خۆرم، ئەم ئەلەتریکی شەوانم[٤٨٧]

دەم عەتری شەکەر قەترە، مەگەر لێوی تۆ چاکا
دوو لێوی بەبار، زەردی ڕووان، ڕۆحی ڕەوانم[٤٨٨]

---

٤٨٤. چارە: ڕوخسار.
٤٨٥. کەچ: لار.
(ئەلفی قەد لەناو دوو لامی زوڵفا دەبێت بە لاڵ)
٤٨٦. چاوم ڕوا: زۆر چاوەڕوان بووم. تیلە: گۆشەنیگا.
٤٨٧. قەرین: هاودەم، هاوسەر.
٤٨٨. زەرد: مەبەستی نەخۆشە.

عەهدێکە، دوو پێم ناوەتە ڕێی عەشقت و ماتم
بۆ شوێنە ونی، هەر بە تەما، هاتی ژوانم[489]

کەشکۆڵی دڵ و زاری (چروستانی) لە نەزما
پڕ بابەتە بۆ دڵ، هەچی پێویستە، ئەزانم[490]

۴۸۹. شوێنە ونی: شوێنبزرکردن.
ژوان: جێگەی بە یەکگەیشتنی دڵداران.
۴۹۰. کەشکۆڵ: دەفری دەروێش، کاسەی دەروێش، کە بۆ زۆر کار و مەبەستی خۆی بەکاردێت و، بە دەستنووسێك یان کتێبێك دەوترێت، کە زۆر لە هۆنراوەی شاعیرانی تێدا نووسراوەتەوە.
لە دەقێکی دیکەی شاعیردا، نیوەدێڕی دووەم بەم چەشنەیە:
**( ئاواڵەیە، ئاوارەیی بەزمێکی ڕەوانم)**
لە دەستنووسەکەیدا شاعیر نووسیویەتی:
(ئەم غەزەلە لە "دەنگی گێتیی تازە" لە بەغداد جوانی چاپ کردبوو).



دوای ئەو دوو غەزەلە، ئەم غەزەلەم بە پەشیمانی و عیبرەت وت، چونکە باوکم بەڕەحمەت بێت فەرمووبووی: شیعر مەکە بە مەراق، چونکە درۆی زۆر تێدایە.

## غەزەلی پەشیمانی

بە پیری عەجایب گڕوگاڵ ئەکەم
عەجەبتر، کە باسی خەتوخاڵ ئەکەم

بە داخی دڵی بێدەماخم گەلێ
کوڵا مۆخم، ئێستە سەرم قاڵ ئەکەم[491]

لە قۆناغەوە تا بە قۆناغی گۆڕ
هەوا هەوڵییە، نەفسە عەوداڵەکەم[492]

۴۹۱. بێدەماخ: بێکەیف. سەرقاڵ: جەنجاڵ. مۆخ: مێشك.
۴۹۲. قۆناغە: ساوای پێچراوە بە قوماشێک، مەلۆتکە.
قۆناغ: مەبەست مەنزڵ و شوێنە. هەوا: ئارەزوو.

خەیاڵێکی خاوە، بە دنیا بگەم
بە پیادە، لەبۆ سوارە ڕاماڵ ئەکەم[٤٩٣]

گەلی بێفەڕ و خێروبێرم کەوا
جڵەو، ها بەدەست دوژمنە زاڵەکەم

لە شەست و شەشەمدایە ساڵم، کەچی
خەیاڵی مناڵێکی شەش ساڵ ئەکەم

هەتا کەی بە کاسی لە گوێی گا بنووم
هەزاران، کە وا ڕۆیی ئاواڵەکەم![٤٩٤]

ڕەوایە، لەتاو لەرزی خۆم نەسرەوم
لە ڕووت و ڕەجاڵی شەوی چاڵەکەم

مەگەر ڕەحمی داوەر، تکای پێغەمبەر
لە خۆیانەوە دەس دەنە باڵەکەم[٤٩٥]

٤٩٣. ڕاماڵ ئەکەم: تەکان ئەدەم.
٤٩٤. ئاواڵ: هاوڕێ.
٤٩٥. داوەر: مەبەست خودایە.



ئەگەر هەور و تاریکە ڕێگەم، بەڵام
بەوان چاوەڕێی خۆر و ساماڵ ئەکەم

(چروستانی) هاوناوی پێغەمبەرە
ئومێدم هەیە، چابێ ئەو ماڵەکەم[٤٩٦]

٤٩٦. چابێ: چاک بێت.

## دەنگی بێڕەنگی بەهاری ١٩٤٨

لە گوێما دەنگی بێڕەنگی بەهار و کۆچی زستانە
کە گۆیا باری خەم نامێنێ، نۆرەی کەیف و سەیرانە[٤٩٧]

لە باسوخواسی خەڵکی، وا دیارە جەژنی نەورۆزە
کە ڕۆژی تازە دێ، دەبڕێ لە چاوا ئەم تەم و تانە[٤٩٨]

خەیاڵی خاوە، داوای پووچە، یاری بێسەر و شوێنە
دەماخی هەرزە و بێعارە، هی سەرخۆش و مەستانە

بەهارێ وا بەهاری بێ، کە خوێنی دڵ نیگاری بێ
جگەر زاماری داری بێ، کەلەپچە و کۆت و زیندانە[٤٩٩]

مەلێ نەورۆزە، جانسۆزە، تەم و ماتەم تەپوتۆزە
لەبۆ دڵ داوە، ئاڵۆزە، جەخار و دەرد و سندانە[٥٠٠]

٤٩٧. گۆیا: گوایا
٤٩٨. تەم و تانە: تاریکی و لێڵ.
٤٩٩. نیگار: خۆشەویست.
٥٠٠. جانسۆز: دڵسۆز خەجار: زەحمەت.



بەهاری وا چ بێ چاکی، کە پاراوی شەڕە خاکی!
بە ئاخ و داخە خۆراکی، گوڵووکی خوێنی لاوانە[٥٠١]

وەنەوشەی زوڵف و کاکۆڵی سەرەوژێری هەژارانە
وەکوو نەرگس دوو چاوی ئەبڵەق و زەق، سەد هەزارانە

چ نەورۆز و بەهارێکە، لەبۆ بێشەرم و عارێکە
لە بێفکر و دەمارێکە، کەوا خوونخواری ژیرانە![٥٠٢]

لەجیاتی بەزم و سەیرانی، گەلێ دڵ بۆتە بوریانی
لەباتی نەزم و گۆرانی، سەدای ناڵەی هەژارانە

بەهارێ بۆ هەژاران، سەد کرێوە و زوقم و لەرزین بێ
ئەبێ چی بێ، ئەگەر چی، بۆ گەلێ کەس بۆتە لەرزانە![٥٠٣]

گەلێ ساڵە بەهاری هاروهاجە، شێتە نەورۆزی
لەجێی مەڵحەم برینە، جەژنی شینە، ژینی وەک ژانە

٥٠١. گوڵووک: گوڵاڵەسوورە.
ئەم پارچە شیعرە لە ئەنجامی کاریگەریی ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ئەو ساڵەدا وتراوە.
٥٠٢. خوونخوار: خوێنمژ، خوێنخۆر.
٥٠٣. لەرزانە: خۆشی و شادی.

هەزاران بێدەس و مایە، هەزاران بێکەس و سایە
گەلێ پڕ پەمپە وەک تایە، کە بێسەر، گەرم و گەردانە[٥٠٤]

بە بایێ خۆ دەبێ پەنچەر، دەڕووخێنێ دڵ و پێ و سەر
لەبەر خام و لەسەر چەمپەر، کوللەی ژێر خاک و بەردانە[٥٠٥]

بەهار ئەو فەسڵەیە، بەهرە و بەری بەرز و نەوی بگرێ
کە شەوقی ڕۆژی نەورۆزی چرای ژوور و دەر و بانە[٥٠٦]

شنە و سروەی نەسیمی بێ، تەڕ و تازە دەماغی گشت
هەتاو و ئاوی جانبەخشی، نزار و ئەرز و حەیوانە

نەهێڵێ بەرگی ڕەشپۆشی، زەوی تاقە و غەزەلپۆشی
پەژارە و ماتەم و خەم، لابەرێ لەم لێوبەبارانە[٥٠٧]

بلێی ئاواتی دڵ جارێکی تر ڕووی تێکا هاتی
بکا قاتی نەهاتیی ئێمە، ئازاکا بە ئازانە![٥٠٨]

٥٠٤. مایە: پارە. پڕپەمپ: فووتێکراو. گەردان: سووڕانەوە.
٥٠٥. چەمپەر: کڵاوێکە لە پووش دروست دەکرێت.
٥٠٦. لە شوێنێکی تردا، شاعیر نیوەدێڕی دووەمی بەم شێوەیە نووسیوە:
**(کە نووری ڕۆژی نەورۆزی، چرای هەر ژوور و کۆڵانە)**
٥٠٧. پۆشێ: بپۆشێ.
٥٠٨. نەهاتی: بێبەختی. ئازاکا: ئازادکا. بکا قاتی: لەناو بەرێ، نەهێڵێ.



کە بۆ لاوانی ئازادی، بە ئازادی ژیان دەرکەوت
ئەڵێن ئەو ڕۆژە نەورۆزە، گوڵی دڵخوازی خۆمانە

(چروستانی)، بە ئازادی دەپشکوێ گوڵ بە دڵشادی
تکایە، نیشتمانزادی بڵێن ئەم شیعرە خۆشانە[٥٠٩]

٥٠٩. نیشتمانزاد: نەوەی نیشتمان.

سالّی (١٣٥١)ی کۆچی، کە ڕێکەوتی ساڵی (١٩٣١)ی زایینی ئەکات، قوتابخانەم دانا، منالان داوای نەورۆزنامەیان کرد، منیش ئەم بەهارنامەیەم بۆ دانان:

## بەهارنامەی ساڵی ١٩٣١

بیحەمدیللا بەسەرچوو تاوی زستان
نەجاتی بوو قوڕوچلپاوی زستان

هجوومی لەشکری ئەنفاسی نەورۆز
سوپای سەرمای بڵاو کرد هەر وەکوو تۆز[٥١٠]

لەمەولا زەمزەمە و بەزمی بەهارە
حەیاتی تازە بۆ هەر کەس نیسارە[٥١١]

لە قەبری ژووری قەبز و خەففە و تار
بە نەفحەی هاتە دەر، هەر یار و دڵدار[٥١٢]

٥١٠. ئەنفاسی نەورۆز: هەوای سازگار و بۆنی خۆشی نەورۆز.
٥١١. نیسار: نثار: بەربڵاوە، کراوەیە، ئاوەڵایە. زەمزەمە: ئاهەنگ و شایی.
٥١٢. قەبز: تەنگ. خەففە: خەفە: هەوای پەنگخواردوو. تار: تاریك.
نەفحە: هەوای سازگار.



لە حەپسی ژووری دووکەڵدا، نەماوە
مەگەر سۆفی، کە ئەو هەر تێخزاوە

موراعاتێکی سەرتاپای خۆت کە
نەما پێچانەوە، هەر وەک مەلۆتکە[٥١٣]

چەمەن وا بەرگی ڕەنگاوڕەنگ ئەپۆشێ
لەبۆ ئارایشی خۆی تێدەکۆشێ[٥١٤]

عەجەب ڕایخستووە فەرشی (مونەققەش)
لەبۆ نەزهەتگەهی یارانی مەهوەش[٥١٥]

بە دار و ئەرز و شاخ و هەر مەکانێ
ئەوا خوا دایەوە نەوعە ژیانێ

لەسەر تا پێ لەبەریان کرد قەدیفە
لە هەر ڕەنگێ، کە زۆر جوان و زەریفە[٥١٦]

٥١٣. موراعات: چاودێری.
٥١٤. ئارایش: ڕازانەوە.
٥١٥. مونەققەش: ڕازێندراوە، ڕەنگاوڕەنگ. نەزهەتگە: سەیرانگە.
٥١٦. قەدیفە: قەیفە، جۆرە کووتاڵێکە.

لە دامێنی چیا هەر عەتر ئەبارێ
دەکا تازە، دەماخی هەر هەژارێ

لە دەشت و کێو، لە هەر کوێ کەی تەماشا
بە گوڵ ڕازایەوە، وەک بووکی پاشا[٥١٧]

چنار و ئەرخەوان و نارەوەن، بەوز
لە سەریان نا، بەجوانی مێزەری سەوز[٥١٨]

لە دەشتودەر، شەقایق وا پژاوە
دڵێی خوێنی شەهیدانە ڕژاوە[٥١٩]

وەنەوشە گەردنی کەچ کرد بە باران
عەجەب پەخشایەوە، وەک زوڵفی یاران[٥٢٠]

وەها نێرگس بڵند بوو، بەرز و سەرکەش
خەوی پەستی بەریدا، هەردوو چاوگەش

٥١٧. لە دەستنووسێکی تردا نووسراوە: (لە هەر لا کەی تەماشا).
٥١٨. بەوز: جۆرە درەختێکە.
٥١٩. شەقایق: گوڵاڵەسوورە.
٥٢٠. پەخش: پەرتوبڵاو.



لە لایێ خونچەیە و دەمپێکەنینە
لە لایێ بولبولە و گریان و شینە

صەفایی باخەوانە و گوڵچنینە
جەفا بێدڕکە، هەر گاز و برینە

موبارەک بێ، خودایا عەیشی نەورۆز
لە ئێمە و جەمعی ئەحبابانی دڵسۆز

خوداوەندا، بە حەققی قودرەتی خۆت
بە جاهی موستەفای ڕەحمەتی خۆت

بەهارێکیش لەبۆ دڵمان بنێرە
گوشادبێ چاوی بینایی، کە کوێرە[٥٢١]

بە دایم پێی ببینین، تا لیقای خۆت
خەزانی قەد نەبێ، وەک ئەولیای خۆت[٥٢٢]

(چروستانی)، ئومێدی عەفووی خوایە
کە هاوناوی ڕەئیسی ئەنبیایە

٥٢١. گوشاد: گەشاوە، کراوە. بینایی: بینین.
٥٢٢. لیقا: بەیەکگەیشتن. خەزان: گەڵاڕێزان.

لە ساڵی ١٣٥٢ی کۆچیدا_کە ڕێکەوتی ساڵی ١٩٣٢ی زایینی ئەکات، ئەم بەهارنامەیەم بۆ دانان.

## بەهارنامەی ساڵی ١٩٣٢

چ ڕۆژێکە، کە دنیا پڕ لە نووره
چ فەسڵێکه، کە سەحرا سەوز و سووره

ئەمە نەورۆزه، وا عالەم سەراسەر
بە بوونی ئەو دەماخی بوو (موعەطەر)

ئەمە تەشریفی جەژنی نەوبەهاره
کە بێڕۆح و بەڕۆح، پڕ بەرگ و باره

لە هەر لایێ تەماشاکەی، گوڵووکە
سەراپا ئاڵووالا، چەشنی بووکە

کەژ و سەحرا و چیمەن سەوز و زەرده
وەکوو شایی، کە زاوا بێتە پەرده



درەختان دەس لەناو دەس، شان بە شانن
هەموو تارابەسەر، عەنبەرفشانن[٥٢٣]

گەلی تەیران، لە هەر لا بەزم و ڕەزمە
چریکە و دەنگی گۆرانی بە نەزمە

وەرن دەستەبرا، ئێمەش بە جارێ
بچینە چیمەنی دەشت و کەنارێ

لیباسی گەرمی زستانە فڕێدەین
لیباسی نەرمی نەورۆزی لەبەرکەین

بە گەل، با دەس بە دەس بگرین جەماوەر
پیاڵە و شەکر و چا، قۆری و سەماوەر

بە جەم، ئێمەش سەراپامان بپۆشین
بەخۆشی، چا لە سەحرادا بنۆشین[٥٢٤]

٥٢٣. فشان: پڕژێن.
٥٢٤. سەیره، کە لە گفتوگۆی (دایکی وەتەن) سەروگوێی چای زۆر کوتاوەتەوە.

سەراپا بەرگی ڕەنگاوڕەنگی زەڕقی
بە دەنگی خۆش بخوێنین شیعر و شەرقی[525]

بە یاری ڕابوێرین و بە فتبۆڵ
لە ڕۆحی پیسی دوژمن، با بکەین گۆڵ

تەم و خەم تاکوو ئێوارە بەبادەین
بەرەوماڵ بێینەوە، شوکری خودا کەین

لەبەر بەختی، کە دووچاری نەهاتە
(چروستانی) خەریکی تووڕەهاتە[526]

٥٢٥. شەرقی: سروود.
٥٢٦. دووچار: گیرۆدە.



لە ساڵی (١٣٥٤)ی کۆچی ئەم نەورۆزنامەیەم بۆ دانان، کە ڕێکەوتی ساڵی (١٩٣٤)ی زایینی ئەکات.

## نەورۆزنامە

ئەی براگەل مژدە بێ، سەرما نەما زستان هەڵات
چاو و دڵ ڕوون بن هەموو، وا ڕۆژی نەورۆزی هەڵات

مەفرەزەی تیپی بەهاری هەڵمەتی هێنا بەتاو
وا چەتەی تۆف و کرێوە و زوقم ئەکەن پەرتوبڵاو

کوردەواری مەوتینم خۆشە، لە ئافەت بێ بە دوور
ئاسمانی شین و ماوی، ئەرزی ئاڵ و سەوز و سوور[527]

وا هەناسەی خۆشی نەورۆزی بە بێگیان و بە گیان
ڕۆحی تازەی سەرلەنوێ داوە لەبۆ چاتر ژیان

٥٢٧. مەوتینم: نیشتمانم. ئافەت: بەڵا. ماوی: ئاوی، واتە وەك ئاو ساف و بێگەردە.

خۆش زەماوەندێکە، سەر تا پێی زەوی ڕازایەوە
بەزمی دەنگی دایەوە، کانی هەموو وا زایەوە[٥٢٨]

لەقلەق و تەیرەئەبابیل و پلیسرکی هەژار
هەر یەکە لەم بەزمەدا نەزمێ دەڵێن، شەرقی بەهار

کۆتر و کەو، چۆلەکە و قاز و مراوی، پۆڕ و قەل
هەر سەما و بەزمە، چریکە و دەنگی گۆرانی بە گەل[٥٢٩]

کێو و کەژ، دار و دەوەن، دەشت و چەمەن، خۆیان نوان
گیا، گەڵا پیرۆزەڕەنگ، گوڵ چەشنی شیلانی ڕوان

پیرەمەگروون مێزەر و بەرگی سپیی داکەند لەبەر
لاجیوەردی کردە بەر، سەرپێچی سەوزی نایە سەر[٥٣٠]

سێو و گێلاس و بەهێ، قەیسی و هەنار و دارەبەن
شۆڕەبی، سەرو و چنار و ئەرخەوان، توو، نارەوەن

٥٢٨. زایەوە: تەقییەوە، ئاوی تێهاتەوە.
٥٢٩. بە گەل: بە کۆمەڵ.
٥٣٠. لاجیوەرد: گوڵێکی پەمەیی و گەشە.



گوڵبەدەم ڕازانەوە، تارابەسەر وەک تازەبووک
ئاڵوواڵا، ناز و لارولەنجەیە، گەورە و بچووک

وا قوتابییەکانی زانستی بە دارودەستەوە
چوونە گردی مامەیارە، دەم بە شەرقی و بەستەوە[٥٣١]

ئەی کوڕینە، بێن بە وێڵداشی جلی زەرقی و غەزەل
با لەبەرکەین و بە دەنگی خۆش بڵێین شەرقی و غەزەل[٥٣٢]

دەس بە دەس بگرین، بچینە دەشتی شیوی ئاودار
بۆ تەماشاکردن و سەیرانی مێرگ و مێرغوزار[٥٣٣]

هەڵگرین خورما و تەڕە، هێلکە و پەنیر و بێڵەکان
هەڵکەنین پیشووک و کەنگر، ئاڵەکۆکی وەردەکان[٥٣٤]

٥٣١. زانستی: مەبەستی قوتابخانە ناودارەکەی پیرەمێردی نەمرە.
٥٣٢. وێڵداش: هاوڕێ. جلی زەرقی: جلی ڕەنگاوڕەنگ.
٥٣٣. شیوی ئاودار: جۆگە ئاوێک بووە، لە گەڕەکی موشیرئاوای شاری سلێمانی، شیوێکی خۆش بووە، چەند ساڵێکە بووە بە بەشیک لە گەڕەکی عەقاری.
٥٣٤. ئاڵەکۆك: گیایەکی بەهارییە، لە وەرد و دەشت و شاخدا دەڕوێت و دەخورێت.

رابوێرین تاکوو ئێواره به یاری، وەک برا
سا بەرەو ماڵ بێینەوە، دڵ پڕ لە شوعلە، وەک چرا

بەو دڵەی پڕ سۆزەوە، با بۆ (چروستانی) لە خوا
ڕەحمەتێ خوازین، کە بۆ ئێمە وەها شیرین دوا



**کاتێ کە معاشی مەلاکان زۆر کەم بوو، گرانی و حەربیشی بەسەردا هات، ئەم شیعرانەم وت:**

ئەی مەلا، بوونی تۆ، وەک تانەلەچاوابوونە
ژینی تۆ بۆیە لە زووخاو و ڕەشاوابوونە
هەر خەسیسێ لە برەودایە، لەباوابوونە[٥٣٥]
کاروباری ئەمەلت تا دێ، لەساوابوونە

ڕۆژی بەختی تۆ لە گیران و لە ئاوابوونە

صەد کە تۆ خادیمی شەرعی و لە دینا کە زلی[٥٣٦]
چونکە چاوت لە دەسی خەڵقییە، بێدەستوپلی
لە کن ئەم خەڵقە وەکوو گۆشتی لەڕی گەردەملی
مێزەری سەرتە کەوا لێت بووەتە ماکی گولی

ڕۆژی بەختی تۆ لە گیران و لە ئاوابوونە

---

٥٣٥. خەسیس: ڕیسوا.
برەو: پێشکەوتن، ڕەواج، بازاڕی گەرم.
٥٣٦. صەد کە: هەرچەندە.

پێشەوای هەر نەتەوە، حاڵی بە کەیفی خۆیە
کە مەعاشی لە چل و سی، کەمی هەشت و نۆیە
تۆ کە ئەم بێوڵەتییە وا لەسەرت تاپۆیە[537]
پێشەوای میللەتی خۆخۆری، کەوابوو بۆیە

ڕۆژی بەختی تۆ لە گیران و لە ئاوابوونە

دەوڵەمەندی میللەتت تاجر و بەگ، ئاغاوات
چاک ئەدەن پارە لەبۆ تورک و فەلەستین و فورات
(جاری ذی القرب و جنب صاحبی بالجنب) کە هات[538]
وتی کەوتووم و دەستم بگرە، دەڵێ پێی، هەیهات[539]

ڕۆژی بەختی تۆ لە گیران و لە ئاوابوونە

---

٥٣٧. بێوڵەتی: بێبەخت، چارەڕەش، کڵۆڵ.
٥٣٨. جاری ذی القرب: دراوسێی نزیك. جنب: دوور.
صاحبی بالجنب: هاوڕێی نزیك.
٥٣٩. هەیهات: دوور.



گەرچی جێی مەسکەنت فەقرە، گەلێ قەرزارە
بەشی لای میللەت و دەوڵەت بە شەریعەت دیارە
گەر لە برسا بمرێ، گوێی نەدەنێ بێچارە
تۆ کە نابووتی و پارەت نییە، لێت بێزارە

ڕۆژی بەختی تۆ لە گیران و لە ئاوابوونە

چیت لە ئەوقاف و خەزێنە و بەلەدییە داوە!
لە هەموو بێبەشی، بۆ خەڵقی وەکوو لێشاوە
چەلومل، نەگبەتی نوشتەت لە هەموو شۆڕاوە[540]
تا (رجالی) وەتەنت ڕووت لێنەکەن بەملاوە

ڕۆژی بەختی تۆ لە گیران و لە ئاوابوونە

---

٥٤٠. چەلومل: پێوەندکراو، تەوق لەملکراو.

له هەموو دائیرە موستەخدەمی ڕەسمییانە[٥٤١]
لایەحەی گرتنی مووچە بە تەقاعوددانە[٥٤٢]
هەر مەلا لەم کەرەمە بێبەش و سەرگەردانە
ڕووی لە مێزەر نییە میری، دوو هەوا و یەک بانە[٥٤٣]

ڕۆژی بەختی تۆ لە گیران و لە ئاوابوونە

ئەگەر ئەشراف و ڕیجالت نەکەن ئیتر مەیلێ
گەر بە شێواو و پەشێوی تۆ نەکەن دڵ کەیلێ
شۆخوشەنگێ لە کەشەنگێ تۆ نەکا واوەیلێ[٥٤٤]
بە خودا چارەسەری خۆت کە، هیلاکی خەیلێ[٥٤٥]

ڕۆژی بەختی تۆ لە گیران و لە ئاوابوونە

٥٤١. موستەخدەم: کارگوزار.
٥٤٢. لایەحە: لیست.
٥٤٣. دوو هەوا و یەك بانە: پەندێکی پێشینانی کوردییە، واتا: وا ڕێك دەکەوێت کارێك یان مەبەستێك بۆ کەسێك گونجاو و ڕەوا بێت، کەچی بۆ یەکێکی تر نەگونجاو و ناڕەوا بێت، پەندی پێشینان دەڵێ: (بانێکە و دوو هەوا).
٥٤٤. کەشەنگ: داماو. وەیل: هاوار.
٥٤٥. خەیلێ: گەلێک، زۆر.



صەد کە لێت زویرە، دوعای بۆ بکە، قەد لێی مەبە زیز[٥٤٦]
مەوتەنت پاکوتەمیز بێ، نەتەوەی تاک و عەزیز
وەک (چروستانی) بڵێ، ڕەببی تەبا بن وەکوو ڕیز[٥٤٧]
گەر لەنێو دەرنەچێ ئەم دڵڕەقییە و دەعییە و فیز

ڕۆژی بەختی تۆ لە گیران و لە ئاوابوونە

٥٤٦. صەد کە: هەرچەندە.
٥٤٧. تەبا: ڕێك.

به بیانووی جەژنی چوارقۆڵیی جومعە، ئەوەڵی ڕەمەزان، جەژنی نەورۆز لە (١٩٥٨/٣/٢١)ی زایینی، ئەم نۆ شیعرەم دانا و ناردم بۆ (گیوی موکریانی).[٥٤٨]

## ڕۆژی "نابغە" هەڵکەوتوو

لەمێژە چەرخی گەردوون خول دەخوات و ڕۆژ و شەو دێنێ
پشوو نادا بە گێتی، کارەساتی تازە دەنوێنێ[٥٤٩]

نەماندی ڕۆژی وەک بیستویەکی ئاداری پەنجاوهەشت
بە چوارقۆڵی دوو جەژنی دینی و، دووی عادەتی بێنێ

بە جومعە و هەوەڵی ڕۆژوو، بە جەژنی دار و نەورۆزی
فەڕ و پیرۆز و دڵخۆشی، لە هەر لایێ بپرژێنێ

لە دینا جومعەیە، سەرداری ڕۆژان، جەژنی ئایینە
حەجی تیپی هەژارە، پیتی هەر کاتێ لە هەر شوێنێ

٥٤٨. هەندێ لە بەرهەمەکانی لە گۆڤاری (هەتاو)دا بڵاو کراونەتەوە.
٥٤٩. چەرخ: سووڕی زەوی. گەردوون: فەلەك، دنیا.
خول دەخوات: دەسووڕێت. گێتی: جیهان.



لە ئاییندا سوپاس و فەڕڕی مانگی ڕۆژوو، وەک ڕۆژە
بە خێر و ڕەحمەتی، بەدکار و تاوانبار ئەبووژێنێ[٥٥٠]

بەری داری نزار و باخ و چەم، بێجگە لە سێبەریان
کە هۆی نیوەی ژیانە، بۆ مەزن جەژنی ئەناڵێنێ

هەوەڵ ڕۆژی بەهارە، پێی دەڵێن نەورۆز و ڕۆژێکە
سەرەی ژینێکی تازەو و هێرشی گوڵزار ئەبزوێنێ[٥٥١]

بە کانی و دەشت و کەژ، ڕوخسار و ڕەنگی تازە بەش ئەکرێت
ئیتر تیپی بەهارە و هێزی سەرماوسۆڵە دەشکێنێ

ڕەوایە، (نابغە) هەڵکەوتوو، ناوی نێ (چروستانی)
کە ڕۆژی جەژنی چوارقۆڵیی نەبینراوە هەتا دوێنێ

٥٥٠. ئەبووژێنێ: ئەژیێنێتەوە.
٥٥١. ئەبزوێنێ: ئەجووڵێنێ.

## یاری لەگەڵ حاجی ئەحمەدی ئەحە ڕەشی مەلا برایم، بە یادگار بۆ شێخ محەممەدی مەحوی

قەڵەم، بهۆنەرەوە سەرگوزەشتەیێکی وا
کە سەیر و دۆغرییە، پڕ لە نوکتە بۆ وریا[٥٥٢]

مەبەست لە یارییە، با کەس نەڵێ چروستانی
دەماخی هەجوی لەسەردایە، خۆی بکا ڕیسوا[٥٥٣]

لەبۆ یەکێ لە ئەدەبخانەکان ئەچووم ڕۆژێ
بە نیازی گرتنی تارەت، کە گەیمە بەر دەرگا

لە ژووری ئاودەسەکە، حاجی ئەحمەدی ڕەش بوو
لە ئیشی خۆی بووەوە و بێمنەت لەوێ هەستا

بەڵا، کە هاتە دەر و جێگەکەی بە خاڵی ما
لە دەرگە دەستەجڵەو، هەر بە دەستەوە وەستا[٥٥٤]

٥٥٢. دۆغری: ڕاستی.
٥٥٣. دەماخ: مەبەست کەیف و خۆشییە.
٥٥٤. بەڵا: بەڵام. دەستەجڵەو: بەنەخوێن.



بەشۆخی کردی بەسەرما، بە مننەت و شاباش
چ مننەتێ، مەگەر ئەو کردبێتی، ئەو بیکا![٥٥٥]

وتی: بزانە لەبەر خاتری تۆ زوو هەستام
کە چاکە بێت و بەخۆڕایی تێنەگەی ئەمما[٥٥٦]

ئەمە بە خوێندنەوەی یەک (قەصیدە بوردییە)
کە بۆم بخوێنییەوە، پڕ لە شەوق و زەوق و صەفا[٥٥٧]

کە هیچی لێ نەدزی، پێت بڵێم بە وشکەمزی
کە نان و ئاوی نەبێ، نیمە شەوچەرە، بێچا[٥٥٨]

کە حاجی گەوهەری هەڵڕشت و کەللە شەکری شکان
بەبێ جەواب و قسە چوومە ژوورەوە، ئینجا

لە بەحری فیکر و خەیاڵا، بە جارێ غایب بووم
کە شوهرەتی هەیە، وردی خەیاڵ و فیکری خەلا[٥٥٩]

٥٥٥. بەشۆخی: بەگاڵتەوگەپ. شاباش: بەخشیش.
٥٥٦. ئەمما: بەڵام.
٥٥٧. قەصیدە بوردییە: چامەیەکی دوورودرێژە، شاعیری بەناوبانگ (بوەیصیری)، لە ستایشی پێغەمبەردا دایناوە.
٥٥٨. وشکەمزی: بەخۆڕایی، بێکرێ، بە نانەسکی.
٥٥٩. خەلا: ئاودەست، تواڵێت.

بــــرا، کڕینــــی قـــصیدە بـــە جێــی قــــەزا حاجـــەت
هـەزار ئـەوەنـدە عـەجـەبتـر، لـە بـەیعـی کێچـە بـە گـا[٥٦٠]

لـە عـومری خـۆم شتی وام قـەت نـەبیـست و نـەمـدیوە
کـــە کردبێتـــی کـــەســـێ، وا موعامـــەلـــە و ســـەودا

حـەقـی قـەصیدەیـە خانـەی ئـەدەب، طـەعـام و بخـوور
نـــەوەک لـــە جیـــاتی ئـــەدەبخانـــە و عفوونـــەتـــی وا[٥٦١]

لــە شـێخ محـــەممـــەدی باشـکاتب و نـــەوەی مـــەحــوی
بفکـــرە، لای کـــەمـــە دنیـــا، بـــە یـــەک قـــەصـیدە بـــدا

ئـــەوەن بـــەقیمـــەتـــە لای ئـــەو، بـــە ڕۆح و دڵ ئـــەیـــەوێ
هـــەرچـی هـــەیـــەتـی، لـــەپێنـــاوی نـــەزمـی خـــەرجیکـــا

بـە فـەرش و دۆشـەک و پـشتی، بخـوور و عـەتـر و گـوڵاو
وەهـــا لـــە ئـــۆدە دەکـــا، دڵ لـــەوێ دەبـــێ ئـــاوا[٥٦٢]

---

٥٦٠. قەزا حاجەت: دەست بەئاوگەیاندن. بەیع: فرۆشتن.
٥٦١. خانەی ئەدەب: شوێنی بەرز و ڕێزلێنانە.
بخوور: دارێکی بۆنخۆشە بە سووتاندنی بۆنێکی خۆش بڵاودەبێتەوە.
٥٦٢. ئۆدە: ژوور، دیوەخان.



دەکـا لـە دەعـوەتـی ئـەحبـاب و بـەزمـی نـەزمـی سـەرف
پـڵاو و گۆشـتی بـە بامیـە و تـەماتـە، شـەکـر و چـا[٥٦٣]

دەخوێنرێتـــــەوە شـــــیعری (قـــــەصـــــیدە بوردیـــــە)
چ مـــەجلیـــسێ، کـــە بـــە ئـــاداب و خـــۆش و پـــڕ مـــەعنـــا

دڵـــی عـــەجـــەب دەگـــەشـــێ، ڕۆحـــی وا دەبـــێ تـــازە
بـە حوسـنی قـەصـدی دەکـا، دەسـبڵاو و دەم بـە دوعـا[٥٦٤]

وەهایـە عـادەتـی ئـەو، کـاکی ڕەش، کـەچـی تـۆش خـۆت
بـــەهێـــز و مایـــە نـــوان و بـــە موشـــتەری دانـــا

لـــەبـــۆ کڕینـــی قـــەصـــیدە، بـــە جێگـــەپێـــشاوێ
لـــەپێـــشەوە سـەلـــەمـــی وا دەکـــەی بـــەبـــێ پـــەروا[٥٦٥]

کـــڕین بـــە جێگـــەی مـــرداری دوڕڕ و مـــرواری
لـە عـومرێ بووتـە، چـە بیستووتە، چۆن ئـەبـێ شـتی وا؟

---

٥٦٣. بەزمی نەزم: پێویستی ڕێکخستن.
٥٦٤. حوسنی قەصد: مەبەستی باش. دەسبڵاو: بەخشندە و دڵفراوان.
٥٦٥. سەلەم: مامەڵە بە سەوزخڕ. بێپەروا: بێباك.

ئەڵێن، کە یوسفی میسری، بە یەک گوڵۆڵە دەزوو
لە موفلیسێکەوە جارێ موعامەلە دەکرا

بەڵا ئەتۆ کە لە دەستایە، حاجی دەسمایە
بۆ وەک گڵۆڵە، دەست پڕ گرێیە، ئاڵۆزا

درۆی نەکردووە، ڕەحمەت لە گۆڕی پێشینان
زەڕڕی بۆ زەڕگەر و گەوهەر بۆ گەوهەری دانا[566]

ڕەوایە شیوەنوزاری بکا (چروستانی)
لە داخی خۆی، کە بەلاشە دەبینرێ دیبا[567]

بەڵا، کە بێشەیە دنیا و لایێ گوڵزارە
لەلایەکیش دڕکوداڵە، لێی گلە ناکا[568]

---

٥٦٦. زەڕڕی بۆ زەڕگەر و گەوهەر بۆ گەوهەری دانا: مەبەستی ئەوەیە کە، هەر کەسە و ئیشی خۆی، یان هەر کەس کە ئیشێکی پێ ئەسپێردرێ، بتوانێت بیکات و بیزانێت. پەندی پێشینان دەڵێ: (قەدری زێڕ لای زەڕەنگەرە).
٥٦٧. دیبا: جۆرە کوتاڵێکی ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگە.
بەلاشە: جۆرە قوماشێکی سادە و هەرزانبەهایە.
٥٦٨. بێشە: دارستان. گلە: گلەیی.



لە ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی مانگی حەج لە ساڵی ١٣٧٧ی هیجری، بەبۆنەی شۆڕشی تەمموزی ساڵی(١٩٥٨)وە ئەم شیعرانەم دانا:

## هەڵبەستی یەکەم

سوپاس و گەورەیی بۆ خالقی گەردوونی گەردانە
لە سروەی لوتف و تاوی قەهری، زانا مات و حەیرانە[569]

لە بەحری (کل یوم هو فی شأن)، کە پەی نادا
لە ئەنجامت بترسە، تێپەڕینە، یانە خنکانە[570]

هەموو هات و نەهاتت کەوتن و هەڵسان و بوون و چوون
لە بگرەوبەردە، تا بێنەوبەرەت، فەرمانی یەزدانە

---

٥٦٩. گەردان: سووڕاو. سروە: شنەی بەرەبەیان.
تاوی قەهر: تینی ڕق و تووڕەیی.
٥٧٠. (کل یوم هو فی شأن): ئایەتێکی قورئانە، لە سوورەتی (رحمان)م لە وەسفی خوادا، واتە: هەموو ڕۆژێ ئەو لە کاردایە، بە فەرماندانی (کن) واتە: ببە. پەی نادا: بێبنە.

خودا، گەر هێرشی هێز و ئیرادەت هەڵمەتی هێنا
ئیتر سەرکەش سەرەوژێرە، لە کەوتوو، نۆرە هەڵسانە[٥٧١]

کە شمشێری نهێنیی تیژی حوکمی تۆ تەکانی دا
دەخاتە گورگەلۆقە، گورگ و فیل دێنێتە جۆلانە[٥٧٢]

بە بەرزی و دەسدرێژی و سەرکەشی مەخورە، دەست دەبڕن
لەپڕ تووشی سەرەولێژی دەبی، جێت چاڵ و زیندانە

برا، وریابە زۆر سەربەرزی بەدکردار و تاوانبار
لە کێوێ بۆ نشێوێ چوو، نەدیوی شیوی فەوتانە[٥٧٣]

ئەگەر کێوێ دەبێ بتوێتەوە، نۆرەی نەهاتت دێ
گوڵۆڵەت کەوتە لێژی، مان و ژینت مردن و ژانە

بە گیان و چاو و گوێ وریا و دووربینبە، کە چاک و بەد
یەکێ تام و بەرێکی تیایە، گەر مردن وە گەر مانە

٥٧١. سەرکەش: سەرپێچیکەر.
٥٧٢. گورگەلۆقە: ڕۆیشتنی گورگئاسایی لە هەنگاونان و خێراییدا.
٥٧٣. کێوی: بەرزی. نشێو: نزمی.



لە تاریکیی نەهاتی و نەگبەتیدا، مەبڕە هیوای دڵ
کە ڕۆژی هات و ڕزگاری، لە پارێزایە پەنهانە[٥٧٤]

کە کاسەی زەبروزەنگی خوێنمژیی پڕ بوو، دەبێ بڕژێ
لەپڕ تووشی شەوی نەحسە و سزایە و پەتپەتیدانە[٥٧٥]

هەرای چواردەی تەمموزی نۆسەد و پەنجاوهەشتی جەیش
لە دنیا نەبووە وێنەی قەت، ئەشێ بۆ جەژنی تاقانە[٥٧٦]

هەوێنی زۆر و زاڵیی دوژمن و پەرتوبڵاوی گەل
هەموو پەندی پساتن، ڕەنجەڕۆ، ڕیسوا، سزادانە[٥٧٧]

تەبایی و ڕێکوپێکی و کۆمەڵی و ئازادییە، ئیتر
دڕا جاڕی قڕانی ماکی ئیستیعماری مۆرانە[٥٧٨]

بەخوا دەکرێ شەوی زۆر و ستەم لابا، لەپڕ بیکا
بە ڕۆژی پاکی جومهوری، لە چاوا لا ببا تانە

٥٧٤. پارێز: خۆداگرتن. پەنهان: شاردراوە.
٥٧٥. نەحس: نەگبەتی، نەهاتی.
٥٧٦. هەرا: مەبەستی لە شۆڕشە.
٥٧٧. پەندی پسات: ئەڵێن فلانکەس بوو بە پەندی پسات، کارێکی بەسەر هات، بوو بە مایەی عیبرەت و پەندلێوەرگرتنی هەموو خەڵکی.
٥٧٨. جاڕ: بانگ. قڕان: نەمان.

نەما بەندیی عێراق و بەندەیی، ڕزگار و ئازا بوو
لە یەک ئانا بە پڕکێشی سوپا و کۆمەڵ، بە شێرانە[٥٧٩]

لە کۆمەڵ مژدە، جومهوری بە پیرۆزی خودا کردی
گرێ و کۆسپە و پلەش، تەفروتوناکا وا ڕجامانە[٥٨٠]

ژن و پیاوی کەژ و دەشتی عێراقی، هەر لە دێ تا شار
بەخۆشی و کەیف و شادی، ڕۆح و ژینی تازەپەخشانە

نەمامێ کەس نەبوو بێژێ، کە بەر دەگرێ بە پەنجا ساڵ
لەپڕ وا خوا ڕوانی سێبەر و بەردانی، یەک ئانە[٥٨١]

لە لوتفی خوا دەسی زۆری نییە بەندەی (چروستانی)
بەبێپەروا ئەژی، ترسی نییە، هاوڕێی هەژارانە

٥٧٩. پڕکێشی: زاتدانەبەرخۆ، پەلاماردان.
٥٨٠. پلە: سەختی.
٥٨١. بەردان: بەروبوومدان.



## دیسان بەهۆی ڕاپەڕین و پڕکێشی عێراقەوە بۆ ڕزگاری
## ١٩٥٨/٨/١

سەرم سوورما، گەلێ دەمرێ لەبۆ گەل شین و گریانە
گەلێکیش مردنی هۆی جەژن و شایی و چەپڵەڕێزانە

وەصی و نووری سەعید و (میصر) و (عەبدولناصر) و بەغدا
لە هێز و قودرەتی حەق، عیبرەت و دەرسێکە بیزانە

ئەوی دوێنێ نیشان بوو، بۆ پلاری طاغیە، ئەمڕۆ
بە ناوی قائیدی ئەکبەر، لەسەر زارە و لەنێو گیانە[٥٨٢]

نەما ئەو دوو پەڵە هەورە ڕەشەی ماکی پەتا و پیسی
بەهۆی تاوی سوپاوە و هەڵمەتی کۆمەڵ، بەمەردانە

تەبایی و ڕێکیی میصر و شام و بەغدا کارەساتێکە
کە پاراوی هەزاران تینووە، ڕووناکیی چاوانە

لە شایی و بەزم و سەیرانی، بە نەغمەی نەزم و گۆرانی
هەموو شاری سلێمانی، وەکوو ڕۆژانی جەژنانە

٥٨٢. پلار: توانج.   طاغیە: لە خۆباییبوو، زۆردار.

نەشیدی ڕاپەڕین و ثەورەی (صوت العرب) باوە
لەناو ماڵان و خێزانە، لە هەر دووکان و چاخانە[٥٨٣]

خودا هێزێ بدەی بەم ڕاپەڕین و ئیتتیفاقە، تا
بەری ئازاد و بەرزی وەرگرن، چی عورب و کوردانە

خودا کورد و عەرەب ئازاکە، پاکیکە لە ئیستیعمار
لە ئەمریکا و ئینگلیس و فەرەنسە تێک بدە لانە

بە تاوی تیپی قەهرت، دامرێنە ئاگری دوژمن
بە ئاوی فەتح و نەصرت، ئاو بدە ئەم لێوبەبارانە

شوکور وا هاتە دی ئاواتی دڵ بۆ عارەب و کوردان
بە لاچوونی تەمی تاریکیی ئیستیعمار و بێگانە

برا نۆرەی تەبایی و ڕێکییە، سا هۆگری یەک بن
ئیتر پەرتوبڵاوی، دوو دڵی، ناکۆکی، تاوانە

٥٨٣. صوت العرب: ئێستگەیەکی ڕادیۆی کۆماری میسرە.



ئەگەر ئەم دوو برایە پشت بەیەک بەستن، بە یاریی خوا
بە جان و دڵ بکۆشن، هەردوو کۆمەڵ گورج و ئازانە

مسۆگەر هێزی یاریدەی خودا سەرکردەی گشتە
هەوێنی ڕێکوپێکی، هۆی تەبایی دین و ئیمانە

بە جاهی ئەحمەد و قورئان ببەخشە هێزی ئازادی
بە ئیسلامت، کە قورگم بۆ کەساسیی پڕ لە گریانە

دڵم تینووی تەبایی عارەب و کوردە، خودا بیکا
بە عەونی خۆی، ئەگەرچی کوردم و ئەسڵم (چروستانە)[٥٨٤]

٥٨٤ عەون: یارمەتی.
تێبینی:- ئەم دوو شیعرە لە گۆڤاری هەتاودا، ژمارە (١٣٨)، ڕۆژی یەکشەممە (١٥ی ئابی ١٩٥٨) بڵاوکراونەتەوە.

دیسان بە هۆی ڕاپەڕینی سوپای عێراق و هەڵمەتێکی شێرانە بۆ بنەبڕکردنی ماك و هەوێنی ئیستیعمار و ڕزگاربوون لە ژێردەستی و کەساسی، بۆ ئازادی و سەربەستی، لە ڕۆژی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، لەسەر داواکردنی ئافرەتێکی (ممرضە _ پەرستار)، ئەم شیعرانەم بە شێوەی گۆرانیی کوردی دانا، بۆ ئەمە کە لە کۆمەڵا بیخوێنێتەوە. (محەممەدی چروستانی _ سلێمانی).

ئەی پیر و لاوان، ئاواتەخوازان
وەی بۆ ڕزگاری، جەرگ و دڵسۆزان

ئەی تامەزرۆیان، برسیی ئازادی
هات نۆرەی بەرزی و سەربەستی و شادی[585]

مزدەبێ لێتان، ئەی برا و خوشکان
جەژنی تازە هات، لەپڕ بە تەکان

چەن ساڵە ماکی پەتای ئیستیعمار
هەر خوێنی دەمژی لە گۆشت و دەمار

٥٨٥. تامەزرۆ: بەئارەزوویەکی زۆرەوە.



بوو بە گیاکەڵەی کشتوکاڵمان
سیس و بێهێز بوو، باڵا و باڵمان

عێراق تاریک بوو، لە سایەی ڕەشی
بە کورد و عارەب، زووخاوی چەشی

لەپڕ بە هێزی کۆمەڵ و سوپا
ئەوی هەوێن بوو، بە جارێ تۆپا[586]

بە یاریدەی خوا، بە یەک پەلامار
لە ئیستیعماریان دەرهێنا دەمار

بژین ئەی سوپا و کۆمەڵی عێراق
لاتانبرد لە دڵ، خەفەت و مەراق

داری قۆچاخی و گورجی و چالاکی
بەری پێشکەوتن دەگرێ و بێباکی[587]

تکا لە کۆمەڵ، لە پیر تا لاوی
ئیتر بەسییەتی پەرتی و بڵاوی

٥٨٦. هەوێن: میکرۆبی خراپەکاری.
٥٨٧. قۆچاغ: گورجوگۆڵ، چاپووك.

پشت بە یەک بەستن، عارەب و کوردی
بۆ برایەتی، بە دەستوبردی

بۆ پاریزگاری داری جومهوری
هەموو وریا بن، بخۆن مشووری[٥٨٨]

تا لە سێبەریا بحەسێنەوە
بەری لێ بخۆن، ببوژێنەوە

بەرزیی جومهوری لە خوا کەن داوا
ڕۆژی ئیستیعمار، تاریکبێ و ئاوا

خوایا یاریدەی جومهوری بدەیت
کۆسپە و گرێوگۆڵ تەخت و بەرپا کەیت

بۆ هێزی (ثەورە)، برا بێنەوە
وەک (چروستانی) بپارێنەوە

٥٨٨. مشوور: خەم.



## (الماضی لا یذکر، والمستقبل لا ینتظر، والحال هو المعتبر)

## باسی ڕابوردوو ناکرێت، چاوەڕوانی داهاتوو ناکریت، پەند لە ئێستا وەردەگیرێت

ئەی کاکی وریا، برای پڕ هونەر
دەمڕاستی وتار، بە مەعنا ڕێبەر[٥٨٩]

هەرچەند ئەربابی مەعنا لەمەوبەر
بۆیان جێهێشتین سێ دانە گەوهەر[٥٩٠]

ماضی لە دەس چوو، بەردە (لا یذکر)
موستەقبەل مەجهوول، (فلا ینتظر)[٥٩١]

٥٨٩. شاعیر ئەم شیعرانەی پێش نووسینی ڕووپەڕەی ژیانی وتووە، کە لەلایەن مامۆستا موحەممەدی مەلا کەریمی مودەڕیسەوە ساخ کراوەتەوە.
ڕێبەر: ڕێپیشاندەر، ڕابەر.
٥٩٠. ئەربابی مەعنا: زانا و دانا.
٥٩١. بەردە: بەر بدە.

له حاڵ وریابە، هەر ئەو موعتەبەر
یەعنی ئەتوانی لێی وەرگری بەر[٥٩٢]

ئەم سییانە وردن بە ئامۆژگاری
بۆ لێوەرگرتن، کردن بە دیاری

ئەمما مەعنایان زۆرە و بە (دقە)
دووربینیی ئەوێ ژیری و (سەلیقە)

پێت ئەڵێن ئەوی ڕۆی و لە دەست چوو
لە دڵ فرێدە، وە بزانە خەو بوو

خەم و خەیاڵی دڵ بەخۆڕایی
بۆ لەدەستچوونێک، نەتکا سەودایی

قافڵەی هەناسەت تەڵای بێگەردە
مەراق بە تاڵان نەیبا، وەک جەردە[٥٩٣]

٥٩٢. موعتەبەر: پەسەندکراو، باوەڕپێکراو.
٥٩٣. شاعیر لە دەستنووسەکەیدا ئەم نیوە دێڕەی بەم جۆرەش نووسیوە:
(کاروانی ژینت تەڵای بێگەردە).
تەڵا: زێڕ، ئاڵتوون.



ئەو کەسە پیشەی خەم و خەفەتە
دەسمایەی ژینی کەوتە دەس چەتە

ئەوی با بردی، لەلات وەک با بێ
نەگەڕانەوەی ئەویش هەر وابێ

دەسی خۆت پێشخە، ئیمڕۆ هەراشی
بە هیوای سبەی، ساوا و لەپاشی

کاروباری خۆت، هەرگیز پاش نەخەی
هیچ مەعلووم نییە، ئەگەیتە سبەی

فورسەت لامەدە لێرە بۆ ئەوێ
بە چی ئەزانی، ئەگەیتە شەوێ!

ئەوی ژێردەستە، دەستمایەی ژینە
سا نەیدۆڕێنی، تیا بکە چینە

ڕۆییشتوو هەر وەک نەهاتوو وایە
ئەوی کە تێیدای، هەر ئەمە مایە

بە فیرۆی مەدە، سا مەیدۆڕێنە
بە چاکی و باشی، خۆی تیا بنوێنە

ئەمەیە مەعنا و مۆخی ئەم سیانە
کە بۆ پەژارە و خەفەت، دەرمانە

نەک فەرامۆشکەی عومری کۆچکردووت
کردەوەی تازە و کۆنی بابردووت

یا پاشەڕۆژت بخەیتە پاش گوێ
کە ئێرەت جێهێشت، کۆچ ئەکەی بۆ کوێ!

تۆ سەرگوزەشتەی لە کۆن و تازە
بێنە نموونەی، بیگرە ئەندازە

سەر حیسابێکی کردەوەی خۆتکە
هاتوچۆی ڕایەڵ بۆ تانوپۆتکە

چل پەنجا ساڵە، تۆ تۆو ئەچێنی
چی لێ شین ئەبێ، چی لێ ئەبینی!

لە بێنەوبەرەت، لە هات و ڕەوتت
لە تێکەولێکە، لە ڕاست و چەوتت

لە کۆچ و بارت، لە قسە و باست
بەسەرداهاتووی، خراپە و خاست



چیت کرد و چیت دی، چیت بەسەردا هات
وتاری چاکت، باسی تووڕەهات!

کردەوەکانت بێنەوە بیرت
هیچی مەبوێرە، توخۆت و شیرت

لە گێرە و کێشە، تا شەنوکەوت
لە خەرمانی ژین، لە ئەم بۆ ئەوت

یەعنی لە دنیا، لەبۆ پاشەڕۆژ
ئەو ڕۆژە سەختە دادەمێنی دۆژ[٥٩٤]

هەوەڵ تا ئاخر، سا چیت بەبیرە
سەرەوناویکە، هیچی مەبوێرە[٥٩٥]

کوێ چوویت و کوێت دی، لە کوێوە بۆ کوێ
پیا بچۆرەوە، بە دڵ، جوێ بە جوێ!

سەردەشت و پشدەر، خۆشناوەتی و کۆ
گۆمی زرێبار، کەژی زمناکۆ

٥٩٤. دۆژ: دۆشدامان، زویر، مات، بێدەسەڵات.
٥٩٥. سەرەوناویکە: لێی بکۆڵەرەوە.

لە مناڵیتەوە، تا ئەم هەناسەت
چیت تیا کردووە، لە خراپە و خاسەت

لە کەینوبەینت، لەگەڵ خەڵق و خوا
لە کوێوە پیا بێ، ئینجا بەوەو دوا

پیا بێ و پیا بچۆ، سەرەو خواریکە
ڕێگەت لەبەرە، دووره و باریکە

ئەمە سێبەری بن ئەشکەوت نییە
پرسینەوەت هەس، تەدبیرت چییە!

بێنە خولاصەی کشتوکاڵی خۆت
چیت لەبیر ماوە، مەعلووم ئەبێ بۆت

قەڵەم و پەنجەی تیا بێنە بەر کار
لە دەفتەرێکا، هەر بۆ یادگار

بەجێی بێڵە بۆ ڕۆژی نەمانت
بۆ یادی دۆست و کەس و خزمانت

بۆ ڕۆڵە و نەوەت، بۆ فەرامۆشی
بۆ دوعا و یادی بەخێر و خۆشی



بیهۆنەرەوە، بە دڵ و بە گیان
بینووسەرەوە، بە وتەی ڕەوان

لێی ورد بەرەوە، چیت بەبیر ماوە
بیخە سەر کاغەز، تا ماوە ماوە

بە چاوی عیبرەت بەشکم پیاڕوانی
بیکۆڵیتەوە بە دڵ ژیوانی

داخۆ بۆ ڕۆژی هات و نەهاتت
داماوی و ماتی لە کارەساتت

شتێک شک ئەبەی بۆ دیوان، ڕووی بێ
هی وای تێدایە، کە هیوات پێی بێ[٥٩٦]

هیچی وات هەیە، ڕۆژی ئاواتت
بیکەن بە بۆنەی، بیانووی نەجاتت!

چاکە ڕۆژی دین، کە دیوانییە
بە بەهانەیە، بە بەها نییە[٥٩٧]

٥٩٦. دیوان: بارەگا.
٥٩٧. دیوانی: نووسراوە. بەهانە: بیانوو. بەها: نرخ.

یاخۆ دەسمایەت ئومێدە و ئەمەل
بە ڕەحم و لوتفی خوای (عز وجل)

بەخوا وا چاکە ئەی (چروستانی)
خۆت بە نابووت و بە لات بزانی

هیچی وات نییە ڕووی بارەگای بێ
بۆ دەردەداریت کەڵکی دەوای بێ

خۆ باوەڕت هەس بە تەنیایی خوا
هەر ئەو خالقە و حاکم لەمەودوا

بە پێغەمبەریش گەورەی ئەنبیا
بە هەرچی فەرمووی بۆ دین و دنیا

هەرچی خوای گەورە لە قورئانیا
فەرمووی: باوەڕت هەیە و دڵنیا

ئەم سیانە بگرە، بۆ پشتیوانیت
بیکە بە مایە، بۆ ڕۆژی دواییت

ئیتر خوای گەورە، غەفوورە و مەننان
بە لوطف و کەرەم ناتکا سەرگەردان



بێجگە لەمانە، کە ناو نراوی
بە ناوی فەخری عالەم کراوی[٥٩٨]

خوایە بە حەققی ئەسمائی حوسنات
بە قورئانی پڕ ئەسرار و مەعنات[٥٩٩]

بە خۆشەویستیی (موحەممەد)ی خۆت
بە جەهد و جیهاد، کە کردوویە بۆت

بە لوطف و ڕەحمی خۆتم لەگەڵ کە
نەک بە کردەوەم، کردەم بێکەڵکە

ئەگەر من بەندەم، پڕ سووچ و تاوان
تۆی خوای غەفوور و کەریم و مەننان

وتەی تۆش ڕاستە نەوەک باطلە
(کل یعمل علی شاکله)

٥٩٨. واتە ناوی (موحەممەد).
٥٩٩. ئەو ناوانە بۆ خودان، وەك لە قورئاندا دەفەرموێت:
(ولله الاسماء الحسنى) سوورەتی حەشر.

ئەم دوو پارچە شیعرەی لەدوای تەواوبوونی (ای شدە) و (احمدی)، کە نووسیونییەوە لە ساڵی (١٣٦٦ی ڕەبیعولئەوەل)[٦٠٠] لە دەستنووسێکیدا بووە.

کتێبی (ئەی شودە)، هی شێخی نۆ دێ
کە دایم ڕەحمەتی لای خواوە بۆ دێ

بخوێنە لەفظ و مەعناکەی بزانە
کە پەروانەی چرای پێغەمبەرانە

دوڕوستانی ثەنای دۆستی خوایە
چروستانی، کە نووسی، وای تەمایە[٦٠١]

کە ڕیزیکا، لە زومرەی چاکی پیاوان
ئەگەرچی پڕ گوناهە و کانیی تاوان

٦٠٠. ڕێکەوتی (١٩٤٧)ی زایینی دەکات.
٦٠١. دوڕ: گەوهەر و مرواری. دوڕستان: کانگەی گەوهەر و مرواری.



هەوەڵ مزگێنی (المرء مع من
احب)ە، مایەیی دەسمە، بە دیمەن[٦٠٢]

دووهەم هاوناوییە، بۆ نەقدی سەودا
کە حەشرمکا لەگەڵ ئەتباعی ئەودا

لە نووسینی نیازی دڵ، موحەممەد
عەلی کوڕمە، خودا لایدا لە هەر بەد

بدا تەوفیق و عیلم و بەخت و یاری
نەدا پێی ماتەم و غەم، دەرد و خواری

کە بیخوێنێ، لەبەرکا بەڵکوو بۆی بێ
لە هیممەت و فەیض و بەهرەی شێخی نۆ دێ

خودا، بیکەی بە مایەی زۆر ژیانی
لەگەڵ دین و عیبادەت، خولقی جوانی

بەشی تەقوای بدەی، بەڵکم وەکوو پیاو
دوعاکا بۆ منی موحتاج و داماو

٦٠٢. ئاماژەیە بۆ ئەم فەرموودە پیرۆزە (المرء یحشر مع من احب)، واتە: خۆشەویستەکان پێکەوە حەشر دەکرێن.

خوداوەندا، بە جاهی فەخری عالەم
گوناهم گەرچی زۆرە و طاعەتم کەم

حیسابێکە، گەرچی وشکە ئیخلاص
لە دڵما زۆرە دەرهەق ئەولیای خاص

بە تۆزی خاکپای چاکی ئەوانا
بکە سەوقم، لەژێر ئەمن و ئەمانا[٦٠٣]

تەواو بوو کتێبی ئەحمەدییە
هی خەڵفی داری گەورەی نەبییە

یەعنی شێخ مەعرووف، عالمی مەشهوور
یاخوا مەرقەدی هەر پڕ بێ لە نوور

بۆیە داینــاوە تا جگەر گۆشەی
یەعنی کاک ئەحمەد، بەو لەفظە خۆشەی

٦٠٣. ئەمن: ئاسایش.



بخوێنێ لەبەر، تێیدا دلێر بێ
زۆربەی لوغاتی عارەبی فێربێ

خوایا، بە جاهی هەردوو، کە مەردن
ویردی زمان و جێی فەخری کوردن

لە فەیضی ئەوان، مەمانکە بێبەش
بە بەهرەی ئەوان، بمانکە دڵگەش

چونکە یەک نوسخەی، خاڵی لە غەڵەت
دەسنەکەوت غەیری، خراپ و سەقەت

وا (چروستانی) بە سەعی و تەلاش
ساخی کردەوە، نوسخەی ئەمما باش

بۆ (موراجەعە)ی کتێبی لوغەت
گەلێ خۆم ماندوو کرد و ناڕەحەت

بە یاریدەی خوا نووسیمەوە، جوان
بێعەیب و غەڵەت، مەر سەهو و نسیان

بۆ جگەرگۆشەم (محمد علی)
خوایا بە جاهی نەبیی و وەلی

تەوفیقی بدەی بیخوێنێ لەبەر
بەو باب و کوڕە بیکەی بەهرەوەر

بەشی لە تەقوا و صەلاحەت بدەی
دووچاری بەڵا و گوناهی نەکەی

بەشکم بۆ بابی زۆر گوناهکاری
بپاڕێتەوە، گەلێ لەباری

قورئان بخوێنێ، بۆم پەرۆشبێ
دوعام بۆ بکا، کە خوا لێم خۆشبێ

قایمقامی مەرکەزی سلێمانی (عەلی سەروەت)، داوای نوسخەیەك لە تەمسیلی دایکی وەتەنی کرد، ئەم شیعرەم لەگەڵ نوسخەکەدا تەقدیم کرد.

بە یادی یادگاری سەروەری پڕ نەظم و تەرتیبێ
بە تالووکە، ئەوا نووسیم ڕجا، لوتفێتی گەر بیبێ[٦٠٤]

٦٠٤. تالووکە: ماندووییەتی، زەحمەت.



لەبۆ قائیممەقامی مەرکەزی، یەعنی (عەلی سەروەت)
ئەبێ ئەم سەروەتەم دیاری بە تەشریفی قدوومی بێ[٦٠٥]

ئەگەر چی بێسەر و پا، وەک سەراپامە لە خزمەتیا
بە دڵ ئاواتەخوازم، تا بە دڵ ئاواتەخوازی بێ

لە باتی پێشکەشی، کاسەدراوسێتی و بەخێرهاتن
کە ئەم دیوانە، خوانی مەشرەب و طەبعی ظەریفی بێ[٦٠٦]

ئەگەر دیوانی تەمسیلی وەتەن تەرویج ئەکا، چاکە
دەنا زاری (چروستانی) چییە شیعری، ئەبێ چی بێ![٦٠٧]

٦٠٥. قدووم: هاتن.
٦٠٦. خوانی مەشرەب: سفرەی پڕ لە نان و خۆراک.
٦٠٧. تەرویج ئەکا: پەسەند ئەکات.

# هەندێ وێنەی چروستانیی شاعیر



چروستانیی شاعیر





چروستانیی شاعیر



**چروستانیی شاعیر**






**چروستانیی شاعیر و ئەحمەدی کوڕی و کامیلی کوڕەزای**




چروستانیی شاعیر






چروستانیی شاعیر

# چەند دەستنووسێکی شیعرەکانی چروستانی







داخو لە گوڕو هێرشی ئەم کومەڵە زورە
چی بوتە مڵوزم وەکو موڕانە و خوڕە

تو بێژی بیوژێتەوە سەرکەوتن وتاوی
لەم کوسپە یە ڕزگاری ببێ پێتەوە باوی

گڕزامی پەتاو پیسی کەساسی ی کوڵوڵی
سەرژێری بکا لابەری ئم بارە لە کوڵی

شێوا دڵە کەم گرتی دەمی قین دەمی شین
لەم باسەوە هاڕوچوکە بوم نایەنە نوسین

من هەر لە مەراقا کە چی داکی وەتەنی کورد
وینەی سەری هەڵداڵە دڵا گورج وەدە سو برد

[وینەی دایکی وەتەن]

ماتو گزو کوڕو کەڵ و کوم و سەر شێوا و
ناسیم و وتم چونی بەخێرهاتی بە سەر چاو

هەرچی کە سەری دڵ هەبو لیم پرسی یەوە گشت
فرمێسکی سکاڵای نەنەوەی سپلەیی هەڵ ڕشت ×

گریاو کوڕوزایەوە دەکوڵاوە کو مەنجەڵ
دەرچو لە دڵی آهو هەناسەو چڕە دوکەڵ

شینێکی وە هاڕشتی کوڵ داخی دەرونی
روی کردە من و هاتە قسە بێ چەنو چونی

[سکالای دایکی وەتەن]

چەن خوشە وتی ای ڕوڵە لەداخی کوڕەکانم
وا پەرتو بڵاوونی یە هیوای ژیانم



بو بەرزی و پێشکەوتنی توالیستە بە کومەڵ
شان وەسەریان داوەتە بەرگشتی وەکو کەڵ

بێ ژن سەرو ماڵ و بەدەن و روحی هەمومان
قوربانی گەژودار و گیای هەوتەنی خومان

زیخی هەمو مرواری یە بەردی هەموگەوهەر
داری هەمو عەرعەر چەم و آوی هەموکەوسەر

شاخانی وەکو طوڕو گژو گیا هەمو عەنبەر
خولی هەموو وەک میسکە شنەی گشتی معطر

کوڕگەل هەموو وەک کوێلەیە کچ گەل قەرەواش ٦
هەرتوی لەدەمایە هەچی ساواو هەراش

زوربەی قولی هەڵکردووە سەرکەوتنە هیوای ٧
بێ باکە ئێلی پڕبە دەم و دل — . نییە پەروای —
— تالی وەتەنم خوشە لەلا ژاری هەنگوینیە
شی وەندی زەماوەندە 6 دەڵین مردنی ژینیە

دەوڵەت کە نەخاوەندی سەری بی تو نە کالا ٨
تو بوچی دەکەی ڕازو گلەو هێندە سکالا

[وەفاداری داکی وەتەن]

انجا وتی بڕوا مەکە بەدروو دەلەسەی وا
تی فکرە نی یە کردەوەیان شایەتی داوا

لەم شەرتی یە بی کردەوەن و پوچی نابوت ١
نەورشورەبی بۆ کردنی هاوار و گوتەی زوت

قان زاجی لە بۆیەک تر و باری لەشی یەک سووک
زۆ چوولە دڵی یەک تری یا چەشنی حزی و پووک
تریا

بێگەورەوە کو بەندە بە خزمەت بی بچووکی
گەورەشی نەژووانی لە هەزاران بە چرووکی

زەنگینی نە کاژدی لە بیگانەوو خزمی
سەربەرزی بە ژیرپی وە نە کاژیردەسی نەرمی

باخۆڵ پری تیروتە سەلی پوشتەوو پەرداخ
بۆ ژوتەوو بێ پارەوو ژەم آخی بی و داخ

گەر دەستی داجاری هەزاریکی گزی شتر
٢ قافیە لیی نەگری کو تو پڕ وەکو ماریکی دزی دڕ

پیاوانە دەستی بگری لە داماوی دەری کا
آزانە لە تەنگ وچەڵەمە چارە سەری کا

سوواری جڵەوی نەگری بەدەستی اسپی نەداتاو
تا آووزا داجاری لە پێ کەوتووی داماو

نەی آخنی دەستی داری هەموو باخ لو کوشی
بۆ خوی و لە بێ دەستنە بێ پەرواوو پەروشی

بەرزی ئەیەوی گشتی لە قەد بەرزونەوی خوی
بگری بەدەم و دەستی بەرەچەی خاکە زەوی خوی

خوداکی وتەن دەستی کەوی هی غیرەنە نوشی
جل تاوەتەنی هەڵکە هی بیگانە نە پوشی



لیک دی دە کوژنا لیک دە دزن لیک دە فڕێنن
گەر کومەلیان کەی بە هشریت ای بچڕێنن

لایی شەڕ و کوشتارە لە نیوە شەرە تو خزما
بەد کردنی زۆر دارە لەگەل ژیردەسو نزما

لایی لە براوە بە برا بە دخوو ییو شیبەڕ
لایی کوڕە سەرچەوتە بە بابی خوی اکا گەڕ

بووبێ دەسێ بیکەسی وەکو زینێ نە ژیانی
دەس گرتن وخوشی نییە هەر کاتی نە مانی

سەرداری وەکو مارە بە بیکەسی اچەشی ژار
دەس داری لە بۆ بی دەسی دووشکە چز و دار

٨ بوسوخرەیی آغاوو بەگم بی دەسە کویلە
لە دراوو زەڕی بیکەسی اکا خانمە پویلە

زەنگین و مەزن ژینی لە میرگیکی بە هارە (1)
سەرکو قەڵەوو تورەنە بەرباری نەغارە

دارانە دار بووەتە کیوی زلەو پەرز
وادورە پەریز مل کەچ اکا بوو دسی قەرز
سلە موم

کەم کەسی بە کەسی رەحم و پەژارەی دڵی ماوە
هەرنا کەسی یە و داوە فڕو فیڵە کە باوە

سەرسامە هەزاران و هەزارانە چەواشە
وەک سامیری وەی جوجکی بەرهەلیتی واشە

دەسمایەیی من زورە لە نابوتی بەدورە
خاوەندی گەلی بڵجە کە بێ هوش و مشورە

دەرمانی هەمو دردە گژوگیای کەژوکێوەم
ئیکسیری هەیە وون بووە بویە قوڕ ئاپێوەم

پشتاوە بەراوەم بەرەچەی قوتە لە بوگیان
داری کەژوکیوەم دەگرێ پارە بە خەرمان

دەشتم دەراگا خواردنی حەیوانە حرە لە بن پا
لای بەرزم ابارینی گەزو لای منە تەنیا

پڕ معدەن و فەڕ گەوهەرو کانە هەموارزم
بویە بە گوتەی پوچی خەڵاتی ئەلەرزم

لەم شعرە تی فکرە دو معنای هەیە = دوکانە یە

سەرچاوەو وکانیزو چەم نیل ی بە قوربان
ناگانە نزارو کەژوکیوەم کەژی لبنان

بەرزم کە ابارێنی مەڵی آوە کە شیرە
هەر لورکو دو ماست و فرو رون و پەنیرە

بوژاوە بە خێر و بەرەچەی تێرو سەری من
بێگانە وو هەربی بەشەروڵم لە بەری من

دار و دەوەنو شاخ و کەژم چون دەراکازو
فەزوان و بنێشتو دوەڵان کارگ و مازو

ڕیواسو بە لالوکو چەقالە بە ڕو بادام
گوێژ کەمی هەموانە کە تیرە کە زورە لام



گەردەلولە وەدەفڕێنی سەروسی پالی هەزار — سەروەبێکە دە گەشێنی دلی هەرزە نگینی
بوتە گورگانە شەوی وەپەردە کولە بوهەندی — بوگەلی گورگی شەوە پڕ بەدەم ای خنکینی
چالی زیندانە هەزارانی لە هەزاران تیدا — پی لە کوتا دەسە پاچە سەری دەرنابینی
یەکی پا بەندی کە لاوەی کە سەرەوە دەردی سەری — یەکی خاوەندی سەراپەردەیە تا مل وینی
قوتە بوروحی یەکی بو یەکی زیوان و مرور — شەربە توژە هەرە چەتوویکە فەلەک ای چینی
لایی زاخاوی دلە و سورمەیی چاوە لایی — دەردو زوخاوەرەشاوی کە نە بینی شوینی
بە منتور بە دەراکا ضەلفولفو پوپی یەکی — بویەکی وەی شەبیە آگرە دەسوتینی
گەلی آوێزی لە سەر بەرزی یەوە خستە نشیو — بەرزی کردوتەوە نزمی کە ملی نەشکینی
سوواری ناره سەنی پیادە کە هەرفاری ادا — نەلە کەس آووراوا نە هەیە بیری دوبینی
توبلێی بەم زووە روژیکی لە نوی پەیدا بی — چەرخی ام چەرخە بەجاری لە چەمەردە ربینی
ایشی وناسوری نەهیلی هەموزاو هاسارێشی — خەفتی نە قروتونا کاتو ووچانی بینی
اوچی بیزاری چیستانی بەزاری سوچیک — ام غەزەلە دەنگی گیتی تازە
سوچی وبەد خوایی گەردون بەسکا لادینی — لە بغداد جودانی چاپ کردبو

[ لە بەنگاکردنی نوری چاوومیچی ام دو غەزەلە لە غرامی بەم دانا ]

من کە دل ماتەم نشین و بلبلیش هاوار وشین — هەر بەکە سوداسەری خونچەی گولیکی بی غەمشین
من بە نەفری دل لە سەوزەی خونچە لیوی سوخمەشین — او بە آهی لیوی خونچەی دوگمە سەوزی آتەشین
هەربەکە خاروچەخاری باری دەردی دل کەشین — تالی شاری کولو ژاری ماری زولفی ضەم چەشین
هەربەکە زامی بە تیرونە شتەری کون کون لەشین — دل بە آواتی نە پاتی گول دەمی ماتەم بەشین
هەربکە سەرخوشی جوشی قطرە عطریکی خوشین — کوانسیمی بی بەیانی دەم گولی کا مەهوەشین
لەو دولیوە آلە دو کولمی سپی خالی هەشین — دل دەهینی تەرەبا هاوارا کا خلوت نشین -

٤٤

لە مەعنای ئەم دوو شیوەدە شینی ئوفقی نیشانەی عیشایە سووری شەفەق نیشانەی مەغریبە خور نیشانەی عەسرە صوفی خەلوەت نشین کە خالی ئەبینی لە روخساری مەجنوو بە عیشای تێ ئەگا کە دولێوی ئال ئەبینی وا ئەزانی مەغریبە کە کولمی سپی ئەبینی ئەلی عەسرە سەیری لە ئەشیوەیەت نازانیت چە نوێژی کیان بکات =

- چارەیەک شینی ئوفقی سووری شەفەق خوری بەتین | گشتی شیوان عەصر و شیوان و عیشا چون دابەشین لە

من سەرم سوورماوە چون رژی کە تووناوا سووریو شین | خالی شینی مانم دەکا بەو لێوە سوورە دڵ گەشین

اوچی پاراو و تۆری زاری جەهستانی یقین | سوورشایەیە

بلبل اساتفەی بی صدە نەر صەبی طالع رەشین

ای بون و نە بونی نەفەست مان و نە مانم | بی نەفەوقی هەوامردن و سەوداتە ژی یانم

ئاوایی دڵم جولە بە بی خیلی خەیالت | ئاوایی بە دڵ داری بفرموو دڵ و گیانم

بی دەرکە رەقیب اوتە مەلە لاتی هەلاتە | خوم مەشقی غەمی عەشقی تو ئازانە ئازانم

ئو دڵ رەشە نەعل و بە مەنی مالە بە دەبیا | من موورە دڵم مالی لەبی لەعلی یەمانم

ئاوارە دەکا پەرچەمی ئیوارە تە ماشام | واهەر بە تە ماچونی شەوو بونی بەیانم

لا بە تەمی زولفت لە سەر ئاوێنەیی کولمت | با چارەیی بی چارە بدا جاری نیشانم

دقت لە قەدی ئەلف و کەچی لامی دوو زولفە | لەم مانە مە داماوە دڵ و لالە زمانم

چاوم کە روا خیل بولە بو چاو و روو وانت | بی چاو و روو بو تیلەیی چاو بکە ئەروانم

زولفت کە قەرینی رووە شیوەی شەو و روژە | ئو سێبەری خورم ئەم الە تریکی شەوانم

دەم عطری شەکەرقطرە مەگەر لیوی تو چاکا | دولیوی بە بازە ردی روان روحی رەوانم

عەهدیکە دوو چیم ناوەتە ریی عەشقتو مانم | - بو شوینەوونی هەر بە تەماهاتی ژووانم

کەشکولی دلوزاری چەرستانی لە نەزما

ئاوالەیە ئاوارە بی | بە زەنگی رەوانم

دوواری ئەم دوو غەزەلە ئەم غەزەلەم بە پەشیمانی و عیبرەت وت چونکە باوکم بە رەحمەت بیت فەرمووی شعرە کە بە شراق

بە پیری عەجایب گرو گال اکەم | عجب ترکە باسی خەتو خال اکەم

بە داخی دلی نی دە ماخم گە لی | کولا موخم ایستە سەرم قال اکەم



لە قونا غە وە تا بە قونا غی گور | خیالێکی خاوە بە دنیا بگەم

گەلی بی فەرو ضیر و بیرم کەوا | لە پەنجا ئەوا تی پەری مو کەچی

هەنا کەری بە کاسی لە گوی بی گابنوم | روایە لە تاو لە رزی خوم نەسرەوم

مەگەر رەحمی داوەر بکای پیغەمەر | اگەر هەور و تاریکە ریگەم بە لام

چەرستانی هاو ناوی پیغەمەرە صلی الله علیه وسلم

هەوا هەولی بە نەفسە عەودالە کەم | بە پیادە لە بو سوواره رامال اکەم

جلە و ئەوا بە دەسی دژمنە زالە کەم | خەیالی فنالیکی شەشی سال اکەم

هەزاران کە وا رویی ئاوالە کەم | لە ریو تورە جالی شەوی چالە کەم

لە خویانە وە دەسی دە نە بالە کەم | بە وان چاوە ریی خور و سا مال اکەم

اومیدم هە یە چابی ئەو مالە کەم

دەنگی بی رەنگی بەهاری ٩٤٨ چەرستانی

لە گوییادە نگی بی رەنگی بە هار و کوچی زستانە | کە گویا باری غەم نامینی نورەی کە یفو سەیرانە

لە باسو خواسی ضەلکی وا دیبارە جەژنی نەوروزە | کە روژی تازەدی دە بری لە چاوا ئەم تەهوتانە

خیالی خاوە داوای پوچە یاری بی سەر و شوینە | دە ماغی هەر زەو و بیچارە هی سەر خوشی مەستانە

بە هاری وا بە هاری بی کە خوینی دڵ نگاری بی | جگەر زاماری داری بی کە لە پچە و کوت و زیندانە

مەلی نەوروزە جان سوزە تەم و ماتەم تەپ و توزە | لە بو دڵ داوە ئالوزە جە خار و دە ردو سندانە

بە هاری واچە بی جاگی کە پاراوی شەرە خاکی | بە ئاخ و داخ خورا کی گولو کی خوینی لاوانە

وە نەوشەی زولفی کاکولی سەرە وشیری هەزارانە | وە کو نەرگسی چاوی ئەبلەقو وە ق صە هەزارانە

چە نەوروز و بەهاریکە لە بو بی شەرمو عاریکە | لە بی فکرو دە ماریکە کە وا خون خواری ژیرانە

بە هاری بو هەزاران صە گریەو زوقم و لەرزینی بی | - ئەبی چی بی اگەرچی بو گەلی کەس بوتە لەرزانە

گەلی سالە بە هاری هارو هاجە شیتە نەوروزی | لە جیبی صە لحەم برینە جەژنی شینە زینی مەکتانە

## ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە دەستنووسی شیعرەکانی (نالی) لەلایەن چروستانییەوە

سەبارەت بەو دەستنووسەی کە شیعرەکانی (نالی) تێدا نووسراوەتـەوە و (چروستانی)ی شاعیر بە دەستی خـۆی نووسـیونیەتیـەوە، بـۆ زانیـاریی زیـاتر سـەبـارەت بـەو دەستنووسـە پـەیـوەنـدیم بـە بـەڕێـز مامۆسـتا (محەممەدی مەلا کەریمی مـودەڕیس)ەوە کـرد و بـەڕێزیان فـەرمـووی: "باوکم مەلا (کەریمـی مـودەڕیـس)، کاتێـک دەسـتی بـە ئامـادەکـردن و لێکۆڵینەوەی دیوانی (نـالی) کـرد، تـەنیـا نوسـخە چاپـەکـەی (کـوردی و مەریوانی)ی لەبەر دەستدا بوو. ئەوجا بۆمـان دەرکـەوت کـە خۆشـحاڵانە دەستنووسی مەلا (محەممەدی چروسـتانی) و مـەلا (عـارفی چنگیـانی)ش هەیە، کە هەردووکیان (نالیزان)ێکی بـەتوانـا بـوون و بـەو پێیـەش دەبـێ دەستنووسەکەیـان زۆر ڕاسـت و دروسـت بێـت. پـاش ئـەوەی ئـەو دوو دەستنووسەمان دەست کەوت، لە ساخکردنەوەی دیوانەکـە پـشتمان پـێ بەستن و پاشان بۆمان ناردنەوە."

کاک محەممەد دەفەرموێ: "سەد بریا من لە کـاتی فـەقێیـەتیمـدا ئـەم ڕاسـتییەم بزانیایـە، تـا بچوومایـەتـە خزمـەتـی (چروسـتانی) کاتێـک هەردووکمان لە سلێمانی بووین و دیوانی نالیم لە خزمەتیا بخوێندایە."




بەم جۆرە بەڵگەیەکی گەورەی ڕاسـتی و دروسـتیی دیـوانی(نـالی) کـە باوکم لە چاپی داوە، ئەوەیە کە پشتی بەو دوو دەستنووسە بەستووە و ئەم ڕاستییەش هەر وا دەمێنێتـەوە، تـا دەستنووسـی (نـالی) خۆیمـان دەسـت دەکەوێت، یاخود دەستنووسێکی ترمان دەستگیر دەبێت، کـە لـە ئاسـتی دەستنووسەکەی (چروستانی) و (چنگیانی)دا دەبێت."


شـایانی باسـە، کـە دەستنووسـی شـیعرەکانی (نـالی) لـە لایـەن چروسـتانییەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی سییەکان، بـە داخـەوە جگـە لـەم دەستنووسە، ئەو زانیاری و شارەزاییانەی کـە سـەبارەت بـە شـیعرەکانی (نالی) هەیبووە، نەینووسیونەتەوە تا ئەمڕۆ بمانتوانیایـە سـوودی زیـاتری لێ وەربگرین.

نوخشە ئەحمەد چروستانی

## چەند نموونەیەک لەدەستنووسی شیعرەکانی (نالی) لەلایەن چروستانیی شاعیرەوە





-١٧-

عشق که مجازی بێ خواهشی ملکه اللّا کچ  شیرینی کچ و لیلی کچ سلمی کچ و عذرا کچ
فرق کرد و کچ روشن وک فرق مه و مهره  ام فرق شو و روژه وک فرقه له کرتا کچ
مه مه لمه ڕه شا یعنی له قمر لاده  هم شمسی ثریا کچ هم زهره زهرا کچ
بێ بینه گل ژاله هم بێ بره هم ناله  قد سرو صنوبر کچ چاو نرگسی شهلا کچ
گرد وک گل گلزاره اما ثمری خاره  وک هنگ بجز داره هنگوینی مصفا کچ
کچ بر چم چینی چینه ئاو ممک لسر سینه  وک شانه هنگوینه بو لذت دنیا کچ
جز ل ثمر و شا بو صولت اعدا کر  نخل ثمر و مایه بو دولت دنیا کچ
گر زیب د لبستانه کچ شمع شبستانه  بو بزم تماشا کر بو خلوت تنها کچ
مو سنبل آشفته دردانه نا سفته  دم غنچه ئاشکفته بیفکره کره یا کچ
گر آئینه حسنه تا وک کچه منظوره  گرتی که غبار مو چینی کرد و مینا کچ
گر تازه و تر ما دام شاد و کو خشکه بێ  اما که روا سبزه دیبا کر و زیبا کچ
بو شربت شیرینی فنجانه لسر سینه  مم نکهه تهاجی شم عنبر بو یا کچ
هم گلبنی بێ خاری هم مزرع ازهاری  هم مخزن اسراری اثبات مزایا کچ
جنت بری دلوانه خادم ئهمو غلمانه  خانم که نتیه حوری یکسر ئهمو حسنا کچ
گر اشرف محبوبه یوسف کری یعقوبه  کچ بو به خریداری یعنی که زلیخا کچ
صدیق عزیزی و کو یوسف کنی بێ جو کر  صدیقه معصومه وک داک مسیحا کچ

بابیکه ههیه دنیا بو عشق مجازی بێ
ناله چیه او بابه آدم کر و حوا کچ



-١٦-

جاروکی منازل جانانه له خلوتا  فراشی فرشی نقشی بهاره له دشت و در
مالشی ده دێ به دم لدم خواب صبحدم  هم زلف تیره گونه و هم چهره قمر
باری بسروه کت لشنی انگبین کرن  گر تو به چنبشت به هم آغوشی نیشکر
وقتی طواف عارضی دلبر سنوی تو  لغزشی دخاله طرهٔ سر تابه پێ کمر
کێ دیته خنده غنچه دمی بی وزیدنت  گر تو نه بێ درخت چمن نا گری ثمر
احیا کنی جمیع نباتات عالمی  رعناگت له تربیت چاهت شجر
آب حیات داتی اغر ده یه دیت  تحریک تو یه گر له تنورا کرد یته در
محبت ونه زوره دلم هنده تنگ بوه  دود هناسه کی سحرم هور گرته بر
همت که چابکانه به اجرای مطلبم  لم سر بردوو کو بریته لوی بێ و کو تر
بو ملک شامه نامه مێ سوی نالیه  هر حرف اغ له وضع ولایت دداخبر
پرسیویه ظاهر الرفیقان یک جهت  احوال اصل شار ور فیقان بسر سر
لو بیشا که حاکم باباه بدر کرا  نی دیوه کر لێ جهه جهره کنی جعفر اسر
تا بو به جای مطلع خورشید بخت روم  سو بکیا و تشنه و خشکیفه بو ثمر
نا کی هوای ایچ کبابی ذلیل شهر  بریانه بی لعاد غما پارهٔ جگر
جز گاه و آه و ناله له ایام رو میاه  نم دیوه وا بی لعدالت لب بشر
سیوا به وه له نحو ستم بو خوار و زور  هر فر بر غما قهر لا دکم نظر
جیٔ ترکگانه رومه در و زور خانقا  غافل بهو له جای مردان باجر
او حوضه بر د بو که و کو چاوگان تو  تغیره آدی وک ل مردان بر کور
سو تا دلم بحالت جوبار سر خبار  لیلا نه چشمه سار و کو چاو بر بحر
او دشته جای یاری یاران حجره بو  یک سر مقام روهیمه هر وک ته سفر
زستانه او لین بو درای برگشته شمهای  روم او نوه شو مه که تخصیص دخون جر
وک پیر خورده شا حمه دار بیر گصور  مشغول لوفرشه همه جا پای تا به سر

تنهای سمن برگ بنفشه که لبر کی — وک نور دل خوی و ظلمات گناهی

بو سیر خرامیدنم سرو قدانه

صوخ له طلب دانو هموسالک راهی

رقیب و مدعی فتنه علاقه‌ی چاو چاودوتن — له گوشه گوشوارت نایب یار و دوت مارو تها

نباتنا زوی وک منزوی مانونه در بینی — هموسر خوشی دم و روز پرستی عاشق ردتها

وره بنو بزم بکلزاران گلزاران تماشا کن — سراسر پیکنین گل لبالب غنچه پشکوتن

چه قصر و دائره و طاق پیدا تو طاق آفاق — نه دمطرب می و شاخ گل و بلبل همو جوتن

له شوق روی شمع و زلف دود و دو طره‌ی مجمر — سپند و عود و پروانه بخورو غالیه سوتن

جبینا ن همدم آهو دنوشن راح ریحانی — رقیبان همدم آهو دکیشن دو کل توتن

کلی شیر و پلنگ و فهد و بازی شاهین شاهی

حرفی — واو

وکو نالی به دل نیچیری رادی چاوی چاودوتن

هرچنده که عمر خضر و جام جمت بو — چونکه اجلت زوره چه عمریکه بکمت بو

ای جامع دنیا و قیامت به خیالات — او روژه که آرویت منع اوت بونه جهت بو

بزاره له تو السنه هم آغوش عدو ته — دنیا که بغیرت حرم محترمت بو

دوینی چه بو دتو ابر بالاف کراماتت — امرو ندمت بو ندمت بو ندمت بو

عبرت نفسیکه که همو عالم دنیا — بره له غمیکه که همو حرف غمت بو

نالی چیه و اشتغل جهل غرق سیاکه

خو تو به جهاد و کو پروانه شمت بو

دروونم بر کباب و درده بیتو — دلم گرمه و بهاکم سرده بیتو

خریکشتی دری تا تو تنها تم — خلاصیم قطانیه لم نرده بیتو

لباسم ماتمه شینه له شینی دام — سرشکم سوره رنگم زرده بیتو

عزیزم دل رقه خوم فرد و تنهام — دترسم بم کری ام درده بیتو

به بی دیدار



نالی او وحشی غزاله کسی لی بر ناوی نکوت

چونکه شاهینی دو چاوی تیژه دایم کردکا

طبع شکر بارمن کردی اکر انشاد کا — امتحان خو به مقصودی له عمدا وادکا

یا له میدان فصاحت حقدا بمثل شهسوار — بی تامل به همو نوعه زبانی را دکا

کسی الفاظم نالی خو کردی خو کردیه — هرکسی نادان بنی خوی طالب معنا دکا

بینه جرجم پارچه پارچه مسموم بکری بروح — هرکسی کو تال و پارچه بی بدل سودا دکا

شو خلکی کی دکاته شرمی بو بازکی — کی له دقعدا پتنک دعواله کل هودا دکا

حرفی — بی

زلفین بخم مارو به حلقه‌ن وکو عقرب — شوی لف و نشرن چه مشوشی چه مرتب

جیئی دم دمه جیئی لب قشادره اشو — هم ماچ دکا دم بده هم جام لبالب

بو شهد کلامت که به اشراب لطافت — لذت ده گیینی به دل و ذهن مخاطب

عاجز مبه قربانه دردو افک رقیبان — دنیا یه دبی سگ بوری شیوه بکا سب

وک صحن صاحبه آلهه به دنیا — بیهوده مکدر مکه سرچاوه مشرب

عاشق هوس میکده علم بسیطه — عاقل طلب مدرسه‌ی جهل مرکب

قارونه فلک مستحق گرتنو خسف — زیو و زر شمسی و قمره درهم کوکب

قلاب جهانقد عیاری نیه قربان

نالی محک همت کردو یه مجرب

نیستان نوخسک زاری صنوف شوکه خاری — گلی خوشتر لر ستان و دلکشتر له بستانه

قتال عرفج و خطمی غضا عوسج و اثلی — چو دامن گیر وشیخن دل آشنی زینی غریبانه

شغیر چال شورنگی هر دلیه لعل اینمک باش — حفیر چاه و سنگستان دلیه چاه زنخدانه

لبانی لاله حمرا جگر پر داغ خورشیده — لبانی سنبل تا تا سر سودا پریشانه

مغیلانی جل و میز ردای صوفیه بعینه — امه زینی محرمان محرم سرز و تو عریانه

شتربانا امه برزینی باغ روضه یا چون — عرار و عرعر و بان خیابان و بیابانه

اسیر سلسله بند مهار سر قطارت بم — که دم کیشته روضه حی کو مجنون دیوانه

چه روضه روضه جنت چه جنت جنت قرب — چه قربت قربت راحت چه راحت راحت جانه

مقام ازمزم حاوی له شوق کعبه حجره — مقام و زمزمه و اشتری هیبایه جولانه

عزیر جنبشی تخت و محفه محمل سوزی — دلینی تسبیح مرغان لر تخت سلیمانه

گزاده و دار و بار تخته اسحقی لر تخته — دنالیلینی شوق کعبه دک استون حنانه

چه نوریکه له بیو خانوی کعبه الطاهر — دکیشی خلق و باطنی امثال امر سبحانه

چه جذبه جذبه حضرته لمعنه قندیل حرم داوا — دبه ان ساله طوطیه ابتو مثل پروانه

چه نوریکه له حجره روضه دا وا قائمه قبه — قوام عرشی و فرشی قالب انس و قالب جانه

چه حجره حجره علیا کو نعلین خدام — در تاج سر قطب و ولی و شاه و سلطانه

چه حجره دره له خاک ملت و دولت پناه هند — کمینه خادم سلطان نوشاهنشاه دربانه

چه قبه سلسله و قندیل و شمع و باد مخزانی — شعاع نور دیده کوکب ایوان کیوانه

نکاه و اسطه امکان مکان بخشی انسی و جان — ملکینی لا مکان سیر اتیدات شریف میوانه


چه میوانیکه صاحبی و جاه و عزت و عزه — که دو عالم طفیل دعوتی او صاحب خوانه

محمد احمد مرسل میر منبر و محفل — بشیر آخر و اول نذیر خویش و بیگانه

سراج انبیا ختم رسل نور مبین حق — که عالی قدر ذات [illegible] خاتم و شانه

لسرو ظلمت آبادی شوی کفر که طالع بو — صلاه استاله اشی چیخ کیج روز نوراهانه

لەو ساڵەدا مامۆستا مەلا (موحەممەدی چروستانی) بەهۆی نەخۆشییەوە ماوەیەک لە نەخۆشخانەی (تویثە) لە بەغدا ماوەتەوە و مامۆستا (هەژاری موکریانی) سەردانی کردووە. دیوانی (نالی)یان لەبەر دەستدا بووە. هەژار موکریانی ئەم چەند وشەیەی لەسەر لاپەڕەیەک لە دیوانەکە بە خەتی خۆی نووسیوە.



شەوی ٢٩ / ١ / ٥٦ لە خدمت ماموستا ملا محمد دا
دیوانی نالیە کەم خوێندەوە زور ممنون بوم -
کە زور استفادەم لە حضورتا کرد و لە [illegible] دا
بوم بو بە مایەی فیض و دانش - هەژار

**نووسراوەکەی هەژار بۆ چروستانی**



لەپاش ئەو چەند دێڕەی هەژاری شاعیرەوە، چروستانی ئەم بەیتەی بۆ نووسیوە:

**کــە بــێ (ژێ) هــاری و، بــێ (هــێ) کــە ژاری**
**وەهــا وریــا و ژیــری، چــۆن هــەژاری!**


کە بی ژی هاری و بی هی کە ژاری
وەها وریا و ژیری چون هەژاری
چروستانی

**وەڵامی چروستانی بۆ هەژاری شاعیر**

# زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (٢٠١٢)ی
# بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەنفاکان | و. عەزیز رەئوف | شانۆنامە | ٨٣٨ | |
| ٢ | ئەکرۆباتێکی ونبوو | ئیسماعیل حەمە ئەمین | وتاری رەخنەیی | ٨٣٩ | |
| ٣ | پەیکی شادی | محەمەد سەعید نەجاڕی | شیعر | ٨٤٠ | |
| ٤ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٢ | |
| ٥ | خاوەن شکۆ | د. یەحیا عومەر ڕێشاوی | لێکۆڵنەوە | ٨٤١ | |
| ٦ | ئایین و ئیستاتیکا | خەسرەو میراودەلی | لێکۆڵینەوە | ٨٤٢ | |
| ٧ | کولێنەری هەڵم | محەمەد بەرزی | زانستی | ٨٤٣ | |
| ٨ | چرایەك لەسەر مادیان کۆ | و. عەزیز گەردی | رۆمان | ٨٤٤ | |
| ٩ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٣ | |
| ١٠ | سایکۆلۆژیای بەهرەمەندان | عمر مەرگەیی | لێکۆڵینەوە | ٨٤٥ | |
| ١١ | شوناسێکی بێئۆقرە | سەردار عەزیز | کۆمەڵە وتار | ٨٤٦ | |
| ١٢ | کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن | د. بێستوون حەسەن | زانستی زمان | ٨٤٧ | |
| ١٣ | مێژووی چاپخانەکانی سلێمانی | مارف ناسراو | رۆژنامەوانی | ٨٤٨ | |
| ١٤ | وێستگەکان | و. محەمەد کەساس | کۆمەڵە وتار | ٨٤٩ | |
| ١٥ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٤ | |
| ١٦ | مێژووی دێرینی کوردو شوێنەوارەکانی | کەمال نوری معروف | مێژوویی | ٨٥٠ | |
| ١٧ | ئەزموونی چیرۆکنووسین | محەمەد فەریق حەسەن | وتار | ٨٥١ | |
| ١٨ | پۆست مۆدێرنەو چەند بابەتێکی شانۆی | ئەنوەر قادر ڕەشید | شانۆیی | ٨٥٢ | |
| ١٩ | هەڵوەدای کوێرێك | رەنجەی نابینا | کۆمەڵەچیرۆك | ٨٥٣ | |
| ٢٠ | ئاوڕدانەوەیەك لە مێژوو | عەلا نووری | مێژوویی | ٨٥٤ | |
| ٢١ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٥ | |
| ٢٢ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٦ | |
| ٢٣ | سمکۆ | سەید کەمال ئیبراهیمی | مێژوویی | ٨٥٥ | |
| ٢٤ | تەلیسمی گێڕانەوە | کامیل محەمەد قەرەداغی | لێکۆڵینەوە | ٨٥٦ | |
| ٢٥ | نارنجی فڕین | ئەمین گەردی گلانی | چیرۆك | ٨٥٧ | |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | ئایین و کایە جیاوازەکان | سەنگەر زراری | کۆمەڵە دیدار | ٨٥٨ | |
| ٢٧ | تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی | د. کەمال مەعروف | ڕەخنەی ئەدەبی | ٨٥٩ | |
| ٢٨ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٧ | |
| ٢٩ | ڕەنگدانەوەی ریالیزمی سیحری | حسین سابیر علی | لێکۆڵینەوە | ٨٦٠ | |
| ٣٠ | میدیا و دەسەڵات | و. فاروق جمیل کریم | رۆژنامەوانی | ٨٦١ | |
| ٣١ | ئەدەبی ئەمریکای لاتین | و. تەها ئەحمەد رەسول | ئەدەبی | ٨٦٢ | |
| ٣٢ | پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا | بوشرا کەسنەزانی | لێکۆڵینەوە | ٨٦٣ | |
| ٣٣ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٨ | |
| ٣٤ | تروسکەیەك لە تاریکیدا | صلاح نیساری | کۆمەڵە چیرۆك | ٨٦٤ | |
| ٣٥ | سی و حەوت خوێندنەوەی جیاواز | نەبەز تالیب | بایۆگرافی | ٨٦٥ | |
| ٣٦ | سایکۆلۆژیای شۆفێری | بەختیار محمد | زانستی دەروونناسی | ٨٦٦ | |
| ٣٧ | بکوژی بابانوئێلەکان | و. مستەفا زاهیدی | کۆمەڵە چیرۆك | ٨٦٧ | |
| ٣٨ | بارگە | رەفعەت مورادی | لێکۆڵینەوە | ٨٦٨ | |
| ٣٩ | شێوازی شیعری نوێ- کرمانجی ناوەڕاست | د. حمە نوری عمر کاکی | لێکۆڵینەوە | ٨٦٩ | |
| ٤٠ | مادام بۆڤاری (وەرگێڕان) | جەبار سابیر | ڕۆمان | ٨٧٠ | |
| ٤١ | ڕۆمانە فارسیە هاوچەرخەکان | عمر شینکی | رانانی کتێب | ٨٧١ | |
| ٤٢ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٩ | |
| ٤٣ | وەرزەکانی ئەیرۆبیك و دابەزینی کیش بۆ پیاوان و ئافرەتان | و. ڕێباز ئەحمەد فرج | زانستی | ٨٧٢ | |
| ٤٤ | دەقئاوێزان لەشیعری نوێی کوردیدا | شنۆ محەمەد محمود | ئەدەبی | ٨٧٣ | |
| ٤٥ | ئەنفال تاوانێکی دژ بەمرۆڤایەتی | ستارە عارف | لێکۆلینەوە | ٨٧٤ | |
| ٤٦ | تەکنیکەکانی سەردەم | جمال محەمەد ئەمین | زانستی | ٨٧٥ | |
| ٤٧ | ڕەهەندەکانی شوێنکات لەدەقەواڵاکانی شێرکۆ بێکەس | لوقمان ڕەئوف عەلی | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٨٧٦ | |
| ٤٨ | لەودیوشتە جوانەکانەوە | و. رەئوف حەسەن | کۆمەڵە چیرۆك | ٨٧٧ | |
| ٤٩ | جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی پێنجەمین کتێب | د. نەجم ئەڵوەنی | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٨٧٨ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٠ | نەریت و کلتووری کوردی | م. زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین | کلتووری | ٨٧٩ | |
| ٥١ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨٠ | |
| ٥٢ | شەوانی بۆن و سەفەر | فروغ نیعمەت پور | کورتەچیرۆك | ٨٨٠ | |
| ٥٣ | گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا | ڕێبوار حمە تۆفیق | لیکۆڵینەوە | ٨٨١ | |
| ٥٤ | پێگەی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان | فەیسەڵ سلێمان محمد | لیکۆڵینەوە | ٨٨٢ | |
| ٥٥ | بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لەزمانی کوردیدا | شەهاب شێخ تەیب تاهیر | زمانەوانی | ٨٨٣ | |
| ٥٦ | فۆرمی لۆژیك لە زمانی کوردیدا | د.کاروان عمر قادر | زمانەوانی | ٨٨٤ | |
| ٥٧ | حەریق | سەید نەجمەدین عەلی محەمەد | دیوان | ٨٨٥ | |
| ٥٨ | ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا | جلال محمود علی سوبحانی | فەرهەنگ | ٨٨٦ | |
| ٥٩ | تەکنیکی گۆرانی وتن | و. یەدیٚ شاکری (هۆگر) | لێکۆڵینەوە | ٨٨٧ | |
| ٦٠ | ئێکسیری وشە | و. هادی محەمەدی | ڕەخنە | ٨٨٨ | |
| ٦١ | ژنێك بۆ خۆشویستن | و. دلاوەر قەرەداغی | ڕۆمان | ٨٨٩ | |
| ٦٢ | فەرهەنگی ئەڵمانی – کوردی | عەبدولکەریم عوزێری | فەرهەنگ | ٨٩٠ | |
| ٦٣ | فەلسەفەی شارستانی | و. عەبدوللا مەحمود زەنگەنە | فەلسەفە | ٨٩١ | |
| ٦٤ | لە خاچدانەوەی کریست | و. غەفور سالح | ڕۆمان | ٨٩٢ | |
| ٦٥ | میدیا ناسی | شالاو جەعفەر | ڕۆژنامەوانی | ٨٩٣ | |
| ٦٦ | دیبلۆماسیەتی کورد لە سەردەمی بوەیهیەکان | ئاراس ڕەفیق زەینەڵ | مێژوویی | ٨٩٤ | |
| ٦٧ | شاسوارێك بەسەر پشتی باوە | و: محەمەد کەریم | ڕۆمان | ٨٩٥ | |
| ٦٨ | پرسی جەستە لە یارییەکی بوونگەراییدا | عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا | فیکریی | ٨٩٦ | |
| ٦٩ | کورتەیەك لەسەر جینۆسایدو تاوانکاری نێودەوڵەتی | ئەحمەد فەتاح محەمەد | یاسایی | ٨٩٧ | |
| ٧٠ | جەلادێکی قوربانی | پشتیوان عەلی عەبدولرەحیم | کورتە چیرۆك | ٨٩٨ | |
| ٧١ | کاریگەری سەوزایی لەسەر ژینگەی شاری سلێمانی | ڕزگار ڕەسوڵ عەبدولرەحمان | زانستی باخچەکان | ٨٩٩ | |
| ٧٢ | نەمری و گێڕانەوە | ئارام صدیق عەبدول | لێکۆڵینەوە | ٩٠٠ | |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧٣ | لە پەراوێزی مەرگی شاپەروەردا | برایم محێدین عارف | کەلەپور | ٩٠١ | |
| ٧٤ | ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبی کوردی | ئا. شەریف فەلاح | لێکۆڵینەوە | ٩٠٢ | |
| ٧٥ | بۆتیقای پێکهاتەخواز | محەمەد تەرەغە | فیکری | ٩٠٣ | |
| ٧٦ | ناسیۆنالیزمی کوردی و هۆکارەکانی کامڵ نەبوونی | ئازاد تۆفیق خەیات | لێکۆڵینەوە | ٩٠٤ | |
| ٧٧ | شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ سەرچاوەکانی ئاو | میقداد عەلی ئەحمەد | لێکۆڵینەوە | ٩٠٥ | |
| ٧٨ | لە پێناو ئاواتەکاندا | ئیقبال سەفەری | رۆمان | ٩٠٦ | |
| ٧٩ | شوناسی ئۆلی و فەلسەفی نەتەوەی کورد | محەمەد حیجازی | لێکۆڵینەوە | ٩٠٧ | |
| ٨٠ | شتیٚ لە گیرفانی دایکمدایە | جەلیل کاکە وەیس | چیرۆك | ٩٠٨ | |
| ٨١ | چەمکە دەروونییەکان و دەقی ئەدەبی | ناڵە حەسەن | لێکۆڵینەوە | ٩٠٩ | |
| ٨٢ | پێشتربوونی دێمۆکراسی لە فەلسەفە | فاتح سەعیدی | وتار | ٩١٠ | |
| ٨٣ | چنینی دەق لە شیعرەکانی (نالی)دا | ئاڤان عەلی میرزا | لێکۆڵینەوە | ٩١١ | |
| ٨٤ | گفتوگۆکان | شوان ئەحمەد | دیمانە | ٩١٢ | |
| ٨٥ | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | وتار | ٩١٣ | |
| ٨٦ | کلیلی ژیان | زاهیر زانا- زانست زانا | رۆشنبیری گشتی | ٩١٤ | |
| ٨٧ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨١ | |
| ٨٨ | فەرهەنگی باشوور- بەرگی١ | عەباس جەلیلیان | فەرهەنگ | ٩١٥ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |
| ٨٩ | فەرهەنگی باشوور- بەرگی٢ | عەباس جەلیلیان | فەرهەنگ | ٩١٦ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |
| ٩٠ | قووتووی عەتار-٣ | حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا (ئارارات ئەحمەد) | فۆلکلۆر | ٩١٧ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |
| ٩١ | سیٚ بەیتێن کوردی د دەستنڤیسا فەق محەممەدیٚ توخۆبی دا | جەمیل محەممەد شێلازی | فۆلکلۆر | ٩١٨ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٢ | میسکی زازا | رشاد محەمەد عمر | حیکایەتی فۆلکلۆر | ٩١٩ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |
| ٩٣ | ڕۆڤیێ فیڵباز کۆمەك ژ چیرۆکێن ڕۆڤیان | عوسمان حاجی عوسمان (حوسەین حاجی ئۆسمان) | کۆمەڵە چیرۆك | ٩٢٠ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |
| ٩٤ | خوشکە نەسیمۆ وەرگێڕانی حیکایەتی سریانی | هاوژین صلێوە | حیکایەتی فۆلکلۆر | ٩٢١ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |
| ٩٥ | BěrÎvana CindÎ | محەمەد جزاور حەمکۆچەر | داستان و بەسەرهات | ٩٢٢ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |
| ٩٦ | BuxÇika BÛkan ji Zargotina Biçûkan | سالّح حیدۆ | داستان و بەسەرهات | ٩٢٣ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |
| ٩٧ | PÎra BÛk Çend Çîrokěn Kevin ŭ děrÎn Ji gencÎna folklorê me yê | سالّح حیدۆ | چیرۆکی فۆلکلۆری | ٩٢٤ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ KHI |
| ٩٨ | فێرنان برۆدێل و گوتاری مێژوویی | کامەران محەمەد | فەلسەفە | ٩٢٥ | |
| ٩٩ | خەونی ئەو کیژانەی لە خۆر دزران | ئەحمەد قادر سەعید | کۆمەڵە چیرۆك | ٩٢٦ | |
| ١٠٠ | دەروازەکانی شانۆ | و. شۆڕش محەمەد حسێن | کۆمەڵە وتار | ٩٢٧ | |
| ١٠١ | گەنجینەی زێڕنی زێوەر | ئا: مەحمود زێوەر | ئەدەبی | ٩٢٨ | |
| ١٠٢ | ئیفادی کوردەکان بۆ ماجەرای ڕەفا و ئەربەکان | ستران عەبدوڵلا | مێزگرد | ٩٢٩ | |
| ١٠٣ | پێل دی بۆرد | خالید حسێن | چیرۆك | ٩٣٠ | |
| ١٠٤ | پرۆسە سایکۆلۆجییەکان لەزمانی کوردیدا | ئاڤێستا کەمال مەحمود | لێکۆڵینەوە | ٩٣١ | |
| ١٠٥ | گۆڤاری هەنار | | | ژمارە ٨٢ | |
| ١٠٦ | چەشنەکانی ڕاهێنەری تۆپی پێی هاوچەرخ | ئەحمەد سەنگاوی | وەرزشی | ٩٣٢ | |
| ١٠٧ | دیوانی چروستانی | نوخشە ئەحمەد محەمەد چروستانی | دیوانی شیعری | ٩٣٣ | |
| ١٠٨ | گرنگیی زانستی کتێبخانە و زانیارییەکان | ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی و شاهۆ عوسمان سەید قادر | لێکۆڵینەوە | ٩٣٤ | |
| ١٠٩ | شوێن پێی ئەو ژنە | سەردار ڕاوچی | چیرۆك | ٩٣٥ | |
| ١١٠ | لەگەڵ سایکۆلۆژیادا | سۆزان جەمال | سایکۆلۆژیا | ٩٣٦ | |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١١١ | پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە زمانی کوردیدا | شیلان عومەر | لێکۆڵینەوە | ٩٣٧ | |
| ١١٢ | نان و ماچ | جواد حەیدەری و ڕەسوڵ سوڵتانی | چیرۆك | ٩٣٨ | |
| ١١٣ | ئەستێرە بەرزە | سەلاح شوان | چیرۆك | ٩٣٩ | |